بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

گۆڤاری

ئەیووب A و B ی

ژمارە (٤)

پایزی٢٠١٧

گۆڤاری

ئەیووب A و B ی

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئایینی وەرزییە بۆ
ئاشناکردنی مرۆڤ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام

خاوەن ئیمتیاز

شێروان صادق علی

سەرنووسەر

سامی مصطفی حسن

دەستەی بەڕێوەبردن و دەرهێنان

ئیسماعیل کریم قادر

بێوار فهمی شکری

هێژا صباح حسن

ناونیشان:

هەولێر/ بەحرکە

موبایل

٠٧٥٠٣٠٣٠٢٠٢

https://www.facebook.com/ayobipage

Gmail: ayobigovar@gmail.com

﴿ وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ﴾

الجن: ١٨

خطبة الحاجة:

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، و نستغفره، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا، و من سيئات أعمالِنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، و أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، و أشهد أن محمداً عبده و رسوله.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾[1].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا﴾[2].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا ۝٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَـٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾[3].

أما بعد:

فإن خير الحديث كتاب الله، و خير الهدي هدي محمد (صلى الله عليه وسلم)، و شر الأمور محدثاتها، و كل محدثةٍ بدعة، و كل بدعةٍ ضلالة، و كل ضلالةٍ في النار.

---

(١) (آل عمران: ١٠٢).

(٢) (النساء :٢).

(٣) (الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١).

قال تعالى في كتابه الكريم

وقل رب زدني علما

١٤٣٥

پێرست

نزای دەست پێك ١٠

دەست پێك ١١

سەر وتار ١٢

(چەند وێستگەیەکی هزراندن لە سەر لاپەڕەی یەکەمی قورئانی پیرۆز) گەشتێك بە ناو واتا بەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا (٣٠ -٣٣) ١٥

لێکدانەوەی فاتیحە بە فاتیحە یان ١٦

وێستگەی (٣٠) لە ڕووی مانای وشەکان: ئایەتەکانی فاتیحە یەکتر تەفسیر دەکەن! ١٧

نمونەی یەکەم : ماناکانی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ بە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی دڵی بەندەیە لە سەر هەڵسوکەوتی بەندەدا. ١٨

نمونەی دووەم : ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بە ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی پاراستنیهەڵسوکەوتە لە سەرپێچی، لە ترسی سزای پەروەردگار ١٩

نمونەی سێیەم: ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی پاراستنی بەندەیە لە لوت بەرزی و لەخۆبایی بوون ٢١

نمونەی چوارەم: ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ و ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ بە ماناکانی ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی گەیشتنە بە بەرزایە پیرۆزەکانی تەنها یەکخواپەرستی ٢٢

نمونەی پێنجەم: ماناکانی ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ بە ماناکانی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی ژیانێکی گەشبین و پڕ هیوا و هیدایەتە..... ٢٣

نمونەی شەشەم: ماناکانی ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ بە ماناکانی ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی لایەنگرییە بۆ ڕێگای موهاجرین و ئەنصار(رضي الله عنهم) ٢٤

نمونەی حەفتەم: ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ بە ماناکانی ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ تەفسیر دەکرێن. بەرهەمەکەشی دوورکەوتنەوەیە لە نەخۆشی لوت بەرزی(التکبر) و ڕیایی(الریاء). ٢٧

وێستگەی (٣١) لە ڕووی شوێنی ئایەتەکان و وشەکان: فاتیحە خوێنەری دەپارێزێت لە بەهەڵە تێگەیشتنی ماناکانی بەندایەتی! ٢٩

نمونەی یەکەم: لە کاتی بیرکردنەوە لە ماناکانی﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ یان ماناکانی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، مرۆڤ هەست دەکات ئەم خودایە کە سیفەتی پەروەردگاری و ڕەحمەتی هەیە، هیچ بەندەیەك سزا نادات؟..... ٢٩

نمونەی دووەم: کاتێك کە مرۆڤ بیر لە ماناکانی ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ دەکاتەوە، هەست دەکات جولەکە و دیانەکانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەمانەش خۆیان بە شوێنکەوتەی پێغەمبەران (علیهم السلام) دەزانن. ... ٣٠

نمونەی سێیەم: کاتێك مرۆڤ بیر لە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ دەکاتەوە، زۆر جار واهەست دەکات کە توانیویەتی بە شان و باڵی خۆی بگاتە پلە بەرزەکانی بەندایەتی (العبودیة)، کە بەرزترین پایەیە مرۆڤ پێی بگات لە ژیاندا، بەڵام جێی پرسیار ئەوەیە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە خۆبایی بوون کە دژە بۆ بەندایەتی!؟..... ٣١

نمونەی چوارەم: کاتێك مرۆڤ بیر لە ماناکانی پشت بەستن بەخودا ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ دەکاتەوە، لەوانەیە واتێبگات کە تەنها شێوازێکە لە شێوازە زۆرەکانی بەندایەتی وەکو ترس لە خودا و هیوا بە خودا و خۆشەویستی خودا، هیچ تایبەتمەندییەکی نییە! ٣٢
ویستگەی (٣٢)لە ڕووی ڕێزبەندی ئایەتەکان: فاتیحە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات، لە بزربوونی کەسیەتی و نەزانینەوە بۆ هیدایەت و خۆ دیتنەوە و شارەزابوون لە ماناکانی ژیان. ٣٣
قوناغی یەکەم: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ملکەچبوون بۆ مانا بەرزەکانی پەروەردگاری ئەو خودایەی کە ئێمەو ئەم بوونەوەرەی خولقاندووە و بەڕێوەی دەبات ٣٤
قوناغی دووەم: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ هەستکردن بەوەی کە ئەو خودایەی ئەم بوونەوەرەی خولقاندووە و بەڕێوەی دەبات خاوەن ڕەحمەتێکی بێسنورە. ٣٥
قوناغی سێیەم: ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ هەستکردن بە دادپەروەری خودا، کە ئەمەی دەبینین بەشێکە لە مولکی خودا، ئەوەی دەژین بەشێکە لە ژیانمان، دادگایەك هەیە، لە ڕۆژێکی ڕۆژگاردا، کە خودا دادپەروەری خۆی دەنوێنێت، بە گەیاندنی سزای ستەمکاری بە ستەمکاران، و پاداشتی چاکەکاری بە چاکەکاران. ٣٦
قوناغی چوارەم: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بەندایەتی کردن بۆ خودا ڕاست و دروست دەبێت بە دوو مەرج: یەکەمیان: پاکی نییەت. دووەمیان: بەپێی سوننەت. ٣٧
قوناغی پێنجەم: ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ هەستکردنی مرۆڤ بە ماندوونەناسی پێویستییەکی ژیانە، دابینکردنی ئەم پێویستییەش تەنها لە کاتێکدایە کە سەرچاوەکەی هێزێکی نەبڕاوەبێت، ئەم سەرچاوەیەش دەست ناکەوێت تەنها لە کاتی گەیشتن بە پلەی پشت بەستن بەخودا لە گشت ئەرکێکی ژیاندا، چونکە تەنها هێزو توانای خودا نەبڕاوەیە. ٣٨
قوناغی شەشەم: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ بەردەوامبوون لە سەر بەندایەتی و پشت بەستن بەخودا، تاکە ڕێگایەکەی زۆری دوعاکردن و پاڕانەوەیە لە خودا ٣٨
قوناغی حەفتەم: ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ دوعاکردنی بەندەیە بۆ ئەوەی کە خودا پیرۆزترین ئەرکی ژیانی پێی ببەخشێت، کە ئەرکی پێغەمبەرانە (علیهم السلام) کە ئەرکێکە (عیلم) و (عەمل) کۆدەکاتەوە. ٣٩
وێستگەی(٣٣) هەنگاوەکانی سەرکەوتن بەسەر خەموکی و موصیبەتەکانی ژیان بە خوێندنەوەیەکی تایبەت لە ئایەتەکانی سورەتی فاتیحەدا ٤٣
بەسەرهاتی هەڤاڵانی ئەشکەوت لە نێوان دەقی پیرۆز و درامای سینەمایـیدا ٤٥
(١) پێشەکییەکی پێویست..... ٤٥
(٢) دەقی پیرۆزی بەسەرهاتەکە: ٤٧
(٣) ناوەڕۆکی بابەتەکەمان و مەبەستەکانی پەیامی ئیسلامەتی. ٤٩
(٤) فێربوونی مانای یەکخوداپەرستی ـ مەبەستی سەرەکی دەقە پیرۆزەکەی قورئانە لە باسی بەسەرهاتی هەڤاڵانی ئەشکەوت ـ ٥١

(٥) هەندێك لە شێوازەكانی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤایەتی، لە تاوانی پاڕانەوە لە بێجگە لە خودا لە قورئانی پیرۆز دا. ٥٤
شێوازی یەکەم: هاندان بۆ جوان بیرکردنەوە کە بێجگە لە خودا کەس بەهانای مرۆڤەوە ناهێت و کەس هیچی بە دەستەوە نییە..... ٥٤
شێوازی دووەم: فەرمانکردن بە پاڕانەوە لە خودا ٥٦
شێوازی سێیەم: پەرۆشکردنی (ترغیب) مرۆڤ بۆ پاڕانەوە تەنها لە خودا و پەنا بردن تەنها بۆ خودا ٥٧
شێوازی چوارەم: ترساندنی (ترهیب) مرۆڤ لە تاوانی پشت کردن لە پاڕانەوە لە خودا..... ٥٩
شێوازی پێنجەم: فەرمانکردنی ئینکاری لەو کەسانەی هاناو هاوار بۆ بێجگە لە خودا دەبەن ئەم هاوار لێکراوانەش هەرگیز بە هانایانەوە نایەن. ٦٠
شێوازی شەشەم: بەیانکردنی قورئانی پیرۆز کە پاڕانەوە لە خودا مەبەستە لە ژیان و ڕێزداریییە بۆ مرۆڤـ..... ٦٠
شێوازی حەفتەم: نەهیکردن لە وەی کەسێك دوعا لە بێجگە لە خودا بکات..... ٦١
شێوازی هەشتەم: لە قورئانی پیرۆزدا دوعاکردن لە بێجگە لە خودا، بە عیبادەتکردنی بێجگە لە خودا ناو دەبرێت. ٦٢
شێوازی نۆیەم: لە قورئانی پیرۆزدا دوعاکردن بە (دین) ناودەبرێت ٦٣
شێوازی دەیەم: لە قورئانی پیرۆزدا دوعاکردن لە بێجگە لە خودا بە (شیرك) دەژمێردرێت و بە (شیرك) ناودەبرێت. ٦٥
شێوازی یانزەهەم: لە قورئانی پیرۆزدا دوعاکرن لە بێجگە لە خودا بە (کوفر) ناو دەبرێت..... ٦٧
شێوازی دوانزەهەم: لە قورئانی پیرۆزدا پشتکردن لە پاڕانەوە لە خودا، بە (کوفر = فیتنە=شیرك) دادەنرێت..... ٦٨
شێوازی سێزدەهەم: لە قورئانی پیرۆزدا ئەگەر هەر شتێك بیکەیتەپەناگە و پاڵپشت بۆ خۆت بێجگە لە خودا،ـ وا تێبگەیت کە ڕزق و پاراستنت لە دەست ئەو شتەیە ـ..... ٦٩
شێوازی چواردەهەم: لە قورئانی پیرۆزداپاڕانەوە لە هەر شتێك بێجگەلە خودا بریتییە لە بەخودا دانانی ئەو شتە!..... ٧٠
شێوازی پازدەهەم: نمونە هێنانەوە لە سەر ناژیری ئەو کەسەی دوعا لە بێجگەلە خودا دەکات ٧٠
شێوازی شازدەهەم: نمونە هێنانەوە لە سەر بێوەفایی ئەو کەسانەی کە دوعا لە بێجگەلە خودا دەکەن..... ٧٢
شێوازی حەڤدەهەم: دوعاکردن لە بێجگە لە خودا، سووکی و بێ بەهایی کەسایەتی دوعاکارە ٧٤
(٦) چەند باسێکی دیکە سەبارەت بە پەیامی هەڤاڵانی ئەشکەوت..... ٧٥
(١) شێوازی دەربڕینی هەڤاڵانی ئەشکەوت بۆ بانگەوازی یەکخواپەرستی..... ٧٥
(٢) بەراوردێك لە نێوان بنەماکانی ئیسلام لە سورەتی فاتیحەدا و بانگەوازی هەڤاڵانی ئەشکەوت..... ٧٨
(٣) بەراوردێك لە نێوان بانگەوازی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) و بانگەوازی هەڤاڵانی ئەشکەوت بۆ یەکخواپەرستی..... ٨٠
(٧) ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان لە گەورەترین جەنگ دژی ئیسلام، کە کردنەوەی دەرگاکانی شەخص پەرستی و قەبر پەرستییە. ٨٢
(٨) چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) سەبارەت بە تایبەتکردنی پاڕانەوە تەنها لە خودای پەروەردگار. ٨٨

جلال الدين الرومی (مولانا) له نێوان عیرفانزانی و کوفرستانی ٩١

ڕوانـگـەی یـەکـەم: بـیـروبـاوەڕی جـەلالـی ڕۆمـی. ١٠٠

جۆری یەکەمی کوفری ڕۆمی: بوونەوەر گشتی خودایە (وحدة الوجود....) ١٠١

جۆری دووەمی کوفری ڕۆمی: بە شەرع زانینی خەیاڵی سوفیگەری! ١٠٧

جۆری سێیەمی کوفری ڕۆمی: بەخودا دانانی محمد (صلی الله علیه وسلم) و بە گەورەتر زانینی خودایەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) لە خودایەتی خودا ـ نعوذ بالله ـ!. ١١١

جۆری چوارەمی کوفری ڕۆمی: هەموو دیانەتەکان وەکویەك ڕاستن (وحدة الأديان). ١١٣

جۆری پێنجەمی کوفری ڕۆمی: بە قورئان دانانی (مثنوي) لای ڕۆمی و زۆربەی موریدەکانی. ١١٦

جۆری شەشەمی کوفری ڕۆمی: جەلالی ڕۆمی خۆی بە خودا دەزانێت! ١٢٢

جۆری حەفتەمی کوفری ڕۆمی: جیاوازی نەکردن لە نێوان شەیتانەکانی جن و گەورەیی خودا! ١٢٨

ڕوانگەی دووەم: دەرهاوێشتەی بیروباوەڕی جەلالی ڕۆمی لە هەڵسوکەوتیدا ١٣٠

تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی ناو و سیفەتی (دەوڵەمەندی)ی خودای پەروەردگار و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنی لە کار و باری بەندایەتیدا ١٣١

بەشی یەکەم: چەند یاسایەکی تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا کە پەیوەندییان بە ترسناکی شوبهاندنی خالق بە مەخلوقەوە هەیە! ١٣٣

یاسای یەکەم: دەوڵەمەندی خودا زاتییە، پەیوەندی بە هەبوونی مولکەوە نییە ١٣٣

یاسای دووەم: تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی دەوڵەمەندی خودا،خوداپەرستی لەسەر بەندە پێویست دەکات ١٣٥

یاسای سێیەم: تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی دەوڵەمەندی خودا، مرۆڤ لە گێژاوی ژیان دەردەهێنێت و لە سیفەتی تەکەبور ڕزگار دەکات و لە جۆرەها بتپەرستی دەپارێزێت ١٣٨

بەشی دووەم: ئاوەدانکردنی بەهاکانی ڕەوشت بەرزی مرۆڤ لەسەر تێگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا ١٤٢

یاسای چوارەم: بگرەو بەردەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا ١٤٢

یاسای پێنجەم: ڕێزبەندی وانەکان لە پرۆژەی پەروەردەی ئیسلامیدا ١٤٦

بەشی سێیەم: پەیوەندی نێوان بەندە و خودا، لە ڕوانگەی تێگەیشتنی بەندە بۆ سیفەتی دەوڵەمەندی خودا١٤٩

یاسای شەشەم: پەیوەندی نێوان سوپاسگوزاری مرۆڤ و سیفەتی دەوڵەمەندی خودا ١٤٩

یاسای حەفتەم: پێویستی ڕوحی مرۆڤ بە دەوڵەمەندی خودا لە پێویستی ماددی زیاترە ١٥١

بەشی چوارەم: قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) دوو سەرچاوەی تێگەیشتن و کارپێکردنی مانابەرزەکانی سیفەتی دەوڵەمەندی خودای پەروەردگارن ١٥٧

یاسای هەشتەم: جوان تێگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی خودای پەروەردگار، دەوڵەمەندبوونی مرۆڤە بە قورئانی پیرۆز. ١٥٧

یاسای نۆیەم: سێگوشەی دروستکردنی دەوڵەمەندی لە کەسایەتی موسڵماندا ١٦١

یاسای دەیەم: ئاوڕدانەوە لە کۆششی زانایانی ئیسلام لە بواری نزیککردنەوەی تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی خودای پەروەردگار ١٦٤

چەند خوێندنەوەیەك لە (ئینجیلی مەتتا)دا ١٦٨

خــوێندنەوەی یەکــەم : نهێنی لەیەکچوونی دەقە پیرۆزەکان لە ئینجیلی مەتتا و فەرموودە دا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ١٧٤

خــوێندنەوەی دووەم : مژدەدان بە پێغەمبەرایەتی محمد (صلى الله عليه وسلم) لەئینجیلی مەتتا دا ١٨٥

خــوێندنەوەی سێیەم : پێوەری گەڕاندنەوەی دەقە دەستکاریکراوەکانی ئینجیل، بۆ مانا ڕاستەکەیان.... ١٨٧

پــرســیــار و وەڵامــی A و B ١٩٣

بەشــ(١)ـــی یەکـەم: پرسیار و وەڵام لە ئەحکامی فیقهیدا ١٩٣

مەسحی خوف و گوریە ١٩٣

بەشــ(٢)ـــی دووەم : پرسیار و وەڵامی گشتی ٢١٢

وەرگێڕانی هونراوەیەکی ئیمامی حەرەمی مەککی شێخ سعود الشریم ـ خودا بیپارێزێت ـ ٢٢١

وەرگێڕانا دڵدانەڤا دەشتەکییەکی ژ شایەکێرا ٢٢٥

دوا بابەت : گەشبینی بانگخوازانی ئیسلام بە جیهانگیری گەیاندن(عولمة الإتصالات) ٢٢٧

نزای دەست پێك

خودایە نورێك بە نەیارانی ئیسلام ببەخشە، کە ڕێنماییان بێت بۆ :

ڕاست تێگەیشتنی ئیسلام بــە عەقل.

خـــۆش ویســـتنـــی ئـــیسلام بـــە دڵ.

هەڵگرتني پەیامی ئیسلام بە دەست و زۆبان.

دەست پێك

مەغولەكان پاش هەموو درندایەتییەكیان دژ بە ئیسلام و موسڵمانان، ئیسلامیان هەڵبژارد! تاوەكو بسەلمێت كە ئیسلام هەموو مرۆڤێك ڕزگاردەكات، هەرچەندە لەوپەڕی درندایەتی و دژایەتیدا بێت بۆ ئیسلام!

مەغولەكان پاش هەموو كۆمەڵكوژییەكیان دژ بە ئیسلام و موسڵمانان، لە دەستی كەسانێكی موسڵمان ئیسلامەتیان وەرگرت، كە لە مێژوودا ناویان نابیسترێت و خزمەتیان بە ئیسلام تۆمارنەكراوە! تاوەكو بسەلمێت كە خودا بۆ سەرخستني ئیسلام لەشكرێكی هەیە لە ئاسمانان ناسراون، ئەگەر مێژووش بێ ئاگابێت لە تۆمارکردنی ناوەكانیان و خزمەتكردنیان بە ئیسلام!

گۆڤارەكەمانیش هەنگاوێكە بۆ گەیشتن بە ڕیزەكانی ئەو لەشكرە، بانگەوازێكە بۆ هەموو بێ قەرارێك كە ئیسلام هەڵبژێرێت لەپێناو ژیانێكی بەختەوەر.

سەروتار

گەیشتن بە بەختەوەری ئاواتی هەموو مرۆڤێکە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، وەدەستهێنانی هەر ئاواتێکی ئەم دونیایە، کە مرۆڤ بە بەختەوەری دەیژمێریت، ئەوا بەبێ دوو دڵی لە ماوەیەکی کورت یان درێژ، ئاواتە وەدەستهاتووەکە، کە دوێنێ جێی بەختەوەری بوو، ئەمڕۆ دەبێتە ڕۆتینێکی ڕۆژانە! مرۆڤ بەدوای ئاواتێکی دیکەدا دەگەڕێت، پاش تاقیکردنەوەی قوتابخانەی ژیان بۆ ئەم مرۆڤە و هەموو مرۆڤێکی ژیر ڕووندەبێتەوە، کە گەیشتن بەم ئاواتە دووەمەش، ساردبوونەوەیەك بە دوایدا دێت کاری ڕۆژگار وای لێدەکات لە بەرزایەکانی بایەخپێدانی تایبەتدا دابەزێت بۆ ئاستی ڕۆتینی دووبارە بوویەوەی ژیانی ڕۆژانە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشمان: تۆ بڵێیت ئاواتێك هەبێت لەم دونیایەدا، ساردبوونەوە بە خۆیەوە نەبینێت، دوو ئەسپە ڕەش و سپییەکەی شەو و ڕۆژ ڕای نەکێشن بۆ ئاستی ڕۆتینی دووبارەبوویەوەی ژیانی ڕۆژانە؟!

وەڵامی ئەم پرسیارە بە پوختەیی: بەڵێ، ئەو ئاواتەی کە هەرگیز ساردبوونەوەی بەدوایدا نایەت و شیاوە مرۆڤ لە پێناویدا بژیت و بمرێت، تەنها ئەو ئاواتەیە کە مرۆڤ بۆی خەلق کراوە ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦) واتە: مرۆڤ و جنۆکە لە پێناو **بەندایەتیکردن بۆ پەروەردگار خەلق کراون.**

ئەم بەندایەتییەش مرۆڤ جیادەکاتەوە لە گێژاوی خەڵکی خەموك کە ئاواتیان لە سنوری دونیا دەرناچێت، پەروەردگار باسی ئەم جیابوونەوەیە دەکات و دەفەرمێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ﴾ (هود: ١١٨،١١٩) واتە: (ئەگەر خودا ویستبا هەموو خەڵکانی لەسەر یەك بیروباوەڕ کۆدەکردەوە کە یەکخواپەرستییە، بەڵام ویستی خودا لەسەر ئەوەبووە

کە مرۆڤەکان هەڵبژاردنیان لە دەست بێت، لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیان ناکوك بن. تەنها ئەوانە نەبن کە بەر ڕەحمەتی ئەو دەکەون، ڕێگای یەکخواپەرستی هەڵدەبژێرن، ئەمانە مرۆڤی بەختەوەرن و لەم ناکوکیە بەدەرن، هەروەك ئیبن عباس ـ رضي الله عنه ـ لە تەفسیری: ﴿وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمۡۗ﴾ دا دەفەرمێت: **بۆ ڕەحمەت خەلق کراون!**

کەواتە بەندایەتی کردن بۆ پەروەردگار بە مانا فراوانەکانی بریتییە لە ڕەحمەت، کە بەختەوەری ڕاستەقینەی مرۆڤە.

مرۆڤێك کە ڕێبازی یەکخواپەرستی هەڵدەبژێرێت لە هەر شوێنێك بێت، ئەگەر سکی حوتیش بێت و لە هەر بارێکدا بێت و ئەگەر دەردی ئەیوبیش بێت، چونکە مرۆڤی یەکخواپەرست خاوەن دڵێکی فراوانە لە ناخیدا، خاوەن زمانێکی سوپاسگوزارە لە گوفتاریدا و خاوەن دەستێکی چاکەکارە لە هەڵسوکەوتیدا، ئەمەش کاکلەی بەختەوەرییە و هەرکاتێك بەندە لە بەندایەتیکردنی بۆ پەروەردگار هەستی بەم بەختەوەرییە نەکرد، ئەوا بە هەڵە لە ماناکانی یەکخواپەرستی تێگەیشتووە!

گۆڤارەکەشمان هەنگاوێکە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە و کاروانێکە بۆ شاری بەختەوەری کە لەلای ڕاستی دەرگای شارەکە نووسراوە: ئێمە قورئانمان بۆ ئاسوودەیی مرۆڤ دابەزاندووە نەك پەژارەکردنی مرۆڤ بە خەم و خەفەت ﴿مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ﴾(طه: ٢) و لە لای چەپی دەرگای شارەکە نووسراوە: خودا بەم پەیامە ئاسانکاری ژیانی بۆ ئێوەی ویستووە، نەك بارگرانی ژیان ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ﴾(البقرة:١٨٥) و لە نێوچەوانی دەرگای شارەکە نووسراوە: دڵتان بە قورئان و ئیسلام ئاسوودەبێت، کە چاکەی خودایە بە ئێوە و باشترە لەو سەروەت و سامانەی لە دونیادا کۆیدەکەنەوە ﴿قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ﴾ (يونس: ٥٨).

ئەمە دەرگای شاری بەختەوەرییە لەم دونیایەدا وکاتێك کاروانی بەختەوەری لە دەرگای ئەم شارە نزیك دەبێتەوە، گوێبیستی دەنگێکی ئەفسوناوی دەبێت کە بێجگە لە خۆشییەکەی بوونی بەهەشتی لێدەبارێت و دەفەرمێت: پەروەردگار پەیمانی ژیانێکی خوشگوزەران و ئاسوودە لەم دونیایەدا بە هەموو نێرو مێیەکی ئیماندار دەدات کە چاکەکاربێت، چاکەکانیشیان بە باشترین پاداشت بۆیان دەگەڕێنێتەوە لە ژیانێکی هەتاهەتاییدا: ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ (النحل:٩٧) .

جا خوێنەری بەڕێز تۆ هەرکەسێك بیت، هەر ئاینێك بیت، هەر ڕەنگێك و دەنگێك بیت، خوێندنەوەت بۆ لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە، هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە کاروانی ڕاستی و بەختەوەری، کە نزیکبوونەوەیە لە پەیامی ڕاست و دروستی ئیسلام.

(چەند وێستگەیەکی هزراندن لە سەر لاپەڕەی یەکەمی قورئانی پیرۆز)
گەشتێك بە ناو واتا بەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا (٣٠-٣٣)

ـ بەشی چوارەم ـ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١
ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣
مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ
٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ
أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا
ٱلضَّآلِّينَ ٧

بە پشت بەستن بەخودا بەردەوام دەبین لە گەشتەکەماندا بە ناو مانا بەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا، لەم بەشەشدا لە سەر چەند نهێنییەکی ئایەتە پیرۆزەکانی ئەم سورەتە دەوەستین لە چەند وێستگەیەکدا کەلە نێوان وێستگەی (٣٠، ٣١ ، ٣٢) لێکدانەوەیەکی فاتیحە بە ئایەتەکانی فاتیحە دەکەین، و لە وێستگەی (٣٣) لە خوێندنەوەیەکی تایبەتی سورەتی فاتیحەدا چارەسەری خەموکی ژیان دەخەینە ڕوو ـ إن شاء الله ـ

لێکدانەوەی فاتیحە بە فاتیحە یان

پەیوەندی ئایەتەکانی فاتیحە بە یەکترەوە

سەرەڕای پوختەیی فاتیحە لە ڕووی کورتی ئایەتەکانی و کەمی ژمارەی ئایەتەکانی، پەیوەندییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە لە نێوان ئەم ئایەتانە لە چەندین ڕوویەوە، لەوانە:

* یەکەم لە ڕووی مانای وشەکان: ئایەتەکانی فاتیحە یەکتر تەفسیر دەکەن!

* دووەم لە ڕووی شوێنی ئایەتەکان و وشەکان: فاتیحە خوێنەری دەپارێزێت لە بەهەڵە تێگەیشتنی ماناکانی بەندایەتی.

* سێیەم لە ڕووی ڕێزبەندی ئایەتەکان: فاتیحە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات، لە بزربوونی کەسیەتی و نەزانینەوە بۆ هیدایەت و خۆ دیتنەوەو شارەزابوون لە ماناکانی ژیان.

* چوارەم لە ڕووی بابەتی ئایەتەکان: ئایەتەکانی فاتیحە باس لە هەموو ڕووەکانی ژیان دەکەن لە بیروباوەڕ، ئەحکام، مێژوو.

* پێنجەم لە ڕووی دووبارەبوونەوەی ئایەتەکان: ئایەتەکانی فاتیحە ئاماژەن بۆ بەردەوامبوون لە سەر بەندایەتی بۆ پەروەردگار.

ئەم ڕوویانەش بێجگە لە چوارەم و پێنجەم [1] کەباسکراوون دەتوانیین هەریەکەیان لە ویستگەیەکدا لەگەڵی بمینینیەوە مانا قولەکانی ژیانی بۆ یەکخوداپەرستی لە وێ فێربین:

---

(١) ڕووی چوارەم لە خاڵی دووەمی وێستگەی بیست وحەفتی بابەتەکە باسکرایە، لە ژمارەی دووەمی ئەیووبی (لاپەڕە: ٢٨ ـ ٣١). ڕوویە پێنجەمیش لە خاڵی سێیەمی وێستگەی بیست وحەفتی بابەتەکە باسکرایە، لە ژمارەی دووەمی ئەیووبی (لاپەڕە: ٣٢ ـ ٣٥).

ویستگەی (٣٠)

لە ڕووی مانای وشەکان: ئایەتەکانی فاتیحە یەکتر تەفسیر دەکەن!

ئەمەش ـ بە پشتیوانی خودا ـ تەنها بە حەفت نمونە ئاماژەی بۆ دەکەین لە کۆی زیاتر لە سەدان نمونە[١]، چونکە بە تەنها تێگەیشتنی چەند نمونەیەك بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە، ڕێگا بۆ چەندین دەرگای ماناکانی بەندایەتی بەندە بۆ پەروەردگار دەکرێنەوە، کە گشتیان بەڵگەی گەورەیی ئەم سورەتەن، کە ڕۆژانە حەڤدەجار یان زیاتر لە نوێژدا دەخوێنینەوە، بەڵام کەم بیر لەماناکانی دەکەینەوە! ئەم نمونانەش چەند هەنگاوێکی بیرکردنەوە و تەدەبوری ئەم سورەتەن:

---

(١) ئەمەش ئەگەر بیرکاریانە لێك بدەینەوە بۆ نمونە: بەشی یەکەمی ئایەتی (٥) ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ دەتوانین بە هەر حەفت ئایەتەکەی فاتیحە تەفسیری بکەین، کە هەریەکەیان مانایەك لە ماناکانی ملکەچی و بەندایەتی بۆ پەروەردگار دەگەیەنێ، بەڵکو دەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین بە بەشبەشکردنی ئایەتەکان، بەمەش زیاتر ماناکانی بەندایەتیمان بۆ دیاردەکەون، ئەگەرکارەکە پێچەوانە بکرێت و ئایەتەکان بە ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ تەفسیر بکەین بەهەمان شێوە مانای زیاترمان پێدەبەخشێت، وەکو کردارێکی چەند جارەبوون لە مانای جوان و جیاوازی ئایەتەکان، کە تەواوکەری یەکترن نەك دژ بەیەکن و بۆ هەمان بابەت دەگەڕێنەوە، کە تێگەیشتنی ماناکانی بەندایەتی بەندەیە بۆ خودای پەروەردگار.

بەهەمان شێواز بەشی دووەمی ئایەتەکە ﴿إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ لەگەڵ هەر حەفت ئایەتەکەی فاتیحە تەفسیر دەکرێت و بە پێچەوانەشەوە. هەروەها ئایەتەکانی دیکەی فاتیحە بەهەمان شێوە هەریەکەیان لەگەڵ هەر حەفت ئایەتەکانی دیکەی فاتیحە تەفسیردەکرێن و بە پێچەوانەشەوە. واتە ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ گشت ئایەتەکان دووبارەبکەینەوە بە سەدان جار ئایەتەکان یەکتر تەفسیر دەکەن و هەرجارێك لەم سەدان جارە مانایەکی جیاواز لە مانا جوانەکانی بەندایەتی بەندە بۆ پەروەردگار دەخاتە ڕوو.

ئەمەش جۆرێکە لە ئیعجازی فاتیحە، کە پێویستی بەلێکۆلینەوەیەکی تایبەت هەیە، بەسەدان لاپەڕە کۆتایی نایەت، ئەم نمونانەی لەم بابەتەدا باس دەکرێن تەنها ڕێنمایین بۆ بیرکردنەوەیەکی فراوان و زانستیانە، کە بەهۆیەوە دەتوانین گشت بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام بخەینە ڕوو لە ڕێگای ئەم سورەتە پیرۆزەوە.

نمونەی یەکەم :

ماناکانی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ بە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ تەفسیر دەکرێن

بەرهەمەکەشی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی دڵی بەندەیە لە سەر هەڵسوکەوتی بەندەدا.

ماناکانی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ بە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ تەفسیر دەکرێن، چونکە بە گەورەدانانی خودا لە دڵدا و هەستکردن بە پێویستی سوپاسگوزاری بۆ خودا لە دڵدا، کە ماناکانی {(الحمد)ە ـ ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾} بریتییە لە بناغەی مانای بەندایەتی بۆ خودا لە هەڵسوکەوتدا {(العبادة) ـ ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾}.

هەرلەبەر ئەمەش ماناکانی بیروباوەڕی سوپاسگوزاری خودا لە دڵدا هیچ مانایەکیان نییە، ئەگەر لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتدا ڕەنگدانەوەیان نەبێت. ئەم ڕاستییەش لە قورئاندا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێ پەروەردگار باس لە سزای گاورەکان دەکات، سزایەکە زۆر جار بە هەڵسوکەوتیانەوە دەبەستێت: ﴿فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابًا شَدِيدًا وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَسۡوَأَ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾[1] بەهەمان شێوە کاتێ باس لە پاداشتی ئیمانداران دەکات ، زۆر جار پاداشتەکە بە هەڵسوکەوتیانەوە دەبەستێت: ﴿كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـًٔا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾[2] لە کاتێکدا بنەمای هەڵسوکەوتەکان بۆ بیروباوەڕ دەگەڕێنەوە لە دڵدا، ئەمەش ئاماژەیەکە کە ئیمان کردەوەی دڵ و هەڵسوکەوتی جەستەیە پێکەوە نەك تەنها یەکێکیان[3]. لە نمونەی دووەمیشدا زیاتر ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

---

(١) فصلت : ٢٧.

(٢) المرسلات:٤٣.

(٣) قال شيخ الإسلام : ((و لهذا كان القول: إن الإيمان قولٌ و عمل عند أهل السنة من شعائر السنة، و حكى غير واحدٍ الإجماع على ذلك، و قد ذكرنا عن الشافعي(رضي الله عنه) ما ذكره من الإجماع على ذلك قوله في (الأم) : وكان الإجماع من الصحابة والتابعين من بعدهم و ممن أدركناهم يقولون : إن الإيمان قولٌ و عمل و

نمونەی دووەم :

ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بە ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ تەفسیر دەکرێن

بەرهەمەکەشی پاراستنی هەڵسوکەوتە لە سەرپێچی، لە ترسی سزای پەروەردگار

لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتی بەندە لە بەندایەتیدا بۆ پەروەردگار بۆ بیروباوەڕەکەی دەگەڕێتەوە، وەك لە نمونەی یەکەمدا باسکرا، هەروەها باسمانکرد کە قورئانی پیرۆز لە سەدان ئایەتدا سزای سەرپێچیکاران بە کردەوەیان ئەبەستێت نەك بیروباوەڕیان، وەکو ئاماژەیەك کە ئیمانداری و بێ ئیمانی لە دڵدا ڕەنگدانەوەیان هەیە لە هەڵسوکەوتدا، وەك لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت:

* ﴿إِنَّآ أَنذَرۡنَٰكُمۡ عَذَابٗا قَرِيبٗا يَوۡمَ يَنظُرُ ٱلۡمَرۡءُ مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا﴾[1] فەرمووی ﴿مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ﴾ ـ دەستەکانی چی پێشکەشکردووە ـ نەی فەرمووە دڵەکەی چی پێشکەشکردووە (ما قدم قلبه)، ئەمە لە کاتێکدا بناغەی بەندایەتی لە دڵدایە!

* ﴿ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفُورُ﴾[2] فەرمووی ﴿أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ﴾ واتە باشترین کارو هەڵسوکەوت، نەی فەرموو باشترین بیروباوەڕ (أحسن إعتقاداً)، چونکە ڕاستی بیروباوەڕەکە بە کردەوەی چاکە دەردەکەوێت!

ئەمەش مانای ئەوەیە کە ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بە ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ تەفسیردەکرێت، چونکە بەندایەتی هەرچەندە بناغەکەی دڵە، بەڵام بە کردەوە ئەنجامدەدرێت، **کردەوەکانی**

نية لا يجزىء واحدٌ من الثلاث إلا بالآخر) (مجموعة الفتاوى٧\٣٨٠) و ينظر : الإبانة الكبرى لإبن بطة (٢\٨١٤ـ٨٢٦ رقم ١١١٧) و التمهيد لإبن عبد البر (٩\٢٣٨).

(١) النباء: ٤٠

(٢) الملك: ٢

بەندایەتی بەندە بۆ خودا هیچ مانایەکیان نییە، ئەگەر ترسی خودایان لەگەڵ نەبێت و لە پێناو دوورکەوتنەوە لە سزای پەروەردگار و وەدەستهێنانی پاداشتی پەروەردگار نەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

هەربۆیەش زانایانی ئەهلی سوننە هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر کەسێك بڵێت (لا إله إلا الله محمد رسول الله)، بەڵام بەبێ هیچ بیانوویەك (نوێژ ، زەکات ، ڕۆژوو ، حەج) ئەنجام نەدات، ئەوا **مرۆڤێکە لە خودا ناترسێت** و لە گوتنی وشەی (شەهادە) ڕاست ناکات و موسڵمان نییە[1]. چارەکەشی تەنها گەڕانەوەیە بۆ لای پەروەردگار بەزۆری پاڕانەوەو داواکاری ڕێنمایی بۆ ڕێگای ڕاست کە کاکلەی بەندایەتییە، لە نمونەی سێیەم و چوارەمدا زیاتر ئەم مانایەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

---

(١) قال عبد الله بن أحمد حدثنا سويد بن سعيد الهرري قال سألنا سفيان بن عيينة عن الإرجاء فقال: (المرجئة أوجبوا الجنة لمن شهد أن لا إله إلا الله مصراً بقلبه على ترك الفرائض و سموا ترك الفرائض ذنباً بمنزلة ركوب المحارم، وليسوا بسواء لأن ركوب المحارم من غير إستحلال معصية، و ترك الفرائض معتمداً من غير جهل و لا عذر كفر، وبيان ذلك في أمر آدم صلوات الله عليه و إبليس و علماء اليهود، أما آدم فنهاه الله عز وجل عن أكل الشجرة و حرمها عليه فأكل منها متعمداً ليكون ملكاً أو يكون من الخالدين فسمى عاصياً من غير كفر، و أما إبليس لعنه الله فإنه فرض عليه سجدة واحدة فجحدها متعمداً فسمى كافراً و أما علماء اليهود فعرفوا نعت النبي (صلى الله عليه وسلم) و أنه نبيٌّ رسول كما يعرفون أبنائهم و أقروا به باللسان و لم يتبعوا شريعته فسماهم الله عز وجل كفاراً، فركوب المحارم مثل ذنب آدم عليه السلام و غيره من الأنبياء. و أما ترك الفرائض جحوداً فهو كفر مثل كفر إبليس لعنه الله، و تركه على معرفة من غير جحود فهو كفر مثل كفر علماء اليهود ـ والله أعلم ـ) السنة لعبدالله بن أحمد(١\٣٤٧ ـ ٣٤٨).

نمونەی سێیەم:

ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ بە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی پاراستنی بەندەیە لە لوت بەرزی و لەخۆبایی بوون

هەرچەندە پشتبەستن بەخودا﴿إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ بەشێکە لەبەندایەتی مرۆڤ بۆ خودا﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾، بەڵام لە هەمان کاتدا مەرجە لە بەندایەتیدا، چونکە ئەگەر بەندە هەست بەوە نەکات کە بەندایەتییەکەی بۆ پەروەردگارە﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾، لە ئەنجامدانی پایەکانی ئیسلام و هەموو چاکەکردنێکدا لە خوداوەیە و چاکەی خودایە بۆ ئەو، نەك تەدبیر و عەقل و هێزی شان و باڵی بەندەیە، ئەوا ماناکانی بەندایەتی ناهێنەجێ، چونکە ئەمە خۆپەرستییە نەك خوداپەرستی، ئەمانەش دوو شتی دژبەیەکن، جیاوازیشیان پشتبەستنە(إستعانة) بە خودا﴿إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ کە هەبوونی مەرجی بەندایەتی و خوداپەرستییە و نەبوونیشی دروستبوونی لوت بەرزی و خۆپەرستییە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ هێزو و تواناکەی لە خودا وەرنەگرێت ﴿إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾، ناتوانێت بەندایەتی بۆ خودا ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ ئەنجام بدات[1].

بەڵکو تووشی خۆپەرستی دەبێت لە جیاتی خوداپەرستی و لە کاروانی پیاوچاکان دادەبڕێت بۆ دارودەستەی فیرعەونەکان! کەواتە تاکە ڕێگای مانەوە لەسەر ڕێگای ڕاست هەستکردنی بەندەیە بەوەی کە خودایەك پشت و پەنایەتی، ئەگەرنا مانەوەی لەسەر ئەم ڕێگایە مەحاڵە.

وەدەست هێنانی ئەم پشت و پەنایەش تەنها بە پاڕانەوە دەبێت لە خودا. وەك لە نمونەی چوارەمدا :

---

(١) بەمە جیاوازی نێوان (الثقة بالنفس) و (التوكل على الله) دیاردەکەوێت. یەکەمیان خۆپەرستییە و دووەمیان خوداپەرستی! لە زانستی (پەرەپێدانی مرۆڤی) هەڵەی جیاوازی نەکردن لە نێوان ئەم دوو مانایە زۆر دووبارە دەبێتەوە. بڕوانە: (معجم المناهي اللفظية ص١٨٥ لشيخ بكر بن عبدالله أبو زيد).

نمونەی چوارەم:

ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ و ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾

بە ماناکانی ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ تەفسیر دەکرێن.

بەرهەمەکەشی گەیشتنە بە بەرزایە پیرۆزەکانی تەنها یەکخواپەرستی

لەبەر ئەوەی بەندایەتی تەنها بۆ خودای پەروەردگار ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بەردەوامبوونی نییە، ئەگەر پشتبەستن بەخودا ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ لەگەڵیدا نەبێت، بەهەمان شێوە پشتبەستن بەخودا هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر پاڕانەوەی لەگەڵدا نەبێت ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ بۆیە ناتوانین مانا بەرزەکانی یەکخواپەرستی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ تێبگەین، ئەگەر ژیانمان دانەمەزرێنین لەسەر دوو بنەما:

* یەکەمیان: هەژاری بەرامبەر (خالق) و زۆری پاڕانەوە تەنها لە ئەو و بەردەوامی سەردانواندن تەنها بۆ ئەو: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾

* دووەمیان: دەوڵەمەندی بەرامبەر (مخلوق) کە دوورکەوتنەوەیە لە پێویستبوون بە (مخلوق): ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾.

پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) ئاماژە بۆ ئەم دوو بنەمایە دەکات، کاتێ دەفەرمێت: ((الدُّعَاءُ هو العِبادَةُ))[1] واتە: پاڕانەوە لە خودا بەندایەتییە و کاتێ پەیمانی لە گەورە هەڤالانی وەردەگرت دەی فەرموو:((بايعوني على أن لا تَسألوا الناسَ شيئاً))[2] واتە: پەیمانم بدەنێ کە هیچ داواکارییەك لە خەڵك نەکەن!

---

(١) أخرجه الترمذي (٣٢٤٧) و قال هذا حديثٌ حسنٌ صحيح. و في تمام الحديث أن النبيَّ (صلى الله عليه وسلم) لما قال:((الدُّعَاءُ هو العِبادَةُ)) تلا بعد ذلك آية الغافر: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ محل الشاهد في الآية: الأمر في بدايتها بالدعاء ﴿ٱدۡعُونِيٓ﴾ و الوعيد في نهايتها على ترك العبادة ﴿عَنۡ عِبَادَتِي﴾ فتدبر!

(٢) بنحوه أخرجه مسلم (١٠٤٣) و ينظر : صحيح ابن حبان (٨\١٨٠ ـ ١٨١).

لە بەرئەوەی پاڕانەوە هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر دڵنیاییت(یقین) نەبێ کە ئەو خودایەی لێی ئەپاڕێیتەوە بە دەست بەتاڵی ناتگەڕێنتەوە، چونکە خاوەن ڕەحمەتە و پێویستە گومانی چاکی(حسن الظن) پێ ببەین[١]، ئەمەش لە نمونەی پێنجەمدا زیاتر بۆمان ڕوونەدەبێتەوە.

نمونەی پێنجەم:

ماناکانی ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ بە ماناکانی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ تەفسیر دەکرێن بەرهەمەکەشی ژیانێکی گەشبین و پڕ هیوا و هیدایەتە.

ئەگەر مرۆڤ لەناخیدا هەست نەکات کە خودایەك هەیە بە ڕەحمەتی خۆی داواکاری دوعاکاران بەجێدەگەیەنێت، ئەوا دوعاکردن هیچ مانایەکی نابێت! گەورەترین داواکاری، داواکاری (ڕێگای ڕاستە ـ هیدایەت ـ)، کە هەرگیز خودا ڕەتی ناکاتەوە ئەگەر مرۆڤ بە دڵەوە بیکات[٢] و ئارەزوومەندی هیدایەت بێت.

هەربۆیەش لە گەورە پایەکانی ڕەوشت بەرزی لە ئیسلامدا بڕوابوونی موسڵمانە بەوەی کە هەرکەس داوای هیدایەت بکات لە خودا، ئەوا خودا بە ڕەحمەتی خۆی هیدایەتی پێدەبەخشێت و کەسی گومڕا تەنها کەسێکە کە داوای هیدایەت لە خودا ناکات. لەم ڕوویەوە یەکێ لە گەورەزانایان دەفەرمێت:

يا سائلي عن مَذهبي و عقيدتي رُزِقَ الهدى مَن للهداية يَسالُ[٣]

---

(١) عن جابرٍ (رضي الله عنه) قال سمعت رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قبل موته بثلاث يقول: ((لا يموتن أحدكم إلا و هو يُحْسِنُ الظن بالله)).أخرجه مسلم (٢٨٧٧)(٨١) أحمد(٢٢\٢٩ رقم :١٤١٢٥).

(٢) عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((ادعوا الله و أنتم موقنون بالإجابة، واعلموا أن الله لا يستجيب الدعاء من قلبٍ غافلٍ لاه))أخرجه الترمذي(٥\٣٩٤ رقم:٣٤٧٩ ط بشار).

(٣) اللامية لشيخ الإسلام بشرح الغنيمان (ص\٣٣ـ ٤٦) و بشرح المرداوي (ص\٤٤).

تنبيه: في نسبة اللامية لشيخ الإسلام كلامٌ. ينظر: رسائل و مسائل منسوبة لشيخ الإسلام (ص\٢٤ـ٢٧).

واتە: ئەی ئەو کەسەی پرسیار لە مەزهەب و بیروباوەڕم دەکەی، بیروباوەڕم ئەوەیە کە هەرکەس داوای هیدایەت لە خودا بکات، ئەوا خودا پێی دەبەخشێت. ئەمە بیروباوەڕی موسڵمانە، چونکە موسڵمانی ڕاست لە هەڵسوکەوتەکانیدا و بەهێز لە بیروباوەڕیدا لە دوو خاڵ غافل نابێت:

یەکەمیان لە دڵدا: هەستکردن بە گەورەیی ماناکانی (أسماء و صفات) ی خودا، لە سەرووی هەموویان سیفەتی (ڕەحمەت).

دووەمیان بەزۆبان: پاڕانەوە بە مانا گەورەکانی (أسماء و صفات)ی خودا، بە تایبەتی سیفەتی (ڕەحمەت).

ئەم دوو خاڵەش بنەمای کەسایەتی ئەو کەسانەن کە لە سەر ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتین ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ و پەروەردگار چاکەیان لەگەڵ کردوون ﴿أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ وەك لە نمونەی شەشەمدا زیاتر بۆمان ڕوونەدەبێتەوە.

نمونەی شەشەم:

ماناکانی ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ بە ماناکانی ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ تەفسیر دەکرێن

بەرهەمەکەشی لایەنگرییە بۆ ڕێگای موهاجرین و ئەنصار(رضي الله عنهم) .

چاکەی پەروەردگار بە بەندەکانی بریتییە لە بەخشینی: زانست(علم) و کردەوەی بەزانست(عمل)، چونکە (علم) بەبێ (عمل) دەبێتە هۆی خۆپەرستی، کە دەرچوونە لە خوداپەرستی و هەروەها(عمل) بێ (علم) دەبێتە هۆی ڕیایی و خەڵك پەرستی کە جۆرێکی دیکەی دوورکەوتنەوەیە لە یەکخوداپەرستی.

بەپێی ئەم دابەشکردنەی (علم) و (عمل) مرۆڤایەتی دەبێتە چوار بەش لەسەر چوار ڕێگای جیاواز کە ئەمانەن:

* ڕێگای (علم) لەگەڵ (عمل).
* ڕێگای (علم) بـــێ (عمل).
* ڕێگای (عمل) بـــێ (علم).
* ڕێگای بێ (علم) و بێ (عمل).

تەنها ڕێگای یەکەم کە ڕێگای (علم)ـە لەگەڵ (عمل) ، ڕێگای ڕاستە ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾. کە قورئانی پیرۆز ڕێنماییە بۆ ئەم ڕێگایە و پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ماموستای تێگەیاندنی مرۆڤایەتییە بەم ڕێگایە، هەروەك قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ دەکات: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾[1] واتە: (ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاندووە ـ ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) ـ تاوەکو بۆ خەڵك ڕاڤە بکەی و تێیان بگەیەنی، ئەوانیش بیربکەنەوە)، لە بەرئەوەی موهاجرین و ئەنصار لەبەردەستی ئەو پەروەردەببوون، نمونەی هەڵگرتن و کار پێکردنی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرن (صلى الله عليه وسلم) واتە نمونەیەکی زیندووی ڕێگای ئەوانەن کە خودا چاکەیانی لەگەڵ کردوون ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ . کەواتە ئەگەر بمانەوێت بزانین ئەو ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ ـە چییە؟ کە لە نوێژدا لە پەروەردگار داوای دەکەین؟ وەڵامەکە: بریتییە لە خوداپەرستی و خۆڕەوشتی ئەو هەڤاڵانەی کە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) پەروەردەی کردوون لەماوەی زیاتر لە بیست و سێ ساڵی بانگەوازەکەی بۆ یەکخوداپەرستی لە مەککە و مەدینە. هەر لەبەر ئەمەش قورئانی پیرۆز هانی موسڵمانان دەدات بۆ

(١) النحل : ٤٤

شوێنکەوتنی ئەم هەڤاڵانە لە موهاجرین و ئەنصار(رضي الله عنهم): ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾[1]

واتە: (ئەوانەی کە خودا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون، بەهەشتیان بۆ ئامادەکراوە لە موهاجرین و ئەنصاریەکان[2] هەروەها ئەوانەی شوێنکەوتووی ئەوانیشن بە چاکە، بە هەمان شێوە خودا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون، بەهەشتیان بۆ ئامادەکراوە، کە بۆ هەتا هەتایە لە ناویدا دەژین، ئەمەیە بردنەوەی گەورە).

لادان لە ڕێگای ئەمانە لە خوداپەرستیدا، لادانە لە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی قورئان و سوننەت و لادانە لە بردنەوەی گەورە! چونکە سەرپێچییە بۆ قورئانی پیرۆز و پەروەردەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە دوو ڕوویەوە:

* یەکەمیان: لە ڕووی بیروباوەڕەوە کە دوورکەوتنەوەیە لە خوداناسینێك وەکو خودا ناسینی موهاجرین و ئەنصار(رضي الله عنهم) . خودای پەروەردگار مرۆڤایەتی بۆ ئەم جۆرە خوداناسینە بانگهێشت دەکات ﴿ءَامِنُواْ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ﴾[3] واتە: (ئەی بێ بڕوایان ئیمان بهێنن هەروەك چۆن خەڵك ـ لە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ـ ئیمانیان هێناوە)، پەروەردگار هەبوونی ئەم جۆرە بیروباوەڕە لە دڵدا دەکاتە

---

(١) التوبة : ١٠٠

(٢) ئەمە ڕێزلێنانی خودایە لە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە دەقی قورئانی پیرۆز، کەواتە پێویستە موسڵمان ئاوڕ لە نووسینی مێژوونووسێك نەداتەوە کە باس لە هەڵەیەکی تاکەکەسیان دەکات! ئەمانە ئەگەر هەڵەیەکیشیان هەبێت، ئەوا هیچ نییە بەرامبەر دەریای زانست و جوانی هەڵسوکەوتیان و پاکی بەندایەتییان بۆ پەروەردگار. ينظر: الإنصاف فيما وقع في العصر الراشدي من الخلاف. تأليف: د. حامد خليفة.

(٣) البقرة:١٣.

مەرجی هیدایەت ﴿فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْ﴾[1] واتە: (ئەگەر بێ باوەڕان ئیمان بهێنن وەکو چۆن ئێوە ـ لە هەڤاڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ـ ئیمانتان هێناوە، ئەوا لەسەر هیدایەتن).

* دووەمیان: لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە کە دوورکەوتنەوەیە لە ڕەوشتی موهاجرین و ئەنصار(رضي الله عنهم). بۆ (علم)ێکی بێ (عمل) یان (عمل)ێکی بێ (علم) کە لە نمونەی حەفتەمدا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

نمونەی حەفتەم:

ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾

بە ماناکانی ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ تەفسیر دەکرێن.

بەرهەمەکەشی دوورکەوتنەوەیە لە نەخۆشی لوت بەرزی(التكبر) و ڕیایی(الرياء).

بەندایەتی {(العبادة) \ ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ } ئەگەر (عمل) بێت، بە بێ (علم)، ئەوا خاوەنەکەی تووشی نەخۆشی ڕییای (الرياء) دەکات، کە ناوەڕۆکەکەی خەڵك پەرستییە، لە جیاتی ئەوەی ڕازیبوونی خودا مەبەست بێت، ڕازیبوونی خەڵکی دەبێتە مەبەست. ئەمەش ڕێچکەی گومڕاوەکانە ﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾ ، کەپێویستە موسڵمان ڕۆژانە حەڤدەجار لە نوێژدا خۆی لەم ڕێچکە ترسناکە بپارێزێت .

پشت بەستن بەخودا {(الإستعانة) \ ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ }ئەگەر (علم) بێت، بە بێ (عمل) واتە سەرەڕای ئەوەی خاوەن(علم)ـەکە شارەزایە لە مانا بەرزەکانی قورئان و ئیمان، بەڵام کاریان پێناکات و غافلە لە جێبەجێکردنی ئەرك و فەرمانە ئایینییەکانی، بە دوای عەقلی ناساغلەم و هەواو هەوەسی خۆی کەوتووە، ئەوا ئەوکات خاوەن

(١) البقرة:١٣٨.

(علم)ـەکە تووشی نەخۆشی لوت بەرزی دەبێت، کە ناوەڕۆکەکەی جۆرێکی بتپەرستییە و پێی دەڵێن خۆپەرستی! ئەمەش ڕێچکەی ئەوانەیە کە تووشی سزای تۆڕەیی خودا دەبن ﴿ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾، کە پێویستە موسڵمان ڕۆژانە حەڤدەجار لە نوێژدا خۆی لەم ڕێچکە ترسناکە بپارێزێت.

❊❊❊

ئەمە تەنها حەفت نمونەی تەفسیری فاتیحەن بۆ فاتیحە، کە ڕێنمایین بۆ سەدان نمونەی دیکە وەکو:

❊ تەفسیری ماناکانی﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ .

❊ تەفسیری ماناکانی ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بە ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾

❊ تەفسیری ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ بە ماناکانی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ....هتد .

کە باخچەیەکە لە گوڵ و گوڵزاری هەستکردن بە ماناکانی بەندایەتی بۆ خودای پەروەردگار، تێگەیشتنێکی قوولە بۆ ماناکانی فاتیحە کە گشت ماناکانی قورئانی پیرۆز لە خۆی دەگرێت.

قال الله تعالى :

وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ سَبۡعٗا مِّنَ ٱلۡمَثَانِي وَٱلۡقُرۡءَانَ ٱلۡعَظِيمَ ﴿٨٧﴾

الحجر : ٨٧

وێستگەی (٣١)

لە ڕووی شوێنی ئایەتەکان و وشەکان: فاتیحە خوێنەری دەپارێزێت لە بەهەڵە تێگەیشتنی ماناکانی بەندایەتی!

لە کاتی بیرکردنەوە لە ماناکانی فاتیحە، زۆر جار هەست بە دروستبوونی پرسیارێك دەکەی، کە لەوانەیە خۆی وەکو شوبهەیەك بخاتە ڕوو، بەڵام ئەوەی جێی تایبەتمەندییە لە فاتیحەدا، لە هەمان ئایەت کە جێی پرسیارە بۆ خوێنەرەکەی یان لە ئایەتەکانی دیکەی فاتیحەدا، وەڵامی پرسیارەکە یان پۆچەڵبوونەوەی شوبهەکە دەبینرێت، ئەمەش ـ بە پشت بەستن بەخودا ـ بە چەند نمونەیەك ڕوونی دەکەینەوە:

نمونەی یەکەم:

لە کاتی بیرکردنەوە لە ماناکانی﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ یان ماناکانی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، مرۆڤ هەست دەکات ئەم خودایە کە سیفەتی پەروەردگاری و ڕەحمەتی هەیە، هیچ بەندەیەك سزا نادات؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پاش ئەم دوو ئایەتە دێتە بەرچاومان، لە ئایەتی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ کە پێمان دەفەرمێت: وەکو بەشێك لە ماناکانی پەروەردگاری و ڕەحمەت ئەم خودایە دادگایەکی هەیە لە ڕۆژی دواییدا ﴿يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ ستەمکاران سزادەدات و پاداشتی چاکەکاران دەدات، ئەگەر ئەم دادگایە نەبێت پەروەردگاری ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ و ڕەحمەت ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ هیچ مانایەکیان نامێنێت، بۆیە پەروەردگار ئەم دادپەروەریە دەخاتەوە بیرمان کاتێ دەفەرمێت: ﴿أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ ٣٥ مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ﴾[1] واتە:(پێتان وایە چاکەکار و ستەمکار لە سزاو پاداشتدا وەکو یەك بن؟ ئەمە چ حوکمێکە بۆی دەچن!؟).

---

(١) القلم: (٣٥ ـ ٣٦)

نمونەی دووەم:

کاتێك کە مرۆڤ بیر لە ماناکانی ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ دەکاتەوە، هەست دەکات جولەکە و دیانەکانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەمانەش خۆیان بە شوێنکەوتەی پێغەمبەران (علیهم السلام) دەزانن.

وەڵامی ئەم شوبهەیەش لە هەمان ئایەتدا دێتە بەرچاومان ئەویش﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ە. کە ﴿ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾ ئەوانەن غەزەبیان لێکراوە، کە جولەکەن و دەڵێن ئێمە شوێنکەوتەی موساین (علیه السلام)، بەڵام گوتنەکەیان ڕاست نییە.

﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾ ئەوانەی گومڕابوون، کە دیانەکانن و دەڵێن ئێمە شوێنکەوتەی عیساین(علیه السلام)، بەڵام گوتنەکەیان ڕاست نییە[1]، چونکە ئەگەر ئەم دوو میللەتە ڕاست بووانە لەوەی کە دەیڵێن، ئەوا فەرمانی موسا و عیسایان (علیهما السلام) بەجێ دەگەیاند، کە شوێنکەوتنی (محمد)ە (صلی الله علیه وسلم)[2].

---

(١) قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (إن المغضوب عليهم اليهود و إن الضالين النصارى) رواه أحمد (١٢٤\٣٢)(٤٦٠\٣٣).

(٢) لبيان مواطن ذكر الرسول محمد (صلى الله عليه وسلم) في الكتاب المقدس ينظر : كتاب (محمد في الكتاب المقدس) مطبوع برئاسة المحاكم الشرعية و الشؤون الدينية بدولة قطر(١٤٠٥ هـ ١٩٨٥م) ترجمه فهمي باشا من الإنكليزية و كتاب (الإنجيل و الصليب) ترجمه من التركية مسلم عراقي طبع في القاهرة ١٣٥١هـ كلاهما من تأليف قسيس الروم الكاثوليك ديفيد بنيامين كلداني و اسمه بعد ما أسلم عبد الأحد داود رحمه الله. و في التنزيل(الصف:٦): ﴿وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ﴾ و(الأعراف:١٥٧) في وصف المؤمنين من أهل الكتاب: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلۡأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ﴾.

نمونەی سێیەم :

کاتێك مرۆڤ بیر لە ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ دەکاتەوە، زۆر جار واهەست دەکات کە توانیویەتی بە شان و باڵی خۆی بگاتە پلە بەرزەکانی بەندایەتی (العبودیة)، کە بەرزترین پایەیە مرۆڤ پێی بگات لە ژیاندا[1]، بەڵام جێی پرسیار ئەوەیە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە خۆبایی بوون کە دژە بۆ بەندایەتی!؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە: ﴿إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ وەکو تەواوکەرێك پاش ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ دێت، تاوەکو بزانرێت کە ئەوەی مرۆڤ دەیکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی بەندایەتی چاکەی پەروەردگارە بە مرۆڤ، هێزی شان و باڵی مرۆڤ نییە، بەڵکو هێزی بەردەوامبوون لەسەر ئەم بەندایەتییە(العبودیة) لە هەبوونی پشت بەستن بە پەروەردگارەوە هەڵدەقوولێت (الإستعانة)، بەم تێڕوانینە بۆ ماناکانی بەندایەتی بۆمان دەردەکەوێت کە هەرگیز بەندایەتی بۆ خودا بە بێ پشتبەستن بە خودا ئەنجام نادرێت، مرۆڤ پارێزراو دەبێت لە نەخۆشی لوت بەرزی(التکبر) لە خۆبایی بوون، کە ئەگەر کەمێکیشی تووشی دڵ ببێت ڕێگرە لە چوونە بەهەشت[2] بۆیە پێغەمبەرمان (صلی

---

(١) پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) لە بەرزترین و بەنرخترین کاتەکانی ژیانی پێغەمبەرایەتیدا، پەروەردگار لە قورئاندا بە : (بەندە ـ عبد ـ) ناو دەبات. لەوانە :

* لە کاتی شەوڕوو پێکردنی دا (الإسراء): ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ﴾ (الإسراء:١).

* لە کاتی دابەزینی وەحی (الإحاء): ﴿فَأَوْحَىٰٓ إِلَىٰ عَبْدِهِۦ مَآ أَوْحَىٰ﴾ (النجم:١٠).

* لە کاتی بانگەوازکردنیدا بۆ یەك خودا پەرستی (الدعوة): ﴿وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ﴾ (الجن: ١٩).

* لە کاتی تەحەدا کردنی بێباوەڕان(التحدي): ﴿وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ﴾ (البقرة : ٢٣). ينظر: كتاب العبودية لشيخ الإسلام (ص٢٣ـ٢٤).

(٢) أخرج مسلم في صحيحه (٩١)(١\٩٣) من حديث عبد الله بن مسعودٍ (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: (لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرةٍ من كبر) قال رجل يا رسول الله : إن

الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ((أكثروا مِن قول: لا حولَ و لا قوةَ إلا بالله، فإنها كنزٌ مِن كُنوز الجنة))[1]. واتە : زۆر بڵێن: (خودایە ئێمە هیچ سەرکەوتن و هێزێکمان نییە بە تۆ نەبێت) ئەم وشەیە گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت.

بەڵکو لە باسی سەرکەوتنی موسڵمانان لە شەڕی بەدر پەروەردگار بە پێغەمبەرکەی (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ﴿فَلَمۡ تَقۡتُلُوهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمۡۚ وَمَا رَمَيۡتَ إِذۡ رَمَيۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰۚ﴾[2] تاوەکو موسڵمانان تووشی لە خۆبایبوون نەبن بەم سەرکەوتنە گەورەیە.

نمونەی چوارەم:

کاتێك مرۆڤ بیر لە ماناکانی پشت بەستن بەخودا ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ دەکاتەوە، لەوانەیە واتێبگات کە تەنها شێوازێکە لە شێوازە زۆرەکانی بەندایەتی وەکو ترس لە خودا و هیوا بە خودا و خۆشەویستی خودا، هیچ تایبەتمەندییەکی نییە!

بۆ ئەوەی ئەم تێکەڵبوونە لە ماناکاندا لای مرۆڤ دروست نەبێ ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ ئایەتی ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ بەدوایدا هاتووە، تاوەکو مرۆڤ بزانێت پشت بەستن بە خودا بەندایەتییەکی تایبەتە تەنها بە دوعاکردن و پاڕانەوە ئەنجامدەدرێت، هەموو جۆرەکانی بەندایەتی وەکو ترس لە خودا و هیوا بە خودا و خۆشەویستی خودا مانا گەورەکانیان نابەخشن وەکو پێوست، ئەگەر بۆ ﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ نەگەڕێنەوە و بە پاڕانەوە و داواکاری لە خودا ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ ئەنجام نەدرێن .

الرجل يحب أن يكون ثوبه حسناً و نعله حسنةً قال: (إن الله جميلٌ يحب الجمال، الكبر بَطرُ الحقِ و غمطُ الناسِ).
و في لفظ أحمد في مسنده(٦\٣٣٨): (الكِبرُ مَن سفَهَ الحقَ، و ازدرى الناس) .

(١) أخرجه أحمد في مسنده (١٤\١٣٢) و غيره.

(٢) الأنفال:١٧ . واتە: وامەزانە ئێوە کافرە دەست درێژکارەکانتان کوشتووە، ئێمەکوشتومانن، ئەو تیرو خولەی ئێوەش هاویشتان، ئێوەنەبوون بەڵکو خودابوو پێکاندی.

ویستگەی (٣٢)

لە ڕووی ڕێزبەندی ئایەتەکان: فاتیحە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات، لە بزربوونی کەسیەتی و نەزانینەوە بۆ هیدایەت و خۆ دیتنەوە و شارەزابوون لە ماناکانی ژیان.

زۆر جار خەڵکێك هەست بە بزربوون دەکات، ناتوانێت مانایەك بۆ ئەم ژیانە بدۆزێتەوە، لەم خەڵکانەش هەیانە قەناعەتی خۆیان دێنن کە ژیان بێ مانایە، هەشیانە قەناعەتی خۆیان دێنن بەشتێك وەکو گەیشتن بە ئاواتێکی ژیان، بەڵام کاتێ پێی دەگەن دەزانن پێویستە ژیان مانای بەرزتری هەبێت لەو ئاواتانەی کە ئەوان پێگەیشتوون لە دونیادا.

فاتیحە بە ڕێزبەندی ئایەتەکانی دەستی مرۆڤ دەگرێت بۆ مانا بەرزەکانی ژیان، کە پێویستە تۆ هەر کەسێك بیت و هەر ئاواتێکت هەبێت بۆ ئەم مانا بەرزانەی ژیان بگەڕێیتەوە، کە فاتیحە بەم قوناغانە بە پێی ڕێزبەندی ئایەتەکانی دەخاتە بەرچاومان:

أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا
وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ

قوناغی یەکەم

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾

ملکەچبوون بۆ مانا بەرزەکانی پەروەردگاری ئەو خودایەی کە ئێمەو ئەم بوونەوەرەی خولقاندووە و بەڕێوەی دەبات

ئەم ملکەچبوونەش بریتییە لە ماناکانی سوپاسگوزاری بۆ خودای پەروەردگار، کە چەند پرسیارێك لە ناخی مرۆڤدا دروستدەکەن لەوانە خودایە کارم چییە لەناو ئەم بوونەوەرە گەورەیەدا؟ بۆ منت هێناوەتە ناو ئەم ژیانە سەرسوڕهێنەرە...!؟ قورئانیپیرۆز هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وەك لە سەرەتای سورەتی (الإنسان)دا هاتووە: ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا﴾[1].

لە هەمان کاتدا قورئانی پیرۆز وەڵامی ئەم پرسیارەیە، بەڵام خەڵکانێکی زۆر لەوانەی کە ئەم پرسیارە لە خۆیاندەکەن حەزیان لە وەڵامدانەوە نییە لە پێناو هەواو هەوەسی خۆیان، یان بڕوایەکیان بۆ خۆیان دروستکردووە کە ئەم پرسیارە وەڵامی نییە[2]، کەچی وەڵامی هەیە، بەڵکو تەنها تێڕوانینێك بە ناو ئایەتەکانی سورەتی فاتیحە بەسیەتی بۆ ئەم وەڵامە کە دەمانباتە قوناغی دووەم:

---

(١) الإنسان: ١. واتە: (با مرۆڤ بیر بکاتەوە، پێش لە دایك بوونی لە کوێ بوو؟ بۆچی خەلقکراوە؟ لە هەمانکاتدا با بزانێت نهێنی ئەم دروستکردنە لای ئەو خودایە یە کە مرۆڤی دروستی کردووە و شتێکی شاراوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی پێغەمبەرانی ـ علیهم االسلام ـ ئەم نهێنیەی بۆ گشت مرۆڤایەتی باسکردووە).

(٢) ینظر: دیوان إلیا أبو الماضي و قصیدته الطلاسم (ص١٩٣ ـ ٢١٧)من دیوانه یستفتح قصیدته بقوله:

جِئْتُ، لا أعلمُ من أینَ، و لکني أتیتُ * و لقد أبصرتُ قدامي طریقاً فمشیتُ

و سأبقی ماشیاً إن شِئتُ هذا أم أبیتُ * کیفَ جِئتُ؟ کیفَ أبصرتُ طریقي؟

لستُ أدري!

فهي صورةٌ جمیلة ! لتعاسة العبثیة و التشکیك في الحقائق، و من قبلُ حضر بعض الملاحدة من الفلاسفة المشککین، فهاله الموت وما بعده، فأنشد یقول:

لعمرك ما أدري و قد أذن البلی بعاجلي ترحالي، إلی أین ترحالي

و أین محل الروح بعد خروجه عن الهیکل المنحل، و الجسد البالي

قوناغی دووەم

﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾

هەستکردن بەوەی کە ئەو خودایەی ئەم بوونەوەرەی خولقاندووە و بەڕێوەی دەبات خاوەن ڕەحمەتێکی بێسنورە.

ئەم جۆرە هەستکردنە ئارامییەك بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە ئەو خودایەی مرۆڤی خولقاندووە هەرگیز لە ڕەحمەتی خۆی دووری ناخات: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ﴾[1] ، ﴿رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا﴾[2] گەورەترین ڕەحمەتیش ناردنی پەیامێکە کە پێوەرە بۆ دادپەروەری و جیاکارە لە نێوان حەق و ناحەق، کە پەیامی ئیسلامە و بریتییە لە پەیامی ڕەحمەت بە مرۆڤایەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾[3]، بەڵام کاتێك مرۆڤ لە جیهانی خەیاڵ دەردێت بۆ واقعی ژیان، تووشی پرسیارێکی دیکە دەبێت، ئەویش: ئەی سەرەڕای ئەم هەموو ڕەحمەتەی پەروەردگار بە مرۆڤایەتی، بۆ ئەم هەموو ستەمە لەم ژیانەدا دەبینرێت؟!

وەڵامی ئەم پرسیارەش دەمان باتە قوناغی سێیەم :

فبلغ ذلك بعض الصالحين، فقال: إذا كان لا يدري أين ترحاله؟ فنحن ندري أين ترحالنا و ترحاله، قال تعالى: ﴿إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ ۝١٣ وَإِنَّ ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ ۝١٤﴾ (الإنفطار) ينظر: كتاب (الإيمان و الحياة يوسف القرضاوي) ص١٠٥ ـ ١٠٦ .

(١) الأعراف : ١٥٦.

(٢) غافر : ٧ .

(٣) الأنبياء:١٠٧.

قوناغی سێیەم

﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾

هەستکردن بە دادپەروەری خودا، کە ئەمەی دەبینین بەشێکە لە مولکی خودا، ئەوەی دەژین بەشێکە لە ژیانمان، دادگایەك هەیە، لە ڕۆژێکی ڕۆژگاردا، کە خودا دادپەروەری خۆی دەنوێنێت، بە گەیاندنی سزای ستەمکاری بە ستەمکاران، و پاداشتی چاکەکاری بە چاکەکاران.

هۆکاری هەبوونی ستەم لەناو کۆمەڵی مرۆڤدا، هەبوونی دوو هۆکارە:

* نەزانین (جهل) .
* پێویستی(حاجة).

پەروەردگار لەم دوو سیفەتە دوورە، چونکە زانستی(علم) بە هەموو شتێك هەیە و پێویستی بە هیچ شتێك نییە، بۆیە لە ستەم دوورە و لە دانی سزاو پاداشتدا دادپەروەری ڕەهای هەیە، هەرگیز چاکەکار و ستەمکار لە سزاو پاداشتدا وەکو یەك لێناکات: ﴿أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ ۝٣٥ مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ﴾[1] واتە : ئەی خەڵکان ئێوە چۆن بیردەکەنەوە و حوکم دەدەن؟ دڵنیابن کە خودا هەرگیز ستەمکار و چاکەکار یەکسان ناکات لە سزاو پاداشتدا.

ئەم هەستکردنەش بە ڕەهایی دادپەروەری خودا، مرۆڤ دەبات بۆ پرسیارێکی دیکە: چۆن بتوانین دەست بە پەیامی خوداوە بگرین، تاوەکو لەو دادگایە داپەروەردا بە ستەمکار نەژمێردرێین؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دەمان باتە قوناغی چوارەم:

(١) القلم:٣٥ ـ ٣٦.

قوناغی چوارەم

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾

بەندایەتی کردن بۆ خودا ڕاست و دروست دەبێت بە دوو مەرج:

یەکەمیان: پاکی نییەت.

دووەمیان: بەپێی سوننەت.

ئەم بەندایەتییەش تەسلیم بوونە بە دڵ و بە کردەوە بۆ ئەمر و فەرمانی (الأمر و النهي)خودا و پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و قەبوول کردنیانە بەوپەڕی ڕەزامەندی و دڵخۆشییەوە. لەم بارەیەوە پەروەردگار شوێنکەوتنی ئەمر و نەهی بە بێ دوودڵی و بەوپەڕی ڕەزامەندییەوە دەکاتە مەرجی ئیمان هێنان: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾[1] هەروەها بانگەوازی ئیمانداران دەکات کە گشت ئەم ئەمرو نەهیانە بە جێبگەیەنن و هیچیان بەجێنەیەڵن، کە ئەمە هاتنی تەواوە بۆ ناو ئیسلامەتی و دوور کەوتنەوەیە لە ڕێچکەکانی شەیتان: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ۚ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾[2] کاتێك مرۆڤ بەم پلەیەی تەسلیم بوون و قەبوولکردن دەگات، ئەوا پەیامی ئایەتی : ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ هیناوەتەجێ کە مەبەست لە ﴿أَحْسَنُ عَمَلًا﴾: واتە (باشترینی کارو کردەوە) ئەم باشترینەش دوو مەرجی پێویستە:

* ئیخلاص: دوور لە ڕییا.
* صەواب: لەسەر سوننەت.

---

(١) الملك:٢.

(٢) البقرة: ٢٠٧.

ئەمەش بە جێگەیاندنی پلە بەرزەکانی بەندایەتییە بۆ پەروەردگار، کە لەم پلە بەرزانەدا مرۆڤ هەست دەکات پێویستی بە هێزێکی ڕۆحی هەیە بۆ بەردەوامبوون لە سەر پاراستن و زیاتر بەرزکردنەوەی پلەکانی ئەم بەندایەتییە، پرسیار دەکات دەبێ سەرچاوەی ئەم هێزە چی بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمان باتە قوناغی پێنجەم:

قوناغی پێنجەم

﴿إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾

هەستکردنی مرۆڤ بە ماندوونەناسی پێویستییەکی ژیانە، دابینکردنی ئەم پێویستییەش تەنها لە کاتێکدایە کە سەرچاوەکەی هێزێکی نەبڕاوەبێت، ئەم سەرچاوەیەش دەست ناکەوێت تەنها لە کاتی گەیشتن بە پلەی پشت بەستن بەخودا لە گشت ئەرکێکی ژیاندا، چونکە تەنها هێزو توانای خودا نەبڕاوەیە.

ئەم هەستکردنەش بڕوابوونە بەوەی کە تەنها خودا خاوەن هێزو دەسەڵاتە ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا﴾[1] ، بەڵام دەبێت هێزی پابەندبوون بەم بڕوابوونە چی بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمان باتە قوناغی شەشەم:

قوناغی شەشەم:

﴿ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾

بەردەوامبوون لە سەر بەندایەتی و پشت بەستن بەخودا، تاکە ڕێگایەکەی زۆری دوعاکردن و پاڕانەوەیە لە خودا

ئەم دوعاکردنەش هێزی بەردەوامبوونە لە سەر ڕێگای ڕاستی خوداپەرستی و نزیك بوونەوەیە لە لوتکەی خوداپەرستی، هەروەها جوانی نواندنی بەندایەتییە بۆ خودا و پەیامی گشت پێغەمبەرانە (علیهم السلام) و خاڵێکە تەنها لەوێ مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە

(١) فاطر : ١٠

و هەست بە ئاسوودەیی دەکات، کە ئەگەر دونیاشی لە دەست بچێت، دڵە ئاسوودەکەی بە ئیمان هەردەمێنێتەوە و پاڵی پێوە دەنێت بۆ کاری زیاتر و خزمەتی زیاتر، چونکە دەزانێ خودایەك هەیە نزیکە و وەڵامی نزاکانی دەداتەوە : ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ [1].

پاش گەیشتنی مرۆڤ بەم قوناغە تەنها یەك پرسیار لای دەمێنێت کە لە ئەنجامی خۆشی تام و چێژی پارانەوە و بەندایەتی لای دروست دەبێت ئەویش: چۆن زیاتر بەندایەتی بنوێنێت بۆ خودا و جوانتر خزمەت ببەخشێت بە مرۆڤایەتی؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەمان باتە قوناغی حەفتەم:

قوناغی حەفتەم:

﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾

دوعاکردنی بەندەیە بۆ ئەوەی کە خودا پیرۆزترین ئەرکی ژیانی پێی ببەخشێت، کە ئەرکی پێغەمبەرانە (علیهم السلام) کە ئەرکێکە (عیلم) و (عەمل) کۆدەکاتەوە.

ئەمەش گەیاندنی پەیامی یەکخواپەرستییە، کە پوختەکەی ئەوەیە گرنگ نییە چ جۆرە کارێك دەکەیت لەم ژیانەدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەم کارە جێی ڕەزامەندی خودابێت و کاتێك ئەم ڕەزامەندییە بە دەست دێت کە کاری بەندە هەرکارێك بێت نمونەی جوان پیشاندانی پەیامی پێغەمبەران بێت بە مرۆڤایەتی، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا گەورەترین بانگەوازە بۆ یەکخواپەرستی: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ [2] واتە: (کەس لەو مرۆڤە باشتر نییە کە بانگەواز بۆ پەیامی خودا دەکات و کردەوەی چاکە ئەنجام دەدات و شانازی بە موسڵمانیەتی خۆی دەکات)، بەڵکو بەشی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەم جۆرە بانگەوازە ئیسلامەتیان هەڵبژاردووە.

---

(١) البقرة : ١٨٦ .

(٢) فصلت: ٣٣ .

گەورەترین تۆڕەیی خوداش بۆ کارێکە کە دژایەتی پەیامەکەی بکرێت، ئەم دژایەتییەش بە چەندین شێواز دەکرێت لەوانە:

* دونیا خواردن بە دین: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلۡأَحۡبَارِ وَٱلرُّهۡبَانِ لَيَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۗ﴾[1] واتە : (پەروەردگار بانگەوازی بڕواداران دەکات، کە وەکو زۆر لە ڕاهیبەکانی نەصارا و ئەحبارەکانی جولەکە نەکەن، کە بەناوی دیانەتەوە ماڵی خەڵك دەخۆن و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی پەیامی خودا دەکەن).

* پەرستنە بۆ حەز و هەواو هەوەس: ﴿أَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾[2] واتە: (ئایا ئەو کەسەتان بینیوە، کە هەواو هەوەسەکەی خۆی کردووتە خودای خۆی!)

* پشتگوێخستنی پەیامی خودا: ﴿وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ﴾[3] واتە : (ئەوانەی پەیامی خودا پشت گوێدەخەن، ژیانێکی تەنگ لەدونیادا دەژین و لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشر دەکرێن).

بۆیەش گەورەترین دوعا داواکاری بەردەوامییە لەسەر ڕێگای پێغەمبەران(علیهم السلام)، کە خوداناسی و خودا پەرستی کۆدەکاتەوە و دوورکەوتنەوەیە لە زانستێکی بێ خوداپەرستی (علم بلا عمل) یان خوداپەرستییەکی بێ زانست (عمل بلا علم).

---

(١) التوبة : ٣٤ .

(٢) الفرقان : ٤٣ .

(٣) طه :١٢٤.

ئەم خشتەیەش پوختەی قوناغەکانی ژیانی مرۆڤ لە بزربوونی کەسیەتییەوە بۆ هیدایەت دەخاتەڕوو بە پێی ڕێزبەندی ئایەتەکانی فاتیحە:

قوناغەکانی کاروانی خۆدیتنەوەی مرۆڤ	ئایەتە پیرۆزەکانی فاتیحە	ناو و سیفەتە بەرزەکانی خودا	ناوەڕۆکی کارکردن بە ئایەتەکان و تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی خودا
یەکەم	﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾	ماناکانی پەروەردگاری (رب العالمین)	بیرکردنەوە لە مەخلوقات(بوونەوەر) و ملکەچبوون بۆ خالق.
دووەم	﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾	ڕەحمەتی بێ سنور (الرحمن)	بردنی گومانی باش (حُسن الظن) بە خالق، کە مرۆڤایەتی بەبێ پەیامێکی جیاکەرەوە لە نێوان حەق و ناحەق بەجێ نایەڵێت .
سێیەم	﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾	مەلیکایەتی، حیساب (مالك الملك، سریع الحساب)	هەستکردن بەدادپەروەرییەکی ڕەها، کە جیاکارە لە نێوان پاداشتی چاکەکاران و سزای شەڕانگێزان.
چوارەم	﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾	پەرستراو (المعبود)	مەبەست لە ژیان بەندایەتییە بۆ خودا کە بناغەی هەموو چاکەکارییەکە.
پێنجەم	﴿إِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾	خاوەن هێز و جێی پشت پێ بەستن (المستعان)	بەردەوامبوون لە سەر چاکەکاری تەنها کاتێکە کە سەرچاوەی هێزی مرۆڤی چاکەکار نەبڕاوەبێت، ئەمەش تەنها بە پشتبەستن بەخودا بە دەست دەکەوێت.
شەشەم	﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾	بەخشەر (الکریم و الوهاب)	پشت بەستن بەخودا، بە زۆری دوعاو پاڕانەوە ئەنجام دەدرێت، کە هەرگیز دوعاکار بە دەست بەتاڵی ناگەڕێنێتەوە.
حەفتەم			زۆری دوعاکردن و جوانی چۆنیەتی دوعاکردن، بەرزبوونەوەی مرۆڤە بۆ باشترین، تا ئەنجام دانی ئەرکی پێغەمبەران(علیهم السلام) لە بانگەواز بۆ خودا کە لوتکەی بەندایەتییە بۆ خودا.

ئەگەر ئەمەی باسکرا بۆمان ڕوونبوویەوە، زانیمان کە ئەم سورەتە پیرۆزە بە پێی ڕێزبەندی ئایەتەکانی دەستی مرۆڤ دەگرێت لە بزربوونی کەسیەتی بۆ خۆدیتنەوە و هەستکردن بەماناکانی ژیان، ئەوا ئەم زانینەمان پێویست دەکات کە بڕوادارین بەوەی کە ئەم سورەتە چارەسەرییە بۆ لادانی هەموو نائارامی و خەموکییەك کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ڕۆژگار تووشی مرۆڤ دەبن، ئەمەش بە پشت بەستن بە خودا لە وێستگەی ژمارە (٣١) دا باسی دەکەین.

.


﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ٩٧
وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ٩٨﴾
المؤمنون

وێستگەی (٣٣)

هەنگاوەکانی سەرکەوتن بەسەر خەموکی و موصیبەتەکانی ژیان بە خوێندنەوەیەکی تایبەت لە ئایەتەکانی سورەتی فاتیحەدا

لە زۆر لاپەڕەکانی ئەم بابەتە باسی ئەوەکراوە کە تێگەیشتنی ئایەتەکانی فاتیحە، سەرکەوتنن بە سەر خەموکی و موصیبەتەکانی ژیان[(١)]. لەم وێستگەیەشدا بە خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ ئایەتەکانی فاتیحە هەمان بابەت لە دەروونی مرۆڤ نزیك دەکەینەوە، یان لە دەروونی مرۆڤێك نزیك دەکەینەوە کە لە ڕۆژگارێکی سەختی ژیاندا جۆرەها شێوازی موصیبەتەکانی دونیا تووشی هاتبن، بەڵام خۆی بەتەنها و بێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ پەناگەیەك ببات، بێجگە لە خودای پەروەردگار، قورئانی پیرۆز دەکاتەوە و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ئەم قورئانە پیرۆزە فاتیحە بە شێوازێکی تایبەت ئەخوێنێتەوە، کە شێوازی پاڕانەوەو موناجاتە، بەمە خۆی لە پاشماوەی خەموکی و بێزاری موصیبەتەکانی ژیان ڕزگاردەکات بۆ جیهانێکی پڕ ڕووناکی، ئەمەش بە چەند خولەکێکی خوێندنەوەی ئەم سورەتە لە چەند هەنگاوێکدا کە ئەمانەن:

یەکەم: هەستانەوە بە تێگەیشتنی ماناکانی ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝١﴾.

خودایە پشتم لە دونیاکرد بۆ ڕەحمەتی تۆ و تەنها بە پشت بەستن بە تۆ بەرەو ژیانێکی نوێ هەنگاو دەنێم، لەم ژیانە نوێیەدا تەنها سوپاسگوزاری تۆ مەبەست و ئومێدمە.

دووەم: بناغەی هەستانەوە بە تێگەیشتنی ماناکانی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾.

خودایە ئەو قەدەرەی تۆ بۆ منت نووسیوە پێی ڕازیم، ئەو فەرمانەی تۆ دەکەیت بۆی ملکەچم، چونکە تەنها خۆت پەروەردگاری هەموو بوونەوەری، تەنها خۆت شیاوی کە هەموو بوونەوەر سوپاسگوزاریت بکات، لە هەموو ڕوویەکەوە، منیش وەکو

(١) بروانە: گۆڤاری ئەیووبی ژمارە ١ لاپەڕە ٤٤ و ژمارە ٢ لاپەڕە ١٩ ـ ٢٠

زەڕەیەکی ئەم بوونەوەرە بەڕازیبوون بەقەدەری تۆ و ملکەچبوون بۆ فەرمانی تۆ، سوپاسگوزاریت بۆ دەنوێنم.

سێیەم: هێزی هەستانەوە بە تێگەیشتنی ماناکانی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾.
خودایە هەستامەوە سەر پێ، بۆ ئەوەی هەموو نائومێدییەك بەجێبێلم بە ئومێدی تۆ، کە خۆت بە ڕەحمەتی بێ سنور وەسف دەکەی.

چوارەم: فەلسەفەی ئیحتساب بە تێگەیشتنی ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾.
خودایە درەوشانەوەی ئازارەکانی دونیا لە تەرازووی چاکەکانمدا ببینم لە ڕۆژی دوایی، درەوشانەوەیەك دونیای ئێستاو ئاخیرەتی ئەوکاتم بۆ ڕووناك بکاتەوە.

پێنجەم: ژیانەوەی نوێ بە تێگەیشتنی ماناکانی ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾.
خودایە ئەگەر زەحمەتی ژیان نەبووایە، کانیاوی بەندایەتی تۆ لە دڵدا هەڵنەدەقوولا، کاروانی بەندایەتی بەندەش بۆ پێش دەرگاکەت نەدەکەوتە ڕێ، خودایە پەناگە و پاڵپشتم بە کە لەم کاروانە پیرۆزە دوانەکەوم.

شەشەم: نهێنی ئیستیقامە (بەردەوامی مانەوە لەسەر ڕێگای ڕاست) بە تێگەیشتنی ماناکانی ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾.
خودایە: لەم ڕێگایەدا دەستم نەدەیە دەست کەسێکی ونبوو، هەموو کات تەنها تۆ ڕێنیشاندەرم بە و دەستم بەرنەدەی.

حەفتەم: ئاوێتەبوونی زانست و کردەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە تێگەیشتنی ماناکانی ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾.
خودایە: ئەم کاروانە پیرۆزەی بەندە بۆ پێش دەرگاکەت لە ژێر چاوی تۆ و چرای پێغەمبەرانت بێت و دوور بم لە تۆرەبوونت، زانستی پێغەمبەرانت نەکەمە پاساو بۆ دابڕان لەم کاروانە پیرۆزە و بەبێ زانستی پێغەمبەرانیشت هەنگاو نەنێم بەرەو گومڕایی.

بەسەرهاتی هەڤاڵانی ئەشکەوت لە نێوان دەقی پیرۆز و دراماى سینەمایـیدا

(بەشی یەکەم)

(١) پێشەکییەکی پێویست

پرۆسەی دژایەتیکردنی قورئانی پیرۆز، زۆر شێوازی هەیە، لەوانە وەرگێڕانی بەسەرهاتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ دراماى سینەمایی! کە لە لایەکەوە کوشتنی هەیبەتی دەقە پیرۆزەکەیە بە دابەزاندنی بۆ ئاستی هەر سیناریویەك، لە لایەکی دیکەوە ئەو دەستانەی سیناریویەکە دەنووسن بە ئارەزووی خۆیان پێشێلی مەبەستەکانی دەقە پیرۆزەکە دەکەن و بۆ مەرامی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان و ئەو لایەنانە بەکار دەهێنن کە تەمویلی پرۆژەکەیان دەکەن....

بەسەرهاتی هەڤاڵانی ئەشکەوت یەکێکە لەو بەسەرهاتانەی کە بە درەمای سینەمایی دژایەتی کراوە، مەبەست لێرەدا ڕەخنەگرتن نییە لەو هەموو بیرە خراپانەی خراونەتە ناو سیناریوی دراماکە، کە زیاتر دراماى دڵداری و کودەتای سیاسی و خراپی تێگەیشتنی بیروباوەڕە، بەڵام مەبەستمان دیارخستنی چەند بنەمایەکی ئیسلامە، کە قورئانی پیرۆز لەگەڵ باسکرنی ئەم بەسەرهاتە ئاماژەیان بۆ دەکات، لە پێناو فێرکردنی موسڵمانە یەکەمینەکانی مەککە بە وردەکاری بیروباوەڕی پەیامی ئیسلام، کە هاتووە چرای **خوداپەرستی** لە دڵی هەموو مرۆڤێکدا هەڵگیرسێنێ و هەموو بتێك، کە مرۆڤ بە هزری خۆی بۆ خۆی دروستیکردووە بیشکێنێت و بە مرۆڤایەتی ڕابگەیەنێت، کە ژیانی دونیایان ژیانی هەواو هەوەس نییە، بەڵکو ژیانی **شوێنکەوتنی پێغەمبەرانە** (علیهم السلام) لە گشت

هەڵسوکەوتێکدا، چونکە **ژیانەوەی دووەمی** لە پاڵە، کە هەریەکە لە چاکەکارو سەرپێچیکار بە پاداشت و سزای خۆیان دەگەن لە ڕۆژێکدا کە تەنها پەنا بۆ خودا دەبرێت، مەگەر شەفاعەتیش کێ دەیکات؟ بۆ کێ دەکرێت؟ تەنها بە ئیزنی خودایە...

لەم بەشەی بابەتەکەماندا باس لەمەبەستی یەکەمی ئەم بەسەرهاتە دەکەین کە بابەتی یەکەمی پەیامی هەموو پێغەمبەرانە سەلامی خودایان لەسەر بێت ئەویش یەکخوداپەرستییە، ئایا ڕەنگدانەوەی بیروباوەرشی یەکخوداپەرستییە لە پەیامی ئەم هەڤاڵانەدا چۆنە؟ چۆن سوودی لێوەردەگرین لە تێگەیشتنی پەیامی ئیسلام؟

بەڵام پێش ئەم باسە با لەسەر دەقی پیرۆزی بەسەرهاتەکە بوەستین بۆ وەرگێڕانیشی دەتوانین بۆ ڕاڤە کوردییەکان بگەڕێینەوە[١] :

(١) سوپاس بۆ خودا خامە هەڵگرانی کورد لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمێکی پیرۆزیان هەبووە لە خزمەتکردنی قورئانی پیرۆز، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت، کە بۆ کوردی موسڵمان ئەمە کیفایەت بێت، بەڵکو پێویستە موسڵمانی کورد زمانی قورئان بزانێت، تاوەکو بتوانێت جوانتر تام و چێژی دەقە پیرۆزەکە بکات، زیاتر لەگەڵ مانا قولەکانی بژیت، چونکە هیچ کات وەرگێڕان و تەفسیرکردن ناتوانن هێز و جوانی دەقە پیرۆزە ئاسمانییەکە بدەن، ئەگەر بۆ زمانی عەرەبیش بێت کە زمانی قورئانی پیرۆزە!

(٢) دەقی پیرۆزی بەسەرهاتەکە :

﴿أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾ إِذْ أَوَى
ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا
رَشَدًا ﴿١٠﴾ فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ﴿١١﴾ ثُمَّ
بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا ﴿١٢﴾ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ
نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ
قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا۟ فَقَالُوا۟ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ
إِلَٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴿١٤﴾ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمُنَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ لَّوْلَا
يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿١٥﴾ وَإِذِ
ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن
رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا ﴿١٦﴾ ۞ وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ
عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمْ فِى فَجْوَةٍ
مِّنْهُ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ۗ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ
لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا ﴿١٧﴾ وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ ۚ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ
وَذَاتَ ٱلشِّمَالِ ۖ وَكَلْبُهُم بَٰسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِٱلْوَصِيدِ ۚ لَوِ ٱطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ
مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا ﴿١٨﴾ وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَٰهُمْ لِيَتَسَآءَلُوا۟ بَيْنَهُمْ ۚ

قَالَ قَآئِلٌ مِّنۡهُمۡ كَمۡ لَبِثۡتُمۡۖ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖۚ قَالُواْ رَبُّكُمۡ أَعۡلَمُ
بِمَا لَبِثۡتُمۡ فَٱبۡعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمۡ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ فَلۡيَنظُرۡ أَيُّهَآ أَزۡكَىٰ
طَعَامًا فَلۡيَأۡتِكُم بِرِزۡقٖ مِّنۡهُ وَلۡيَتَلَطَّفۡ وَلَا يُشۡعِرَنَّ بِكُمۡ أَحَدًا ١٩ إِنَّهُمۡ إِن
يَظۡهَرُواْ عَلَيۡكُمۡ يَرۡجُمُوكُمۡ أَوۡ يُعِيدُوكُمۡ فِي مِلَّتِهِمۡ وَلَن تُفۡلِحُوٓاْ إِذًا أَبَدٗا ٢٠
وَكَذَٰلِكَ أَعۡثَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ لِيَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيۡبَ
فِيهَآ إِذۡ يَتَنَٰزَعُونَ بَيۡنَهُمۡ أَمۡرَهُمۡۖ فَقَالُواْ ٱبۡنُواْ عَلَيۡهِم بُنۡيَٰنٗاۖ رَّبُّهُمۡ أَعۡلَمُ بِهِمۡۚ
قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِمۡ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا ٢١ سَيَقُولُونَ
ثَلَٰثَةٞ رَّابِعُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ وَيَقُولُونَ خَمۡسَةٞ سَادِسُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ رَجۡمَۢا بِٱلۡغَيۡبِۖ
وَيَقُولُونَ سَبۡعَةٞ وَثَامِنُهُمۡ كَلۡبُهُمۡۚ قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا
قَلِيلٞۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ إِلَّا مِرَآءٗ ظَٰهِرٗا وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا ٢٢ وَلَا
تَقُولَنَّ لِشَاْيۡءٍ إِنِّي فَاعِلٞ ذَٰلِكَ غَدًا ٢٣ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا
نَسِيتَ وَقُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَهۡدِيَنِ رَبِّي لِأَقۡرَبَ مِنۡ هَٰذَا رَشَدٗا ٢٤ وَلَبِثُواْ فِي
كَهۡفِهِمۡ ثَلَٰثَ مِاْئَةٖ سِنِينَ وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا ٢٥ قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ لَهُۥ
غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ أَبۡصِرۡ بِهِۦ وَأَسۡمِعۡۚ مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِيّٖ
وَلَا يُشۡرِكُ فِي حُكۡمِهِۦٓ أَحَدٗا ٢٦ ﴾ (الكهف:٩ ـ ٢٦)

(٣) ناوەڕۆکی بابەتەکەمان و مەبەستەکانی پەیامی ئیسلامەتی.

ناوەڕۆکی بابەتەکەمان بریتییە لە تێگەیشتنی مەبەستە گەورەکانی دەقە پیرۆزەکە، کە مەبەستی پەروەردگارن لە دابەزاندنی قورئانی پیرۆزدا[(١)]. هەر بۆیەش پێویستە تێگەیشتنی ئەم مەبەستانە دیدەنی مرۆڤی موسڵمان بێت لە کاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا. بە مانایەکی دیکە، خوێندنەوەی بەسەرهاتە مێژووەکانی قورئانی پیرۆز، نابێت وەکو هەر بەسەرهاتێکی مێژوویی تەماشا بکرێن، چۆن ڕوویدا؟ کەی ڕوویدا؟ بۆچی ڕوویدا؟ بەڵکو پێویستە بزانرێت مەبەست لە باسکردنی چییە؟ چۆن بە تێگەیشتنی ئەم مەبەستانە و کارپێکردنیان خەڵکێکی دوور لە شارستانیەت لە شاری مەککەی پیرۆز و بەماوەیەکی کەم، بوون بە نمونەی دادپەروەری و ژیری و لێهاتوویی بۆ گشت مرۆڤایەتی؟ بە تێڕوانینێك لە قورئانی پیرۆز و ژیاننامەی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) و هەڤاڵانی لە بانگخوازانی ئیسلام، دەبینین کە مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز لە سێ زانست دەرناچن کە ئەمانەن:

١ ـ (عبادة الله و العلم بأسماء الله و صفاته) فێربوونی مانای یەکخودا پەرستی و ناسینی خودا بە ناوە پاکەکانی و سیفەتە بەرزەکانی.

٢ ـ (اتباع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ و العمل بالأمر و النهي الشرعيان) شوێنکەوتنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شارەزابوون لە ئەمر و نەهییەکانی شەرعی خودا و کارپێکردنیان.

---

(١) ئیمامی شافعی (رحمه الله) دەفەرمێت: ئیمانم بە خودا هەیە و بەو قورئانەی کە لە لای خوداوە دابەزیوە، وەکو چۆن خودا مەبەستیەتی و ئیمانم بە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) هەیە و بەو فەرمودانەی لە پێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) گواستراونەتەوە، وەکو چۆن پێغەمبەری خودا مەبەستیەتی. {آمنت بالله و بما جاء عن الله على مراد الله، و آمنتُ برسول الله و ما جاء عن رسول الله على مراد رسول الله (صلى الله عليه وسلم)} . ينظر: جامع المسائل لإبن تيمية (٥\٦٢) و مجموعة الفتاوى (٦\٣٥٤)(٧\٣٥ ، ١١٦)(١٥\٣٢٧).

٣ ـ (الإيمان بالآخرة و عدم التسوية بين المسلمين و المجرمين في الثواب و العقاب)

ئیمان بە ژیانی دوایی و دادپەروەری خودا لە سزاو پاداشتدا .

ئەم سێ خاڵە گشت زانستەکانی قورئانی پیرۆز دەگرنە خۆیان، هیچ مەبەستێك لە مەبەستەکانی پەیامی ئیسلام لە ناو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) لەم سێ خاڵە دەرناچێت[١]، مەبەستەکانی دیکەش کە زانایانی ئوصولی فیقه (الأصوليون) لە کتێبەکانی (أصول الفقه)دا باسدەکەن وەکو پاراستنی (دین، سەر، شەرەف، عەقل، ماڵ) بۆ ئەم سێ خاڵە دەگەڕێنەوە یان بەرهەمی ئەم سێ خاڵەن، کە لە لایەك گشت زانستەکانی قورئانن و لە لایەکی دیکە گشت مەبەستەکانی ژیانن[٢]. هەر لەبەر ئەمەش پێویستە ڕەچاوی ئەم سێ مەبەستە بکرێت لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم). ئێمەش لەم بابەتەدا لە ڕوانگەی ئەم سێ مەبەستەوە باسی بەسەرهاتی هەڤاڵانی ئەشکەوت دەکەین، لەم بەشەی بابەتەکە تەنها لە سەر مەبەستی یەکەم دەوەستین، ئەویش فێربوونی ماناکانی یەکخواپەرستییە، داواکارین کە خودا ڕێنیشاندەر و پاڵپشتمان بێت لەم باسەدا، کە باسی زانستێکی پیرۆزە ئەویش دیارخستنی مانا بەرزەکانی یەکخواپەرستییە:

---

(١) قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله (١١٤\١٧ مجموعة الفتاوى): مهامات القرآن ثلاث: معرفة الله و معرفة الآخرة و معرفة الصراط المستقيم. و نظم ذلك ابن القيم رحمه الله في النونية (٤٨\٢) فأنشد:

والعلم أقسامٌ ثلاثٌ ما لها ... من رابعٍ والحقُ ذو تبيان

عِلمٌ بأوصاف الإله و فعله ... و كذلك الأسماء لرحمان

و الأمر و النهيُ الذي هو دينه ... و جزاؤه يوم المعاد الثاني

و فصل القول في هذا التقسيم الثلاثي الشاطبي في الموافقات (٣٨٠\٣ط الدراز) .

(٢) ينظر: مقاصد الشريعة عند ابن تيمية تأليف: الدكتور يوسف أحمد البدوي ص٤٤١ ـ ٤٨٩ ط.دارالنفائس.

(٤) فێربوونی مانای یەکخودا پەرستی ـ مەبەستی سەرەکی دەقە پیرۆزەکەی قورئانە لە باسی بەسەرهاتی هەڤاڵانی ئەشکەوت ـ .

فێربوونی مانای یەکخوداپەرستی بریتییە لە ئاوەدانکردنی نێوان مرۆڤ و خودا بە تەنها پارانەوە لە خودا، ئەمەش گەورەترین مانای (لا إله إلا الله)یە کە خودای پەروەردگار لە سەر زاری هەڤاڵانی ئەشکەوت لە بەسەرهاتەکەدا باس دەکات:

﴿ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا۟ فَقَالُوا۟ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴿١٤﴾ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمُنَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿١٥﴾ ﴾ .

وشەی(لا إله إلا الله) لە دوو بەش پێکدێت :

یەکەم:(النفي ـلا إله ـ) واتە: لادان و دوورخستنەوە = {هیچ پەرستراوێك بەحق نییە

دووەم:(الإثبات ـ إلا الله ـ) واتە: چەسپاندن و دەستپێوەگرتن= خودا نەبێت } .

کاتێك پەروەردگار لە باسی ئەم هەڤاڵانە دەفەرمێت: ﴿ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا۟ فَقَالُوا۟ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا﴾ باسکردنە لە بەشی دووەمی وشەی شەهادە:(إلا الله) واتە: تەنها پارانەوە و پەرستنمان بۆ ئەو خوداییە کە خولقێنەری زەوی و ئاسمانەکانە.

کاتێك پەروەردگار لە سەر زاری ئەم هەڤاڵانە دەفەرمێت: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمُنَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ باسکردنە لە بەشی یەکەمی وشەی شەهادە (لا إله). واتە : (خەڵکی ئێمە لە پەرستن و پارانەوەیاندا پشتیان لە خولقێنەری زەوی و ئاسمانەکان کردووە و شتی دیکەیان

کردووە بە خودا و ئەی پەرستن و لێی دەپاڕێنەوە، بێ ئەوەی بەڵگەیەك بهێنن، کە بسەڵمێنێت ئەو شتانە ڕاست و دروستن، ئەگەر بڵێن ئەو پەرستنەی ئێمە دەیکەین، خودای خولقێنەری زەوی و ئاسمانەکان ڕێگای پێداوە، ئەوا بوختانێکە دەدەنە پاڵ خودا و کەسیش لەوانە ستەمکارتر نییە، کە ئەم جۆرە بوختانانە ئەنجام دەدەن).

ئەم دەقە پیرۆزە باسی ئەو خاڵە گرنگە دەکات کە جیاوازی نێوان کوفر و ئیمانە، ئەمەش مەسەلەیەکی لاوەکی نییە کە سەرپێچیکردنی تاوانێکی کۆمەڵایەتی یان دارایی یان سیاسی بێت، کە بە هۆیەوە سەرپێچیکار لە ئیسلام دەرناچێت! بەڵکو سەرپێچیکردنی ئەم خاڵە گرنگە تاوانێکە بە هۆیەوە سەرپێچیکار لە ئیسلام دەردەچێت بە مەرج و ڕێسای تایبەت[1]، چونکە هاوبەشی دانانە بۆ پەروەردگار (شرك) کە تاکە تاوانە لە ئیسلامدا، ئەگەر خاوەنەکەی تەوبە نەکات خودا لێی خۆش نابێت بە یەکڕایی زانایانی ئیسلام[2]، خودای پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ

---

(١) یاسای ڕەحمەت لای زانایانمان ئەوەیە کە : (ليس كل من وقع في الكفر وقع الكفر عليه) واتە: هەموو کات بکەری کوفر کافر نابێت، بەڵکو بەکافردانانی خەڵکێك کە خۆی بە موسڵمان دەزانێت، کاری هەموو کەسێك نییە، چونکە بەکافردانانی کەسێکی موسڵمان کە کوفری ئەنجامداوە، پێویستی بە هاتنەجێی مەرجەکانی بەکافردانان (إستفاء الشروط) و لاچوونی ڕێگرەکانی بە کافردانانە(إنتفاء الموانع).

للمزيد حول فتنة التكفير و سبل محاربته ينظر:

* منهج ابن تيمية في مسألة التكفير للدكتور سالم بن عبدالله المشعبي ط. أضواء السلف.
* التكفير و ضوابطه تأليف إبراهيم الرحيلي ط. دار الإمام أحمد.
* تقريرات أئمة الدعوة في مخالفة مذهب الخوارج و إبطاله . تأليف الدكتور محمد هاشم طاهري . ط. الغراس.

(٢) ينظر: المسائل العقدية التي حكى فيها ابن تيمية الإجماع جمعاً و دراسة إعداد خالد الجعيد و علي العلياني و ناصر الجُهني ص١١١ ـ ١٣٣ ط: دار الفضيلة .

إِثْمًا عَظِيمًا﴾[1] و دەفەرمێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا﴾[2] واتە: بەڕاستی خودا تەنها لەو کەسە خۆشنابێت کە شیرکی ئەنجامداوە و لەسەر شیرك مردووە بێ ئەوەی تەوبە بکات، بێجگە لە تاوانی شیـرك خودا لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت بەپێی ویستی خۆی، چونکە ئەوەی تاوانی شیرك ئەنجامدەدات تاوانێکی گەورەی هەڵبەستووە، ئەوەی تاوانی شیرك ئەنجامدەدات گومڕابووە بە گومڕاییەکی زۆر دوور لە ڕێگای ڕاست.

هەر بۆیەش قورئانی پیرۆز بە چەندین شێوازی جیاواز مرۆڤایەتی لە تاوانی شیرك و پاڕانەوە لە بێجگە لە خودا ئاگادارەدەکاتەوە، کە بە پێویستی دەزانین لێرەدا باس لە هەندێك لەم شێوازانە بکەین، تاوەکو ترسناکی تاوانی شیرك و پاڕانەوە لە بێجگە لە خودا زیاتر لە بەرچاومان ڕوون بێت، کە پەیامی گشت پێغەمبەرانە سەلامی خودایان لە سەر بێت:

قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :

((إن الدعاء هو العبادة))

أخرجه أحمد(٣٠\٢٩٨)

(١) النساء : ٤٨.

(٢) النساء : ١١٦.

(٥) هەندێك لە شێوازەكانی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤایەتی، لە تاوانی پارانەوە لە بێجگە لە خودا لە قورئانی پیرۆز دا.

شێوازی یەکەم:

هاندان بۆ جوان بیرکردنەوە کە بێجگە لە خودا کەس بەهانای مرۆڤەوە ناهێت و کەس هیچی بە دەستەوە نییە.

(١) ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَدۡعُواْ رَبِّي وَلَآ أُشۡرِكُ بِهِۦٓ أَحَدٗا ٢٠ قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ٢١ قُلۡ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٞ وَلَنۡ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدًا ٢٢ إِلَّا بَلَٰغٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦۚ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾[1]

(٢) ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمۡلِكُونَ كَشۡفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمۡ وَلَا تَحۡوِيلًا﴾[2]

---

(١) الجن : ٢٠ ـ ٢٣ واتە: ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) بە مرۆڤایەتی بفەرموو: پارانەوەم تەنها لە خودایە، هیچ کات کەسێك یان شتێك بۆ ئەم خودایە نایکەمە شەریك. چونکە هەر خۆی شایستەی خودایەتییە و بالادەستییە، کە لێی بپارێمەوە. تەنانەت منیش کە پێغەمبەری ئەو خودایەم هیچم بەدەست نییە بۆ ئێوە لە چاکە و خراپە، بەڵکو بۆ خۆشم هیچم بەدەست نییە، تەنها پارانەوە نەبێت، چونکە ئەگەر خودا بیەوێت تووشی زیانێکم بکات، هیچ پەناگەیەکم نییە خودا نەبێت. کەواتە ئێوەش بۆ خۆتان تەنها لە خودا بپارێنەوە و شیرکی بۆ بڕیار مەدەن. ئەرکی منیش لەم ژیانەدا تەنها گەیاندنی ئەم پەیامەیە کە شیرك بە خودا نەکرێت، ئەوجا بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) گوێڕایەل بن، چونکە ئەوەی سەرپێچی ئەم پەیامە دەکات، دۆزەخی بۆ ئامادەکراوە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی.

(٢) الإسراء : ٥٦. واتە: ئەی محمد(صلی الله علیه وسلم) بە وانەی کە پەنا بۆ بێجگە لە خودا دەبەن و نزا لە بێجگە لە خودا دەکەن، بفەرموو: ئا دەی ئەو دروستکراوانەی خۆتان بۆ خۆتان کردووتە خودا و دەیان پەرستن هانایان بۆ دەبەن، داوایان لێبکەن بزانن هیچیان لەدەست دێت؟! دڵنیابن پەرستراوە دروستکراوەکانتان ناتوانن بەڵا و ناخۆشی لە سەرتان لابەرن، یان ڕێگری لە بەڵا و ناخۆشی بکەن، کاتێك بۆتان دێت، چونکە دروستکراون و هیچیان بە دەست نییە.

ئەم دروستکراوانەش کە خەڵك بۆ خۆیان کردوونەتە جێگای پارانەوە و پەنا بۆ بردن، بەزۆری پیاوچاك و پێغەمبەرانن پاش مردنیان، پەروەردگار بە پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمێت ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پێیان بفەرموو: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحۡذُورٗا ﴾ (إسراء : ٥٧) واتە: ئەو پیاوچاك و پێغەمبەرانەی ئێوە هاوارتان بۆ دەبەن، خۆیان کاتێ لەژیاندابوون **ڕێگای نزیکبوونەوەیان لە خودا** (الوسیلە) **دەگرتەبەر،** ئەمەش بە ئەنجامدانی چاکە و تەنها هانا و هاوار بۆ خودا بردن، بە ئومێدی ڕەحمەتی خودا و ترسی سزاکەی.

(٣) ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ﴾ (١)

(٤) ﴿وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ﴾ (٢)

(٥) ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۖ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ ۚ ...﴾ (٣)

کەواتە ئێوەش بیربکەنەوە کامە کردەوە ڕاست و دروستە و ڕێگای نزیکبوونەوەیە لە خودا؟ کاروکردەوەی چاك و تەنها پەنا بۆ خودا بردن؟ یان پشتکردن لە پەنابردن بۆ خودا و لەجیاتی ئەو پەنابردن بۆ مردوویەك، کە خۆی کاتێ لە ژیاندا بوو تەنها پەنای بۆ خودا بردووە؟! ئاگاداربن سزای پەروەردگار دەرهەق بەم تاوانە سزایەکی ترسناکە و ئێوەشی لێی ئاگادارکردووتەوە.

هەر بۆیەش پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە ترسی تووشبوونی ئومەتەکەی بەم تاوانە، لە دوا ساتەکانی ژیانیدا دەی فەرموو: «لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ». يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا (متفقٌ عليه). واتە: (نەفرەتی خودا لە جولەکەو دیانەکان بێت، ئەوانەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکردە پەرستگا). بەمە ئومەتەکەی لەم کارە ترسناکە ئاگادار دەکردەوە، تاوەکو تووشی پاڕانەوە نەبن لە گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان، کە شیرکی گەورەیە و جۆرێکی ترسناکی بتپەرستییە.

(١) الزمر : ٣٧. واتە: (ئەگەر پرسیاری ئەو موشریکانە بکەی، کە پەنا بۆ بێجگە لە خودا دەبەن، کێ زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردووە؟ ئەوانیش زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێن: خودا دروستی کردوون. ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کاتێك ئەم وەڵامەیاندا، لێیان بپرسەوە: ئەی پێمان بڵێن ئەو شتانەی ئێوە هاواری بۆ دەکەن و پەنایان بۆ دەبەن لەجیاتی خودا، ئەگەر خودا بیەوێت تووشی نەخۆشییەکم بکات، ئایا ئەو پەرستراوانە دەتوانن فریام بکەون؟ یان ئەگەر خودا بیەوێت ڕەحمەتێك بەسەرمدا ببارێنێت، ئەو پەرستراوانە دەتوانن ئەم ڕەحمەتە لابەرن؟ ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بفەرموو: من خودام بەسە، کە لە تەنگانەدا دەگاتە فریام، دەبا ئەوانەی پشتیوانیشیان دەوێت لە کۆڵنەدانی ژیانیاندا تەنها پشت بە خودا ببەستن و چاویان لە دەستی پڕ بەرەکەتی خودا بێت).

(٢) الأعراف : ١٩٧. واتە: ئەی بێباوەڕان چاك بزانن، ئەوانەی ئێوە پەنای بۆ دەبەن و دوعاو نزای لێدەکەن لەجیاتی خودا، ئەمانە هیچیان لە دەست نییە و هیچیشیان لە دەست نایەت، نەك تەنانەت ناتوانن سەرتانبخەن، بەڵکو ناتوانن خۆشیان سەربخەن.

(٣) سبأ: ٢٢ ـ ٢٣. واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە بێباوەڕ و موشریکەکان بفەرموو: با هاناو هاوار بەرن بۆ پەرستراوەکانیان لەجیاتی خودا! ئەم پەرستراوانە بە قەد مێروولەیەك مولکیان بەدەستەوە نییە لە زەوی و ئاسمانەکاندا، کەواتە گریمان ئاگایان لە هاوار و داواکاری ئێوەیە، ئایا هیچیان هەیە کە بە ئێوە ببەخشن! نەخێر ئەم

شێوازی دووەم:

فەرمانکردن بە پاڕانەوە لە خودا

(١) ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[١]

(٢) ﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ۝٥٥ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًاۚ إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾[٢]

(٣) ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَلَا تَجۡهَرۡ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتۡ بِهَا وَٱبۡتَغِ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلٗا﴾[١]

پەرستراوانە بەقەد مێروولەیەکیش پشکێکیان نییە لە مولکداری ناو زەوی و ئاسمانەکان، کەواتە ئەگەر هیچیان بەدەستەوە نەبێت، چیتان پێدەبەخشن؟!

ئەگەر واش بزانن ئەمانە لای خودا بەقەدر و ڕێزن، خودا گەنجینەکانی زەوی و ئاسمانەکانی داوەتە دەستیان، ئەوا هەڵەن، چونکە خودا پێویستی بە هیچ مەخلوقێك نییە، کە یارمەتی دەر و یاریدەدەری بێت.

ئەوانەشی کە خودا ڕێزی لێگرتوون لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و مولەتی داون لە ڕۆژی قیامەتدا شەفاعەتبکەن، هیچ یەکێك لەم پێغەمبەر و پیاوچاکانە شەفاعەتیان ناخوات، تاوەکو خودا ڕێیان پێنەدات، واتە: تەنانەت شەفاعەتی شەفاعەتکارانیش لە ڕۆژی قیامەتدا بەدەستی خودایە، کەواتە چۆن دەبێ هانا و هاوار بۆ بێجگە لە خودا ببەین!؟

(١) الغافر:٦٠. واتە: (خەڵکینە پەروەردگارتان فەرموویەتی: هاناو هاوار بۆ من بهێنن، بەهاناتان دێم و وەڵامی نزاکانتان دەدەمەوە، بزانن کە ئەوانەی لوتبەرزی دەکەن لە ئاستی پەرستنی پەروەردگار ـ نزاو دوعا لە پەروەردگار ناکەن ـ لە ئایندەدا بۆ ناو دۆزەخ فڕێدەدرێن).

(٢) الأعراف : ٥٥ ـ ٥٦. واتە: (هاناو هاوار بکەن لە پەروەردگارتان زۆر بە پەرۆشی و بێدەنگی لێی بپاڕێنەوە، ئەوانەی ئەم پاڕانەوەیە ئەنجام نادەن ستەمکارن، پەروەردگاریش ستەمکارانی خۆش ناوێت. پەروەردگار فەرمانتان پێدەکات کە خراپە لە زەوی بڵاونەکەنەوە بە تاوان ئەنجامدان پاش چاکسازبوونی، بەڵکو بەردەوام بن لەسەر چاکسازبوونی بە هاناو هاوار بردن بۆ پەروەردگارتان، لە ترسی سزای دۆزەخ و بە ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت، بەڕاستی ڕەحمەتی خودا نزیکە لەو چاکەکارانەی ئەم کارە چاکە ئەنجام دەدەن، کە بەردەوامی پاڕانەوەیە لە پەروەردگار لە ترسی سزای دۆزەخ و بە ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت).

(٤) ﴿فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ (٢)

(٥) ﴿هُوَ ٱلۡحَيُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۗ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ (٣)

(٦) ﴿قُلۡ أَمَرَ رَبِّي بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۚ كَمَا بَدَأَكُمۡ تَعُودُونَ﴾ (٤)

شێوازی سێیەم:

پەرۆشکردنی (ترغیب) مرۆڤ بۆ پاڕانەوە تەنها لە خودا و پەنا بردن تەنها بۆ خودا

(١) ﴿قُلۡ مَا يَعۡبَؤُاْ بِكُمۡ رَبِّي لَوۡلَا دُعَآؤُكُمۡۖ فَقَدۡ كَذَّبۡتُمۡ فَسَوۡفَ يَكُونُ لِزَامَۢا﴾(٥)

(٢) ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ﴾(١)

---

(١) الإسراء : ١١٠. واتە: (ئەی پێغەمبەر بە موسڵمانان بفەرموو: لە نزاو دوعاکانیاندا هاوار لە (اللّٰه) بکەن ، یا بە سیفەتی پیرۆزی (الرحمن) هانای بۆ بەرن، بەهەر ناو و سیفەتێکی جوان و بەرز هاواری بۆ بەرن و لێی بپاڕێنەوە دروستە، چونکە پەروەردگار خاوەنی هەموو ناو و سیفەتە پیرۆز و جوانەکانە، لە نوێژەکانتاندا ـ کە ئەم پاڕانەوە و نزایانەی تیادا ئەنجامدەدەن، قورئانی تیادا دەخوێنن ـ دەنگتان زۆر بەرز مەکەنەوە، زۆریش نزم مەکەن، حاڵەتێکی لەبار و مامناوەندی ئەنجام بدەن).

(٢) الغافر :١٤. ڕاڤەی لە شێوازی نۆیەمدا دێت.

(٣) الغافر : ٦٥. ڕاڤەی لە شێوازی نۆیەمدا دێت.

(٤) الأعراف:٢٩. ڕاڤەی لە شێوازی نۆیەمدا دێت.

(٥) الفرقان :٧٧. واتە: ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) بە مرۆڤایەتی ڕابگەیەنە: کە ئێوەی مرۆڤ، ئەگەر لە خودا پاڕانەوە و زیکر و دوعا ئەنجام نەدەن، ئەوا هیچ نرخ و ڕێزێکتان لای خودای پەروەردگار نییە، ـ چونکە ئەم پاڕانەوەیە مەبەستە لەژیانتان، بێی ئەم پاڕانەوەیە ژیان هیچ مەبەست و نرخێکی نامێنێت ـ سەرەڕای ئەم پەیامەش کە هانتاندەدات بۆ زۆری پاڕانەوە و دوعا کردن، پشت دەکەن لەم دوعاکردن و پاڕانەوەیە و بە دروی دەخەنەوە! کە خاڵی ڕێزداریتانە و مەبەستی ژیانتانە و پەیامی ئیسلامە، کە بێگومان سزای ئەم پشت تێکردن و بە دروخستنەوەیەش پێتان دەگات و لە کۆڵتان نابێتەوە.

(٣) ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾(٢)

(٤) ﴿وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْغَمِّ ۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾(١)

---

(١) البقرة :١٨٦. واتە: ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر بەندەکانم پرسیاری منیان لێکردی، پێیان بفەرموو: من لێیان نزیکم، با دوعا و هاناو هاوار بۆ من بهێنن، وەڵامی دوعاکار دەدەمەوە، داواکانی پێدەبەخشم، هەروەك چۆن زمانێکی پاڕاوەیان هەیەو داواکاریەکانیان پێ دەبەخشم، با بەکردەوە و هەڵسوکەوتیش شوێنکەوتەی ئاینەکەم بن، بە دڵ و دەروونیش بڕوام پێ بهێنن، بەمە ڕێناس دەبن بۆ ڕێگای حەق و ژیرانە هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەوەی جێی سەرنجە لەم ئایەتەدا پەروەردگار بە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى ....﴾ بەڵام لە دەیان ئایەتی دیکەدا، پەروەردگار بە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت : ﴿۞ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ....﴾(البقرة:٢٨٩) و ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ .....﴾ (البقرة:٢١٧) و ﴿۞ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ .....﴾(البقرة:٢١٩) ...هتد واتە: پرسیاری فلانە شتت لێدەکەن، نافەرمێت ئەگەر پرسیاری فلانە شتیان لێکردی وەك لە دوعاکردن! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ شتێك لای پەروەردگار لە دوعا و پاڕانەوەی بەندە بەرزتر و بەنرختر نییە، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئاماژە بەمە دەکات و دەفەرمێت: « لَيْسَ شَيْءٌ أَكْرَمَ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى مِنَ الدُّعَاءِ »(أخرجه أحمد ١٤\٣٦٠) واتە: هیچ شتێك لای خودای پەروەردگار لە پاڕانەوە بە نرختر نییە.

بێجگە لەمەی باسکرا دەیان ئایەتی تریش کە دێنە بەرچاومان لەم بابەتەدا، مەبەستیان هاندانی مرۆڤە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکەی بە خودای پەروەردگارەوە لە ڕێگای زۆری دوعاکردن و پاڕانەوە، تەنانەت ئەو ئایەتانەی خودا باسی ڕەحمەتی خۆی دەکات، یان مولك و دەسەڵاتی خۆی دەکات، کە هیچ لاپەڕەیەکی قورئانی پیرۆز نییە بەم جۆرە ئایەتانە نەڕازابێتەوە، کە گشتیان هاندانی مرۆڤن بۆ پاڕانەوە تەنها لە خودا (بڕوانە: ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەیووبی لاپەڕە ٣٦ ـ ٣٧).

(٢) النمل:٦٢. واتە: کێیە لە تەنگانەدا بە هانای لێقەوماو دێت، کاتێك هاواری بۆ دەبات و لە تەنگانە دەریدەهێنێت؟ هەر خودا نییە؟ کێیە دەتانکاتە خاوەن جێنشین لەسەر ئەم زەوییە؟ هەر خودا نییە؟ کەواتە بیر بکەنەوە هیچ ڕەوا نییە خودایەکی دیکە هەبێت کە شایستە بێت لێی بپاڕێنەوە!؟ بەڵام ئێوە کەم بیردەکەنەوە!. مەبەست لێرەدا هاندانی مرۆڤە بۆ جوان بیرکردنەوە، بیرکردنەوەیەك کە مرۆڤ پەیوەست بکات بە زۆری دوعا و پاڕانەوە لە خودای پەروەردگار.

(٥) ﴿۞ وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٨٣﴾ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَٰبِدِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾[٢]

(٦) ﴿فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ ﴿٢٤﴾ ..... ﴾[٣]

(٧) ﴿وَلَقَدْ نَادَىٰنَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ ٱلْمُجِيبُونَ ﴿٧٥﴾ .....﴾[٤]

شێوازی چوارەم:

ترساندنی (ترهیب) مرۆڤ لە تاوانی پشت کردن لە پاڕانەوە لە خودا

(١) ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[٥]

(٢) ﴿قُلْ مَا يَعْبَؤُا۟ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَآؤُكُمْ ۖ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًۢا﴾[٦]

---

(١) الأنبياء: ٨٧ ـ ٨٨ .

(٢) الأنبياء: ٨٣ ـ ٨٤.

(٣) القصص: ٢٨.

(٤) الصافات:٧٥. ئەم چەند ئایەتە و دەیان ئایەتی تریش باس لە ڕزگاربوونی پێغەمبەران دەکەن (علیهم السلام):

* یونس (علیه السلام) لە زگی نەهەنگدا بۆ سەربەستی.
* ئەیوب (علیه السلام) لە مەینەتی نەخۆشییەوە بۆ لەش ساغی.
* موسی (علیه السلام) لە هەژاری و بێکارییەوە بۆ کار و خێزانداری.
* نوح (علیه السلام) لە بێ دەسەلاتییەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر موشریکەکان.

ئەم ئاواتانەش (سەربەستی، لەش ساغی، دەوڵەمەندی، سەرکەوتن) گشتیان لە ڕێگای پاڕانەوە لە خوداوە بەدەست هاتوون. ئەمانە و گشت ئەم ئایەتانەی لەم بابەتەدا دێنە بەرچاومان ئاماژە و هاندانن بۆ مرۆڤ کە ڕێگای پاڕانەوە لە خودا بگرێتەبەر بۆ وەدەست هێنانی ئاواتەکانی دونیا و قیامەت.

(٥) غافر:٦٠. واتە : ئەی خەڵکینە هانا و هاوارتان و دوعا و داخوازیتان بۆ من بهێنن، وەڵامی دوعاکانتان دەدەمەوە، داخوازییەکانتان پێدەبەخشم، ئەوانەی لوت بەرزن لە دەرحەق پەرستنی مندا ـ **لە من ناپاڕێنەوە** ـ بە سەرشۆڕی دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.لە شێوازی (**هەشتەم**)دا زیاتر لە سەر مانای ئایەتەکە دەوەستین.

(٦) الفرقان :٧٧. (ئایەتەکە لە شێوازی سێیەمدا ڕاڤەکراوە)

شێوازی پێنجەم:

فەرمانکردنی ئینکاری لەو کەسانەی هاناو هاوار بۆ بێجگە لە خودا دەبەن

ئەم هاوار لێکراوانەش هەرگیز بە هانایانەوە نایەن.

(١) ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٩٤ أَلَهُمۡ أَرۡجُلٞ يَمۡشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَيۡدٖ يَبۡطِشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَعۡيُنٞ يُبۡصِرُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۗ قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ﴾[1]

(٢) ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمۡلِكُونَ كَشۡفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمۡ وَلَا تَحۡوِيلًا﴾[2]

(٣) ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِۖ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ﴾[3]

شێوازی شەشەم:

بەیانکردنی قورئانی پیرۆز کە پاڕانەوە لە خودا مەبەستە لە ژیان و ڕێزداریییە بۆ مرۆڤ

(١) ﴿قُلۡ مَا يَعۡبَؤُاْ بِكُمۡ رَبِّي لَوۡلَا دُعَآؤُكُمۡۖ فَقَدۡ كَذَّبۡتُمۡ فَسَوۡفَ يَكُونُ لِزَامَۢا﴾[4]

(٢) ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٖ مِّن قَبۡلِكَ فَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ يَتَضَرَّعُونَ ٤٢ فَلَوۡلَآ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَا تَضَرَّعُواْ وَلَٰكِن قَسَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾[1]

---

(١) الأعراف : ١٩٤ ـ ١٩٥.

(٢) الإسراء : ٥٦.

(٣) سبأ:٢٢.

ئەم ئایەتە پیرۆزانەش هەندێکیان ڕاڤەکراون و هەندێکیانیش ڕاڤە دەکرێن ـ إن شاء الله ـ جێی شاهێدیش لەگەڵ ناونیشانی شێوازەکە دیارە.

(٤) الفرقان :٧٧. لە شێوازی سێیەمدا ڕاڤەکراوە.

شێوازی حەفتەم:

نەهیکردن لە وەی کەسێك دوعا لە بێجگە لە خودا بکات

(١) ﴿وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا﴾ [٢] .

(٢) ﴿وَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَۘ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ كُلُّ شَيۡءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجۡهَهُۥۚ لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾[٣]



---

(١) الأنعام : ٤٢ ـ ٤٣. واتە: (بێگومان ئێمە پێش تۆ (ئەی محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ) پێغەمبەرانی زۆرمان ڕەوانە کردووە بۆ ئومەتەکانی دیکە، ـ کاتێ سەرپێچی پێغەمبەرەکانیان کردووە، پشتیان لە پەیامی پاڕانەوە تەنها لەخودا کردووە ـ تووشی ناخۆشی جەنگ و تەنگانەمان کردوون، لە پێناو ئەوەی لێمان بپاڕێنەوە. بەڵام لەبەر دڵ ڕەقییان و جوانکردنی شەیتان بۆ دڵ ڕەقی و لوت بەرزی لە بەرچاویان، ئەوەی ئێمە ئارەزوومان بوو بۆیان کە پاڕانەوەیانە لەخودا، نەیان کرد!)

(٢) الجن: ١٨. واتە: ئەگەر ئێوە دڵنیان کە مزگەوتەکان هی خودای پەروەردگارن، کەس نییە مزگەوت بە مولکی خۆی بزانێت، ئەوا بە هەمان شێوە با پاڕانەوەتان تەنها لە خودای پەروەردگار بێت، بێجگە لە خودا هانا بۆ کەس مەبەن.

یان ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بفەرموو: (وەحی) بۆم هاتووە کە مزگەوتەکان هی خودای پەروەردگارن، هانا بردنی بەندەکانیش پێویستە تەنها بۆ خودای پەروەردگار بێت، نەکەن هاناو هاوار بۆ بێجگە لە خودا بەرن.

(٣) القصص: ٨٨ . واتە: نەکەی لەگەڵ پاڕانەوەت لە خودا لە شتێکی دروستکراو بپاڕێیتەوە ـ تۆ بەم پاڕانەوەیە شتە دروستکراوەکە دەیکەیتە خودا بۆ خۆت! ـ تەنها یەك خودا هەیە کە بە ڕاستی بپەرستێت، بێجگە لەو پەرستراوەکانی دیکە کە موشریکەکان هاناو هاواری بۆ دەبەن بەتاڵ و لەناوچوون، بەڵکو هەموو شتێکی ئەم گەردوونە بێجگە لە خودا و ئەوەی لە پێناوی خودادا دەکرێت، بەتاڵە و لەناوچووە، فەرمانڕەوایش تەنها شایستەی خودایە و هەموومانیش تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە.

شێوازی هەشتەم:

لە قورئانی پیرۆزدا دوعاکردن لە بێجگە لە خودا، بە عیبادەتکردنی بێجگە لە خودا ناو دەبرێت.

(الدعاء = العبادة)

(١) ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[1]

(٢) ﴿وَأَعۡتَزِلُكُمۡ وَمَا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدۡعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيّٗا ٤٨ فَلَمَّا ٱعۡتَزَلَهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۖ وَكُلّٗا جَعَلۡنَا نَبِيّٗا﴾[2]

(٣) ﴿وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَهُمۡ عَن دُعَآئِهِمۡ غَٰفِلُونَ ٥ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمۡ أَعۡدَآءٗ وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمۡ كَٰفِرِينَ﴾[1]

---

(١) غافر: ٦٠. واتە: ئەی خەڵکینە هانا و هاوارتان و دوعا و داخوازیتان بۆ من بهێنن، وەڵامی دوعاکانتان دەدەمەوە، داخوازییەکانتان پێدەبەخشم، ئەوانەی لوت بەرزن لە دەرحەق پەرستنی مندا بە سەرشۆڕی دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە ـ **نەی فەرموو لوت بەرزن دەرحەق دوعاکردن لە من، وەکو ئاماژەکردنێك کە دوعاکردن لە خودا ﴿ٱدۡعُونِي﴾ مانای عیبادەتی خودایە ﴿عِبَادَتِي﴾**ـ.

(٢) مریم: ٤٨ ـ ٤٩. واتە: ئیبراهیم(علیه السلام) پاش ئەوەی نائومێد دەکرێت لەلایەن باوکی و قەومەکەیەوە، پێیان دەفەرمێت: وا من دوور دەکەومەوە و دوورە پەرێز دەبم لە ئێوەو لەو شتانەی کە ئێوە لەجیاتی خودا پەنایان بۆ دەبەن و لێیان دەپاڕێنەوە. من تەنها هاوار بۆ پەروەردگارم دەبەم، هەر ئەو دەپەرستم، ئومێدەوارم کە پەروەردگارم نائومێدم نەکات و دوعام لێ قەبوول بکات.

کاتێك ئیبراهیم (علیه السلام) دوورکەوتەوە لەو خەڵکە گومڕایە و لەو شتانەی کە لەجیاتی خودا دەیانپەرستن (ئیسحاق)مان پێ بەخشی و بە ئیسحاقیش (یعقوب)مان بەخشی، هەردووکیانیش ـ کوڕ و نەوە ـ کردمان بە پێغەمبەر. جێی شاهێد بۆ شێوازەکە: **ئیبراهیم (علیه السلام) نەی فەرموو لەجیاتی خودا پەنایان بۆ دەبەن و دوعایان لێ داوا دەکەن ﴿وَمَا تَدۡعُونَ﴾ بەڵکو فەرمووی و لەو شتانەی کە لەجیاتی خودا دەیانپەرستن ﴿وَمَا يَعۡبُدُونَ﴾، وەکو ئاماژەیەك کە دوعاکردن لە بێجگە لە خودا، عیبادەتی بێجگە لە خودایە .**

شێوازی نۆیەم:

لە قورئانی پیرۆزدا دوعاکردن بە (دین) ناودەبرێت [٢]

(الدعاء من الله = دين الإسلام)

(الدعاء من غير الله = دين الكفر)

(١) ﴿وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ ۚ وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ﴾[٣] .

(٢) ﴿فَإِذَا رَكِبُواْ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾[٤] .

(٣) ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُسَيِّرُكُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمْ فِى ٱلْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُواْ بِهَا جَآءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَآءَهُمُ ٱلْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ ۙ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾[٥]

---

(١) الأحقاف: ٥ ـ ٦ واتە : (کێ لەو کەسە گومڕاترە، کە لە بێجگە **لە خودا دەپارێتەوە**، لێپاڕاوەکەش لێی غافل و بێ ئاگایە و هەرگیز وەڵامیشی ناداتەوە تا ڕۆژی قیامەت و لە قیامەتیشا کاتێك خەڵك حەشر دەکرێت، لێپاڕاوەکان لەو کەسانە دەبنە دوژمن کە لێیان پاڕاونەتەوە لەدونیا، کوفر بە **پەرستنیان** دەکەن، ئەو پەرستنەی کە لە دونیادا بۆیان ئەنجام داوە) .

بە تێڕوانین لە جێی تۆخ کراو لە ئایەتەکە و ڕاڤەکەی جێی شاهێد زۆر بە جوانی دەردەکەوێت، وەکو ئایەتەکانی پێشتری سورەتی (غافر) و سورەتی (مریم).

(٢) قال بعض أهل العلم : أن الدعاء من أفضل العبادات و أجل الطاعات و لهذا أخبر سبحانه و تعالى أنه الدِّينُ فذكر معرفاً بالألف و اللام. ينظر: النبذة الشريفة ضمن مجموعة الرسائل و المسائل النجدية(٤\٥٩٧) و تأسيس التقديس ص٧٨ و كتاب الدعاء و منزلته من العقيدة الإسلامية (١\٢٩٤ ـ ٢٩٥)

(٣) لقمان: ٣٢. ڕاڤەکەی لە شێوازی شانزەهەمدا دێت.

(٤) العنكبوت: ٦٥. ڕاڤەکەی لە شێوازی دەیەمدا دێت.

(٥) یونس:٢٢. ڕاڤەکەی لە شێوازی شانزەهەمدا دێت.

هەروەها پەروەردگار لە چەندین ئایەتی دیکەدا فەرمان بە مرۆڤ دەکات کە دینداریيەکەی بە ئیخلاصی دوعاکردن بنوێنێت، لەوانە :

(٤) ﴿فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ (١)

(٥) ﴿هُوَ ٱلۡحَيُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۗ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ (٢)

(٦) ﴿قُلۡ أَمَرَ رَبِّي بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۚ كَمَا بَدَأَكُمۡ تَعُودُونَ﴾ (٣)

جێی شاهێد لەم سێ ئایەتەدا پەروەردگار باس لە مرۆڤ دەکات، کە لە کاتی تەنگانەدا هاناو هاوار تەنها بۆ خودا دەبات، داواکاری ڕزگاربوون تەنها لە خودا دەکات، پەروەردگار لەم باسکردنەی بۆ حاڵی مرۆڤ دوعاکردنی بە ئاین(دین) ناودەبات و دەفەرمێت: ﴿دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ ـ أي مخلصين لله في الدعاء ـ .

(١) الغافر:١٤. واتە: دوعا و هاناو هاوارتان بۆ خودا بەرن بەوپەڕی ئیخلاصەوە، کە تەنها ئەم خودایە ڕزگارتان دەکات، هەروەها دوعا و هاناو هاوارتان بۆ خودا بەرن بەوپەڕی پاکژی لە دینداریدا، چونکە تەنها ئەم دینە ڕێگای ڕزگاربوونە. دوعاکردنتان با بەم شێوەیەبێت، هەرچەندە کافرەکان پێی سەغلەت بن و پێیان ناخۆش بێت.

(٢) الغافر: ٦٥. واتە: تەنها پەروەردگار زیندووە و نامرێت و پێویستە بپەرسترێت، تەنها خۆی پەرستراوی حەقە، بێجگە لەو هەموو پەرستراوێك بەتال و ناحەقن، بۆیە تەنها دوعا و هاناو هاوارتان بۆ ئەو بەرن بەوپەڕی ئیخلاصەوە، کە تەنها ئەم خودایە زیندووە و ڕزگارتان دەکات، هەروەها تەنها دوعا و هاناو هاوارتان بۆ ئەو بەرن بەوپەڕی پاکژی لە دینداریدا، کە تەنها دینەکەی ڕێگای ڕزگاربوونە.

(٤) عن عبد الله بن زيدٍ، رأيت النبي (صلى الله عليه وسلم) حين استسقى أطال الدعاء و أكثر المسألة . أخرجه أحمد (٤\٤١) و حسنه الشيخ ناصر في الإرواء(٣\١٤٢)، و الأحاديث في هذا المعنى مستفيضة في كتب الحديث و السير، أما حديث: ((إن اللهَ يحبُ الـمُلِحّين في الدعاء)) أخرجه القضاعي في مسنده(٢\١٤٥ مسند الشهاب) فعلى صحة معناه، لا تصح سنداً. ينظر: الضعيفة (٢\٩٦ ـ ٩٧)

(٥) سلفَ دليله.

(٦) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ فَقَالَ ﴿يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ وَقَالَ ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ . ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِىَ بِالْحَرَامِ فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ » أخرجه مسلم (٢٣٩٣).

(٧) سلف دليله.

(٨) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضى الله عنه قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « مَنْ لَمْ يَسْأَلِ اللَّهَ يَغْضَبْ عَلَيْهِ ». أخرجه أحمد (١٥\٤٣٨ رقم : ٩٧٠١ ط: المؤسسة) الترمذي(٣٣٧٣) قا ابن كثير في تفسيره (١٢\٢٠٤ ـ سورة الغافر) إسناده لا بأس به.

(٩) عَنْ عَائِشَةَ وَعَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ قَالاَ لَمَّا نَزَلَ بِرَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم طَفِقَ يَطْرَحُ خَمِيصَةً لَهُ عَلَى وَجْهِهِ ، فَإِذَا اغْتَمَّ بِهَا كَشَفَهَا عَنْ وَجْهِهِ ، فَقَالَ وَهْوَ كَذَلِكَ «لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ» . يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا . متفقٌ عليه

جلال الدين الرومى (مولانا) لە نێوان عيرفانزانى و كوفرستانى

زۆر باسی (مولانا جلال الدين الرومی) دەبیستین، تەنانەت بێجگە لە هەندێك لەموسڵمانان، كافر و گاورەكانیش زۆر مەدح و سەنای دەكەن؟ ئایا ئەم پیاوە كێیە؟ ئایا ڕاستە پێشەوایەكە لە پێشەواكانی ئیسلام؟ جێی خۆیەتی بە (مەولانا) وەسف بكرێت؟ وەكو چۆن شافعی بە (ناصر السنة) و غەزالی بە (حجة الإسلام) وەسف دەكرێت!؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ناوەڕۆكی بابەتەكەمانە كە بە سێ پێشەكی دەستی پێدەكەین :

پێشەكی یەكەم:

ناسینی نووسەر لە ڕێگای نووسراوەكانییەوە

لەوانەیە بگوترێت باسكردنی نووسەرێكی ئیسلامی كۆن، كە چەندین بەرهەمی دوای خۆی بەجێهێشتووە، لە ڕووی شەرعەوە شتێكی قورس و ترسناكە، چونكە لەوانەیە ئەوەی بەناوی ئەوەوە لە چاپ دەدرێت و بڵاودەكرێتەوە هەمووی هی خۆی نەبێت، یان ئەوەی لە وشە نووسراوەكانیدا بەدی دەكرێت مەبەستی شتێكی دیكەبێت، بەپێی ئەو بارودۆخەی ئەو تیایدا ژیاوە؟ لەڕاستیدا ئەم جۆرە گوتنانە شتێكی نازانستین، بەڵكو زۆرجار هەڵاتنن لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانستی، كاتێك لایەنگرانی زانایەك هیچ پاساوێك بۆ نووسراوەكانی زاناكەیان نەبیننەوە! چونكە هەموو نووسەرێك لەڕێی نووسراوەكانییەوە دەناسرێت، ئەوانەی خۆشیان دەوێت و ئەوانەی دژیشی دەوەستن، لەسەر ناوەڕۆكی نووسراوەكانی خۆشیان دەوێت یان دژی دەوەستن، كاتێك سەلمێنرا كە نووسراوەكە پەیوەندی بە نووسەرەكەوە نییە، ئەوا دەرچوونە لە بابەتەكە، كە هەڵسەنگاندنی هزری نووسەرەكەیە، بە پێوەری قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) و یەكڕایی زانایانی ئیسلام! بۆیە ئێمە ئەگەر

باسی جەلالی ڕۆمی بکەین، لە ڕوانگەی سەرچاوە بڕواپێکراوەکانی قوتابخانەکەیەوە باسی دەکەین، کە مەولەوییەکان و گشت هەواڵگرانی ـ تاوەکو ئەمڕۆش ـ بەهۆی ئەم سەرچاوانەوە سەنای دەکەن و بە (مولانا) وەسفی دەکەن، وەکو کتێبی (المثنوي)[١] کە ڕۆمی خۆی نووسیویەتی بە فارسی و کتێبی (فيه ما فيه)[٢] کە کۆمەڵە پەخشانێکە لە یاداشت و وەڵامەکانی ڕۆمی بۆ هەوادارانی و (مناقب العارفين و مراتب الكاشفين)[٣] کە ئەفلاکی نووسیویەتی و گرنگترین سەرچاوەی مێژووی جەلالی ڕۆمی و نەوەکانیەتی و چەندین سەرچاوەی دیکە کە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دێنە بەرچاومان.

---

(١) (المثنوي): گەورەترین بەرهەمی شیعری جەلالی ڕۆمییە، کە بە مەزندەی جەلالی ڕۆمی و موریدەکانی لە ئاسمانەوە بۆی هاتووە وەکو ئیلهام، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەشی زۆری (المثنوي) لە چەندین بەسەرهاتی کتێبی (کلیله و دمنه)ی شاعیری هندی (بیدبا) دزراوە و کلاوە درێژەکەی مەولانایان لەسەر ئەم بەسەرهاتانە دانراوە کاتی بەفارسی کردنیان! کتێبەکە لەشەش بەرگ پێك دێت، بۆ زۆر زمان وەرگێڕدراوە لەوانە: دکتور عبد السلام کفافی بۆ عەرەبی وەریگێڕاوە بە شەرح و لێکولێنەوە. دوو بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٦ز لە (المكتبه العصريه ـ بيروت) لە چاپدراوە. ينظر: نقد المثنوي ص٤٥ـ٤٦ لمحمد شاهين مطبعة كوَنْ إصطنبول١٩٤٦(أخبار جلال الدين ص٩).

(٢) ينظر : ص١٩ منه من الترجمة العربية ط: عالم الفكر.

(٣) (مناقب العارفين و مراتب الكاشفين): بە فارسی موریدێکی مەولەوی بەناوی (أحمد الأفلاكي) نووسیویەتی بە فەرمانی (عارف چەلەبی کوڕی سوڵتان وەلەدی کوڕی جەلالەدینی ڕۆمی) کە فەرمانی بە ئەفلاکی کردووە هەموو مەناقیبەکانی و مێژووی شکۆداری بنەماڵەکەی بنووسێت، ئەویش فەرمانەکەی بەجێ گەیاندووە و کتێبەکەی (مناقب العارفين و مراتب الكاشفين) لەم بارەیەوە نووسیویەتی، کتێبەکەش لە گەورەترین سەرچاوە بڕواپێکراوەکانی مێژووی بنەماڵەی مەولەوییە.

ينظر: كشف الظنون عن الأسامي و الفنون لحاجي خليفة (١٨٤٣\٢ مؤسسة التأريخ العربي) و أخبار جلال الدين ص٢١٩،٣٣٦. و كتاب : الرومي ماضياً و حاضراً و شرقاً و غربا (٤٩٢\١ ـ ٤٩٩ . ط: دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع) تأليف : فرانكلين د. لويس . تعريب : عيسى عاكوب.

پێشەکی دووەم:

بۆچی هەڵەکانی ڕۆمی باسبکرێن و چاوپۆشی لە چاکەکانی بکرێت؟

پێش وەڵامی پرسیارەکە پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە دوو زانای پایەبەرز لە ئەهلی سوننە لەسەر جەلالی ڕۆمی نووسیویانە:

یەکەمیان: أبو الحسن الندوي ـ رحمه الله ـ لە بەرگی یەکەمی کتێبە بەناوبانگەکەی (رجال الفكر و الدعوة في الإسلام).

دووەمیان: أبو الفضل محمد بن عبدالله القُونَوي(أخبار جلال الدين الرومى ووقفات مع ترجمته في كتاب رجال الفكر و الدعوة).

نەدەوی ـ رحمه الله ـ باس لە لایەنە باشەکانی کەسایەتی جەلالی ڕۆمی دەکات، بەڵام (أبو الفضل) باس لە لایەنە خراپەکانی جەلالی ڕۆمی دەکات. لێرەدا مرۆڤی خاوەن ویژدان لەوانەیە بۆ ئەوە بچێت، کە جەلالی ڕۆمی وەکو هەر زانایەکی موسڵمان لایەنی ڕاست و ناڕاست لە نووسراوەکانیدا دەبینرێت، کەواتە بۆچی هەڵەکانی ڕۆمی باسبکرێن و چاوپۆشی لە چاکەکانی بکرێت؟

ئەمە لە کاتێکدا کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: «اذْكُرُوا مَحَاسِنَ مَوْتَاكُمْ وَكُفُّوا عَنْ مَسَاوِيهِمْ»[1] واتە: (باس لە چاکەی مردووەکانتان بکەن و دەستهەڵگرن لە باسی خراپەکانیان). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حەق لەگەڵ نووسینەکانی (أبو الحسن الندوي)دایە، پێویستە یان باشترایە چاوپۆشی لە لایەنە ناڕاستەکانی جەلالی ڕۆمی بکرێت! ئەمەش بەڕاستی ئینصافە بە عەقل و دەست گرتنە بە (شەرع)، بەڵام بە دوو مەرج :

(١) أخرجه أبو داود في سننه (٤٩٠٢ مكنز) و الترمذي في جامعه(١٠٣٥مكنز) وقال حديثٌ غريب أي ضعيف و لكن للحديث شواهد ينظر: مسند أحمد (٤\٤٦٧ ط المؤسسة).

مەرجی یەکەم:

باشتر وایە چاوپۆشی لە لایەنە ناڕاستەکانی جەلالی ڕۆمی بکرێت! ئەگەر: لایەنە ناڕاستەکانی جەلالی ڕۆمی لە چەند مەسەلەیەکی ئیجتیهادیدابێت، کە خاوەنی ڕاستی دوو پاداشتی هەیە و خاوەنی ناڕاستیش یەك پاداشتی هەیە[١]، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە نییە، لەبەر دوو هۆکار:

هۆکاری یەکەم: ئەوەی جەلالی ڕۆمی هەڵەی تیادا کردووە مەیدانی ئیجتیهاد نییە لە تێگەیشتنی بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)[٢]، بەڵکو سەرپێچی یەکڕایی زانایانی پێشینی ئیسلامە و دامەزراندنی قوتابخانەیەکی دوورە لە ئیسلام و بەناوی ئیسلام! کە سەرچاوەکەی ئیلهام و کەشفە[٣]! بیروباوەڕەکەی بریتییە لە (وحدة الوجود، حلول، الإتحاد، وحدة الأديان)[١]

---

(١) كما في الحديث المتفق عليه : « إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ » .

(٢) ينظر:

* مسائل الخلاف بين الإنكار و الإعتبار (بحث محكم في أصول الفقه) حرره أ.د . فهد بن سعد الجهني.
* الإجتهاد بتحقيق المناط و سلطانه (ص٣٤ ـ٢٧ ط: دار الحديث) تأليف عبدالرحمن الزايدي.
* المستدرك على مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام (٣\٢٠٥ ـ ٢٠٦).

(٣) ينظر:

* المصادر العامة للتلقي عند الصوفية عرضاً و نقداً (ص١٢٣ـ٣٥١حول الكشف الصوفي و ص٣٦٣ ـ ٤١٥ حول الذوق الصوفي و ص٤٣٣ ـ ٤٩٧ حول الوجد الصوفي \ ط: دار التوحيد للنشر) تأليف الدكتور صادق سليم.
* نقد الروايات و الأفكار المؤسسة للتصوف (ص٥٩٧ ـ٧٠٧ ط: دار التوحيد للنشر) تأليف: أ.د خالد علال.
* الشيو صوفيا ـ دراسة لقضية الألوهية في الفكر الشيوصوفي الحديث {ص١٠٥ ـ ١٢١ المنقول الباطني (Mystical Tradition) الإستبصار الباطني(Clairvoyance) الحدس(Intuition) الإستسرار الباطني(Initiation) وص ١٩٢ ـ ١٩٨ موقف الإسلام من مصادر المعرفة الثيوصوفية \ ط : مركز التأصيل للدراسات و البحوث} تأليف : مريم بنت ماجد بن أديب عنتابي .

و جۆرەها کوفری دیکە هەروەها دەرهاوێشتەی ئەم بیروباوەڕانەش نوکەرییە بۆ داگیرکەران و لێدانی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامەتی. وەك لە وەڵامی پرسیارەکە دێتە بەرچاومان (إن شاء الله)، کە هەرگیز نابێت موسڵمان لەسەر ئەمانە بێدەنگ بێت[٢]. بۆیەش هەر لە زوویەوە گەورەزانایانی ئیسلام بەڕووی بیروڕاکانی جەلالی ڕۆمیدا وەستاون[٣] .

هۆکاری دووەم: ئەمەی باسکرا ـ لەخاڵی یەکەمدا ـ لە کاتێکدایە کە گریمان جەلالی ڕۆمی بە کەسێکی شارەزاو موجتەهید بژمێردرێت لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم)دا، بەو مەرجانەی کە لە کتێبەکانی (أصول الفقه)دا باسدەکرێن[٤]! بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە

---

(١) ينظر: الثيوصوفيا ـ دراسة لقضية الألوهية في الفكر الثيوصوفي الحديث ـ {ص١٤١ ـ ١٤٦ الإعتقاد بوحدة الوجود(Pantheism) و ص١٤٧ـ١٥١ الإعتقاد بالإتحاد(Union) و الحلول (Incarnation).و ص١٩٨ ـ ٢٠٥ موقف الإسلام من (الألوهية) في فكر الثيوصوفي} .

و ينظر أيضاً: الفرقان بين أولياء الله و أولياء الشيطان (ص١٢٧ ـ ١٦٧ ط: دار المنهاج) تأليف شيخ الإسلام ابن تيمية.

(٢) ينظر: (دراسة نقدية لقاعدة : المعذرة و التعاون ـ نتعاون فيما اتفقنا عليه، و يعذر بعضُنا بعضاً فيما اختلفنا فيه ـ) تأليف : حمد بن إبراهيم العثمان ط. الدار الأثرية.

(٣) وەکو (بدرالدين العيني ـ شارح البخاري ـ ت: ٨٥٥هـ) کە لە کتێبەکەیدا (عقد الجمان المشهور بتأريخ العيني ٢\١٢٨ ـ ١٢٩) لە باسی ژیاننامەی جەلالی ڕۆمیدا دەفەرمێت: ((و ألف كتاباً سماه: المثنوي، و فيه كثير مما يرُدُّه الشرع و السنة الطاهرة، و ضلت بسببه طوائف كثيرة، و لاسيما أهل الروم ـ سُكَّان الأنضول ـ **و قد ينقل عنهم من الإطراء في حق جلال الدين المذكور ما يؤدي إلى تكفيرهم، و خروجهم عن الدين المحمدي، و الشرع الأحمدي**)). ينظر: رحلة الإمام بدرالدين العيني إلى قونية و رأيه في جلال الدين الرومي و كتابه المثنوي و هو بحث لشيخ أبو الفضل القونوي مطبوع مع الهابط الغوي من معاني المثنوي ط: دار اللؤلؤة.

(٤) ينظر: الإجتهاد و التقليد عند الإمام الشاطبي جمعاً و دراسة (١\٣٦٣ ـ ٤٧٢ ط:التدمرية) تأليف الدكتور وليد بن فهد الودعان. و الإجتهاد بتحقيق المناط و سلطانه في الفقه الإسلامي (ص٤٧ ـ ٥٩) .

کە جەلالی ڕۆمی شاعیرێکی سەماکاربووە[١]، هەرچەندە پێشتر کەسێکی حەنەفی مەزهەب بووبێت[٢]، کۆتایەکەی سەماکردن و شیعر و پەخشان نووسین بووە! ئەمە بێجگە لە چەندین هەڵسوکەوتی نابەجێ کە لە سنوری تەقواداری دەریدەهێنن[٣]!

مەرجی دووەم:

هەروەها باشتر وایە باسی لایەنە ناڕاستەکانی جەلالی ڕۆمی نەکرێت بە تایبەتی بیرو باوەڕکەی، ئەگەر کاریگەرییان نەبێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەڵام بیروڕاکانی جەلالی ڕۆمی بەردەوامن لە گومڕاکردنی موسڵمانان.

دوژمنانی ئیسلام و نەزانان بە بیروباوەڕی ئیسلامەتی لە موسڵمانان لەوبەر و ئەوبەری دونیا بە چەندین زوبان و جوانترین چاپ، بیروباوەڕی ڕۆمی بڵاوی

---

(١) ينظر: (الرومي في الباليه و في الرقص الأوبرا الحديثين) = (٢\١١٦٠ ـ ١١٦٤) من كتاب فرانكلين د. لويس: (الرومي ماضياً و حاضراً ، شرقاً و غربا). و بعده مبحث في (موسيقا المولويين)(٢\١١٦٤ ـ١١٧٢).
واعلم ان الرقص باسم التدين و الإسلام!!! قديم ففي كتاب: (ترتيب المدارك و تقريب المسالك لمعرفة أعلام مذهب مالك ١\١٨٠ ط.دار مكتبة الحياة\بيروت) قصة مفادها أن رجلاً من أهل النصيبين سأل الإمام مالك(١٧٩ هـ) يا أبا عبدالله عندنا قوم يقال لهم الصوفية يأكلون كثيراً ثم يأخذون في القصائد ثم يقومون فيرقصون، فقال مالك: أصبيان هم؟ قال: لا. قال: أمجانين؟ قال: لا، قوم مشايخ و غير ذلك عقلاء. قال مالك: ما سمعت أن أحداً من أهل الإسلام يفعل هذا....أهـ .
و صدق رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : ٥٦٤٩ « لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ» . رواه البخاري تعليقاً بصيغة الجزم(٥٦٤٩ مكنز).

(٢) ينظر: مضان ترجمته في الأثمار الجنية في أسماء الحنفية، الشهير بـ(طبقات الحنفية) (ص٤٨٣ الحاشية. ط: منشورات جمل).

(٣) باس لەمە دەکریت لە ڕوانگەی دووەمی ئەم بابەتە سەبارەت بە دەرهاوێشتەی بیروباوەڕی جەلالی ڕۆمی لە هەڵسوکەوتیدا لە بەشی دووەمیدا ـ إن شاء الله ـ ينظر: أخبار جلال الدين الرومي لأبي الفضل القنوي (ص٢١٤ـ٢٢٢ ، ٢٨٢ ... و أخبار بذاءة لسانه! و ص١٦٠ ـ ١٧٣، ٢٦١، ٢٧٠، ٢٨٤ ـ ٢٨٦ ، ص٤٠٠ ـ ٤٣٢... و أخبار المجون مع النساء).

دەکەنەوە[١] و چەندین کەناڵی ئاسمانیش سەنای ئەم بیروباوەڕانە دەکەن و بە دەنگی ناسك و ئاوازی سەرنجڕاکێش بەناوی ئیسلامەوە پەخشی دەکەن!.

بەمەش خەڵکانێکی زۆری موسڵمان بەم بیروباوەڕانە هەڵدەخەڵەتێن و ئەهلی (وحدة الوجود، حلول، إتحاد، وحدة الأديان) بە ئەهلی ئیمان و تەوحید تێدەگەن! سەرانە گومڕاوەکانیان: (ابن عربي، تلمساني، رومی، قونوي، ابن سبعين، حلاج...) وەکو پێغەمبەران و پیاوچاکان تەماشا دەکەن!

کەواتە باسکردنی بیروباوەڕەکانی ڕۆمی و هاوشێوەکانی و ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان لێیان بەشێکە لە تێکوشان لە ڕێگای خودادا (الجهاد في سبيل الله) کە ئەرکێکی کەفائییە، پێویستە کەسانێك پێی هەڵسن، ئەم بابەتەش بەشێکە لەو ئەرکە[٢].

---

(١) إهتمت الكمالية التركية العلمانية بنشر كتب جلال الرومي، خاصة المثنوي و كتب ابن عربي خاصة الفصوص! و أفكارهما في وحدة الوجود، وذلك لبراعتها في محاربة الدين الإسلامي! زاعمين تتريك الدين الإسلامي وفق أهوائهم ينظر: أخبار جلال (ص٦١، ٧٣ـ٧٤، ٢٩٦، ٣٦٣ ، ٤٦٨ ـ ٤٦٩). **وهذا لا يستعجب من الكمالية بل العجب أن من قبلهم الدولة العثمانية و من بعدهم الدولة التركية الأُردغانية! كانا على ذلك مسار ساكتين عن نشر هذا التراث النجس من أفكار الحلول و الإتحاد بل مفتخرين به!!** ينظر: (الأتراك في مصر تراثهم الثقافي ص١٦٦، ٢٢٢ـ٢٢٣) تأليف: اكمال الدين إحسان أُغلي تقديم رجب طيب أوردغان.

كما فرح بمؤلفات الرومي المستشرقون النصارى و ترجموه إلى لغاتهم لقربهم من إعتقاد الحلول و الإتحاد و وحدة الوجود و مدحه الشاعر الألماني المشهور(گوته) لأنه وجوديٌ مثله! ينظر: أخبار جلال(ص٣٦٢).

(٢) قال شيخ الإسلام رحمه الله: ((و لولا أن أصحاب هذا القول (الحلول ، وحدة الوجود) كثُروا و ظهروا و انتشروا، و هم (ابن عربي ، القونوي ، حلاج ، تلمساني) عند كثير من الناس سادات الأنام و مشايخ الإسلام و أهل التوحيد و التحقيق، و أفضل أهل الطريق، حتى فضَّلوهم على الأنبياء و المرسلين، و أكابر مشايخ الدين، لم يكن بنا حاجة إلى بيان فساد هذا الأقوال و إيضاح هذا الضلال....)). ينظر: مجموعة الفتاوى(٢\٣٥٧ ـ ٣٥٨ ، ٣٧٨). و الرد على المنطقيين(ص٢٨١ ـ ٢٨٢).

پێشەکی سێیەم (ئینصاف!):

ئاگادارکردنەوەی هەموو موسڵمانێکی ڕۆشنبیر لەوەی کە ئەوەی جەلال دوێنێ نووسیویەتی سوفیگەریەتی نییە [١]، هەروەك چۆن ئەوەی ئەمڕۆ داعش و هاوشێوەکانی دەیکەن سەلەفیەت نییە. سەلەفیەتی ڕاستەقینە لە عەقلدا بریتییە لە وەدەست هێنانی زانستی شەرعی، سوفیگەریەتی ڕاستەقینەش لە دەروەندا بریتییە لە ئەنجامدانی بەندایەتی بەپێی زانستی شەرعی، ئەمانە دوو باڵی موسڵمانی ڕاستەقینەن، کە بە هۆیانەوە موسڵمان فەرمانەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)بەجێدەگەیەنێت و لە خودا نزیکدەبێتەوە، کە ئەمەش مانای ((لا إله إلا الله محمدٌ رسول الله))یە[٢].

---

(١) المنخدعون بأهل الحلول و الإتحاد قسمان:

القسم الأول: ((جماعات لهم عبادة و زهد و صدق فيما هم فيه، و هم يحسبون أنه حق، و عامتهم ـ الذين يقرون ظاهراً و باطناً بأن محمداً رسول الله، و أنه أفضل الخلق و أفضل من جميع الأنبياء و الأولياء ـ لا يفهمون حقيقة قولهم، بل يحسبون أنه تحقيق ما جاء به الرسول (صلى الله عليه وسلم) و أنه من جنس كلام أهل المعرفة الذين يتكلمون في حقائق الإيمان و الدين، و هم من خواص أولياء الله، فيحسبون هؤلاء من جنس أولئك، من جنس الفضيل بن عياض، و إبراهيم بن أدهم، و أبي سليمان الداراني، و السَّري السقطي، و الجنيد بن محمد، و سهل بن عبد الله و أمثال هؤلاء)).

القسم الثاني: ((عُرَّافهم الذين يعلمون حقيقة قولهم: فيعلمون إنه ليس الأمر كذلك، و يقولون ما يقول ابن عربي و نحوه أن الأولياء أفضل من الأنبياء، و أن خاتم الأولياء أفضل من خاتم الأنبياء، و أن جميع الأنبياء يستفيدون معرفة الله من مشكاة خاتم الأولياء، و أنه يأخذ من المعدن الذي يأخذ منه الملك الذي يأتي خاتم الأنبياء، فإنهم متجهمة متفلسفة، يخرجون أقوال المتفلسفة و الجهمية من قالب الكشف)).

ينظر: مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام (١٣\١٨٨) و قارن بـ(فصوص الحكم) لإبن عربي (١\٦٢ ط. العفيفي)

(٢) قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله (الإستقامة ٢\١٦٢ط.رشاد سالم): ((... و لهذا تجد المشايخ الأصحاء من الصوفية يوصون بالعلم و يأمرون باتباعه، كما تجد الأصحاء من أهل العلم يوصون بالعمل و يأمرون به، لما يُخاف في كل طريقة من ترك ما يجب من الأخرى)). وينظر: (التصوف السّلفي) مقال منشور في مجلة المورد العراقية {العدد الرابع من المجلد الخامس لسنة ١٩٧٦ ص٨١ ـ ٩٠ بقلم :الدكتور عبدالأمير الأعسم} و كتاب: ابن تيمية الصوفي! لأحمد محمد بلقيس ط: مركز تفكر للبحوث و الدراسات. و المقال مختصر و الكتاب لم يف بعنوانه كما ينبغي. لكن من تمعن في قراءة (التحفة العراقية)لإبن تيمية و (مدارج السالكين

ناوەڕۆکی بابەتەکە:

ناسینی کەسایەتی هەر نووسەرێك کە لە باسی ئیسلامەتی نووسیبێ، بە وەرگێڕانی ژیاننامەکەی نییە! ئایا چ ڕۆژێك و لە کوێ لە دایك بووە؟ دوای خۆی چەند بەرهەمی بەجێهێشتووە؟...هتد.

بەڵکو ناسینی کەسایەتییەکەی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی نووسراوەکانی بە پێوەری قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) و یەکڕایی زانایانی ئیسلام ـ وەکو باسکرا ـ بۆیە پوختەی ئەم بابەتە سەبارەت بەناسینی کەسایەتی جەلالی ڕۆمی لە دوو ڕوانگەوەیە:

یەکەمیان: بیروباوەڕی جەلالی ڕۆمی.

دووەمیان: دەرهاوێشتەی بیروباوەڕی جەلالی ڕۆمی لە هەڵسوکەوتیدا.

بە تەماشاکردنێك بۆ کەسایەتی جەلالی ڕۆمی لەم دوو ڕوانگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت بۆچی زۆربەی گاورەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتناسەکانیان (جەلال) و (مثنوي)یان خۆش دەوێت و ڕقیان لە (محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ) و (قورئانی پیرۆز)ە[1] !

)لإبن القيم لم يتردد بأن الصوفية و السلفية إسمين لمسمى واحد هو الإستسلام لله ظاهراً و باطناً وفق سنة الرسول (صلى الله عليه وسلم) و هدي المهاجرين و الأنصار (رضي الله عنهم) : ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾(التوبة:١٠٠)

(١) صدر الشيخ أبو الفضل القونوي (كتابه الهابط الغوي من معاني المثنوي) بهذه العبارة: ((لماذا يبغض الغربيون محمداً (صلى الله عليه وسلم) و القرآن الكريم و يُحبون جلال الدين الرومي و كتابه المثنوي؟)) وفهم هذا السؤآل جوابه كله!

ڕوانگەی یەکەم: بیروباوەڕی جەلالی ڕۆمی.

جەلالی ڕۆمی بە پێی هەواو هەوەسی خۆی وەکو کەسێکی شاعیر و پەخشاننووس، **جار** هەڵگری بیروباوەڕی (**وحدة الوجود**)ە(Pantheism)، کە جیاوازی نەکردنە لە نێوان (خالق) و (مخلوق) و لە بنەڕەتیشدا دیانەتی هیندوسەکانە[١] .

جاریش هەڵگری بیروباوەڕی (**حلول**)(Incarnation)و (**إتحاد**)ە (Incarnation) کە بە مەزندەی خۆیان گەیشتنیانە بە پلەی خودایەتی، چ بە تێکەڵبوون لەگەڵ خودا، یان چوونەناویەك! کە لە بنەڕەتدا دیانەتی بوذییەکانە[٢] .

ڕیشاڵی ئەم دیانەتانەش بۆ یونانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە پێش لە دایك بوونی مسیح (علیه السلام) بە ماوەیەکی زۆر[٣].

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیروباوەڕە کوفرستانیانەش لە سەر چەند دەقێکی ڕۆمی دەوەستین، کە جۆرەها کوفر دەگرنە خۆیان:

---

(١) ينظر: الهندوسية و تأثر بعض الفرق الإسلامية بها (٢\٦٠٥ ـ ٦٤٤ ط: دار الأوراق الثقافية) تأليف : أبو بكر محمد زكريا. و الموسوعة الميسرة لندوة الشباب الإسلامي (٢\٧٢٤ ـ ٧٣١).

(٢) ينظر: البوذية تأريخها و عقائدها و علاقة الصوفية بها (ص٤٧٧ ط: أضواء السلف) تأليف : عبدالله نومسوك. و الموسوعة الميسرة لندوة الشباب الإسلامي (٢\٧٥٨ ـ ٧٦٣).

(٣) ينظر: الإسلام و الدعوات الهدامة لأنور جندي ص٥٦ و الملل و النحل لشهرستاني(٢\٣٩٨) و الهند القديمة حضارتها و ديانتها لمحمد إسماعيل الندوي(ص١٦٧ـ ١٦٩). و البوذية تأريخها و عقائدها لنومسوك ص٢٥.

١ ــ جۆری یەکەمی کوفری ڕۆمی: بوونەوەر گشتی خودایە (وحدة الوجود....)

لە کتێبی (فيه مافيه ص١٨٤ ـ ١٨٥ ط.إيز \أخبار جلال ص٣٢٦) جەلالی ڕۆمی دەڵێت: ((**لامعبود إلا الله عَقْدُ العامة، أما عَقدُ الخاصة فَيَبِيْنُ بقولهم : لا موجود إلا الله**)) واتە: بیروباوەڕی خەڵك تەنها یەکخوداپەرستییە(لا إله إلا الله)، بەڵام ئەو خەڵکانەی گەیشتوونەتە پلە بەرزەکان (خاصة) بیروباوەڕیان ئەوەیە کە هەموو شتێك لە بوونەوەردا خودایە (لا موجود إلا الله)[١] !.

ئەمەش کوفری (وحدة الوجود) و(إتحاد) و(حلول)[٢]ە کە لەژێر سێبەرەکەیان (أبو المغيث حسين بن منصور الحلاج)[٣] دەیگوت: (أنا الحق)[١] بۆیەش جەلالی ڕۆمی زۆر

---

(١) **قال شيخ الإسلام** : (... لا موجود إلا هو(الله) عند الإتحادية أجود من قول : لا إله إلا الله، لأنه مصرح بحقيقة مذهبهم الفرعوني ...) مجموعة الفتاوى(٢\٦٣ ـ ٦٤ و ٢٨٦ ـ ٣٢٠). و مذهب فرعون هو ما قاله تبارك وتعالى عنه في كتابه : ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴾ (النازعات:٢٤) و ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي﴾(قصص:٣٨). ينظر: مبحث مهم حول(الحلولية الكمونية الواحدية و العلمانية الشاملة) من موسوعة (اليهود و اليهودية و الصهيونية ١\١٩٦ وما بعده الطبعة الأولى المفصلة لدار الشروق) فيه التفصيل عن ولادة علمانية اليوم من المذهب الوجودي الحلولي أمسِ ـ لا موجود إلا الله ـ!

(٢) (وحدة الوجود) و(حلول) و (إتحاد) لە یەك جودان ، بەڵام چونکە جەلالی ڕۆمی هزرەکەی لە زەوق و چەشتنی سوفیگەری نزیکە نەك لە هزری عەقلی فەلسەفی، بۆیە زۆر جار تێکەڵیان دەکات .

قالت مريم بنت ماجد بن أديب عنتابي في كتابها القيم (الثيوصوفيا ص١٤٨ ـ ١٤٩): (يختلف الإتحاد و الحلول عن وحدة الوجود في المقدمة من حيث الإعتراف بوجود ثنائية، هي : العالم أو الكائنات من جانب، و المطلق أو الإله من جانب آخر، إلا إنهما يتفقان معها في النتيجة وهي: أن نتيجة التعدد في الحلول و الإتحاد تصبح واحدة فـ(الكثرة صارت واحدة) و كأنهما شكل أو صورة أخرى لوحدة الوجود. فتتفق المعتقدات الثلاثة في القول بالوحدة و المزج و التسوية بين المطلق(أو الإله عند من يؤمن به) و العالم، كما أنها كلها مفضيةٌ إلى القول بنفي الإله و تأليه البشر).

(٣) هو الحسين بن منصور الحلاج يكنى أبا المغيث، فارسي الأصل ، واسطي النشأة، رحّالة ، قُتِل على الردة ببغداد سنة (٣٠٩ هـ) لقوله بالحلول و قربه من وحدة الوجود كان يقول:

(أنا أنت بلا شـــك ❊ فسبحانك سبـــحاني)

(وتوحيدك توحيدي ❊ و عصيانك عصياني)

(ديوان الحلاج ص٧٠ ط: صادر). وكتب إلى بعضهم : (من الرحمن الرحيم إلى فلان بن فلان ...) (تأريخ بغداد ١٢٧\٨ الطبعة القديمة) و ادعى إنه بإمكانه أن يأتي بمثل القرآن، وله دعوى صريحة بإلغاء الحج إلى مكة! وعلى هذا فهو غير محسوب على الصوفية بل ذكر شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله في مجموعة الفتاوى(٣١٨\٨): إنه ـ أي الحلاج ـ زنديقٌ عند جماهير مشايخ الصوفية. و ممن كفَّره من علماء الصوفية المعاصرين محمد رمضان البوطي رحمه الله.

و ينظر: كتاب الزنادقة ـ عقائدهم و فرقهم و موقف أئمة المسلمين منهم ـ (٣٥١\١ ـ ٣٥٤) و ذكر الدكتور زكي مبارك {في كتابه : التصوف الإسلامي في الأدب و الأخلاق ٢١٣\١ ـ ٢١٤} أن الحلاج من القائلين بوحدة الوجود أو الحلول و استشهد على ذلك بأشعاره. أما حول دعوى الحلاج في إبطال الحج إلى مكة، فقد تأثر بها جلال الرومي و أنشد في المثنوي (٢٢٣٧)(٢٢٦\٢ ـ ٢٢٨ ط المكتبة العصرية ترجمة وشرح و دراسة الكفافي) يقول:

((.....فجلس أبو يزيد أمامه و سأل عن حاله، فوجده درويشاً، وصاحب عيالٍ أيضاً * فقال الشيخ إلى أين عزمك يا أبا يزيد؟*و إلى أي مكانٍ سوف تجر متاع الغربة*فقال أبو يزيد: إني قاصدٌ الكعبة عند انبلاج الصبح* فقال الشيخ وماذا تحمل معك من زاد الطريق؟* فقال أبو يزيد: إن معي مئتي درهم من فضة*وها هي ذي مثبتةٌ بأحكام في زاوية ردائي*فقال الشيخ: **ألا فلتطف حولي سبع مرات * و لتعدَّ هذا أفضل من طواف الحج*....فبحق ذلك الحق الذي شهدته روحك* إنه قد فضلني على بيته!*فمهما كانت الكعبة منزل بره* فإن خلقتي أيضاً منزل سره * فهو منذ خلق الكعبة لم ينزل بها * و أما هذا الدار فلم ينزل بها سوى ذلك الحي*** فإذا ما أبصرتني فقد ابصرت الله* و طفت حول كعبة الصدق*... فافتح عينيك جيداً وانظر إليّ * حتى ترى نور الحق في البشر)).

فكأن ما ذكرناه خطوة من جلال إلى القول برفع التكليف! ومثل ذلك في المثنوي وغيرها من مكتوباته كثير ... و الله تعالى يقول: ﴿۞ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلۡكَعۡبَةَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ قِيَـٰمٗا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَٱلۡهَدۡيَ وَٱلۡقَلَـٰٓئِدَۚ ذَٰلِكَ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾ (المائدة: ٩٧). و يصف تارك المستطيع لأداء الحج بالكفر: ﴿فِيهِ ءَايَـٰتُۢ بَيِّنَـٰتٞ مَّقَامُ إِبۡرَٰهِيمَۖ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنٗاۗ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾ (آل عمران:٩٧).

أما قول الرومي: (**فإذا ما أبصرتني فقد ابصرت الله**) فهو مقتبسٌ من قول الحلاج (ديوانه بشرح الشيبي ص٢٩٧ ط: منشورات جمل): (فإذا أبصرتني أبصرته * وإذا أبصرته أبصرتنا)

ومثل هذا المعنى في شعر الحلاج كثير من ذلك قوله (التصوف الإسلامي لزكي مبارك ٢١٤\٢):

مزجتْ روحكَ في روحي كما * تمزج الخمر بالماء الـــزلال

فإذا مسـك شيءٌ مســني * فإذا أنت أنا في كل حـال

(١) واته (هەر خۆم خودام) ئەم گوتنەی مەنصوری حەلاج تەنها لە باری وەجدی سوفیگەریدا نەبووە وەك ماموستا هەژار لە شەرحی دیوانی مەلای جزیریدا (ل٣٥٣ چاپی سرووش ـ بەیتی: هوستایێ عیشقێ دلێ هەڤوت*سەر تا قەدەم هەنگی دسوت * ڕەمزا (أنا الحق) هەر دگوت * باوەڕ بکەن منصورە دلێ)

بەرگری لە حەلاج دەکات و لە شەرحی (أنا الحق)ی حەلاجدا دەڵێت: (فيه مافيه \ أخبار جلال ص٢٣٢ ـ ٢٣٣) : ((...الحلاج لما وصلَ عِشقَهُ لله نهاية الحد تَحَوَّلَ عدواً لِنفسهِ فأعدمَها وقال: (أنا الحق) و يَعني بِذلكَ: أني قد أصبحتُ عَدَماً و بقيَ اللهُ وحدهُ. و هذا القول هو الغايةُ القصوى من التواضعِ، و النهايةُ في العبوديةِ !!.

يعني أن الله هو الموجودُ فقط، فَمِن الإدعاءِ و التَّعالي أن تقول: أنت الله و أنا العبد فبقولكَ هذا تَثْبُتُ وجودك، و هذه ثُنائية[1] (في الوجود) وكذلك إن قلتَ : هو الله (الحق) فإن الثُنائية لازمةٌ لهذا القول أيضاً، لأن (أنا) إن لم تكن، فلا يمكن أن توجد (هو)، فبِناءً على ما تقدم فمقولة (أنا الحق) قد قالها الله لأنه لم يكن هناك موجودٌ

باسدەکات، بەڵکو بیروباوەڕی بووە لێی پاشگەز نەبوویتەوە، ئەمەش وەکو ئەوە نییە کە لە حاڵەتێکی وەجدی سوفیدا درکاندبێت لە پاشان هاتبێتەوە هۆش خۆی و پەشێمان ببێتەوە و ئیستغفاری گوتبێت، بۆیە کوفرێکە پینە ناکرێت، دژە بۆ هەموو ئەو بنەمایانەی ئیسلام کە قورئانی پیرۆز پێی هاتووە، محمد (صلى الله عليه وسلم) بۆ مرۆڤایەتی بەیانی کردوون.

بڕوانە : مجموعه الفتاوى (١٠\٣٥٠) و پینەکردنی شیخ الإسلام ابن تیمیه بۆ هەندێکیان!

للمزيد ينظر: مجموعة الفتاوى(٢\٣٩٦ ، ٤٦١)(١٠\٣٩٩)(١٣\١٩٩) و الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح(٣\٣٣٨) و الرد على الشاذلي (١\١٠٢).

ئەوەی جێی تێبینییە مەلای جزیریش وەکو جەلالی ڕۆمی لەم جۆرە کوفرستانیانە نزیکە، بەڵام هێشتان بەرهەمەکانیان (دیوانی مەلا) و (مثنوي ڕۆمی) بەدەستی زانایەکی لێهاتووی شارەزا لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەهاتوونەتە ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندن، هۆی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی پێشەواکانی ئیسلام و شارەزایانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە، فارسی و کوردی و تورکی نازانن، یان ئەم جۆرە بەرهەمانەیان نەکەوتووتە بەردەست، تا وەڵامیان بدەنەوە و بە میزانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەڵیسەنگێنن، موسڵمانان لە هەڵەکانیان ئاگاداربکەن.

(١) ورفض الثنائية هذا من عقيدة وحدة الوجود الرافضة للحلول و الإتحاد اللذين يستلزمان التثنية، و هو المذهب الغالب عند الباطنيين المنتسبين إلى الإسلام كـ(صدرالدين الشيرازي ـ المعروف بملا صَدره ـ) و الماديين كـ(باسكال) . ينظر: مجلة المجمع العلمي العربي ـ دمشق ـ (مجلد١٠ ص٣٠ كانون الثاني ١٩٣٠) و الثيوصوفيا ص١٥١ و مجموعة الرسائل و المسائل لإبن تيمية (٤\٩).

و على هذا فالرومي غير محرر المذهب بين الحلول و الإتحاد من جهة و بين وحدة الوجود، بل تارةً مع هذين و تارةً مع هذا! لذا يكثر التناقض في مقولاته عند من تصفحها!

غيره، قد فنى الحلاج ، أما ذاك الكلام فهو كلام الله...)) واتە : (کاتێ عیشقی حەلاج بۆ خودا گەیشتە ئەوپەڕی بەرزبوونەوە، ئەوکات حەلاج دژایەتی خۆی کرد و خۆی نەهێشت! گوتی (أنا الحق) من حەقم . مەبەستی حەلاج بە (أنا الحق) ئەوەیە کە من نەماوم تەنها خودا ماوە، واتە هەبوون تەنها هی خودایە، کەواتە نابێت بگوترێت خودایە: تۆ خودای و منیش بەندەم، چونکە بەم گوتنە تۆ هەبوونی خۆت دەسەلمێنی، ئەمەش سەلماندنی دوو شتە (جووت) لە هەبووندا کە هەرگیز نابێت، بەڵکو تەنها هەبوون هی خودایە(تاك). بە هەمان شێوە نابێت بڵێیت: خودایە تۆ(حق)ی، چونکە ئەمەش (جووت)اتی پێویستدەکات کە هەبوونی خوداو بەندەیە، ئەمەش نابێت، بەڵکو پێویستە بڵێیت(أنا الحق) **من حەقم**[1] ، چونکە ئەگەر ئەم (أنا)یە ـ من ـ نەبێت مانای (هو) ـ ئەوـ لە (هو الحق)دا نایەتەجێ و لەبەرئەوەی حەلاجیش نەماوە و فەنا بووە لە عیشقی خودادا، کەواتە ئەو (أنا الحق)ەی کە گوتویەتی قسەی خودایە ...).

ئەمەش شێوازێکی بیروباوەڕی (وحدة الوجود)ە کە لە (حلول)و (إتحاد) نزیکە، هەرسێ بیروباوەڕەکەش سێ ڕووی کوفرستانین کە ناوەڕۆکیان سەرەڕای زۆر ئاڵۆزییان و زۆری دژبەیەکایەتی لە ماناکانیاندا[2] ئەوە دەگەیەنێت کە خودا بەندەیە و بەندەش

---

(١) بزوتنەوەی (حەققە) لە کوردستاندا لە سەر ئەم بیروباوەڕانە دروست بووە، بەڵکو بە چەندین شێواز ئەم هزرە ـ وحدة الوجود ، حلول ، إتحاد ـ لەناو خێلە کوردییەکاندا پەیدابووە، بە پلەی جیاجیای دوورکەوتنەوە لە ئیسلام، هەیانە دانیان بە (رفع التكليف) ناوە و نوێژ و ڕۆژووشیان تەرك کردووە، هەشیانە لەم پلەیە نزمتر! زۆربەشیان خۆیان بە موسڵمان دەزانن! بڕوانە: کتێبی (ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە \ ل ٥٢) نووسینی: مستەفا عەسکەری، پیاچوونەوەی محمدی مەلاکریم .

(٢) بیروباوەڕی (وحدة الوجود) تەنها تێگەیشتنی کیفایەتە لەسەر ناڕاستییەکەی، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵگرانی ئەم هزرە{لە هندوسەکان و هەندێك لە دیانەکان(غنوصية) و هەندێك لە جولەکەکان(کبالا) و بەشێکی کەمی لایەنگرانی هزری تەصەوف لە ئیسلامدا لە هەڵگرانی هزری باطني} خۆیان لە خۆیان تێناگەن، زاراوەی پێناسەنەکراو بەکاردەهێنن، بۆیە هزرێکی ترسناکە لە سەر کەسێکی ناشارەزا لە

خودایە، بەڵکو هەموو شتێك خودایە[١]!! و بەپێی حاڵ و میزاجی جەلالی ڕۆمی شێوازی ئەم کوفرە دەگوڕێت.

زانیارییەکی پێویست: لە **بنەماکانی** ئەم کوفرستانییەتە هەبوونی بەرجەستە لە نەبووندا (المعدوم شيء ثابت في العدم) کە ئەمەش پێش ئەوەی دژایەتی بێت بۆ هەموو عەقلێك، کوفرێکە دژ بە ماناکانی پەروەردگاری خودا ـ تبارك و تعالى ـ چونکە ماناکانی (خالق)و (مخلوق) وەکو یەك لێدەکات! بەڵام ناتوانین بڵێین جەلالی ڕۆمی هەڵگری ئەم **بنەمایەی** ئەم کوفرەیە، بەڵکو خۆی لێی نزیك دەکاتەوە، ئاماژەی بۆ دەکات لە مەجلیسەکانیدا.کەواتە ئەگەر بڵێین کوفری (جیاوازی نەکردن لە نێوان خالق و مخلوق بە شێوازە جیاوازەکانی[٢]) کە دوو بنەمایان هەیە[١] :

بیروباوەڕی ئیسلامی کە پێی هەڵخەلەتێت. ئەگەرنا ئەوا ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر جیاوازی نێوان (خالق) و (مخلوق) نەمێنێت، ئەوا هیچ ڕاستییەك نامینێت نە حەلال و حەرام و نە سزاو پاداشت! سەبارەت بە بیروباوەڕی (حلول)و (إتحاد)یش هەمان شتە.

قال شيخ الإسلام(مجموعة الفتاوى ١٣٨\٢): (أن تصور مذهب هؤلاء كافٍ في بيان فساده ولا يحتاج مع حسن التصور إلى دليلٍ آخر، و إنما تقع الشبهة لأن كثير من الناس لا يفهمون حقيقة قولهم و قصدهم، لما فيه من الألفاظ المجملة و المشتركة، بل هم أيضاً لا يفهمون حقيقة ما يقصدونه و يقولونه، و لهذا يتناقضون كثيراً في قولهم، و إنما يتخيلون شيئاً و يقولونه أو يتبعونه، و لهذا قد افترقوا بينهم على فرق، ولا يهتدون إلى التمييز بين فرقهم، مع إستشعارهم أنهم مفترقون).

للمزيد حول الردود على هذه الأفكار المنحرفة خاصة وحدة الوجود ينظر: (ابن عربي عقيدته و موقف علماء المسلمين منه ص ٥٣ ـ ٧٣ ط: مكتبة أهل الأثر) تأليف الدكتور دغش بن شبيب العجمي. و ينظر أيضاً: مبحث (الحلولية و وحدة الوجود و الكمونية) من موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية (١٨١\١ ـ ١٩٦ الطبعة المفصلة لدار الشروق) عبدالوهاب المسير.

(١) حتى قال قائلهم :

(وما الكلب و الخنزير إلا إلهنا ❊ و ما الله إلا راهبٌ في كنيسة)

و يعزا البيت لإبن عربي صاحب الفتوحات المكية و يُستبعد ذلك، إذ لو صرح بذلك لما نجا من القتل على الردة. ينظر: التصوف الإسلامي في الأدب و الأخلاق لزكي مبارك (١٩٨\١).

(٢) ذكر مؤلف كتاب (الهندوسية و تأثر بعض فرق الإسلامية بها ٦٠٦\٢ ـ ٦٠٧) ستةُ كيفياتٍ أو تصورات لأصحاب وحدة الوجود في وحدة الوجود ثم قال: و من الملاحظ: أن القائلين بوحدة الوجود قد يخلطون بعض

یەکەمیان: هەبوونی خودا بریتییە لە هەبوونی مخلوقات[٢]!

دووەمیان: هەبوونی بەرجەستە لە نەبووندا[٣] !

ئەوا پێویستە بزانین کە جەلالی ڕۆمی **هەڵگری یەکەمیانە**، لە زۆربەی نووسینەکانیدا[٤] و لە بەرگریکردنی لە حەلاج ـ وەك باسکرا ـ و پابەندبوونی بە بیروباوەڕەکانی شەمسی تەبریزی ـ وەك باسی دەکەین ـ . هەروەها **ڕۆمی نزیکە لە**

هذه التصورات السابقة مع بعض ، مما ينتج عنه قول مركب لتصوره.أ هـ و الصحيح أن كيفيات أو تصورات وحدة الوجود عند أصحابها تفوق ما ذكره المؤلف ولكن يجمعها جميعاً الأصلين اللذين ذكرهما شيخ الإسلام الآتي ذكرهما:

(١) قال شيخ الإسلام ـ رحمه الله ـ : و هؤلاء ـ ابن عربي في الفصوص ومن سلك مسلكه ـ بنوا قولهم على أصلين فاسدين:

أحدهما: أن أعيان الممكنات ثابتةٌ في العدم مستغنية بنفسها، نظير قول من يقول : المعدوم شيء ثابت في العدم، و هذا القول باطل عند جماهير العقلاء....

الأصل الثاني: أن الوجود الذي لهذه الذوات الثابتة هو عين وجود الحق الواجب) أي أنهم : جعلوا نفس وجود رب العالمين الخالق القديم الأزلي الواجب بنفسه ، هو نفس وجود المربوب المصنوع الممكن!

(بغية المرتاد في الرد على المتفلسفة و القرامطة و الباطنية أهل الإلحاد من القائلين بالحلول و الإتحاد) (ص٣٩٥ ط: مكتبة العلوم و الحكم) و ينظر: موقف ابن تيمية من الصوفية تأليف : محمد عبدالرحمن العريفي(١\٤٣٢ ط: دار المنهاج) .

(٢) ينظر : هذا المعنى لوحدة الوجود في الكتب الهندوسية كما نقلها و مترجمةً مؤلف كتاب: (الهندوسية و تأثر بعض فرق الإسلامية بها ٢\٦٠٩ ـ ٦٢٦).

(٣) قال شيخ الإسلام: فالذين يقولون بوحدة الوجود متنازعون في أمورٍ لكن إمامهم ابن عربي يقول: الأعيان ثابتةٌ في العدم و وجود الحق فاض عليها، فلهذا قال: فنحن جعلنا بألوهيتنا إلهاً. فزعم أن المخلوقات جعلت الرب إلهاً حيث كانوا مألوهين عنده مربوبين، و كونهم مألوهين حيث كانت أعيانهم ثابتةٌ في العدم . وفي كلامهم من هذا و أمثاله مما فيه تنقص بالربوبية ما لا يحصى فتعالى الله عما يقولوا الظالمون علواً كبيراً. و التحقيق: أن الله خالق كل شيء و المعدوم ليس بشيء في الخارج ، و لكن الله يعلم ما يكون و يكتبه و قد يذكره و يخبر به ، فيكون سبباً في العلم و الذكر و الكتاب لا في الخارج، كما قال تعالى : ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ (مجموعة الفتاوى ١٣\٢٠٥) و ينظر : بغية المرتاد (ص٤٣٣ ومابعده).

(٤) ينظر: المثنوي (٢\١٤٢ ـ ١٣٣) و أبيات(١٣٤٥ ـ ١٣٥٥) للجلال في الإتحاد (أنا الحق) و تبرير السجود للمخلوق!

بنەمای دووەمی ئەم کوفرەش، بەمەش بەرهەمەکانی جەلالی ڕۆمی لە دوو ڕوویەوە دژن و سەرپێچین بۆ بیروباوەڕەکانی ئیسلام:

* ڕووی **یەکەمیان:** دژ و سەرپێچین بۆ بناغەی بەندایەتی بۆ خودا و تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی، بە بیانوی فەنابوون و نەمانیان ـ **لە هەبووندا** ـ ،و تێکەڵبوونی (خالق) و (مخلوق)، وەك ئەوەی لە بەرگریکردنی جەلالی ڕۆمی لە (حلاج) باسمان کرد.

* **ڕووی دووەمیان:** دژ و سەرپێچین بۆ بناغەی شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەران (علیهم السلام)، تێگەیشتنی ئەمرو نەهییەکانی شەریعەت، بە بیانوی هەبوونی بەرجەستە **لە نەبووندا** لە ئەزەل، کە خەیاڵێکی سەراوبنی دژ بەیەك و بێ بەڵگەیە لە عەقل و لە شەرعدا[1]! وەك لە جۆری دووەمی ئەم کوفرەدا باسی دەکەین کە جەلالی ڕۆمی چۆن ئاماژەی بۆ دەکات:

٢ ــ جۆری دووەمی کوفری ڕۆمی: بە شەرع زانینی خەیاڵی سوفیگەری!

بۆ سەرخستنی ئەم بیروباوەڕە دژبەیەکانە نمونەیەکی بوختانکردنی جەلالی ڕۆمی بەخودا و پێغەمبەرەکەی(صلى الله عليه وسلم)[2]، دەخەینە ڕوو:

---

(١) ئەم جۆرە خەیاڵانە لای هەڵگرانی بیروباوەڕی باطنی (لە هندوسەکانی هندستان و بۆزیەکانی چین و ثیوصوفییەکانی ئەمریکا و هەندێك لە موسڵمانان کە خۆیان لە سەر باڵی سوفیگەری ئیسلامی حیسابدەکەن باسی جیاوازی حەقیقەت و شەریعەت دەکەن ...) سەرچاوەکەی (کەشف)ـە، کە لە ئەنجامی زۆر ڕاهێنانی دەروونی بە مەزەندەی خۆیان پێی دەگەن بەهۆیەوە شتی نەزانراو دەزانن!. ینظر:

*الثيوصوفيا (ص١٠٥ ـ ١١٤ \مصادر المعرفة الغيبية في الفكر الثيوصوفي : المنقول الباطني، الإستبصار الباطني، الحدس،الإستسرار و التأهيل الباطني).

*المصادر العامة للتلقي عند الصوفية (ص١٢٣ الكشف، ص٣٦٣ الذوق، ص٤٣٣ الوجد).

(٢) الكذب في معتقد هؤلاء حقٌ ينصرون به مذهبهم الباطل وليس لمسلمٍ أن يحتج عليهم بقوله (صلى الله عليه وسلم): « مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ » (حديثٌ متواتر). و ذلك لأمرين :

الأول : مصادر التلقي عند هؤلاء ـ كما أسلفنا ـ ليست قال و حدثنا، بل الذوق و الحال و الوجد!

و الثاني : إنهم يستحلون الكذب لقاعدتهم (الحقائق تبعٌ للإعتقادات) الآتية ذكرها من كلام شيخ الإسلام .

جەلالی ڕۆمی موریدەکانی هەڵدەخەلەتێنی و پرسیار لە یەکێکیان دەکات و پێی دەڵێت (فيه مافيه \ أخبار جلال ص٣٢٦): ((**قد قال الله لرسوله (صلى الله عليه وسلم) لولاك لولاك ما خلقت الأفلاك**[١] ، **و قال هو : ليت رب محمدٍ لم يخلق محمداً فكيف هذا؟**)) واتە: (خودا بە پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ئەگەر لە پێناوی تۆدا نەبووایە، بوونەوەرم دروست نەدەکرد! و پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: خوزگە خودای محمد، محمدی خەلق نەکردبا!) تۆ دەزانی ئەمە مانای چییە ـ بەموریدەکەی دەڵێت ـ !؟؟. لە پاشان جەلالی ڕۆمی دێت بوختانەکەی شەرح دەکات و وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە و دەڵێت: ((... (**ليت رب محمد لم يخلق محمداً) : لأن روحه ـ أي النبـي (صلى الله عليه وسلم) كانت وحيدةً في عالم القدس، في وصالٍ مع الله تعالى، تَكْبر و تترعرع، تسبح كالسمكة بين أمواج بحر الرحمة ذاك، فوصل في هذا العالم إلى مقام النبوة، و إرشاد الناس، ووجد العظمة و الملك و الشهرة و الصحبة فيه، بيد إنه كلما رجع إلى أذواقه في العالم الأول يقول: ليتني لم أكن نبياً ليتني ما جئت إلى هذا العالم، وذلك لأن الوصال المطلق بالنسبة إلى جميع ما هو فيه دار عذاب و مشقة و أثقال**)) واتە: (خۆزگە خودای محمد محمدی خەلق نەکردبا)، چونکە ڕوحی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە جیهانی پیرۆزیدا، لە بەیەکگەیشتندابوو لەگەڵ خودا، لەوێ گەورە دەبوو و گەشەی دەکرد، وەکو ماسی لە ناو شەپۆلەکانی دەریای ئەو ڕەحمەتە، بەڵام لەم دونیایەدا هاتە پایەی پێغەمبەرایەتی، ئامۆژگاریکردنی خەڵك و گەیشتە گەورایەتی دونیا و هەبوونی موڵك و ناسراوبوون و زۆری هەڤاڵ . ئەمەش لەکاتێکدا کە بیری لە ڕابردووی خۆی دەکردەوە لە چەشتنی ژیانی یەکەم لە جیهانی پیرۆزیدا ـ پێش لە دایك بوون ـ دەی

(١) ينظر : سلسلة الأحاديث الضعيفة (١\٤٥٠ ـ ٤٥١).

فەرموو: خۆزگە پێغەمبەر نە بوومایە، خۆزگە نەهاتبامە ناو ئەم جیهانە. ئەمەش لەبەر ئەوەی هەمووشتێکی ئەم ژیانەی بە بەراورد بە بەیەکگەیشتنی یەکەم لە جیهانی پیرۆزیدا، بارگرانی و ئازار چەشتنە).

کەواتە جەلال بۆ ئەوە دەچێت کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) پێش لە دایك بوونی لە بەیەکگەیشتندابووە لەگەڵ خودادا، بەڵام پاش لەدایك بوونی و بوونی بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەم بەیەکگەیشتنەدا جیابووتەوە و لە دەریای ڕەحمەتی ئەو دەرهاتووە بۆ پلە و پایەی دونیاو ناوداری و زۆری هەڤاڵ و باڵایی دەسەڵات! بۆیەش ئاواتی ئەوەی دەخواست هەر لەناو جیهانی ئەو بەیەکگەیشتنەدا بووایە لەگەڵ خودا، پێش لەدایکبوونی خەلق نەکرابا، دووربا لە پلەی پێغەمبەرایەتی و ڕێنیشاندانی خەڵك! چونکە ئەو جیهانە جیهانی خۆشی و چەشتنی تامی ژیانە، نەك ئەم جیهانەی دونیا! کە جیهانی جودابوونە لەم بەیەکگەیشتنەدا!

ئەم بەسەرهاتە چەند ئاماژەیەکی ترسناکی تێدایە بۆ دوو جۆرە کوفر:

١ ــ (الحقائق تبعٌ للإعتقادات ـ ڕاستییەکان شوێنکەوتەی بیروباوەڕەکانن ـ)[١] ئەمەش کاتێکە کە جەلالی ڕۆمی و هاوشێوەکانی بە پێی میزاج و زەوقی خۆیان

---

(١) نظرية (الحقائق تبع للإعتقادات) هي مبدأٌ كوفري جهمي تكلم عليها شيخ الإسلام في كثير من مصنفاته من ذلك قوله في مجموعة الفتاوى(٢\٩٨): (حقيقة مذهب الإتحادية ـ كصاحب الفصوص و نحوه ـ الذي يؤول إليه كلامهم و يصرحون به في مواضع أن الحقائق تتبع العقائد، و هذا أحد أقوال السوفسطائية، فكل من قال شيئاً، أو إعتقده، فهو حقٌ في نفس هذا القائل المعتقد، و لذا يجعلون الكذب حقاً، و يقولون العارف لا يكذب أحداً فإن الكذب هو أيضاً أمرٌ موجود و هو حقٌ في نفس الكاذب، فإن إعتقده كان حقاً في إعتقاده و كلامه. و لو قال ما لم يعتقده كان حقاً في كلامه فقط، ولهذا يأمر المحقق أن تعتقد كلما يعتقده الخلائق، كما قال:

عَقَدَ الخلائقُ في الإله عقائداً و أنا أعتقد جميع ما إعتقدوه

ينظر: مجموعة الفتاوى (٢\٩٨، ١٠٠) (١٩\١٣٥، ١٤٤)

بیردەکەنەوە، ئەم بیرکردنەوەیەش وەکو حەقیقەتێکی شەرعی بڵاوی دەکەنەوە! ئەگەر داوای بەڵگەی شەرعییان لێ بکەی بۆت هەڵیدەبەستن! ئەگەر داوای بەڵگەی عەقلیشیان لێ بکەی، بە زەردەخەنەیەکەوە پێت دەڵێن ئەمە حەقیقەتە، نەك شەریعەت! واتە بۆچوونەکەی سەرچاوەی ڕاستییە بە هیچ میزانێك نا پێوریت، ئەگەر شێخێکی دیکە لەگەڵی هاوبیر نەبێت ئەویش ڕاستە! با بیروباوەڕەکان دژ بەیەکیش بن! چونکە ڕاستی پابەندە بە بیروباوەڕەکانیان نەك پێچەوانە!

٢ ــ (وجود الأعيان في العدم ـ هەبوونی بەرجەستە لە نەبووندا ـ)[١] لە بەسەرهاتە باسکراوەکەی جەلالی ڕۆمی تاڕادەیەك ئاماژەیەکی ئاشکرا هەیە بۆ بیروباوەڕی هەبوونی بەرجەستە لە نەبووندا، بەڵام لەم بەسەرهاتەدا بە شەخصی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) تایبەت دەکات، کە ئەهلی (وحدة الوجود) بە: (الحقيقة المحمدية)[٢] ناودەبەن، ئەمەش بیروباوەڕێکە لە هزری (ثیوصوفیا)ی نائیسلامی لە بیرۆکە کوفرییەکەی (النور النجمی Astral Light)[٣] نزیکە! کە باسکردنی

---

(١) (هەبوونی بەرجەستە لە نەبووندا) پێشتر باسکرا. ينظر: مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام(١٣\٢٠٣ ـ ٢٠٥) و بغية المرتاد (ص٤٣٣ ومابعده).

(٢) (الحقيقة المحمدية) عند بعض المنتسبين إلى التصوف هي كماهية ٍ مجرّدةٍ سابقة لوجود الزمان، لا كشخصية تأريخية تولّت مهمة إلهية في نطاق الزمان و المكان. ينظر: تأريخ الفلسفة الإسلامية منذ القرن الثامن حتى يومنا هذا ص٣٧٩ ط.دار المشرق تأليف: د. ماجد فخري. و ينظر أيضاً: قاموس البدع ص١٤٢. و شرح البردة للباجوري(ص٩٦ ط. منابع النور) و شرح البردة لإبن مقلاش الوهراني (١\٢٩٨ ٢٩٩ ط. دار ابن حزم).

(٣) يعتقد الثيوصوفيون أن كل ما هو موجود في العالم المادي يوجد سابقاً في النور النجمي في شكل صور أو نموذج .... ينظر: الثيوصوفيا ص ١١٠ ـ ١١١. و على هذا فتصور وجود الأعيان في العدم أو قبل وجودها عقيدة غير إسلامية. و سلف فيها الكلام ينظر: (مجموعة الفتاوى ١٣\٢٠٥) بغية المرتاد (ص٤٣٣ ومابعده).

لێرەدا جێی مەبەست نییە، بەڵکو جێی مەبەست تەنها ئەوەیە بزانین کە ئەم جۆرە هزرە هزرێکی نا ئیسلامییە لە فەلسەفەکانی بوزیەت و هندوسیەت وەرگیراوە و هزری ثیوصوفیا تەبەنای دەکات. ئەم جۆرە کوفرانەش کە جەلالی ڕۆمی لە مەجلیسەکانیدا دەخاتەڕوو بێجگە لەوەی بوختانکردنە بە خودا و پێغەمبەرەکەی(صلی الله علیه وسلم) کوفری بەڵگەنەویستن، لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی ئاینەکان هاتوونەتە ناو ئیسلام. بەڵکو جەلالی ڕۆمی خۆشی ڕەتیدەکاتەوە! بۆ جۆرێکی دیکەی کوفرستانی دەچێت، ئەویش بەخودا دانانی محمد (صلی الله علیه وسلم)ـە بەڵکو زیاتریش! وەك لە جۆری سێیەمی ئەم کوفرەدا باسی دەکەین:

٣ـ جۆری سێیەمی کوفری ڕۆمی: بەخودا دانانی محمد (صلی الله علیه وسلم) و بە گەورەتر زانینی خودایەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) لە خودایەتی خودا(نعوذ بالله).

لە کتێبی (مناقب العارفین و مراتب الکاشفین للأفلاکي ١\٤٧١ ــ أخبار جلال الدین ص٢٣٦): ئەفلاکی دەڵێت :

((سأل مولانا جلال مریده سریانوس یوماً:

(ڕۆژێك مەولانا پرسیاری لە موریدەکەی سریانوس کرد)

ــ ماذا یقول علماء النصاری في حقیقة عیسی؟

(زانا دیانەکان بۆ ڕاستی عیسا چی دەڵێن؟)

فأجابه سریانوس : یقولون:

(سریانوس وەڵامی دایەوە و وتی دەڵێن:)

ــ عیسی هو الله !

(عیسا خۆی خودایە!)

فقال مولانا:

(مەولانا پێی گوت:)

ـــ بعد الآن قل لهم : محمدنا آلَهُ من الله! أو أعظم ألوهية من الله! قالها ثلاثاً))

واتە: (لە مەوپاش پێیان بڵێ محمدمان لە خوداش خوداترە! یان گەورەتر و شیاوترە لە پەرستراویدا لە خودا! ـ سێ جار دووبارەی کردەوە ـ)[1]

ئەمەش کوفرێکی زەبەلاحە، هەرچەندە ناتوانین پینەی بکەین، بەڵام دەتوانین هەندێك بچووکی بکەینەوە بەم شێوەیە: ئەوەی دیارە لە مەبەستی وەڵامەکەی جەلالی ڕۆمی بۆ موریدەکەی سریانوس ئەوەیە کە بە پێی بیروباوەڕەکەی کە (وحدة الوجود)ـە هەموو شتێك خودایە و خوداش هەموو شتێکە، کەواتە دیانەکان ڕاست دەکەن کە دەڵێن: عیسا خودایە، بەڵام محمدیش خودایە، لەبەر ئەوەی لە پلەو پایەشدا محمد (صلى الله عليه وسلم) لە عیسا (عليه السلام)گەورەترە ـ وەکو دەمارگیرییەك بۆ ئیسلامەتی لای جەلال ـ بۆیە بە سریانوسی گوتووە کە بە دیانەکان بڵێت محمد (صلى الله عليه وسلم) لە خوداش گەورەترە! مەبەستی لە عیسا گەورەترە! بەڵام ئایا ئەم بچووککردنەوەی کوفرەکەی لە دەریای کوفرستانی دەریدەکات؟ نەخێر، چونکە جیاوازی ناکات لە نێوان (خالق) و(مخلوق) کە هەردووکیان لای جەلالی ڕۆمی خودان! بۆیەش زۆر جار لێی دەشێوێت و نازانێت چ ئاینێکی هەیە! وەك لە جۆری چوارەمی کوفرەکەیدا بۆمان دیار دەکەوێت:

---

(١) صدق رسول الله (صلى الله عليه وسلم) عندما خشي على أمته من الإطراء في حقه فقال: « لاَ تُطْرُونِى كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ ، فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ » رواه البخاري(٣٤٨٤ مكنز).

٤ ــ جۆری چوارەمی کوفری ڕۆمی: هەموو دیانەتەکان وەکویەك ڕاستن (وحدة الأديان).

لە (المثنوي ١\رقم:٣٥٠٤ الترجمة التركية ــ أخبار جلال الدين ص٣٧٨) جەلالی ڕۆمی دان بە ڕاستی گشت ئاینە ئاسمانییەکان و نا ئاسمانیەکان دەنێت و دەڵێت:

((فلأجل هذا فإن جميع الشرائع عندي و الأديان واحدة

و مئات الألوف من السنين عندي كساعة واحدة))

واتە: (هە لەبەر ئەمە ـ بیروباوەڕەکەی ـ هەموو شەریعەت و ئاینەکان یەك شتن! هەزاران ساڵیش لای من وەکو یەك سەعاتن!) بەمە خوداپەرست و خاچ پەرست و بت پەرست و ئاگرپەرست گشتیان لای جەلالی ڕۆمی ڕاستن، هەریەکەیان بەڕێگای خۆی بە خودا دەگات[1]! بۆیەش جەلال لە (المثنوي ٦\رقم:٣٧٥٥ الترجمة التركية ــ أخبار

---

(١) ئەمەش کە (وحدة الأديان)ــە دەرهاوێشتەی دوو بیروباوەڕی کوفرییە:

یەکەمیان: (وحدة الوجود) جیاوازی نەکردن لە نێوان (خالق) و (مخلوق). ـ پێشتر باسکرا ـ

دوومیان: (الحقائق تبع للإعتقادات) واتە ڕاستییەکانی بیروباوەڕ بە پێی بیروڕاکان جۆراوجۆرن! ـ پێشتر باسکرا ـ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش:

لەبەرئەوەی کەسی بتپەرست بتپەرستییەکەی پێ ڕاستە، کەواتە بتپەرستی ڕاستە و بە پێی هزری جەلالی ڕۆمی : لەبەرئەوەی کە بتپەرستی بە نسبەت بتپەرستەوە ڕاستە، کەواتە خۆی لە خۆیدا ڕاستە و ڕێگایەکی دروستی خوداپەرستییە! ئەمەش زۆر لە کوفری (أبو جهل)ی مەککە گەورەترە، کە شەڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)ی دەکرد و بۆ بەرگریکردن لە هزری بتپەرستییەکەی دەیگوت: بتەکانمان لە خودا نزیکمان دەکەنەوە! ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ (الزمر: ٣).

ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەم بیروباوەڕە کوفرییە لیبرالیەکانی ئەم زەمانە گرنگییەکی زۆری پێی دەدەن، بەڵکو لە قورئانی پیرۆزەوە بەڵگەی بۆ دەهێننەوە و دەڵێن ئەی خودا نافەرمێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ (البقرة:٦٢) واتە: (ئیمانداران و جولەکەکان و دیانەکان و صابئیەکان هەرکامیان ئیمان بە خودا و ڕۆژی قیامەت بهێنێت و کردەوەی چاکە ئەنجام بدات، ئەوا خاوەن پاداشتن لای خودا، ترس و خەمباریان لە سەر نییە) **مەبەستی** ئایەتەکەش ئەهلی تەوحیدە لە جولەکەکانی شوێنکەوتەی موسا و دیانەکانی شوێنکەوتەی عیسا و صابئیەکانی شوێنکەوتەی داوود (عليهم السلام) کە ئەهلی تەوحید بوون لە پێش ئیسلام، ئایەتەکەش لە سیاقی لومەکردنی بەنی ئیسرائیلدا هاتووە، تاوەکو بە موسڵمانان بفەرموت :

جلال الدين ص٣٧٨)دەڵێت: ((إذن فالحقيقة أن كل ما يعبده الجميع فهو الحق!*لأن سالكي السُبُل يذهبون لأجل أذواقهم، يسيرون في إتجاه اللاصورة))

واتە: (کەواتە ڕاستییەکە ئەمەیە هەرکەسێك هەرشتێك بپەرستێت، ئەوا پەرستراوەکەی حەقە و پەرستنەکەش حەقە، بۆچی؟ چونکە ئەوانەی ڕێگای جیاجیای پەرستنیان گرتووتەبەر، هەریەکەو پەرستراوێکی جیای هەیە، ئەمانە هەموویان بە دوای چەشتندا دەگەڕێن، کە ئاراستەکەی هەستکردنە و شێوەی نییە!!) بەڵکو جاری واهەیە جەلالی ڕۆمی دیانەتەکانی دیکە لە ئیسلام بە باشتر دەزانێت وەك نواندنی ڕەوشت بەرزییەك بەرامبەر دیانەتەکانی دیکە، بەمەزندەی خۆی! ـ **تواضعاً!** ـ وەك لەم بەسەرهاتەدا کە ئەفلاکی لە (مناقب العارفين ١\٧١٦ ــ أخبار جلال الدين ص٢١٤) بۆمان دەگێڕێتەوە:

((**جاءه يهودي من حاخاماتهم، فسأله:**

(حاخامێکی جولەکە سەردانی مەولانای کرد و پرسیاری لێکرد:)

ـ أدينكم خير أم ديننا؟

(دیانەتی ئێوە باشترە یان دیانەتی ئێمە؟)

گشت بەنی ئیسرائیلیەکان خراپ نەبوون، بەڵکو ئیمانداریشیان لەناو بووە. **مەبەستی** ئایەتەکە ئەوە نییە کە کەسانێکی دوورە دین و دژە قورئان ئایەتەکەی بکەنە بەڵگە لەسەر ڕاستی هەموو دیانەتەکان، کە ئەمە هیچ عەقلێك قەبوول ناکات، بەڵکو لازمەکەی ئەوەیە کە مرۆڤایەتی پێویستی بە هاتنی پێغەمبەران(علیهم السلام) نەبووە! ينظر:

* تفسير الطبري و ابن كثير والسعدي و غيرها من التفاسير للآيات: (البقرة:٦٢)(المائدة: ٦٩)(الحج: ١٧) .
* موقف الإتجاه العقلاني الإسلامي المعاصر من النص الشرعي (ص٥١١ ـ ٥٢٩ ط. مركز الفكر المعاصر\رياض) تأليف: د.سعد بن مجاد بن مصلح العتيبي.
* التيار العلماني الحديث و موقفه من تفسير القرآن الكريم عرض و نقد (ص٣٣٩ ـ ٣٥١ ط.دار اليسر) تأليف: منى محمد بهي الدين الشافعي.
* موقف الإتجاه العقلي الإسلامي المعاصر من قضايا الولاء و البراء (ص٣١٥ ـ ٣٩٠ ط.دار الفضيلة) تأليف: مضاوي بنت سليمان البسام.

فقال حضرة مولانا:

(مەولانا پێی گوت:)

ـ بل دينكم! .

(دیانەتی ئێوە)

فزعم الأفلاكي أن اليهودي أسلم من فوره!)) ـ أي أصبح وجودياً ـ (ئەفلاکی دەڵێت کاتێ حاخامەکە گوێبیستی وەڵامی مەولانا بوو، یەکسەر موسڵمان بوو!) ـ واتە: بۆ بە وجودی! کە کوفرێکە لە کوفری جولەکە گەورەترە[1] ـ

بێگومان هەر کەسێکی ژیر لەوەی جەلالی ڕۆمی دەڵێت و دەیکات ڕابمێنێت، بۆی دەردەکەوێت کە لازمی بیروباوەڕی جەلال ئەوە دەگەیەنێت کە محمد (صلى الله عليه وسلم) بە ناحەق ـ وحاشاه ـ شەڕی کافرەکانی مەککەی کردووە، بە ناحەق دیانەکانی نەجرانی بە ناحەق زانیوە ـ وحاشاه ـ ، بە ناحەق فەرمانی دەرکردنی جولەکەی لە جەزیرەی عەرەبی داوە ـ وحاشاه ـ! بەڵکو لازمی ئەوەی جەلالی ڕۆمی دەڵێت ئەوەیە کە هیچ پێوست نەبووە قورئانی پیرۆز دابەزێت! ـ نعوذ بالله من ذلك كله ـ

تۆ بڵێیت دەبێ جەلالی ڕۆمی سەبارەت بەم هەموو ئەگەرانە کە لازمی بیروباوەڕی ئەون چ وەڵامێکی هەبێت؟ وەڵامی ئەمەش ئەوەیە، کە لای شاعیرێکی وەکو جەلالی ڕۆمی کە هەڵگری بیروباوەڕی (وحدة الوجود)ـە، هیچ وەڵامێك بۆ ئەم ئەگەرانە پێویست نییە! هیچ پێویست ناکات بڵێیت: (لازم القول غير ملزوم!)، چونکە خۆی بە سەرچاوەی ڕاستی تێدەگات و ئەمەش بۆمان دەردەکەوێت کاتێ چەند جۆرێکی دیکەی کوفری ڕۆمیمان دێتە بەرچاو لەوانە:

---

(١) ينظر: مجموعة الفتاوى: (٢\٣٦٨)(٣\٣٩٤)(٥\٢٨٣) و كتاب (ابن عربي) للدغش ص٧٣ و نقلَ وجه الإجماع على أن القائلين بوحدة الوجود أكفر من اليهود و النصارى.

٥ ــ جۆری پێنجەمی کوفری ڕۆمی: بە قورئان دانانی (مثنوي) لای ڕۆمی و زۆربەی موریدەکانی.

هەندێك جار جەلالی ڕۆمی بە پێی حاڵ و هەواو هەوەسی خۆی، خۆی بە خودا دادەنێت هەندێك جاریش خۆی لە پلە و پایەیەك دا دادەنێت، کە ئەوەی ئەو دەڵێت ئیلهامی ئیلاهییە و لە خوداوەیە و کتێبەکەی (مثنوي) تۆماری ئەم ئیلهامەیە[١].

ئەمەش دوو جۆرە کوفری دیکەی ڕۆمییە، بە بچووکەکەیان دەست پێدەکەین ئەویش: کتێبەکەی (مثنوي) کە لای ئەو و زۆربەی موریدەکانی قورئانە، پیاویش نییە لە مەجلیسی ڕۆمیدا بڵێت (مثنوي) قورئان نییە! وەك لەم مەجلیسەیدا کە ئەفلاکی لە (طبقات العارفین ١\٤٩٠ ــ أخبار جلال الدین ص٢٢٣ ـ ٢٢٤)دا بۆمان باس دەکات و دەڵێت:

((قال سلطان ولد: اشتكى أحد الأصدقاء إلى مولانا من سؤال بعضهم له: كيف يسمي الجلال الرومى المثنوي قرآناً؟! فقال عَبدكم هذا لهم: لأنه تفسير القرآن! فعند ذلك سكت أبي هُنية ثم قال: يا كلب لِمَ لا يكون قرآناً؟ يا حمار لِمَ لا يكون قرآناً؟ ياأخا القحبة لِمَ لا يكون قرآناً؟ وما هو ـ أي المثنوي ـ إلا نور أسرار الحق !))

واتە: (سوڵتان وەلەد دەڵێت: یەکێك لە هەڤاڵان گلەیی خۆی بە مەولانا گەیاند، لە پرسیاری کەسانێك لێی :

---

(١) زۆر لەوانەی خویان بە سەرانی قوتابخانەی سوفیگەری دەژمێرن، پلەی وەرگرتنی زانست بە ئیلهام ڕاستەوخۆ لە خوداوە بە حەقێکی ڕەوای خۆیان دەزانن، کە جێی ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکو هەیانە وەکو (ابن عربي) بۆ ئەوە دەچن کە پێغەمبەران (علیهم السلام) لە ڕێگای خەیاڵەوە کە (جبریل)ە ئیلهامیان لە خودا وەرگرتووە، بەڵام خۆی و سەرانی سوفیگەری ڕاستەوخۆ لەو سەرچاوەیە وەردەگرن کە (جبریل ـ علیه السلام ـ) لێی وەردەگرت! ئەمەش کوفرێکی بەڵگە نەویستە و دژە بە هاتنی هەموو پێغەمبەران(علیهم السلام).
ینظر: (فصل: عقیدة ابن عربي في النبوة و الأنبیاء و الولایة) من کتاب (ابن عربي عقیدته و موقف علماء المسلمین منه ص١٤٥ ـ ١٩٥) و (مطلب: الحَدْس Intuition) من کتاب: (الثیوصوفیا ص١١٤ ـ ١٢٠).
جەلالی ڕۆمیش بۆیە (مثنوي)یەکەی بە قورئان دەزانێت، چونکە هەڵگری ئەم بیروباوەڕە کوفرییەیە.

ـــ چۆن دەبێت جەلالی ڕۆمی (مثنوي) بە قورئان ناو ببات!؟

سوڵتان وەلەدیش بۆ ئەوەی شتەکە پینەبکاتەوە گوتی:

ـــ مەولانا (مثنوي) بە قورئان ناودەبات، چونکە تەفسیری قورئانە!

سوڵتان وەلەد دەڵێت: بابم (مولانا) هەندێك بێدەنگ بوو لەپاشان گوتی:

ـــ هەی سەگە، بۆچی (مثنوي) قورئان نییە؟ هەی گوێدرێژ، بۆچی (مثنوي) قورئان نییە؟ هەی (.....)[1]، بۆچی (مثنوي) قورئان نییە؟ (مثنوي) ڕووناکی ئەسراری حەقە[2]!). ئەمەش کوفرێکی حەقیقییە دوورە لە مەجاز بە بەڵگەی ئەوەی (مثنوي)

---

(١) لەگەڵ داوای لێبوردن لە خوێنەری بەڕێز، لەبەر ئەمانەتی زانستی ناچاربووین گوتنەکان وەکوخۆیان وەرگێڕین، ناچاریشین هەندێکیان چاوپۆشی لە وەرگێڕانیان بکەین. ئەوەی شیاوی باسیشە جەلالی ڕۆمی مرۆڤێکی زمان پیس و جنێودەر بوو، ئەمەش دەرهاوێشتەی بیروباوەڕە خراپەکەیەتی. ينظر: أخبار جلال ص٢١٤ ـ ٢٢٢ ، ٢٨٢. وصدق رسول الله (صلى الله عليه وسلم): «لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بِالطَّعَّانِ وَلاَ اللَّعَّانِ وَلاَ الْفَاحِشِ وَلاَ الْبَذِيءِ ». أخرجه الترمذي (٢١٠٥ مكنز) وقال: حسنٌ غريب. واتە: (ئیماندار نە تان هاوێژە و نە لەعنەتچییە و نە جنێودەرە و نە زمان پیسە).

(٢) سەرانی ئەم جۆرە ڕەوتانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ سوفیگەریەتی، لەبەر نەبوونی بەڵگە لەسەر گوتنەکانیان و بۆچوونەکانیان، وشەی (أسرار الحقيقه ـ شاراوەکانی ڕاستی ـ) وەکو ئامرازێکی هەڵخەلەتاندنی خەڵك و هەڵاتن لە ڕاستییەکان زۆر بەکاردێنن! بنەمای ئەمەش بنەمایەکی ئائیسلامییە کە ئیوصوفیەکان تەبەنای دەکەن، بەڕادەیەك کە زۆر لە سەرانی ئیوصوفیا ، پێناسەی ئیوصوفیا بە :

* العقيدة السرية (The Secret Doctrine) بیروباوەڕی شاراوە.
* الفلسفة الإستسرارية(Esoteric Philosophy) فەلسەفەی شاراوە.
* علم الأسرار(The Occult Science) زانستی شتە شاراوەکان.
* المنقول الإستسراري(The Esoteric Tradition) گواستراوەی شاراوە.
* العلم الإستسراري(Esoteric Science) زانستی شاراوە.
* المعارف الغامضة(Occultism) زانراوە شاراوەکان.

کە بە مەزەندەی خۆیان زانستە شاراوەیە هێزێکی ناوەکی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە شتی شاراوە دەزانێ و چاکە دەکات، خەڵکانی دیکە ئەمەیان پێناکرێت!

ئەمەش هەمان ئەو هێزەیە کە هەندێك لەوانەی خۆیان دەدەنەپاڵ سوفیگەریەتی تەبەنای دەکەن و بۆ ئەوەدەچن کە زانستەکان بە توانای ڕوحی خۆیان وەردەگرن بێئەوەی لە سەرچاوەیەکی شەرعی بڕواپێکراو وەری بگرن وەکو قورئانی پیرۆز یان فەرموودە! مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە بڵێین: بنەمای ئەم هزرە ـ ئەسراری حەقیقەت!! ـ بنەمایەکی ئائیسلامییە و لە دیانەتەکانی دیکەوە بە ناوی سوفیگەریەتی یان هەر

لە ناو موریدانی ڕۆمی بە قورئانی فارس ناودەبرێت، بەڵکو هەندێکیان لە نوێژدا لەجیاتی فاتیحە و قورئانی پیرۆز دەیخوێننەوە، هەروەك (عبدالباقی کولپینارلی لە: المولویه بعد مولانا ص٢١٨) ئەم سەرهاتە بۆمان دەگێڕێتەوە:

((نقل الدده ـ لقب لشيوخ المولوية ـ حسين فخر الدين (ت١٣٢٩هـ) في مجموعه، قال: لما شَرَّف الملا الجامي بمقدمه (قونية)، لقي من الچلبين ـ أحفاد جلال ـ أحد أصحاب الحال يُعرف بـ(ديوانه حُسام)، فلما دنت الصلاة تقدم هذا و أمَّ الملا الجامي، و قرأ في الركعة الأولى بيت حضرة مولانا الكبير (جلال) :

أتدري ما فعلتَ بفؤآدي الجريح، أتدري؟

اريتني محيَّاك، فعدتُ أعبد النار!

و قرأ في الركعة الثانية وهو يجهر بها كذلك :

أيا حمامة إن كنت قد أزمعت رحيلا من سطح قصر تلك الحورية

فخذي إليها ما أكتبه بدماء القلب هذا

فسأل أحدهم الجامي: أصحَّت هذه الصلاة؟ فأجابه الجامي: إن كان المأموم مثلي، و الإمام مثل الچلبـى حسام، فقد صحت وانتهى الأمر!!))

واتە: (دەد حوسەین فەخرالدین لە مەجموعەکەی باسی هاتنی مەلا جامی بۆ قونییە دەکات و دەڵێت: کاتێك مەلا جامی تەشریفی هێنا بۆ قونییە، چاوی کەوت بە چەلەبیەکان لە نەوەی جەلال لەوانە چاوی بە دیوانە حوسام کەوت کە خاوەن حاڵە و کاتێك کاتی نوێژ هات مەلاجامی پێش نوێژی کرد، لە ڕەکاعەتی یەکەم دێرە شیعرێکی مەولانای خوێندەوە:

تۆ دەزانی چیت کردووە بە دڵە بریندارەکەم تۆ دەزانی

ناوێکی دیکە بۆ ناو ئیسلام خزاوە. ینظر: الشيوصوفيا ص٣١ ـ ٣٢، و (ابن عربي) للدغش العجمي ص١٥٩ ـ ١٦٠.

تۆ ژیانی خۆتت پیشانـدام بۆیە بۆم بە ئـــاگر پەرست

هەروەها لە ڕەکاعەتی دووەمیشدا بەدەنگی بەرز دێرە شیعرێکی دیکەی مەولانای خوێندەوە :

ئەی ئەو کوترەی کە بە تەمای بانی تەلاری ئەو حوریيە بە جێ بێلی

ئـــەوەی مـــن بـــــە خـــوێنی دڵ نووســـیمـــــە پێـــی بگـــەیێنـــــە!

پاش نوێژەکەش یەکێکیان پرسیاری مەلا جامی کرد:

ــ ئایا ئەم نوێژە دروستە کە لەجیاتی فاتیحە و قورئان، شیعری مەولانا جەلالی ڕۆمی تیادا خوێنراوەتەوە!؟

جامی لە وەڵامیدا گوتی:

ــ ئەگەر پێش نوێژ خوێن وەکو چەلەبی حوسام بێت، ئەوانەی لە دوای نوێژ دەکەن وەکو من بن، ئەوا نوێژەکە تەواوە باسیش مەکە[1]!)

---

(١) ئەمەش جۆرێکی دیکتاتوریەتی فیکرییە لای ئەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ سوفیگەریەتی و خۆیان بەسەرانی ئەم قوتابخانەیە تێدەگەن، ناوەڕۆکی ئەم دیکتاتورییەتە فیکرییەش ئەوەیە کە ئەم سەرانە بە مەزەندەی خۆیان بە پلەیەك گەیشتوون لە حاڵ و بەرزبوونەوەی باری ڕوحانی کە لە سەرووی ئەحکامی شەریعەتن، لە حەلال و حەرام و ئەمر و نەهیی شەرعدا! بەڵکو لای ئەوان ئەحکامی شەریعەت تەنها خەڵکی دیکە دەگرێتەوە لەو موسڵمانانەی لە مەقامی ئەواندا نین، ئەمەش مانای فەتوای مەلا جامیی وجودییە، کە سەبارەت بە خوێندنەوەی شیعری ڕۆمی لەجیاتی قورئانی پیرۆز لە نوێژدا دەڵێت: (ئەگەر پێش نوێژ خوێن وەکو چەلەبی حوسام بێت، ئەوانەی لە دوای نوێژ دەکەن وەکو من بن، ئەوا نوێژەکە تەواوە) بۆچی؟ چونکە بە مەزەندەی خۆیان تایبەتمەندییەکیان هەیە لە زانست و هزر و حاڵدا، کە بەم تایبەتمەندییە لە سەرووی خەڵك و سەرووی دەقەکانی شەریعەتن! ئەمەش دیکتاتوریەتێکی فیکرییە بە ناوی سوفیگەریەتی و ترسناکترە لە دیکتاتوریەتی دیکتاتورێکی ستەمکار کە خۆی بەسەرووی خەڵك و یاساکانی وڵاتەکەی دادەنێت!.

بۆ زیاتر ئاشنابوون لە ترسناکی ئەم هزرە پێویستە ئاگاداری چەند خاڵێك بین لەوانە:

١ ــ ئەم هزرەش لە ناو موسڵماناندا لە سەرەتای دروستبوونی هزری شیعەگەریەتی دروستبووە، هەر زوو پرسیاری ئەم هزرە لە ئیمامی علی (رضي الله عنه) کراوە: ئایا پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئێوەی تایبەتمەند کردووە بە هیچ شتێك بێجگە لە خەڵك؟ ئیمامی (علی)یش (رضي الله عنه) لە وەڵامیدا دەفەرمێت نەخێر...)(بروانە صحيح مسلم، فەرمودەی ژمارە ١٩٧٨: عَنْ أَبُو الطُّفَيْلِ عَامِرُ بْنُ وَاثِلَةَ قَالَ كُنْتُ عِنْدَ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ فَأَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ مَا كَانَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم يُسِرُّ إِلَيْكَ قَالَ **فَغَضِبَ وَقَالَ مَا كَانَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم يُسِرُّ إِلَيَّ شَيْئًا يَكْتُمُهُ النَّاسَ** غَيْرَ أَنَّهُ قَدْ حَدَّثَنِي بِكَلِمَاتٍ أَرْبَعٍ . قَالَ: فَقَالَ

مەبەست ئەگەر ئیمام و مأموم لە نوێژدا گەیشتبنە تێگەیشتنی پلەی (وحدة الوجود) ئەوا ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و دێرەکانی (مثنوي) هەمان شتن! بەڵکو خودا ـ تعالى عما يقولون علواً كبيرا ـ و جەلالی ڕۆمی هەمان شتن! هەروەك لە جۆری شەشەمی کوفری ڕۆمیدا بۆمان دەردەکەوێت.

بەڵام پێش ئەوەی باسی جۆری شەشەمی کوفرەکەی بکەین پێویستە شتێکی دیکە بزانین، ئەویش ئەوەیە کە لای جەلالی ڕۆمی کتێبێکی دیکە هەیە باشترە لە قورئان! ئەویش: (ئیلاهی نامە)یە کە دیوانی شاعیری فارس: سەنائییە!

* جلال يفضل ديوان الشاعر الفارسي سنائي على القرآن، و السنائي على الإسلام!

ئەفلاکی لە (طبقات العارفين١\٤١١ ـ أخبار جلال الدين ص٢٢٦)دا باسی بەسەرهاتێك دەکات کە لە (سيراج الدين مَثنوي خان[١]) دەگێڕێتەوە، کە چەلەبی حوسامەدین

مَا هُنَّ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ قَالَ: قَالَ « لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَهُ وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ غَيَّرَ مَنَارَ الأَرْضِ »).

٢ ــ هەڵگرانی ئەم هزرە بەزۆری زیادەڕەوییان هەیە تا پلەی (رفع التكليف) واتە: دەرچوونی یەك جارەکی لە ژێر ئەحکامی شەریعەت! بە بیانووی گەیشتن بە حەقیقەت! کە بەڕاستی گەیشتنە بە حەقیقەتی کوفر، لەمەش خراپتر قورئانی پیرۆز دەکەنە بەڵگە بۆ کوفرستانییەکەیان، لەوانە ئایەتی: ﴿وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ﴾ (حجر:٩٩). کە لە لێکدانەوەیدا دەڵێن ئێمە بە یەقین گەیشتووین خوداپەرستی بۆچییە؟! ئەم بیروباوەڕەش دەرهاوێشتەی هزری (وحدة الوجود)ـە کە ئیبن عەرەبی لە سەرەتای کتێبەکەی (الفتوحات المكية ١\٤٢ ط: الهيئة المصرية العامة للكتاب)دا بانگەوازی بۆ دەکات و دەڵێت:

الرب حقٌ و العبد حــقٌ يا ليت شعري من المكلَّفْ
إن قلتَ عــبدٌ فذاك ميتُ أو قلتَ ربٌ أنـى يكـلَّـفْ

بەڵام سوفیگەریەتی ڕاستەقینە، لەم گومڕاوییە دوورە. جونەیدی بەغدادی کەلە گەورە سەرانی ئەهلی تەسەوفە سەبارەت بەمانە دەفەرمێت: (إن هذا قول قومٍ تكلموا بإسقاط الأعمال، و هذه عندي عظيمةٌ، و الذي يسرق و يزني أحسن حالاً من الذي يقول هذا) واتە: لای من زیناکار و مەی خۆر باشترن لەوانەی باس لە ڕەفعی تەکلیف دەکەن. ينظر: تهذيب حلية الأولياء (٣\٣٨٦) و مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام (٢\٨٢ ، ١١١ ، ٢٤٢) (١٤\١١ ـ ١٢) تفسير آية حجر عند ابن كثير .

(١) (مَثنوي خان) نازناوێکە دەدرێت بە موریدێك شەش بەرگەکەی مَثنوي لە بەر بکات.

دەیویست یەکێك لە موریدەکانی سوێند بدات کە سەرپێچی شەریعەت نەکات، بۆ ئەم مەبەستە دیوانی شاعیری فارس سەنائی هێناوە و لە سەر تەختێك داپێوشیوە، تاوەکو دەستی موریدەکەی لەسەر دانێت بۆ سوێندان!! لەم کاتەدا جەلالەدین(مولانا) دێتە ژوورەوە، بە چەلەبی حوسام دەڵێت: **(ما هذا التَحلِف؟)** ئەمە چ سوێندانێکە؟

چەلەبی حوسامیش لە وەڵامیدا دەڵێت: **(خِفتُ أن يخفر يمينه، فلم أُحَلِّفهُ على المصحف، فسترت ديوان (إلهي نامة) و أردته أن يحلف عليه!)** (ترسام موریدەکەم سوێندەکەی نەهێنێتە جێ، بۆیە لەجیاتی موصحەف، دیوانی ئیلاهی نامەم دانا بەداپۆشراوی، تاوەکو لەسەر ئەو سوێندبخوات!)[1]

جەلالەدین(مولانا) لە وەڵامیدا دەڵێت: **(الحلف على ديوان (إلهي نامة) أوثق و أقوى من الحلف على القرآن! لأن مثل القرآن مَثَل اللَّبَن، أما معاني الشاعر سنائي فهي بمثابة الزُّبدة و القشدة)** (سوێند خواردن لەسەر دیوانی (إلهی نامە) پتەوترە و بەهێزترە لە سوێند خواردن لەسەر قورئان! چونکە ئەگەر قورئان وەکو ماست بێت، ئەوا ئیلاهی نامە سەرتووەکەیەتی!)

لە بەسەرهاتێکی دیکەدا کە ئەفلاکی لە (١\٤٠٩ ـ أخبار جلال الدين ص٢٢٨) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: میر بەهائەدینی قەناعی سەردانی (مولانا) جەلالەدین دەکات، میر بەهائەدین لە مەجلیسەکەدا بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیری فارس سەنائی موسڵمان نییە. بە گوێبیستنی ئەم قسەیەی میر بەهائەدین، (مولانا) جەلالەدین زۆر تۆڕەدەبێت و بە میر بەهائەدین دەڵێت: **(أسكت، ما معنى الإسلام؟ إن كان الإسلام رأى عِظَمَ سنائي فَسَتَسْقُطُ قَلَنْسُوتَه ...)** (وسبە، ئیسلام چییە؟ ئەگەر ئیسلام گەورەیی سەنائی بینیبا کلاوی لەسەر دەچوو!! ـ ئیسلام کلاوی لەسەر دەچوو ـ) .

---

(١) يجهل أن اليمين على نية المستحلف! و يأمر المريد بإتباع الشريعة!

خودا بمان پارێزێت ، تۆ بڵێیت مەولەویەکان چۆن لەم ئایەتانە: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ﴾[1] یان ﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾[2] تێدەگەن؟؟ وەڵامەکەش ئەوەیە ئەگەر کتێبەکەیان دیوانی مەولانا(مثنوي) لایان قورئان بێت! ئەوا چ پێویستیان بە تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز هەیە! بەڵکو ئەگەر شێخەکەیان (مەولانا) بە خودا بزانن ـ وەك لە کوفری شەشەمدا باسی دەکەین ـ ئەوا چ پێویستیان بە تێگەیشتن هەیە!

٦ ــ جۆری شەشەمی کوفری ڕۆمی: جەلالی ڕۆمی خۆی بە خودا دەزانێت!

جەلالی ڕۆمی پێی وایە کە خودایەتی لەناو مرۆڤدا دەمێنێتەوە، تەنها پێغەمبەرایەتی کۆتایی دێت! لەم بارەیەوە ئەفلاکی لە (مناقب العارفين ٢\٣٦٣ ــ أخبار جلال الدين ص٣١٤) باس لە مەجلیسێکی عیرفانی جەلالی ڕۆمی دەکات و دەڵێت:

((**سأل أحد المُقَرَّبين مولانا:** (یەکێك لە نزیکەکان پرسیاری مەولانای کرد:)

ــ لماذا ختمت النبوة بمحمد (صلى الله عليه وسلم)، و لماذا قال أنا النبـي الخاتم؟: (بۆچی پێغەمبەرایەتی بە محمد (صلى الله عليه وسلم) کۆتایی هاتووە؟ و بۆچی فەرموویەتی: من دوا پێغەمبەرم؟)

فتفضل مولانا قائلاً: (مەولانا لە وەڵامیدا دەڵێت:)

ــ قد أراد الله إنهاء النبوة و الرسالة بمحمدٍ، لكن ألِأَنَّ الرسالة و النبوة ختمت و انتهت أو تنتهي الألوهية معها؟ إن الألوهية دائمة، وهي موجودة عند أولئك النفر الذين يتمتعون بالصفات الإلهية!)) (خودا ویستی پێغەمبەرایەتی و پەیامە ئاسمانییەکەی بە محمد (صلى الله عليه وسلم) کۆتایی بێنێت، بەڵام ئەگەر

(١) آل عمران:١٩.

(٢) آل عمران:٨٥.

پێغەمبەرایەتی و پەیامی ئاسمان کۆتایی هاتبێت، ئەوا ئایا بە خودایەتی بوون لەگەڵیان کۆتایی دێت؟؟ نەخێر بە خودایەتی بوون بەردەوامە لای ئەو کەسانەی کە ئاسودەن بە هەڵگرتنی سیفاتە خوداییەکان[1] !!) .

---

(١) ئەمەش هزرێکی نا ئیسلامییە کە ثیوصوفیەکان تەبەنای دەکەن دەڵێن: خودایەك نییە لە دەرەوەی بوونەوەر، بەڵکو خودایەتی ڕوحێکە لەناو مرۆڤ، لاشەی مرۆڤیش هەیکەلی ئەم ڕوحەیە.

(ينظر: مبحث (حقيقة الألوهية في الفكر الثيوصوفي) من كتاب ثيوصوفيا ص١٥٤ ـ ١٦٠ و (قوانين الكون و قوى الإنسان الكامنة)ص٧١ منه أيضاً).

ئەگەر جەلالی ڕۆمی دووربێ لەبەشی یەکەمی ئەم بیروباوەڕە کوفرستانییە، کە ئینکارکردنی وجودی خودایە لە دەرەوەی بوونەوەر، ئەوا هاوڕایە لەگەڵیان بە هەبوونی خودایەتی لە ناو مرۆڤدا! کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە کوفری موشریکەکانی مەککە گەورەترە، کە دەیان گوت بتپەرستی دەکەین لە پێناو نزیك بوونەوە لە خودا ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ (الزمر:٣).

زانیارییەکی پێویست:

پێویستە بزانین کە جیاوازییەك هەیە لە نێوان جەلالی ڕۆمی و ئیبن عەرەبی کە هەردووکیان هەڵگری ئالای (وحدة الوجود)ن ـ ئەگەر زۆر بەئاشکراش وەکو حەلاج هەڵیان نەگرتبێ ـ جیاوازییەکەش ئەوەیە کە :

* جەلالی ڕۆمی دەڵێت : خودایەتی کۆتایی نایەت و بەردەوام دەبێت لە ناو کەسانێك!
* ئیبن عەرەبی دەڵێت : پێغەمبەرایەتی کۆتایی نایەت و بەردەوام دەبێت لە ناو کەسانێك!

تەنها خوداش دەزانێت کە کام کوفر لەم دوو کوفرە گەورەترە! کە خاوەنەکانیان خۆیان بە ئیسلام و ئەهلی سوننە تێدەگەن!!. بەڵام کوفرێکی دیکە هەیە کە مەزهەبی رافیزی شیعەگەریەتی تەبەنای دەکات لەم دوو کوفرەی باسکران گەورەترە، چونکە هەردوو کوفرەکە کۆدەکاتەوە ئەویش: بەردەوامبوونی خودایەتی و پێغەمبەرایەتی لە ناو مرۆڤدا، کە پێیان وایە پلەو پایەی کەسی ڕابەریان خودایەتی و پێغەمبەرایەتی دەگرێتەخۆی! بڕوانە:

* کتێبی (ابن عربي ص١٧٧ ـ ١٧٨) للدغش العجمي تا بزانی ئیبن عەرەبی چی دەڵێت: قال ابن عربي (الفتوحات المكية ٢\٩٠): (النبوة سارية إلى يوم القيامة في الخلق.... فإنه يستحيل أن ينقطع خبر الله و أخباره عن العالم).
* کۆ باسێك لە سەر بیروباوەڕی ویلایەتی فەقیە لە ئیران لە کتێبی (ولاية الفقيه الواقع و الأبعاد ـ مجموعة من المتخصصين . ندوة كلية الشريعة جامعة بغداد ١٩٨٨. ص١٣ ، ١٦ ، ١٧ ، ٤٥) .
* تصحيح عقائد الإمامية لشيخ المفيد ص٢٥٧ ط٣ مطبعة الحيدرية النجف ١٩٧٣م .
* (الفرقان بين أولياء الرحمن و أولياء الشيطان ص١٦١ ط. المنهاج) و قول شيخ الإسلام في إستمرار النبوة عند القائلين بوحدة الوجود.

بێگومان جەلالی ڕۆمی خۆشی بەیەکێك لەو کەسانە دەزانێت، هەروەك ئەفلاکی لە (مناقب العارفین١\٤٧١ ــ أخبار جلال الدین ص٢٣٧)دا لە بەسەرهاتێکی دیکەی یەکێ لە موریدانی ڕۆمی دەگێڕێتەوە، کە ئەم موریدە (بەناو: سیریانوس) جەلالی ڕۆمی بە خودا(الإله) ناودەبات!. قازییەکی شاری قونییە بەناوی (سراج الدین الأرموي) ئینکاری لە موریدەکەی دەکات، کە جەلالی ڕۆمی بە (خودا ـ الإله ـ) ناو دەبات. موریدەکەش بەسەرهاتەکەی خۆی لەگەڵ قازی(سراج الدین الأرموي)، بۆ شێخەکەی(خوداکەی!) جەلالی ڕۆمی دەگێڕێتەوە، جەلالی ڕۆمیش لە وەڵامیدا دەڵێت: ((**قل للقاضي الویل لك إن لم تصرْ أنت إلهاً أیضاً**!)) واتە: (بە قازی بڵێ، قوڕ بەسەرت ئەگەر تۆش وەکو مەولانا نەبیتە خودا!). مەبەست نەگەیتە پلەی (وحدة الوجود!) کە لەم پلەیەی کوفردا نەك تەنها مرۆڤ دەبێتە خودا، بەڵکو ئەوانەی لە پلە بەرزەکانی ئەم بیروباوەڕە کوفرییەدا (وحدة الوجود) دەژین هەموو شتێك بە خودا دەزانن!! تەنانەت گوێدرێژیش بۆ سەرانی هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە کوفرییە خودایانە!! ئەمەی باسکرا پێت سەیر نەبێت، چونکە جەلالی ڕۆمی ئەم بیروباوەڕە کوفرییەی لە (شەمس تەبرێز) وەریگرتووە، کە بە شێخ و ماموستای خۆی دەزانێت، بەڵکو بە خودای خۆی دەزانێت[1]!

---

(١) جەلالی ڕۆمی موریدەکانی پەروەردە دەکردن لەسەر شێخ پەرستی و دەیگوت: (لا دین لمن لا شیخ له) واتە: ئەوەی شێخێکی نەبێت ئاینی نییە! (الأفلاکي ٢\٨٣ أخبار جلال ص٣١٣) و لە سەر ئەم بنەمایە شیرکییە، شەمسی تەبرێزی بە خودای خۆی دادەنا بە فارسی دەیگوت:

شمس من و خدای من عمر من و بقای من

ازتو بحق رسیده ام أی حق حق کژار من

وەرگێڕانی بە عەرەبی: (شمسي و **إلهي**، عمري و بقائي منك ، وصلت إلى الحق یا حق المؤدي لحقي) واتە: (شەمس)ی من خودای منە ، تەمەن و مانەوەم لە تۆ وەیە، گەیشتووم بە حەق، ئەی ئەو حەقەی حەقیت پێگەیاندم) (أخبار جلال ص٣٢).

ئەم (شەمس)ـە تاریکە، یەکێکە کە گەیشتووتە پلە بەرزەکانی ئەم کوفرە(وحدة الوجود)! کە بە عیرفان ناوی دەبەن! با لە مەجلیسێکی عیرفانی ئەم (شمس تەبرێز)ـە دابنیشین و گوێبیستی بین، کە چۆن باسی عیرفان دەکات؟! :

قال شمس (المقالات ١\٦٨ـ٦٩ ــ أخبار جلال الدين ص١٤٨): (**تحاور عارفان على سبيل النقاش و الفخر، ففتح الحديث عن أسرار المعرفة و مجالس العارفين و أحاديثهم، فقال أحدهم: ذاك الشخص القادم نحوي وقد ركب حماره هو الرب! فقال الآخر: لا، أمَّا عندي، فحماره هو الرب!!**) واتە: (دوو عیرفانزان، وەکو گەنگەشە و فیزکردن بە بەرزی ئیمانەوە گفتوگۆیان دەکرد، گفتوگۆیەکە دەستپێکرا لەسەر شتە شاراوەکانی خوداناسین و مەجلیسی عیرفانزانان و گوتنەکانیان. یەکێك لەم دوو عارفە دەڵێت: ئەو کەسەی بەلامانەوە دێت کە سواری گوێدرێژێکە خودایە! عارفی دووەم لە وەڵامیدا دەڵێت: نەخێر، بەلای منەوە گوێدرێژەکەی خودایە!).

ئەمە بیروباوەڕی (شمس تەبرێز)ە کە جێی فەخری جەلالی ڕۆمییە!

بەڵکو لەم کوفرە خراپتریشی هەیە ـ جەلالیش پێی ڕازییە، وەك لە جۆری حەفتەمی کوفری جەلالی ڕۆمیدا باس دەکەین ـ إن شاء الله ـ .

بەڵام پێش ئەوەی باس لە جۆری حەفتەمی کوفرەکەی بکەین پێویستە بزانین خودایەتی جەلال بە تێڕوانینی جەلال و موریدەکانی چەندەها شێوازی کارای هەیە لە واقیعەکەیاندا لەم شێوازانە:

ئەم بیروباوەڕەی شێخ پەرستی باوە لەناو هەڵگرانی بیروباوەڕی (وحدة الوجود) لەوانەی خۆیان بە موسڵمان دەژمێرن و ئەوانەی خۆیان بە موسڵمان ناژمێرن، مەبەست شتەکە جیهانییە ئەم قسانەی ڕۆمی لە وەسفی شێخەکەی شەمس دەڵێت هەمان ئەو شتەیە کە(هلينا بلافاتسكى) سەبارەت بە شێخەکانی دەڵێت: (قالت عن علاقتها بسيدها: أنا أُجل السادة و أعبد سيدي الخالق الوحيد لذاتي الباطنة ـ تقصد شيخها ـ لأنه يستدعيها و يوقظها من سباتها!). (الثيوصوفيا ص ١٢٤ ، ٥٧).

* جەلالی ڕۆمی ـ ئەگەر بیەوێت ـ تەوفیقی هەرکەسێك دەدات بۆ ئیمان و ڕێگای ڕاست.(جلال يهدي من يشاء)!!

ئەفلاکی لە(مناقب العارفين ٢\٣٥٨ ـ أخبار جلال الدين ص١٩٥ ـ ١٩٦)دا دەگێڕێتەوە کە (چەلەبی حوسام) موریدێکی خاوەن ڕێز و حورمەتێکی زۆربووە لای مەولانا جەلال، جارێکیان مەولانا پێشوازی لێکرد لەمەدحیدا وتی: (**مرحباً يا روحي، وإيماني**[1] ، **و جنيدي، ونوري، وسيدي، و يا حب الله، ومعشوق الأنبياء!**).

پەڕوانە موعینەدینیش کە یەکێکە لە موریدە ناودارەکانی جەلال، گوێبیستی ئەم مەدح و سەنایەی شێخەکەی دەبێت، لەدڵی خۆیدا دەڵێت: تۆ بڵێیت مەولانا تەکەلوفی نەکردبێت لەم مەدح و سەنایەدا بۆ حوسام؟ تۆ بڵێیت ئەم سیفەتانە لە حوسامەدیندا هەبێت! حوسامی موریدیش ئاگادارەبێت بەوەی پەڕوانە موعینەدین

---

(١) تۆ بڵێیت نووسەری (ئەی رەقیب!) : (دینمان و ئاینمان کورد وکوردستان) ئەم بیرە گومڕاوەی لە جەلالی ڕۆمی و هاوشێوەکانی وەری نەگرتبێت! ئەمە نزیکە چونکە کۆمونیستی و حلول و وحدة الوجود گشتیان دڕکی جوداجودای دۆزەخی کوفرستانین ، یەکێکیان دەڵێت: خودا نییە! ئەوەی دیکە دەڵێت: من خودام! سێ یەمیان دەڵێت: هەموو شتێك خودایە!.﴿فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ﴾(المؤمنون: ١١٦).

زانیاریەکی پێویست:

ئەوەی پێویستە کە موسڵمان بزانێت ئەوەیە کە بیرە ماددیە بۆگەنەکانی جوداکردنەوەی دین لە دەوڵەت(العلمانية، الإشتراكية، اللبرالية ...)، مێژووەکەی بۆ بیرە ڕوحییە بۆگەنەکانی جودانەکردن لە نێوان خالق و مخلوق دەگەڕێتەوە (وحدة الوجود، حلول، إتحاد...)! بۆیەش دەبینین دەسەڵاتدارە عیلمانیەکان لە وڵاتی موسڵمانان، بایەخێکی زۆر بە سوفیگەرانی هەڵگری هزری (وحدة الوجود، حلول، إتحاد...) دەدەن! چونکە لە ڕووی هزرەوە نەك تەنها لە یەك نزیکن، بەڵکو هەمان شتن! بۆ زانیاری پێویست لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بڕوانە:

* (موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية. مبحث : الحلولية الكمونية الواحدية و العلمانية الشاملة ١\١٩٦ـ١٩٧).

* (مظاهر الإنحرافات العقدية عند الصوفي و أثرها السيء على الأمة الإسلامية. مبحث: مصادر التصوف ١\٥٤ـ٧٢ ومبحث: تأثر الصوفية بالفكر الوثني اليوناني ١\١٧٣ ـ ١٨٤ ط. الرشد).

لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی[١]! بۆیە دەستی ڕادەکێشێت و پێی دەڵێت: موعینەدین! ئەگەر ئەم سیفەتانەشم نەبێت، ئەوا مەولانا وەسفی کردم بەم سیفەتانە و چۆن وەسفی کردوومە من وام، بەڵکو زیاتریش بە سەدجار! چونکە (جلال) دەتوانێت لە چرکەیەکدا ئەم هەموو سیفاتە ئەگەر لە موریدیشدا نەبێت پێی ببەخشێت! یان لە موریددا هەبێت، دەتوانێت چەندجارەی بکات! بەڵکو (جلال) دەتوانێت: بەتەماشاکردنێك مرۆڤ هیدایەت بدات! (**أن يوصِلَ الإنسان إلى الهداية بنظرةٍ من نظر العناية!**)[٢].

ئەمەش خۆی لە خۆیدا کوفرێکی زەبەلاحە! ناخی ئەو بیروباوەڕە گومڕاوەیە کە جەلال فێری کردوون و سەرپێچییەکی ئاشکرایە بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان. پەروەردگاریش بە پێغەمبەرەکەی(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ﴾[٣]. واتە: (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم بەڕاستی تۆ ناتوانیت هیدایەتی کەسێکی خۆشەویستت بدەیت، لە کوفرەوە بۆ ئیسلام، ئەم جۆرە هیدایەت دانە خودا تەنها خۆی پێی تایبەتمەند کردووە، چونکە تەنها خۆی دەزانێت کێ بۆ ئەم هیدایەتە شایستەیە).

❊ جەلالی ڕۆمی توانای دواخستنی ئەجەلی مردووی هەیە! **(جلال يرجيء الآجال!)**

---

(١) لە فەرموودەدا هاتووە کە لە شەڕێکدا موسڵمانێك کەسێك دەکوژێت، پاش ئەوەی کەسەکە لە ترسان دەڵێت (لا إله إلا الله). موسڵمانەکە بەسەرهاتەکەی بۆ پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە و پێی دەفەرمێت: پێم وابوو لە ترسان شەهادەی هێنا؟ پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لێی توڕە دەبێت و پێی دەفەرمێت: (أفلا شققت عن قلبه!؟) مەبەست: تەنها خودا ئاگادارە بە نییەتی دڵان!، نابێ کەس حوکمی بەسەردا بدات . و الحديث بتمامه في الصحيحين (٤٢٦٩، ٦٨٧٢ بخاري) (٩٦ مسلم) .

(٢) لەمە بچووکتر و سەیرتریش ئەوەیە کە جاری وا هەبووە موريد بەجەنابەت بووە ، بەڵام بە تەماشاکردنێکی شێخەکەی خاوێن بووتەوەو پێویستی بە غوسل نەماوە! بۆ بیستنی ئەم جۆرە توڕەهاتە بڕوانە (أخبار جلال ص٢٨٩ أفلاكى ١\٣٩٩).

(٣) القصص:٥٦.

ئەفلاکی لە (مناقب العارفین ١\٤٢٢ ـ أخبار جلال الدین ص٢٣٥) باس لە مردنی موریدێکی جەلال دەکات، کاتێ خەبەری مردنی بە جەلال دەگات، جەلال گلەیی دەکات و دەڵێت: بۆچی پێش ئەوەی بمرێت خەبەرتان پێنەدەدام، بۆ ئەوەی ڕێگری لە مردنی بکەم! **(لِمَ لَمْ تُؤذِنُوني قبل أن يتوفى كي أحولَ دون موته!)**. ئەمە قسەی جەلالی ڕۆمییە، پەروەردگاریش دەفەرمێت: ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾[1] واتە: (ئەجەلی هەموو ئومەتێك دیاریکراوە، کە کاتە دیاریکراوەکە هات، دواخستن و پێشخستنی نییە). ئایەتە پیرۆزەکانیش بەم مانایانە زۆرن، بەڵام دڵە کوێرەکان چەند قورئانیش بخوێنن نایان بینن.

٧ ــ جۆری حەفتەمی کوفری جەلالی ڕۆمی: جیاوازی نەکردن لە نێوان شەیتانەکانی جن و گەورەیی خودا!

ئەفلاکی لە(طبقات العارفین١\٣٢٢ ـ أخبار جلال الدین ص١٤٩)دا باس لەوە دەکات کە خێزانی (شەمس) ئافرەتێکە بەناوی (کیمیاء) ـ لە ٦٤٤هـ کۆچی دوایی کردووە ـ جارێك لە خێزانەکەی (شەمس) تۆڕە دەبێت و لە ماڵ دەردەچێت بۆ ناو باغەکانی (مەرام) ـ کە چەند باغ و باغاتێکی شاری (قونیە)ن ئێستاش وەکو خۆیان ماونەتەوە ـ جەلالیش کاتێ گوێبیستی ئەم هەواڵە دەبێت ئافرەتەکانی قوتابخانەکەی بەرێدەکات بۆ گەڕان بەدوای کیمیادا و گەڕاندنەوەی بۆ لای ماموستاکەی(شەمس). پاش ئەوەی ئافرەتەکانی قوتابخانەکەی دەرچوون بۆ گەڕان بە دوای کیمیادا، جەلالی ڕۆمیش چوو بۆ سەردانی (شەمس) کە لە بن چادرێکی زۆر ڕازاوەدا بوو، بەڵام شتێکی سەیری بینی! کە پێی سەرسام بوو!! بینی (شەمس)ی ماموستای لەگەڵ کیمیا خەریکی گاڵتەو قسەی نێوان ژن و میردایەتین! جەلال بەم سەرسامییەوە بەجێی هێشتن و تێنەدەگەیشت ئەمە چی بووە لەلایەك کیمیا دەرچووە و لە

(١) الأعراف: ٣٤.

مێردەکەی(شەمس) هەڵاتووە، لەلایەکی تر کیمیا لەناو چادری مێردەکەیەتی، لە باوەشی ئەودا گاڵتەبازی دەکات!! بەم جۆرە بیرکردنەوەیە جەلال هەوراز و نشێوی دەکرد، نەیدەزانی چۆن ئەم دیاردەیە بخوێنێتەوە، تاوەکو (شەمس) بانگی دەکات و پێی دەڵێت: فەرموو وەرە ژوورەوە! بەڵام کاتێ جەلال دەچێتە ژوورەوە بێجگە لە (شەمس)کەس نابینێت! پرسیار لە ماموستاکەی دەکات: ئەی کوا کیمیا؟! (شەمس)ی ماموستای وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت : ((**إن الله تعالى يحبني إلى حدٍ لو شئت أن يجيئني فيه في أي صورةٍ لجاءني! و في هذه اللحظة جاءني على شكل كيمياء**)) واتە: (خودای پەروەردگار بەرادەیەك ئەمنی خۆش دەوێت، ئەگەر بمەوێت بەو شێوەیەی کە ویستی منی لە سەرە دێتەلام! لەم کاتەشدا لە سەر شێوەی کیمیای خێزانم هاتەلام[1] !!).

ئەم بەسەرهاتە پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوەیەك نییە، چونکە هەموو موسڵمانێك بەڵکو هەموو مرۆڤێك کە گوێبیستی ئەم بەسەرهاتە بۆگەنە ببێت لەناخی خۆیدا تەنها دەڵێت: (أعوذ بالله)! بێجگە لە ئەهلی (حلول) و (وحدة الوجود) کە جیاوازی نێوان (شەیتان) و (رحمن) ناکەن، بەڵکو (ئافرەت پەرستی) و (خوداپەرستی) لایان هەمان شتە[2]! ئەمانە بە چاوی ڕێزەوە ئەم جۆرە بەسەرهاتانەی شێخە

---

(١) قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله في مجموعة الفتاوى(١١\٢٣٨): ((و هؤلاء تأتيهم أرواح تخاطبهم و تتمثل لهم، و هي جنٌ و شياطين، فيظنونها ملائكة، كالأرواح التي تخاطب من يعبد الكواكب و الأصنام...)) للمزيد ينظر: الفرقان بين أولياء الرحمن و أولياء الشيطان (ص٢٣٠ ـ ٢٣٨ ط.المنهاج)

(٢) قال ابن عربي في فصوصه: (...فشهوده للحق في المرأة أتم و أكمل ... إذ لا يشاهد الحق مجرداً عن المواد ابداً، فشهود الحق في النساء أعظم الشهود و أكمله ، و أعظم الوصل النكاح!!) و من هذا المنطلق كان جلال الرومي يمدح العاهرات لاسيما الساكنات في مدينته قونية في خان صاحب الأصفهاني و سمى أجملهن باسم الرابعة العدوية! ولهم في ذلك قصص يستحي النبيل من ذكرها إلا بياناً لشرهم. ولعلنا نطلع على شيءٍ من ذلك في القسم الثاني من هذا المقال ـ إن شاء الله ـ ينظر: أخبار جلال الدين الرومي ص٢٨٦ ـ ٢٩٧ ، ٣٤٨.

گومڕاوەکانیان دەگێڕنەوە، بێئەوەی شەرم لە خودا بکەن، چونکە دوورن لە خوداناسی و خوداپەرستی.

سەرەڕای ئەم هەموو جۆرە کوفرستانیەش جەلالی ڕۆمی مرۆڤێکی تەکفیری بوو، پێناسەی کوفر لای ئەو سەرپێچیکردنی کەسێکە بۆ بیروباوەڕە گومڕاوەکەی لە (حلول و وحدة الوجود)دا، وەك لەم بەسەرهاتەدا کە ئەفلاکی بۆمان لە(مناقب العارفین ١\٥١٥ ـ أخبار جلال الدین ص٢٢٨) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەوحەدەدینی خۆئی پرسیار لە (مولانا ـ جلال الدین ـ) دەکات: من هو الکافر؟(مولانا) پێی دەڵێت : پێم بڵێ کێ ئیمانداره، تاوەکو کافر دیار بکەوێت؟ ئەوحەدەدینی خۆئی پێی دەڵێت: تۆ ئیمانداری! (مولانا) پێی دەڵێت : کەواتە هەرکەس دژایەتیمان بکات کافرە!

ئەمەش هەمان هزری گرۆپە تیرورستەکانە بەناوی ئیسلام[1]، کە ئەگەر وەکو ئەوان بیرنەکەیتەوە، وەکو ئەوان لە ئیسلام تێنەگەیت، دژایەتی هزرە بۆگەنەکەیان بکەی کە دوورە لە ئیسلام ئەوا کافری!

ڕوانگەی دووەم: دەرهاوێشتەی بیروباوەڕی جەلالی ڕۆمی لە هەڵسوکەوتیدا [2]

(١) ینظر: أخبار إرهابهم ضد مخالفیهم من مریدیهم ! أخبار جلال : ص٣٥٣،٣٥١.

(٢) ئەم باسەش بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرین لە ترسی درێژبوونی بابەتەکەمان، داوادەکەین خودا هاریکارمان بێت لە تەواوکردنی ئەم بابەتە، بە ڕەحمەتی خۆی لێمان قەبول بکات، پشت و پەناشمان بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام تەنها خودایە.

تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی ناو و سیفەتی (دەوڵەمەندی)ی خودای پەروەردگار و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنی لە کار و باری بەندایەتیدا

بابەتی ناو و سیفەتەکانی پەروەردگار گەورەترین بابەتی بیروباوەڕی ئیسلامەتییە، تاکە ڕێگای نزیکبوونەوەیە لە خودای پەروەردگار، تاکە دەرگای تێگەیشتنی قورئانی پیرۆزە، مەرجی هەڵگرتنی هەموو ڕەوشت بەرزییەکە، چونکە جوان تێگەیشتن یان خراپ تێگەیشتنی ئەم ناو و سیفەتانەی کە پەروەردگار خۆی پێ ناو ناوە و خۆی پێ وەسف کردووە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئیمان و کوفرە. هەموو جۆرەکانی کوفر بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێنەوە، کە تێنەگەیشتن یان خراپ تێگەیشتنی ئەم ناو و سیفەتانەیە، هەروەها هەموو بەرزاییەکانی ئیمان بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێنەوە کە جوان تێگەیشتنی ئەم ناو و سیفەتانەیە. کەواتە لە ڕێزبەندیدا جوان تێگەیشتنی ئەم ناو و سیفەتانەی خودای پەروەردگار لە پێش کارکردن بە ئەرکەکانی دیکەی ئیسلامەتی دەکەون، وەکو نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج، چونکە تێگەیشتنی مانای ناو و سیفەتە پیرۆزەکانی خودا، بریتین لە تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی (لا إله إلا الله) کە کلیلی هاتنە ژوورەوەی ناو ئیسلامەتییە و سەرەتای بانگەوازی گشت پێغەمبەرانە (سلاوی خودایان لە سەر بێت). گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەم ڕێزبەندییە ژیاننامەی پێغەمبەرمانە (صلی الله علیه وسلم)، کە پاش دە ساڵی بانگەواز بۆ ئەم مانایانەی ناو و سیفەتەکانی خودا لە مەککە، دواتر نوێژ واجب بووە! حیکمەتەکەش لەوەدایە کە مرۆڤ ناتوانێت نوێژ بکات، ئەگەر ناو و سیفەتەکانی ئەو خودایە نەزانێت کە نوێژی بۆ دەکات. هەر لەبەرئەمەش نووسین لەم بابەتەدا زۆر پێویستە، بەقەد پێویستییەکەشی زۆر قورسە، بەقەد قورسایەکەشی زۆر پیرۆزە، بەقەد پیرۆزییەکەشی نییەت پاکی دەیەوێت، هەر بۆیەش لە سەرەتای ئەم نووسینەدا دەڵێین خودایە پەنات بۆ دەبەین کە ئەوەی دەنووسرێت لە پێناوی تۆ دابێت، هیچی دونیای پێوەنەبێت،

بەناوت بێت هیچ پەنایەکی دیکەمان نەبێت. هەوڵیش دەدەین هەرجارێك لەسەر ناوێکی پیرۆزی خودا بوەستین، بۆ ئەم جارەش ناوی (الغني) مان هەڵبژارد، واتە دەوڵەمەند، کە لە **ڕێگای چەند یاسایەکەوە** باسی دەکەین لە چەند بەشێکدا، مەبەستیش لە بەشبەشکردنی بابەتەکە دابەشکردنی بەسەر چەند یاساو ڕێسایەکدا، ئاسانکاری تێگەیشتنی مانا قووڵەکانی ئەم ناوە پیرۆزە و هەروەها ناوەکانی دیکەی خودای پەروەردگارە، چونکە ئەم یاسایانەی باس دەکەین وەڵامن بۆ چەندین پرسیار سەبارەت بە ناو و سیفەتی (دەوڵەمەندی) خودای پەروەردگار، کە بەهۆیانەوە مانا بەرزەکانی چەندین ناو و سیفەتی دیکەی خودا بۆمان ڕووندەبنەوە، کە خودای پەروەردگار خۆی پێ وەسف دەکات لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم). لەم پرسیارانە: ئایا ناو و سیفەتی دەوڵەمەندی بۆ خودا چ دەگەیەنێت؟ خراپ تێگەیشتنی ئەم ناوە مرۆڤ بۆ چ هەڵدێرێك شۆڕدەکاتەوە؟ جوان تێگەیشتنی ئەم ناوەش چۆن مرۆڤ بۆ پلە بەرزەکانی ئیمان و بەندایەتی پەروەردگار بەرزدەکاتەوە؟ بۆ وەدەست هێنانی ئەم تێگەیشتنە چ ڕێگایەك پێویستە؟ پەیوەندی ئەم ناوە پیرۆزە بە ناو و سیفەتەکانی دیکەی پەروەرگارەوە چییە؟... چەندین پرسیاری دیکە کە هەست بە وەڵامیان دەکەین کاتی خوێندنەوەی ئەم یاسایانە، ئەو هەستەش هەستکردنە بە بەختەوەری لە دونیا و قیامەتدا، چونکە نزیکبوونەوەیە لە مانا قووڵەکانی ئەو پەیامەی کە محمد (صلى الله عليه وسلم) پێی هاتووە بۆ گشت مرۆڤایەتی .

بەشی یەکەم

چەند یاسایەکی تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا کە پەیوەندییان بە ترسناکی شوبهاندنی خالق بە مەخلوقەوە هەیە!

یاسای یەکەم:

دەوڵەمەندی خودا زاتییە، پەیوەندی بە هەبوونی مۆڵکەوە نییە

شتێکی بەڵگەنەویست و بەفیترەت زانراوە، کە دەوڵەمەندی خودا، دەوڵەمەندییەکی ڕەهایە و سیفەتێکی زاتی خودایە، واتە خودا پێویستی بە مۆڵکی زەوی و ئاسمانان نییە، تاوەکو دەوڵەمەند بێت، بەڵکو دەوڵەمەندییەکەی زاتییە.

ئەمەش خاڵێکی جیاکارە لە نێوان دەوڵەمەندی خالق و دەوڵەمەندی مەخلوق، چونکە مەخلوق ئەگەر خۆشی بە دەوڵەمەند بزانێت هەموو کات پێویستی بە دار و دەستە و ماڵ و کوڕ و نەوە و کەسوکار هەیە، تاوەکو ـ بەمەزەندەی خۆی ـ دەوڵەمەندییەکەی بەڕێوەببات. بۆیەش پەروەردگار لە وەڵامدانەوەی گاورەکان دەفەرمێت: ﴿قَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ۗ سُبۡحَٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ۖ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ۚ﴾[1] واتە: (سەیرە چۆن دەڵێن خودا کوڕی هەیە؟ خودا دەوڵەمەندە پێویستی بە کوڕ و کچ نییە، پاکی و بێگەردی شایستەی خودایە و دوورە لەوەی گاورەکان دەڵێن، ئەوەی لەناو زەوی و ئاسمانەکانیشە هی خودایە)[2] .

---

(١) یونس:٦٨

(٢) ئەوەی جێی نیگەرانییە لە ڕێگای زاراوەی (أبدال، أوتاد، غوث، قطب...) ئەم بیرە لە دیانەتی فارس و دیانەکانەوە هاتە ناو ئیسلام، خەڵکانێکی ئەهلی قیبلە بۆ ئەوە چوون کە لەسەر ئەم زەمینە (أبدال، أوتاد، غوث، قطب...) هەن، کە بە هەموو شتێك ئاگادارن و بە بێی ئەوان هیچ ڕووداوێك ڕوونادات، ئەصلی ئەم بیرە شیرکییەش لە فارس و دیانەکان وەرگیراوە. بنەماکانی تووشبوون بەم هزرە شیرکییە بۆ تێنەگەیشتنی ئەم ناوە پیرۆزەی پەروەردگار دەگەڕێتەوە:(الغني).

{أكد المستشرق هنري كوربان في عدد من بحوثه أن فكرة القطب هذه انتقلت إلى التصوف من الشيعة، و أنها فارسية الأصل. (الإسلام الإيراني ١\١٨٦، ٢٢٩، ٣\٢٧٩). و مال شيخ الإسلام إلى أن فكرة القطب و

جێی شاهێد لێرەدا : ﴿هُوَ ٱلۡغَنِيُّ﴾ واتە: خۆی دەوڵەمەندە، کە دەفەرمێت: ئەوەی لەناو زەوی و ئاسمانەکانە هی خۆیەتی ﴿لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ بۆ نزیککردنەوەی هەستکردنی مرۆڤە بەم دەوڵەمەندییە، مەبەست ئەوە نییە کە بەهۆی هەبوونی زەوی و ئەوەی سەر زەوی یان ئاسمانەکان و ئەوەی ناو ئاسمانەکان دەوڵەمەند بووە! ئەمە تەشبیهکردنی خالقە بەمەخلوق! **ئەم تەشبیهکردنەش هەنگاوی یەکەمی** دوورکەوتنەوەیە لە ئیمانەوە بۆ کوفر، چونکە دەوڵەمەندی خالق لە هەبوونی مولکی زەوی و ئاسمانەکان هەڵناقووڵێت! بەڵکو ئەمە سیفەتی دەوڵەمەندی مەخلوقە، کە هێزە لاوازەکەی لە هەبوونی مولك و سەروەت و سامان وەردەگرێت! بۆیە هەرکات مرۆڤ واهەست بکات کە خودا بە هەبوونی زەوی و ئاسمانەکان و ئەوەی ناو زەوی و ئاسمانەکان دەوڵەمەند بووە، ئەوا جۆرێك لە تاوانی شیرکی ئەنجام داوە، کە هەرگیز جێی لێبوردەیی نییە لای خودا، ئەگەر خاوەنەکەی تەوبە نەکات ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا﴾[1] .

واتە: (خودا لە تاوانی شیرك خۆش نابێت ـ کاتێك مرۆڤ تەوبە نەکات و لەسەر شیرك بمرێت ـ و بێجگە لە شیرك هەموو تاوانێك جێی لێخوشبوونە)

ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ئەم زەوی و ئاسمانانە بۆ مرۆڤ موسەخەرکراون ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعًا مِّنۡهُۚ﴾[2] واتە: (ئەوەی سەر زەوی و ناو ئاسمانەکانە بۆ مرۆڤ موسەخەرکراوە). وەکو تاقیکردنەوەیەك ئایا بەرامبەر بەمە مرۆڤ شوکرانە دەکات یان کوفر ئەنجام دەدات؟

* شوکرانەش جێی ڕازیبوونی خودایە، چونکە دادپەروەری ڕەهای هەیە، نەك خودا پێویستی بە شوکرانەی بەندەیە، چونکە خودا دەوڵەمەندی ڕەهای هەیە.

الغوث دخيلة من جهة النصارى لأنها من جنس قول النصارى في المسيح و الغالية في عليٍ (رضي الله عنه).(مجموعة الفتاوى٢٧\٩٦). ينظر: المجموعة الثانية لجامع المسائل لشيخ الإسلام تحقيق محمد عُزَير شمس (المقدمة : ص١١ ـ ٤٩) }

(١) النساء:١١٦.

(٢) الجاثية:١٣ .

* کوفرانەش جێی تۆڕەیی خودایە، چونکە تەکەبوری ڕەهای هەیە، نەك لەبەرئەوەی کە کوفری مرۆڤ زیان بە خودا دەگەیەنێت ، چونکە خودا دەوڵەمەندی ڕەهای هەیە.

لە باسی ئەمەدا پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرمێت: «يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي»[1]

واتە: (بەندەکانم ئێوە بە پلەیەك ناگەن، کە سوودی منتان هەبێت، یان زیانی منتان هەبێت).

پوختەی ئەم ڕوویەی کە باسکرا ئەوەیە کە بڵێین: **(الله غنيٌ بذاته بخلاف المخلوق فهو فقيرٌ بذاته)** **واتە :** خودا دەوڵەمەندییەکەی زاتییە و پێویستی بە هیچ شتێك نییە کە دەوڵەمەندی بکات، مرۆڤیش هەژارییەکەی زاتییە[2] و تەنها بە خودا دەوڵەمەند دەبێت وەك لە یاسای دووەمدا باسی دەکەین ـ إن شاء الله ـ .

یاسای دووەم:

تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی دەوڵەمەندی خودا، خودا پەرستی لەسەر بەندە پێویست دەکات

ڕوون و ئاشکرایە کە هیچ کات دەوڵەمەندی ماددی مرۆڤ بە هەبوونی هێزو سەروەت و سامان ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو بەندەیەك پێویستی بەم مرۆڤە هەبێت، چونکە شتێکی بەڵگەنەویستە کە هەزاران دەوڵەمەند هەن هەریەکەیان خۆی بە بەرامبەرەکەی پێویست ناکات، بۆیە کاتێك مرۆڤ وا هەست بکات کە دەوڵەمەندی خودا وا پێویست ناکات لە سەر مرۆڤ کە مرۆڤ بۆی پێویست بێت و هەژاری خۆی بۆ خودا بنوێنێت، ئەوا دەوڵەمەندی خودای خالق بە دەوڵەمەندی هەر دەوڵەمەندێکی مەخلوق دەشوبهێنی! **ئەم تەشبیهکردنەش هەنگاوی دووەمی** دوورکەوتنەوەیە لە

(١) رواه مسلم (٢٥٧٧).

(٢) تەنانەت یەکێك لە ملیاردێرە خودانەناسەکانی ئەم سەردەمە دەڵێت : من دەوڵەمەند نیم، بەڵام پارەیەکی زۆرم کۆکردووتەوە!!

ئیمانەوە بۆ کوفر، خۆی لە خۆیدا جۆرێکی دیکەی تاوانی شیرکە، چونکە پەروەردگار لە باسی سیفەتەکانی خۆیدا دەفەرمێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾[1] واتە: (هیچ شتێك وەکو خودا نییە، خودا بیسەر و بینەرە) بۆیەش لە دەرەنجامی ئەم هزرە خاوەنەکەی لە کارو کردەوەی ئیمان دوور دەکەوێتەوە، کاروکردەوەی کوفر هەڵدەگرێت بە تایبەت وازهێنان لە ئەرکەکانی خوداپەرستی وەکو ڕۆژوو و نوێژ و زەکات و حەج، چونکە کاتێك مرۆڤ تەشبیهی دەوڵەمەندی (خالق)ی بە دەوڵەمەندی مەخلوق کرد، بە زۆبانی حاڵی گوتی خودا دەوڵەمەندە، بەڵام دەوڵەمەندییەکەی پێویست ناکات من بۆی هەژاربم ـ وەك باسکرا ـ ، ئەوکات بە زۆبانی حاڵی خۆی دەڵێت خودا چ پێویستی بە نوێژ و ڕۆژوو و چاکەکاری منە!؟ واتە : لە ئەنجامی تێنەگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا بە پێچەوانە بیردەکاتەوە! چونکە ڕاستییەکە پێویست بوونی بەندەیە بەخودا، ئەم ڕاستییەش کاتێك لە ناخی بەندەدا دەردەکەوێت کە بەندە هەست بە سیفەتی دەوڵەمەندی خودا دەکات، ئەو کات دەزانێت کە هەروەك چۆن جەستەی مرۆڤ بەبێ خواردن و خواردنەوە ناژیت، بەهەمان شێوە ڕوحی مرۆڤیش بەبێ نوێژ و زیکرو شوکرانە ناژیت. بۆیەش تێنەگەیشتنی مانابەرزەکانی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا کارێکی زۆر ترسناکە و هەنگاوی دوورکەوتنەوەیە لە ئیمان و قوناغی جێنیشین بوونە لە ناو کوفر، بۆ دیارخستنی ئەم مەبەستەش پەروەردگار دەفەرمێت:

* ﴿وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّى غَنِىٌّ كَرِيمٌ﴾[2] واتە : (ئەوەی شوکرانە دەکات دەرەنجامەکانی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوەی پشت لە شوکرانە دەکات، ئەوا با بزانێت کە خودا دەوڵەمەندە و پێویستی بەو نییە و بەخشەریشە، با وا نەزانێت دەوڵەمەندییەکەی لە خوداوە نییە) و دەفەرمێت :

(١) الشوری:١١ واتە: خودا خالقە چون بە مەخلوق دەچی؟! خودا بیسەر و بینەرە.

(٢) النمل:٤٠.

* ﴿وَمَن جَٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَٰهِدُ لِنَفۡسِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾[١] واتە : (ئەوەی تێکۆشان لە ڕێگای خودا دەکات، با وا تێنەگات خودا پێویستی بە تێکۆشانەکەیەتی، نەخێر خودا پێویستی بە هیچ بوونەوەرێك نییە، ئەوەی لە ڕێگای خودادا تێدەکۆشێت، دەرەنجامەکانی بۆ خۆی دەگەڕێنەوە و بۆ خۆی ئەم تێکۆشانە دەکات).

سەبارەت بەم باسە زانایانمان دەڵێن: پێویستە تێگەیشتنمان بۆ سیفەتی دەوڵەمەندی خودا بەڕادەیەك بێت، کە ئەگەر خودا ئێمەی لە تەنگانەیەك ڕزگار کرد، نەڵێین لە بەر ئەوەبوو کە نوێژی بەیانیمان لە مزگەوت کردبوو، یان صەدەقەمان کردبوو، یان زیکرەکانی ئێوارەوە بەیانیانمان کردبوو ... بەڵکو بڵێین: خودا بەڕەحمەتی خۆی ئێمەی ڕزگارکرد، چونکە هەرچەندە ئەم نوێژ و صەدەقە و زیکرانەی کە بۆ خودا دەکەین، ڕاستە هۆکاری ڕزگاری مرۆڤن، بەڵام گشتیان لە ئەصلدا بۆ بەخشندەیی خوداو ڕەحمەتی بێسنوری ئەو دەگەڕێنەوە، کە لە سیفەتەکانی ئەم خودایە: ﴿غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ە هەر بۆیەش خودا لە باسی ڕزگارکردنی پێغەمبەرەکانی(علیهم السلام) و هەڤاڵانیاندا (رضي الله عنهم) دەفەرمێت بەڕەحمەتی خۆم ڕزگارم کردوون، هەرچەندە ئەم پێغەمبەرانە(علیهم السلام) و هەڤاڵانیان لەوپەڕی شوکرانەدابوون :

* ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا هُودٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا﴾[٢] .

* ﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا صَٰلِحٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا﴾[٣] .

* ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا شُعَيۡبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا﴾[٤].

پوختەی ئەوەی لەم یاسایەدا باسکرا ئەوەیە کە دەوڵەمەندی خودا لە سەر مرۆڤێك پێویست دەکات، کە مرۆڤەکە بۆ خودا هەژاری بنوێنێت، هەستیش بەوە نەکات کە

---

(١) العنكبوت:٦.

(٢) هود:٥٨.

(٣) هود:٦٦.

(٤) هود: ٩٤.

خودا پێویستی بەم هەژاری نواندنەی مرۆڤە، بەڵکو مرۆڤ بۆی پێویستە، ئەمە دەوڵەمەندی خودایە و بۆ هیچ مەخلوقێك نییە بەم شێوەیە سیفەتی دەوڵەمەندی هەبێت. **(غنى الله يستلزم حاجة جميع المخلوقات إليه و غنى المخلوق لا يستلزم حاجة المخلوق إليه).** دوورکەوتنەوەش لەم مانایە تووشبوونی مرۆڤە بە نەخۆشی تەکەبور و گێژبوونی مرۆڤە بە دوورکەوتنەوە لە ماناکانی ژیان و خۆ هەڵخەلەتاندنی مرۆڤە بەجۆرەها بتپەرستی، ئەمانەش جۆری دیکەی شوبهاندنی مەخلوقە بە خالق، کە لە یاسای سێیەمی ئەم بەشەدا باسی دەکەین ـ إن شاء الله ـ.

یاسای سێیەم:

تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی دەوڵەمەندی خودا، مرۆڤ لە گێژاوی ژیان دەردەهێنێت و لە سیفەتی تەکەبور ڕزگار دەکات و لە جۆرەها بتپەرستی دەپارێزێت

کاتێك مرۆڤ هەست دەکات کە خودا پێویستی بە ڕۆژوو و نوێژو شوکرانەی ئەو نییە، زۆر جار لە سەر ئەم بنەما ڕاستە، بیرێکی هەڵە دادەڕێژیت ئەویش تەرکی نوێژ و شوکرانە ـ وەك باسکرا ـ، ئەو کات لە ئەنجامی تەرککردنی خوداپەرستی دەکەوێتە بارێکی دەروونی تیادا تووشی گێژاوێك دەبێت کە پوختەکەی نەزانینی ماناکانی ژیانە و شۆڕبوونەوەیە لە پلەکانی مرۆڤایەتی بۆ ژیانێکی ئاژەڵی، کاتێك لەم گێژاوەدا مرۆڤ بیر بە گەڕانەوە بۆ خودا نەکات، تووشی چەند دەردێك دەبێت کە لە دوو جۆری شیرك دەرناچن:

* یان خۆ پەرستی کە دەردی تەکەبورە.
* یان پەرستنی خودایەك بێجگە لەو خودایەی کە خۆی لە قورئاندا وەسف دەکات بە هەموو پیرۆزییەك.

هەریەك لەم دوو دەردەش لە ناو گێژاوی دوورکەوتنەوە لە خودا پەرستی، جۆرێکە لە جۆرەکانی شوبهاندنی مەخلوق بە خالق:

دەردی یەکەم: بتپەرستی ـ کە زۆر جۆری هەیە ـ ئەوەی بێجگە لە خودا دەپەرستێت، پەرستراوەکەی ئەگەر بت بێت یان ماڵی دونیا بێت یان ئافرەتێك بێت یان کەسێك بێت یان هەر شتێکی دیکە، ئەوا ئەم پەرستراوەی بە خودای شوبهاندووە، چونکە پەرستنی بۆ کردووە، **ئەم تەشبیهکردنەش هەنگاوی سێیەمی** دوورکەوتنەوەی مرۆڤە لە ئیمانەوە بۆ کوفر، کە بەشی هەرەزۆری مرۆڤایەتی بەدەستی ئەم بتپەرستییەوە دەناڵێنێت.

پەیامی گشت پێغەمبەران (علیهم السلام) دژ بەم بتپەرستییە بووە، کە لە زاراوەی قورئانیدا پەرستراوەکە بە (طاغوت) ناودەبرێت، کە هیچ کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی لێی ڕزگار نەبووە، بێجگە لە پێغەمبەران(علیهم السلام) و شوێنکەوتووانیان بۆ لادانی ئەم جۆرە طاغوتانە، پەروەردگار پێغەمبەرانی ناردووە بۆ گشت ئومەتێك ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّـٰغُوتَ﴾[1] کە کۆتاییان پێغەمبەرەکەمانە (صلی الله علیه وسلم) بۆ گشت مرۆڤایەتی.

دەردی دووەم: خۆپەرستی ـ تەکەبور ـ ئەوەی لوت بەرزی دەنوێنێ و خۆی بە گەورەدەزانێت، خۆی بە خالق دەشوبهێنێ لە گەورەترین سیفەتدا کە تەکەبورە! **ئەم تەشبیهکردنەش هەنگاوی چوارەمی** دوورکەوتنەوەیە لە ئیمان بۆ چەقی کوفر. پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) لە فەرموودەی قودسیدا دەفەرمێت: خودای پەروەردگار فەرموویەتی: « الْعِزُّ إِزَارِي وَالْكِبْرِيَاءُ رِدَائِي، فَمَنْ يُنَازِعُنِي عَذَّبْتُهُ »[2]

.

(١) النحل : ٣٦.

(٢) رواه مسلم بنحوه(٦٨٤٦).

هەموو ئەم تەشبیهانەی کە لەم سێ یاسایانەدا باسمانکردن، پەیوەندییان بە یەکتـرەوە هەیە. بۆ نمونە دیارخستنی نەبوونی پێویستی مرۆڤە بە خودای پەروەردگار، لە تێنەگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا هەڵدەقووڵێن، کە دەوڵەمەندیەکی زاتییە، ئەم تێنەگەیشتنەش مرۆڤ بۆ گێژاوی بتپەرستی دەبات، کە بەندایەتی کردنە بۆ طاغوتەکان، یان مرۆڤ تووشی دەردی تەکەبور دەکات، کە طاغوت دروست بوونە لە ناخی مرۆڤدا کە دەردی فیرعەونەکانە، هەربۆیەش پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت:

« لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِى قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ » (ناچێتە بەهەشت ئەوەی بەقەد مێروولەیەك تەکەبوری لەناو دڵدابێت). قَالَ رَجُلٌ إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً (پیاوێك فەرمووی: پیاو حەز دەکات جل و بەرگ و پێڵاوی جوانی لە بەر بێت!؟) قَالَ (فەرمووی): « إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ»[1] (خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت، تەکەبوریش ڕەتکردنەوەی ڕاستییە و بە چاوی کەم تەماشاکردنی خەڵکە).

ئەم فەرموودەیەش ناخی کەسی موتەکەبرمان پیشاندەدات کە لە زانست و هزر و لێکدانەوەدا خۆی بەوپەڕی ژیری و باڵادەستی تێدەگات(مثل الأعلى)، کەچی خاوەن هەوا و هەوەس و لوت بەرزییە، هەر ڕاستییەك بە ئارەزووی ئەو نەبێت ڕەتیدەکاتەوە! خەڵکانیش وەك کویلە دێنە بەرچاو! ئەگەر ناو و سیفەتە بەرزەکانی خودا تێگەیشتبا، بەتایبەتی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا ئەوا موتەکەبر نەدەبوو! هەر لەبەر ئەمەش ئەم فەرموودەیە وەکو تەفسیرێکە بۆ ئەو ئایەتانەی کە پەروەردگار باس لە هەژاری بوونەوەر دەکات بەرامبەر دەوڵەمەندی خۆی، کە بانگەوازن بۆ

(١) رواه مسلم (٢٧٥،٢٧٧ ط مكنز) من حيث ابن مسعودٍ .

هەموو مرۆڤێك بەتایبەتی مرۆڤی موتەکەبر کە بەخۆداچوونەوەیەك بکات و بۆ لای خودا بگەڕێتەوە، لەو ئایەتانەش: ﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ﴾[1] واتە: (ئەی خەڵکینە، ئێوە هەژارن بەرامبەر خودا و پێویستن بەڕەحمەت و بەخشندەیی ئەو، خوداش دەوڵەمەندە و هیچ پێویستی بەئێوە نییە، دەوڵەمەندیەکەشی جێی ملکەچی و سوپاسگوزاری ئێوەیە بۆ خودا).

ئەم فەرموودە و ئایەتانەش ڕوومان دەکەنە تەوەرەیەکی دیکەی بابەتەکەمان کە چەند یاسایەکی دیکەی تێگەیشتنی مانا بەرزەکانی سیفەتی دەوڵەمەندی خودای پەروەردگارن لە بەشی دووەمی بابەتەکەمان .

(١) فاطر:١٥.

بەشی دووەم

ئاوەدانکردنی بەهاکانی ڕەوشت بەرزی مرۆڤ لەسەر تێگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا

یاسای چوارەم

بگرەو بەردەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا

جوان تێگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی پەروەردگار، خاڵی جوان هەڵسوکەوتکردنی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەرەکەی، ئەم جوان هەڵسوکەوتکردنەش بە دوو شێواز خۆی پیشاندەدات و بە پێی تێگەیشتنی خاوەنەکەی بۆ سیفەتی دەوڵەمەندی خودا پلەکانی ئەم دوو شێوازە لە جوان هەڵسوکەوتکردندا بەرزدەبنەوە:

شێوازی یەکەمیان:

پێویست نەبوونی مرۆڤ بە دەوڵەمەندی خەڵك و یارمەتییان

(ئەم شێوازە بنەمای ڕوکنی نوێژە)

پێویست نەبوونی مرۆڤ بە دەوڵەمەندی خەڵك و یارمەتییان لە ئەنجامی زۆر هەستکردنی مرۆڤە بە گەورەیی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا، ئەمەش پلەیەکی بەرزی ئیمانە، بەڵکو کاکلەی تەوحید و ڕۆحی نوێژە، کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) موبایەعەی گەورە هەڤاڵانی لەسەردەکرد:

عَنْ عَوْفُ بْنُ مَالِكٍ الأَشْجَعِيُّ قَالَ كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَقَالَ « أَلاَ تُبَايِعُونَ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم ». فَرَدَّدَهَا ثَلاَثَ مَرَّاتٍ فَقَدَّمْنَا أَيْدِيَنَا

فَبَايَعْنَاهُ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ بَايَعْنَاكَ فَعَلاَمَ؟ قَالَ « عَلَى أَنْ تَعْبُدُوا اللَّهَ وَلاَ تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَالصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ وَأَسَرَّ كَلِمَةً خَفِيَّةً **أَنْ لاَ تَسْأَلُوا النَّاسَ شَيْئًا** »[١].

واتە : پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە نێوان کۆمەڵێك هەڤاڵانیدا فەرمووی: ئێوە پەیمان بە پێغەمبەری خودا نادەن؟ سێ جار دووبارەی کردەوە، هەڤاڵانیشی دەستیان بۆ پەیماندان (مبايعة) درێژکردەوە و فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خودا پەیمانمان بە تۆ دا، لەسەر چ شتێك پەیمانمان لێ وەردەگری؟ فەرمووی:

لەسەر سێ شت پەیمانتان لێوەردەگرم: شیرك مەکەن، نوێژ بکەن، بەدەنگێکی نزمیش فەرمووی داوا لە هیچ کەسێك مەکەن. فەرموودەکە بەدرێژتر لە (صحيح مسلم)دا هاتووە ڕاوی فەرموودەکە دەفەرمێت: «فَلَقَدْ رَأَيْتُ بَعْضَ أُولَئِكَ النَّفَرِ يَسْقُطُ سَوْطُ أَحَدِهِمْ فَمَا يَسْأَلُ أَحَدًا يُنَاوِلُهُ إِيَّاهُ». واتە هەندێك لەو هەڤاڵانەم بینیون کە ئەم پەیمانەیان بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوە، لە سەر پشتی حوشترەکەیان و لە ناو قەلەبالغی هەڤاڵانیاندا، داری لێخوڕینیان لە دەست بەردەبوویەوە، داوای نەدەکرد کەسێك پێی بداتەوە، بەڵکو بەخۆی هەڵیدەگرتەوە، سەرەڕای زەحمەتی دانیشاندنی حوشتر و هەستاندنەوەی .

هەروەها پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە باسی سیفەتەکانی ئەوانەی کە بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت دەفەرمێت : « هُمُ الَّذِينَ لاَ يَتَطَيَّرُونَ ، **وَلاَ يَسْتَرْقُونَ** ، وَلاَ يَكْتَوُونَ ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ »[٢] و مانای « **وَلاَ يَسْتَرْقُونَ** » باسی ئەوەیە کە کاتی نەخۆش بوون، داوا لە کەس ناکەن کە دوعایان بۆ بکەن یان قورئانیان لەسەر بخوێننەوە بۆ چارەسەری، ئەمەش لە بەر بەرزی پلەی ئیمانیانە و

(١) أخرجه النسائي (٤٦٤ مكنز) و أصله عند مسلم في صحيحه (٢٤٥٠ مكنز)

(٢) متفقٌ عليه.

هەستکردنیانە بە دەوڵەمەندی پەروەردگار، کە گشت گەنجینەکان لە دەست ئەون، تەنها داوا لە ئەو دەکەن.

ئەمەی باسکرا گەورەترین خاڵی پەروەردەییە، کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) هەڤاڵانی(رضي الله عنهم) لەسەری پەروەردە دەکردن و بەهۆیەوە بە خاڵە بەرزەکانی یەکخواپەرستی دەگەیاندن.

ڕوکنی (نوێژ) بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆژانە پێنج جار مرۆڤی موسڵمان پێویستە پشت لە هەموو خەڵك بکات و تەنها سوجدە بۆ خودا ببات و داوای لێ بکات: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾[1] بەمە مرۆڤێکی ڕەوشت بەرز لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت کە هیچ کات بارگرانی نەبووە بۆ کۆمەڵگاکەی و دەوروبەری، ئەمەش نیوەی هەرەگرنگی ڕەوشت بەرزییە، کە نابێ مرۆڤ لێی بێئاگابێت، نیوەی دووەمیش لە شێوازی دووەمدا دیاردەکەوێت، کە بەخشین و یارمەتیدانی دەوروبەرە و بنەمای ڕوکنی زەکاتە.

شێوازی دووەمیان:

بەخشین و یارمەتیدانی دەوروبەر

(ئەم شێوازە بنەمای ڕوکنی زەکاتە)

شێوازی دووەمی جوان هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەوروبەر کە لە تێگەیشتنی ماناکانی (دەوڵەمەندی) خودا هەڵدەقووڵێن بریتییە لە بەخشین و یارمەتی دانی دەوروبەر. چونکە ئەو موسڵمانەی کە بە جوانی لە ماناکانی (دەوڵەمەندی) خودا تێدەگات، دەزانێت ئەوەی هەیەتی لە لەش ساغی و کەس وکار و موڵك ومالی دونیا هی خۆی نییە، بەڵکو ئەمانەتە لای ئەو، هی خودایە و بۆ خودا دەگەڕێتەوە،

(١) الفاتحة: ٦.

بۆیە ژیان وەکو حەقیقەتی خۆی دەبینێت، کە تەنها تاقیکردنەوەیە و هەوڵی سەرکەوتن لەم تاقیکردنەوەیەدا دەدات بە کاری خۆبەخشی و خزمەتکردنی دەوروبەر.

لەم بارەیەوەش پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت « وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ»[1]. واتە: کاری خێرخوازی و صەدەقەکردن بەڵگەی سەلماندنی ئیمانە. کاری خێرخوازیش مرۆڤ کاتێك دەیکات کە بزانێت ئەوەی هەیەتی هی خودایە و بۆ خودا دەگەڕێتەوە، کەواتە پێویستە لە ڕێگای خودادا بێت، بە هیوای پاداشتی ئەو و ترسی دورکەوتن لە سزای ئەو. ئەمەش لە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ مانا بەرزەکانی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا هەڵدەقووڵێت[2].

هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە:«عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ صَدَقَةٌ» (لە سەر هەموو موسڵمانێکە کاری خێرخوازی بکات). قِيلَ أَرَأَيْتَ إِنْ لَمْ يَجِدْ قَالَ (ئەی ئەگەر نەیبوو؟) « يَعْتَمِلُ بِيَدَيْهِ فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ » (پێویستە کاربکات سوود بەخۆی بگەیەنێت و صەدەقە بکات). قَالَ: قِيلَ أَرَأَيْتَ إِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ (ئەی ئەگەر نەیتوانی و کاری دەست نەکەوت) قَالَ « يُعِينُ ذَا الْحَاجَةِ الْمَلْهُوفَ» (با یارمەتی کەسێك بدات کە پێویستی بە یارمەتییە). قَالَ: قِيلَ لَهُ أَرَأَيْتَ إِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ (ئەگەر نەیتوانی؟)

---

(١) رواه مسلم (٥٥٦) و تمامه : أَبِي مَالِكٍ الأَشْعَرِيِّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلأُ الْمِيزَانَ . وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلآنِ - أَوْ تَمْلأُ - مَا بَيْنَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَالصَّلاَةُ نُورٌ وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا ».

(٢) لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاری خێرخوازی بەناوی مرۆڤایەتی (الإنسانیه) بەشێکە لە دژایەتیکردنی بیروباوەڕی ئیسلام، مەبەستی دوژمنانی ئیسلام لەم ناوە تەنها ئەوەیە کە بڵێن: کاری خێرخوازی بەخۆی خێرە بێئەوەی لە پێناو خودادا بێت و لە ترسی دوزەخی ئەو و پەروشی بەهەشتی ئەودا بێت، کە ئەمەش هەرگیز لە بیروباوڕی ئیسلامیدا قەبول نییە. ینظر: مذاهب فكرية معاصرة ص٥٨٩ـ٦٠٤لمحمد قطب و المناهي اللفظية ص١٦٢ ـ ١٦٣ لشيخ بكر أبو زيد.

قَالَ « يَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ أَوِ الْخَيْرِ » (با بەزۆبان فەرمان بە چاکە بکات) . قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ لَمْ يَفْعَلْ (ئەگەر نەیکرد!؟) قَالَ «يُمْسِكُ عَنِ الشَّرِّ فَإِنَّهَا صَدَقَةٌ»[١] . (با بێدەنگ بێت و شەڕ نەڵێت و شەڕ نەکات، ئەمە بۆی صەدەقە و کاری خێرخوازییە).

لەم فەرموودە پیرۆزەدا بە ڕوونی دیارە کە پلەکانی ئیمان نایەڵن مرۆڤی موسڵمان بەبێ سوود گەیاندن بە دەوروبەر بژیت. ئەمەش خاڵێکی دیکەی پەروەردەکردنی پێغەمبەرمانە (صلى الله عليه وسلم) بۆ هەڤاڵانی (رضي الله عنهم) کە یارمەتیدانی دەوروبەر بەئەرکی خۆیان بزانن، ڕوکنی (**زەکات**) لە ئیسلامدا بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە.

یاسای پێنجەم

ڕێزبەندی وانەکان لە پرۆژەی پەروەردەی ئیسلامیدا

لە کۆتایی یاسای چوارەم (بگرەو بەردەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا) پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی دیکە بکرێت، کە گرنگە باوکان و دایکان و مامۆستایان لە کاری پەروەردەییدا لێیان بەئاگابن، ئەم دوو خاڵەش یاسایەکی دیکەی بابەتەکەن کە ناونیشانی بریتییە لە ڕێزبەندی بابەتەکان لە پرۆژەی پەروەردەی ئیسلامیدا:

خاڵی یەکەم: هەنگاوە پەروەردەییەکانی پێش فێربوونی نوێژ و کاروکردەوەکانی بەندایەتی.

لە پێشەکی بابەتەکەمان باسمان لەم خاڵە کرد لێرەشدا شیاوی دووبارە کردنەوەیە، چونکە ئەگەر بە وردی لە یاسای چوارەم و دوو شێوازەکەی پێویست نەبوون بە دەوروبەر و خزمەت بەخشین بە دەوروبەر ورد ببینەوە، کە لە تێگەیشتنی ماناکانی سیفەتی (دەوڵەمەندی) خودای پەروەردگار هەڵدەقووڵێن، دەبینین کە گەورەترین دوو

(١) متفقٌ عليه

ڕوکنی کارای ئیسلام (نوێژ، زەکات) بۆ جوان تێگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی خودا دەگەڕێنەوە، بۆیەش دیتنی دیاردەی نەخوازراو لای موسڵمانی نوێژخوێن و زەکات دەر، تەنها بەڵگەی ئەوەیە کە نوێژکردنەکەی یان زەکات دانەکەی، وەکو عادات و نەریتی کۆمەڵگا وەریگرتووە، نەك وەکو تێگەیشتن لە ئیسلام و قورئان، بۆیە چارەی پەروەردەی کۆمەڵگامان لە هەنگاوەکانی پێش نوێژکردن و زەکاتدانەوە دەست پێدەکات، کە جوان تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی خودای پەروەردگارە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرماندا(صلى الله عليه وسلم)، ئەمەش خاڵێکی پەروەردەیی گرنگە پێویستە دایك و باوك و مامۆستایان لێی ئاگاداربن.

خاڵی دووەم: بارە دەروونییەکانی پاش ئەنجامدانی کاروکردەوەکانی بەندایەتی.

دوورکەوتنەوە و نزیکبوونەوە لە قەبوولبوون و قەبوولنەبوونی کاروکردەوەی موسڵمان لای پەروەردگار، بۆ جوان تێگەیشتنی موسڵمان دەگەڕێتەوە بۆ ناو و سیفەتەکانی خودا، بەتایبەتی سیفەتی دەوڵەمەندی پەروەردگار، کە پێویست دەکات مرۆڤ لە هەر کاروکردەوەیەکی چاکەکاریدا کە لە ڕێگای خودا دا ئەنجامی دەدات هەست بە هەژاری و پێویستی خۆی بکات بۆ قەبوولبوونی ئەم چاکەکارییە لای خودای پەروەردگار، بۆیەش پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە ڕاڤەی ئایەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ﴾ [1] بە عائیشەی دایکی موسڵمانان(رضي الله عنها) دەفەرمێت:((ئەمانە ئەو کەسانەن کە چاکەکاری دەکەن بە ڕۆژوو و نوێژ و صەدەقە، لەهەمانکاتدا ئەترسێن لێیان قەبوول

(١) المؤمنون: ٦٠ . واتە : ئەوانەی خێر و خێرات دەکەن بەدڵێکی پڕ ترسەوە، بێ گومانن لە گەڕانەوەیان بۆ لای خودای پەروەردگار.

نەکرێت))[١] ! ئەم ترسەش بۆ جوان تێگەیشتنیان لە ناو و سیفەتەکانی خودای پەروەردگار دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی سیفەتی دەوڵەمەندی. هەر بۆیەش لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە تەنها زانایان هەڵگری سیفەتی ترسن لە پەروردگار ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ﴾[٢] واتە: لە زاراوەی قورئانیدا زانا ئەوە نییە کە شارەزابێت لە زانستە ئیسلامییەکان وەکو (نحو و صرف و ناسخ و منسوخ و جرح و تعديل ...الخ)، بەڵکو ئەوەیە لە خودا ترس بێت، ئەمەش کاتێکە کە زانا بێت بە گەورەیی خودای پەروەردگار و ناو و سیفەتەکانی، ئەم زانستەش هانی مرۆڤ دەدات بۆ زۆری چاکەکاری و بەردەوامی پارانەوە لە ترسی قەبوولنەبوون ـ ئەگەر ئەم مرۆڤە نەخوێندەواریش بێت! ـ . ئەمەش خاڵێکی دیکەی پەروەردەییە کە پێویستە دایك و باوك و ماموستایان لێی ئاگاداربن.

﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ﴾

---

(١) أخرجه الترمذي (٣٤٧٥) و نصه : ... عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ سَعِيدِ بْنِ وَهْبٍ الْهَمْدَانِىِّ أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم قَالَتْ سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم عَنْ هَذِهِ الآيَةِ (وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ) قَالَتْ عَائِشَةُ أَهُمُ الَّذِينَ يَشْرَبُونَ الْخَمْرَ وَيَسْرِقُونَ قَالَ «لاَ يَا بِنْتَ الصِّدِّيقِ وَلَكِنَّهُمُ الَّذِينَ يَصُومُونَ وَيُصَلُّونَ وَيَتَصَدَّقُونَ وَهُمْ يَخَافُونَ أَنْ لاَ يُقْبَلَ مِنْهُمْ أُولَئِكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِى الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ» . قَالَ أبو عيسى: وَقَدْ رُوِىَ هَذَا الْحَدِيثُ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ سَعِيدٍ عَنْ أَبِى حَازِمٍ عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم نَحْوَ هَذَا .

(٢) فاطر:٢٨.

بەشی سێیەم

پەیوەندی نێوان بەندە و خودا، لە ڕوانگەی تێگەیشتنی بەندە بۆ سیفەتی دەوڵەمەندی خودا

یاسای شەشەم

پەیوەندی نێوان سوپاسگوزاری مرۆڤ و سیفەتی دەوڵەمەندی خودا

پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان هەستکردنی بەندە بە سیفەتی دەوڵەمەندی پەروەردگار و سوپاسگوزاری نواندنی بەندە بۆ پەروەردگار، واتە هەرچەند بەندە زیاتر هەست بە سیفەتی دەوڵەمەندی پەروەردگار بکات، زیاتر سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگار دەنوێنێت. چونکە زیاتر هەست بە شایستەیی پەروەردگار دەکات بۆ سوپاسگوزاری، ئەمەش مانای سیفەتی ﴿ٱلۡحَمِيدُ﴾ە، کە کاکلەی بەندایەتی بەندەکانە بۆ پەروەردگار، بۆیە لە چەندین ئایەتدا لەگەڵ سیفەتی دەوڵەمەندی پەروەردگار﴿ٱلۡغَنِيُّ﴾ هاتووە لەوانە:

* ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾[1]

* ﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكۡفُرُوٓاْ أَنتُمۡ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾[2]

* ﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ﴾[3]

---

(١) البقرة:٢٦٧ .

(٢) إبراهيم: ٨ .

(٣) فاطر: ١٥ .

❊ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأۡتِيهِمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٞ يَهۡدُونَنَا فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْ ۚ وَّٱسۡتَغۡنَى ٱللَّهُۚ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ (١)

ئەم پێکەوەهاتنەی سیفەتی شایستەیی خودا بە سوپاسگوزاری بەندەکانی﴿ٱلۡحَمِيد﴾ لەگەڵ سیفەتی دەوڵەمەندی پەروەردگار ﴿ٱلۡغَنِي﴾ سەلماندنێکی کارای ماناکانی بەندایەتییە، کە بریتییە لە هەڵقووڵانی هەڵسوکەوتی بەندایەتی لە تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی پەروەردگار، لە دەرەنجامی ئەمەش ئەو بەندایەتییەی کە موسڵمانێك وەکو عادات و نەریتی کۆمەڵگا وەریگرتووە، بەهۆی ئەم تێگەیشتنەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەندایەتییەکی ڕاستەقینە، واتە نواندنی سوپاسگوزاری بەدڵ ـ نەك تەنها بەزار ـ ئەمەش کاتێك دێتەدی کە ماناکانی سیفەتی ﴿ٱلۡغَنِي﴾ ی پەروەردگار لەم دڵەدا بە جوانترین مانا بەرجەستەبن، چونکە تەنها لە کاتی هەستکردن بە گەورەیی و دەوڵەمەندی و باڵادەستی پەروەردگار بەندە هەست بە شایستەیی پەروەردگار دەکات بۆ سوپاسگوزاری. ئەمەش نواندنی کارای سیفەتی ﴿ٱلۡحَمِيد﴾ە لەلایەن بەندە، کە لە هەژاری نواندنی بەندە هەڵدەقووڵێت بەرامبەر بە دەوڵەمەندی خودای پەروەردگار، هەروەها ئەمە تەفسیرێکی کارایە بۆ ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾(٢) کەموسڵمان ڕۆژانە ١٧جار دووبارەی دەکاتەوە بەزۆبان و بەدڵ دەڵێت: خودایە سوپاسگوزاریت بۆ دەنوێنم، چونکە تۆ دانەر و خاوەن و پەروەردگاری هەموو بوونەوەری ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ (دەوڵەمەندی ڕەهات هەیە). بەمانایەکی دیکە هەستکردن بە دەوڵەمەندی پەروەردگار مەرجە لە نواندنی سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگار، بەڵکو مەرجە لە هەبوونی بەندایەتی بەندە بۆ پەروەردگار، ئەمەش

(١) التغابن:٦ .

(٢) الفاتحة: ٢ .

بریتییە لە نهێنی پێکەوەهاتنی هەردوو سیفەتی دەوڵەمەندی خودا﴿ٱلۡغَنِيُّ﴾ و شایستەیی خودا بۆ سوپاسگوزاری ﴿ٱلۡحَمِيدُ﴾، هەرچەندە هەستکردن بەم دەوڵەمەندییەی پەروەردگار زیاتربێت، ئەوەندە بەندە لە بەرزایەکانی بەندایەتی و سوپاسگوزاری نزیك دەبێتەوە. ئەگەر نا ئەوا هەڵسوکەوتەکانی بەندایەتی بەندە تەنها پاشماوەی نەریت و عاداتی کۆمەڵگان و دوورن لە ڕوحی بەندایەتی، کە ئەمە حاڵی بەشێکی زۆری موسڵمانانە.

یاسای حەفتەم

پێویستی ڕوحی مرۆڤ بە دەوڵەمەندی خودا لە پێویستی ماددی زیاترە

پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ﴾ [١] واتە: (ئەی خەڵکینە ئێوە هەژارن بەرامبەر بە خودا، خوداش دەوڵەمەندە و شایستەی سوپاسگوزارییە). پێویستە بزانرێت کە ئەم هەژارییەی بەندە بەرامبەر بە خودای پەروەردگار دوو جۆرە:

یەکەمیان: **هەژاری ماددی**، کە پێویستی مرۆڤە بۆ هەوا و ئاو و خواردن و خواردنەوە و پێداویستییە ماددییەکانی دیکەی ژیان[٢]، کە گشت مرۆڤایەتی لەسەر داننان بەم هەژارییە هاوڕان، هیچ کەسێك بانگەشەی ئەوە ناکات کە دەتوانێت بەبێ خواردن و خواردنەوە بژیت، هەروەها هیچ کەسێك ئینکاری ئەوە ناکات کە ئەم ڕزقە لە خوداوەیە، ئەم گەردوونە خودایەك بەڕێوەیدەبات، ئەگەر کەسانێك ئینکاری ئەم

---

(١) فاطر: ١٥ .

(٢) و من اللطائف بهذا الصدد قول ابن حزم رحمه الله في كتابه(الأخلاق و السير ص١٤٨): (من عجيب تدبير الله ـ عزوجل ـ للعالم، أن كل شيء اشتدَّتِ الحاجة إليه كان ذلك أهون له ، و تأمل ذلك في الماء فما فوقه، و كل شيء اشتدَّ الغنى عنه كان ذلك أعزَّ له، و تأمل ذلك في الياقوت الأحمر، فما دونه).

ڕاستییەش بکەن، ئەوا ئەوانیش لە کاتی تەنگانەدا پەنا بۆ ئەو خودایە دەبەن و ئینکاریەکەیان لە بیر دەکەن، چونکە داننان بە هەبوونی خودایەك کە دانەر و ڕابەری ئەم گەردوونەیە شتێکی فیترییە لە غەریزەی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەموسڵمان و کافرەوە.

دووەمیان: **هەژاری ڕوحیی**، کە پێویستی مرۆڤە بەو خودا باڵادەستەی کە ئەم گەردوونەی خولقاندووە و هەڵیدەسوڕێنێت، وەدەستخستنی ئەم پێویستییە ڕوحییەش بە ئەنجامدانی بەندایەتی بۆ خودا و زۆری سوپاسگوزاری خودا ئەنجام دەدرێت، کە خاڵی جیابوونەوەی نێوان ئیمان و کوفرە و ناوەڕۆکی پەیامی گشت پێغەمبەرانە(علیهم السلام).

با بگەڕێینەوە بۆ ئایەتەکە: ﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ﴾[1] لە ڕێی وەڵامدانەوەی پرسیارێك بابەتەکە زیاتر ڕووندەبێتەوە، ئەویش:

بۆچی پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ﴾ و نەی فەرمووە: (أنتمُ الفقراءُ إلى الرَّب)؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە ناوی (الرب) ناوی پەروەردگارە بۆ ماناکانی بەخشین و(الله) ناوی پەروەردگارە بۆ پەرستن؟

وەڵامەکە بە کورتی ئەوەیە کە پەیامەکەی قورئانی پیرۆز بۆ تەحصیلی حاصل نەهاتووە، کە باس لە ملکەچی مرۆڤ بکات بەرامبەر ماناکانی پەروردگاری(الربوبیة)، بەڵکو بۆ جۆری دووەمی هەژاری مرۆڤایەتی هاتووە(توحید الألوهیة)، کە نواندنی هەژاری ڕوحییە بەرامبەر بە خودای پەروەردگار بە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی بەندایەتی بە پێی پەیامی پێغەمبەران (علیهم السلام)

(١) فاطر: ١٥ .

ئەمەش خاڵی تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتییە بە کوفر و ئیمان، بەم خاڵەش مرۆڤایەتی دەبێتە دوو لایەن:

لایەنی یەکەم: **لایەنی فیرعەون و ئەبو جەهل و قارون و هامان...هتد.** کە هەژارییە ماددییەکەیان وەکو پێویستیان بە ئاو و هەوا و خواردن و خواردنەوە و لەش ساغی ... هتد،(الفقر إلى رب العالمين) **نەبووتە** ڕێگا بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەران (عليهم السلام) و نواندنی هەژاری بۆ خودا بە بەندایەتیکردنی (الفقر إلى الله).

لایەنی دووەم: **لایەنی بڕواداران و پیاوچاکان،** کە هەژارییە ماددییەکەیان لە پێویستیان بۆ ئاو و هەوا و خواردن و خواردنەوە و پێویستییە ماددییەکانی دیکەی ژیان(الفقر إلى رب العالمين) بۆیان بووتە ڕێگا بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەران(عليهم السلام) و نواندنی هەژاری بۆ خودا بە بەندایەتیکردنی (الفقر إلى الله).

کەواتە پەروەردگار کە دەفەرمێت ﴿أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ﴾ و نافەرمێت: (أنتمُ الفقراءُ إلى رب العالمين)، ئاماژەیە بۆ مرۆڤایەتی، کە ڕێگای ڕزگاربوون دەستگرتنە بە ڕێبازی پێغەمبەران(عليهم السلام) لە بەندایەتیکردندا بە نواندنی هەژاری بۆ خودا(الفقر إلى الله) و تەنها داننان بە وجودی خودا کە خۆی خالق و ڕازقە (الفقر إلى رب العالمين) مرۆڤ لە دۆزەخ ڕزگار ناکات، چونکە گشت مرۆڤایەتی لە سەر ئەمە هاوڕایە بە موسڵمان و کافرەوە، تەنانەت ـ وەکو باسکرا ـ ئەو کافرانەی ئینکاری ئەم هەژارییە دەکەن بە زۆبان، بە هەڵسوکەوت ئیقراری ئەم هەژارییە دەکەن، ئەمە هەژاری گشت مەخلوقاتی خودایە بۆ خودای پەروەردگار[1].

---

(١) قال ابن القيم في طريق الهجرتين(ص٨ـ١١): فتأمل قوله تعالى ﴿أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ﴾ باسم الله دون اسم الربوبية ليؤذن بنوعي الفقر، فإنه كما تقدم نوعان: فقرٌ إلى الربوبية و هو فقر المخلوقات بأسرها، و فقرٌ إلى ألوهيته و هو فقر أنبياءه و رسله و عباده الصالحين، و هذا هو الفقر النافع، و الذي يشير إليه القوم و

نواندنی ئەم دوو جۆرە هەژارییەش بەرامبەر بە خودای پەروەردگار لەلایەن موسڵمانەوە خاڵی بەختەوەرییەتی، بەڵام لای موسڵمانان هەموو کات هەژاری ڕوحی بەرامبەر پەروەردگار کە بە وەدەستخستنی زانستی پێغەمبەرانەوە(علیهم السلام) ئەنجام دەدرێت، گرنگترە لە هەژاری ماددی، کە بە وەدەستخستنی خواردن و خواردنەوە و پێویستییە ماددییەکانی ژیانەوە ئەنجام دەدرێت.

لەم بارەیەوە **ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل** (رحمه الله) دەفەرمێت:

(الناس محتاجون إلى العلم ـ علم الأنبياء ـ أكثر من حاجتهم إلى الطعام و الشراب، لأن الطعام و الشراب يُحتاج إليه في اليوم مرةً أو مرتين و العلم يُحتاج إليه بِعدد الأنفاس)[1]

واتە : (خەڵکان زیاتر بۆ زانستی پێغەمبەران (علیهم السلام) پێویستن، لە پێویستیان بۆ خواردن و خواردنەوە، چونکە خواردن و خواردنەوە جێی پێویستییە بۆ مرۆڤ ڕۆژانە جارێك یان دووجار، بەڵام زانستی پێغەمبەران(علیهم السلام) مرۆڤ بە ژمارەی هەناسەکانی پێویستییەتی).

ئیبن تەیمییە(رحمه الله) وتە زێڕینەکەی ئیمام ئەحمەد بەشێوەیەکی دیکە دووبارە دەکاتەوە و دەفەرمێت:

((و ليست حاجة أهل الأرض إلى الرسول كحاجتهم إلى الشمس و القمر و الرياح و المطر، و لا كحاجة الإنسان إلى حياته، ولا كحاجة العين إلى ضوئها، و الجسم إلى الطعام و الشراب، بل أعظم من ذلك، و أشد حاجة من كل ما يقدر و يخطر ببال،

يتكلمون عليه و يشيرون إليه و هو الفقر الخاص لا العام، و قد اختلفت عباراتهم عنه ووصفهم له كلٌ أخبر عنه بقدر ذوقه و قدرته على التعبير)) ينظر : النهج الأسمى للنجدي ص٤٦١.

(١) ينظر: مسائل حرب(٣٤٣) و طبقات الحنابلة(١\٣٩٠) و الآداب الشرعية لإبن المفلح(٢\٤٤) و مفتاح دار السعادة لإبن القيم (١\١٦٤ ، ٢٢٦ ط عالم الفوائد)

فالرسل وسائط بين الله و بين خلقه في أمره ونهيه و هم السفراء بينه و بين عباده))[١]

واتە : (پێویستی خەڵکی ئەم زەمینە بۆ هاتنی پێغەمبەران (عليهم السلام) وەکو پێویستیان نییە بۆ ڕۆژ و مانگ و با و باران، هەروەها وەکو پێویستی مرۆڤ نییە بۆ ژیانەکەی! یان پێویستی چاو بۆ تیشکی ڕووناکی ، یان پێویستی جەستە بۆ خواردن و خواردنەوە، بەڵکو لە هەموو ئەم پێویستیانە گەورەترە کە بە هزری مرۆڤدا بێت، چونکە پێغەمبەران (عليهم السلام) تاکە ڕێگای گەیاندنی بەندەکانی خودان بە خودا، بە گەیاندنی پەیامی خودا بە مرۆڤایەتی).

هەر بۆیەش لە ئایەتی﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾[٢] ی فاتیحەدا یەکخوداپەرستی کە ئەنجامدانی سوپاسگوزارییە بەماناکانی ﴿الله﴾ { کە بە نوێژ و ڕۆژوو... هتد ئەنجام دەدرێت} خراوەتە پێش یەکخوداپەرستی کە ئەنجامدانی سوپاسگوزارییە بە ماناکانی ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾، {کە ئیقرارکردنە بە ماناکانی پەروەردگاری کە ڕزق و لەش ساغی و ....هتد پێمان دەبەخشێت} .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی خودا بە مرۆڤایەتی بەخشیوە لە نیعمەتی ناردنی پێغەمبەران(عليهم السلام) کە بەهۆیانەوە ماناکانی خوداپەرستی دەزانین، گەورەترە لە نیعمەتی باراندنی باران و بەخشینی ڕزق و لەش ساغی...هتد کە تەنها بە هەبوونیان ژیان چەمکێکی ئازاری بێمانادەبوو، ئەگەر بە پەیامی پێغەمبەران (عليهم السلام) ڕووناك نەکرابایەوە[٣].

---

(١) مجموعة الفتاوى (١٩\١٠١) (١٩\٩٣ـ٩٤) و نحوه كلام ابن القيم في زاد المعاد (١\٦٩) .

(٢) الفاتحة: ٢ .

(٣) لە باسی ئازاری ژیانی بێ پەیامی مرۆڤایەتیدا حەکیمێکی صینی دەڵێت:(وُلِدوا فَتَعَذبوا فَماتوا)! واتە: لە دایك بوون، ئازاریان کێشا و مردن! ئەمە لە زاراوەی فەلسەفی (عبثية)ی پێیدەڵێن، خودای پەروەردگار مرۆڤ لەم هزرە ئیلحادیە ئاگادار دەکاتەوە و دەفەرمێت: ﴿أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ١١٥ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ﴾ (المؤمنون:١١٥ ـ ١١٦) واتە: ئایا گومانتان وابوو، کە خودا ئێوەی

بەڵام تەنها بڕواداران هەست بەم نیعمەتە دەکەن، بەم هەستکردنەش لە جیهانی بەرزی فریشتەکان نزیك دەبنەوە بە ئەنجامدانی چاکەکاری و زۆری زیکرکردن.

لەبەرئەوەی کافرەکان هەست بەم نیعمەتە ناکەن، بۆیە بە نەبوونی ئەم هەستکردنە لە جیهانی ئاژەڵی نزیك دەبنەوە و تەنها بیر لە خواردن و خواردنەوە و ژیانی جنسی و سەرداری مێگەلەکەیان دەکەن.

هەر لەبەر ئەمەش کاتێ قورئانی پیرۆز باس لە تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی دەکات لەم جیهانەدا، لەباسی موسڵمانانداا دەفەرمێت ﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾[1] ترسی دڵ کە شتێکی ڕوحییە وەپێش برسێتی جەستە دێنێت کە شتێکی ماددییە، چونکە موسڵمان ڕوویە ڕوحییەکەی پێ گرنگە، کە سەرداری بڕیارەکانی ژیانی دەکات. هەروەها لە باسی کافرەکاندا دەفەرمێت: ﴿ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ﴾[2] برسێتی جەستە کە شتێکی ماددییە وە پێش ترسی دڵ دەخات کە شتێکی ڕوحییە، چونکە کافر ڕوویە ماددییەکەی پێ گرنگە، کە سەرداری بڕیارەکانی ژیانی دەکات.

دروستکردووە بە بێ مەبەست و ئەمرو نەهی کردن! و ناتانگەڕێنتەوە بۆ حیساب لەگەڵ کردن!؟ بەرز و بڵندی بۆ خودا لەم گومانە خراپەی کەسانێك پێی دەبەن، خودا مەلیکی حەقە، هیچ پەرستراوێکی حەق نییە بێجگە لەو، خاوەنی عەرشی شوکودار و بەڕێزە، کەواتە چۆن دەبێت ئەم گومانە خراپەی پێی ببرێت، کە بەبێ پەیامی حەق مرۆڤ بە جێبێڵێت! ينظر: المستدرك على معجم المناهي اللفظية ص٣١١-٣١٢ تأليف سليمان الخراشي ط.دار طيبة.

(١) البقرة:١٥٥ .

(٢) قريش: ٤ .

بەشی چوارەم

قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دوو سەرچاوەی تێگەیشتن و کارپێکردنی مانابەرزەکانی سیفەتی دەوڵەمەندی خودای پەروەردگارن

یاسای هەشتەم

جوان تێگەیشتنی سیفەتی دەوڵەمەندی خودای پەروەردگار، دەوڵەمەندبوونی مرۆڤە بە قورئانی پیرۆز.

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ»[1]. ئەم فەرموودەیە زانایان بە دوو مانا لێکدەدەنەوە:

یەکەمیان: دەنگ خۆشکردن بە قورئان.

دووەمیان: دەوڵەمەندبوون بە قورئان.

زۆر لە زانایان بۆ مانای دووەم دەچن[2]، فەرموودەکەش هەردوو مانا هەڵدەگرێت، لێرەدا مەبەستمان مانای دووەمیەتی واتە : لە ئێمە نییە کەسێك قورئانی بەس نەبێت و بە قورئان دەوڵەمەند نەبێت!

لێرەدا ئەگەر بپرسین مەبەست لە دەوڵەمەندبوون بە قورئان چییە؟ چ پەیوەندییەکی هەیە بە سیفەتی دەوڵەمەندی خودای پەروەردگارەوە؟

بە وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە بابەتەکەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە:

وەڵامی یەکەم: مەبەست لە دەوڵەمەندبوون بە قورئان دەوڵەمەندبوونی دڵە بە قورئانی پیرۆز بەشێوەیەك خاوەنی دڵی پڕ قورئان، ئەگەر لە ڕووی ماددی هەژار

---

(١) أخرجه البخاري (٧٦٢١ مكنز) و أبو داود(١٤٧١ ـ ١٤٧٣ مكنز)

(٢) ينظر: فتح المجيد في حكم القراءة بالتغني و التجويد ص٢٩ ـ ٣٢ تأليف : الدكتور سعود الفنيسان.

بێت، یان دەوڵەمەند بێت، ئەوا کەسایەتییەکەی بەسەر دیاردەی هەژاری یان دەوڵەمەندی بەرزبووتەوە، تەنانەت هەست بە جیاوازییان ناکات، ئەگەر دەوڵەمەندبێت ـ لەڕووی ماددییەوە ـ قورئانی ناو دڵی دەوڵەمەندییەکەی دەڕازێنێتەوە بە زۆری بەخشین و چاکەکاری، ئەگەر هەژاریش بێت ـ لەڕووی ماددییەوە ـ هەست بە هەژاری ناکات، چونکە قورئانی ناو دڵی بەرزی کردووتەوە بۆ پلەکانی دەوڵەمەندبوونی ڕاستەقینە لەناخیدا.

قورئانی پیرۆز باس لەمانە دەکات و دەفەرمێت: ﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾[1] واتە:(ئەی موسڵمانان لاواز و خەمبار مەبن، چونکە هەر ئێوە سەرفراز و سەرکەوتووترن، ئەگەر ئیمانداری ڕاست و دروست بن). ئەم ناخە دەوڵەمەندەش لە دەم و چاو و هەڵسوکەوتیان ڕەنگ دەداتەوە، پەروەردگار لە باسیاندا دەفەرمێت: ﴿تَحۡسَبُهُمُ ٱلۡجَاهِلُ أَغۡنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعۡرِفُهُم بِسِيمَٰهُمۡ﴾[2] واتە: سەرەڕای ئەوەی واقعێك بەسەریاندا سەپێنراوە کە کەم دەرامەت بن، بەڵام لە دەم و چاویان نەفس بەرزی و دەوڵەمەندی دیارە، ئەمەش دەرەنجامی زۆری شەو نوێژ و قورئان خوێندنیانە کە پەروەردگار لە وەسفیاندا دەفەرمێت: ﴿سِيمَاهُمۡ فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِۚ﴾[3].

وەڵامی دووەم: پەیوەندی ئەم دەوڵەمەندییەش بە سیفەتی پیرۆزی دەوڵەمەندی خودای پەروەردگار، ئەوەیە کە بنچینەی ئەم دەوڵەمەندییە بۆ دەوڵەمەندی مادی ناگەڕێتەوە لە سەرمایەو پۆشاکی دونیا، بەڵکو بۆ بارێکی پەروەردەیی دڵ دەگەڕێتەوە، کە خوێندن و تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز بە مرۆڤ دەبەخشێت و دەیکاتە

(١) آل عمران : ١٣٩.

(٢) البقرة : ٢٧٣.

(٣) الفتح: ٢٩ .

خاوەن هەستێکی دەوڵەمەند، چونکە بووتە مرۆڤێك کە پشتوپەنای تەنها خودایە، کە خاوەن موڵکی زەوی و ئاسمانەکانە، بەمەش ئومێدی بە مەخلوق نامێنێت کە پێی ببەخشێت یان پارێزگاری لێبکات، چونکە تەنها بە خالق ئومێدەوارە، کە هەموو بەخشین و پارێزگارییەك لە دەست خودای پەروەردگارە. ئەمەش گەورەترین خاڵی پەروەردەییە لە دەیان ئایەتی قورئانی پیرۆزدا لەوانە:

* ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ (١)

* ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ (٢) .

* ﴿ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا وَلَا يُنقِذُونِ﴾ (٣) .

* ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ﴾ (٤) .

کە هەموویان مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە لەوەی کە بەینی خۆی و خودا ئاوەدان بکات بە بەندایەتیەکی ڕاستەقینە تەنها بۆ خالق، چونکە جلەوی هەموو مەخلوقێك لە دەست ئەوە، دەیان ئایەتی دیکە بەم مانایانە هاتوون، کە بەردی بناغەی پەروەردەیین لە بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤی موسڵمان، هەر بۆیەش **موسڵمانە یەکەمەکان کە لەسەر قورئان پەروەردەکرابوون، کاتێ لەوپەڕی بێ دەستەڵاتیدا بوون، تەنها بە قورئان دەوڵەمەندبوون**، وەکو أبو بكر الصديق (رضي الله عنه)، کە قەبوولی نەکرد لە ژێر

(١) الأنعام: ١٧.

(٢) يونس: ١٠٧.

(٣) يس: ٢٣.

(٤) الزمر: ٣٨.

پەنای (ابن الدَّغِنَة) پارێزراو بێت لە مەککە، بەرامبەر وازهێنان لە قورئان خوێندنەوە بە دەنگێك کە دڵی ئافرەت و منالی مەککەی پێ ڕادەکێشا بۆ ئیسلامەتی[١].

هەروەها **کاتێ لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوون تەنها بە قورئان دەوڵەمەند بوون**، وەکو عثمان (رضي الله عنه) کە قەبوولی نەکرد هیچ هەڤاڵێکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەرگری لێ بکات، سوپای ئیسلام بۆ خۆی بەکاربهێنێت دژ بەو ستەمەی کە لێی دەکرێت، تاوەکو بەهۆیەوە خوێنی هیچ موسڵمانێك نەڕژێت و بە قورئان خوێندنەوە دەوڵەمەندببوو، منەتی بە کەس نەبوو پەناشی بۆ کەس نەبرد، چونکە لە وتاری قورئانی تێدەگەیشت و دەیزانی پەنای تەنها خودای باڵادەستە، بەمە ئارامی گرت و هانی هەڤاڵانی پێغەمبەریدا (صلى الله عليه وسلم) ئارام بگرن، تاوەکو لەسەر قورئانەکەی شەهید کرا و دوا دڵوپی خوێنی کەوتە سەر ئایەتی ﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ ﴾[٢] واتە خودا تولەت بۆ دەکاتەوە[٣].

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە موسڵمان بزانێت دەوڵەمەندبوون بە قورئان، تێگەیشتنی ڕێگای قورئانی پیرۆزە بۆ گەیشتن بە دەوڵەمەندبوونی ڕاستەقینە و چەشتنی تامی ئەم دەوڵەمەندییە. ئەمەش کاتێکە کە مرۆڤ هەست بکات ڕووی لە خودایە کە خاوەنی زەوی و ئاسمانەکانە و خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکە و تەنها پێویستی بە ئەوە، پشتی لە هەموو شتێکی دیکەیە کە لە ڕێگای ئەودا نەبێت.

---

(١) قصة جوار ابن الدغنة لأبي بكر الصديق (رضي الله عنه) تجدها في البخاري (٢٢٩٧) و ينظر : كتاب أبو بكر الصديق خليفة رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ص١٣٠ ـ ١٣٤ لعبد الستار الشيخ.

(٢) البقرة : ١٣٧.

(٣) ينظر: كتاب الإنصاف فيما وقع في العصر الراشدي من الخلاف ص٢٦٣ ـ ٣٤٥ تأليف الدكتور حامد محمد الخليفة ط: الميمان.

یاسای نۆیەم

سێگوشەی دروستکردنی دەوڵەمەندی لە کەسایەتی موسڵماندا

بە پێداچوونەوەیەك لە فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بە پەروەردەکرنی تاکی موسڵمان کە ناخێکی دەوڵەمەندی هەبێت، دەبینین فەرموودەکانی بۆ سێ خاڵ دەگەڕێنەوە، کە بریتین لە سێگۆشەی دروستکردنی دەوڵەمەندی لە کەسایەتی موسڵماندا، کە ئەمانەن:

یەکەمیان: ئاوڕدانەوەی دڵ لە بەندایەتی و خەم هەڵگرتنی دڵ بۆ ڕۆژی دوایی.

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرمێت: « إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَقُولُ يَا ابْنَ آدَمَ تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِى أَمْلأْ صَدْرَكَ غِنًى وَأَسُدَّ فَقْرَكَ وَإِلاَّ تَفْعَلْ مَلأْتُ يَدَيْكَ شُغْلاً وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ»[1]. واتە: (خودای پەروەردگار دەفەرمێت، ئەی نەوەی ئادەم، خۆت یەکلابکەرەوە و ڕوو لە بەندایەتیم بکە، سینەت پڕ لە دەوڵەمەندی دەکەم، هەژاریت بۆ پێداویستییەکانی دونیا لە سەرت لا دەدەم، ئەگەر نا دەستت پڕکار دەکەم و ناخت هەر بە هەژاری دەهێڵمەوە!).

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت : « مَنْ كَانَتِ الدُّنْيَا هَمَّهُ فَرَّقَ اللَّهُ عَلَيْهِ أَمْرَهُ وَجَعَلَ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ وَلَمْ يَأْتِهِ مِنَ الدُّنْيَا إِلاَّ مَا كُتِبَ لَهُ وَمَنْ كَانَتِ الآخِرَةُ نِيَّتَهُ جَمَعَ اللَّهُ لَهُ أَمْرَهُ وَجَعَلَ غِنَاهُ فِى قَلْبِهِ وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِىَ رَاغِمَةٌ »[2].

---

(١) أخرجه الترمذي (٢٦٥٤ مكنز) وقال حديث حسنٌ غريب و أخرجه الحاكم في مستدركه (٤\٣٢٦) و صححه و وافقه الذهبي ، و الصواب تحسينه كما ذهب إليه محققوا المسند(١٤\٣٢١ط: مؤسسة الرسالة).

(٢) أخرجه ابن ماجه (٤٢٤٤ مكنز) و صححه الشيخ ناصر(٣٣١٣صحيح ابن ماجه) و الشيخ شعيب الأرنورط في تحقيقه لسنن ابن ماجه (٥\٢٢٧ـ٢٢٨ رقم:٤١٠٥ ط مؤسسة الرسالة).

واتە : (ئەوکەسەی هەموو هەم و غەمی دونیابێت، خودا پلانەکانی پەرتەوازە دەکات، مۆری هەژاری لە ناوچاوانی دەدات، دونیاش هەر ئەوندەی بۆ دێت کە بۆی نووسراوە، ئەوکەسەش کە نییەتی ئاخیرەت بێت، خودا کارەکانی (دونیا و ئاخیرەت)ی بۆ کۆدەکاتەوە و ئاساندەکات، دڵیشی پڕ لە دەوڵەمەندی دەکات، ڕزقی دونیاش بۆ ڕادەکات بێئەوەی ئەو بە دوای ئەم ڕزقەدا ڕابکات!)

دووەمیان: ڕازیبوون بەوەی کە خودا بەخشیویەتی، چاوتێری لەوەی کە لە دەست خەڵکە.

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: «... ارْضَ بِمَا قَسَمَ اللَّهُ لَكَ تَكُنْ أَغْنَى النَّاسِ ...»[1] . واتە : (ڕازیبە بەوەی خودا بۆ تۆی نووسیوە لە ڕزق، دەبیتە دەوڵەمەندترینی خەڵك).

* پرسیار لە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەکرێت: «مَا الغِنَى؟» دەوڵەمەندی چییە؟ فەرمووی « اليَأْسُ مِمَّا فِي أَيْدِي النَّاس»[2] چاوتێری لەوەی کە لە دەست خەڵکە.

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: « لَيْسَ الْغِنَى عَنْ كَثْرَةِ الْعَرَضِ ، وَلَكِنَّ الْغِنَى غِنَى النَّفْسِ»[1]. واتە: (دەوڵەمەندی بریتییە لە دەوڵەمەندی دەروونی مرۆڤ، نەك زۆری ماڵ و پۆشاکی دونیا).

---

(١) أخرجه الترمذي (٢٤٧٥مكنز) و حسنه الشيخ شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لجامع الترمذي(٤\٣٤٦ ط المؤسسه) و حسَّنه أيضاً الشيخ ناصر في صحيح سنن الترمذي(١٨٦٧) و الحديث بتمامه : عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « مَنْ يَأْخُذُ عَنِّى هَؤُلاَءِ الْكَلِمَاتِ فَيَعْمَلُ بِهِنَّ أَوْ يُعَلِّمُ مَنْ يَعْمَلُ بِهِنَّ ». فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ فَقُلْتُ أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ فَأَخَذَ بِيَدِى فَعَدَّ خَمْسًا وَقَالَ « اتَّقِ الْمَحَارِمَ تَكُنْ أَعْبَدَ النَّاسِ وَارْضَ بِمَا قَسَمَ اللَّهُ لَكَ تَكُنْ أَغْنَى النَّاسِ وَأَحْسِنْ إِلَى جَارِكَ تَكُنْ مُؤْمِنًا وَأَحِبَّ لِلنَّاسِ مَا تُحِبُّ لِنَفْسِكَ تَكُنْ مُسْلِمًا وَلاَ تُكْثِرِ الضَّحِكَ فَإِنَّ كَثْرَةَ الضَّحِكِ تُمِيتُ الْقَلْبَ ».

(٢) أخرجه الطبراني في الأوسط(٥٧٧٦) و حسَّنه الشيخ ناصر في السلسلة الصحيحة(١٩١٤).

سێیەمیان: زۆری داواکاری دەوڵەمەندبوون لە خودا و خۆڕاهێنان لە سەر دەوڵەمەندبوونی دەروونی، بە پشت بەستن بە خودا.

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئەم دوعایەی دووبارە دەکردەوە: « اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى »[٢]. واتە: (خودایە داوای هیدایەت و تەقواداری و داوێن پاکی و دەوڵەمەندیت لێدەکەم).

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) پاشی نوێژان و هەموو بەیانی و ئێواران خۆی بە خودا دەپاراست لە کوفر و هەژاری و دەی فەرموو: « اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكُفْرِ وَالْفَقْرِ »[٣].

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: « وَمَنْ يَسْتَغْنِ يُغْنِهِ اللَّهُ »[١] واتە: (ئەوەی داوای دەوڵەمەندی لە خودا بکات، خودا دەوڵەمەندی دەکات، چاوتێری دەکات لەوەی لە دەست خەڵکە و دەیکاتە مرۆڤێکی بەخشەر).

---

(١) متفقٌ عليه.

(٢) أخرجه مسلم (٢٧٢١)

(٣) أخرجه أبوداود في سننه (٥٠٩٠ مكنز) والحديث بتمامه: حَدَّثَنَا الْعَبَّاسُ بْنُ عَبْدِالْعَظِيمِ وَمُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى قَالاَ حَدَّثَنَا عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ عَمْرٍو عَنْ عَبْدِ الْجَلِيلِ بْنِ عَطِيَّةَ عَنْ جَعْفَرِ بْنِ مَيْمُونٍ قَالَ حَدَّثَنِى عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِى بَكْرَةَ أَنَّهُ قَالَ لأَبِيهِ يَا أَبَةِ إِنِّى أَسْمَعُكَ تَدْعُو كُلَّ غَدَاةٍ اللَّهُمَّ عَافِنِى فِى بَدَنِى اللَّهُمَّ عَافِنِى فِى سَمْعِى اللَّهُمَّ عَافِنِى فِى بَصَرِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ تُعِيدُهَا ثَلاَثًا حِينَ تُصْبِحُ وَثَلاَثًا حِينَ تُمْسِى . فَقَالَ إِنِّى سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَدْعُو بِهِنَّ فَأَنَا أُحِبُّ أَنْ أَسْتَنَّ بِسُنَّتِهِ . قَالَ عَبَّاسٌ فِيهِ وَتَقُولُ اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكُفْرِ وَالْفَقْرِ اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ تُعِيدُهَا ثَلاَثًا حِينَ تُصْبِحُ وَثَلاَثًا حِينَ تُمْسِى فَتَدْعُو بِهِنَّ فَأُحِبُّ أَنْ أَسْتَنَّ بِسُنَّتِهِ).

و أخرجه النسائي سننه ـ المجتبى ـ (١٣٥٥مكنز) و الحديث بتمامه: أَخْبَرَنَا عَمْرُو بْنُ عَلِىّ قَالَ حَدَّثَنَا يَحْيَى عَنْ عُثْمَانَ الشَّحَّامِ عَنْ مُسْلِمِ بْنِ أَبِى بَكْرَةَ قَالَ كَانَ أَبِى يَقُولُ فِى دُبُرِ الصَّلاَةِ اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكُفْرِ وَالْفَقْرِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ فَكُنْتُ أَقُولُهُنَّ فَقَالَ أَبِى أَىْ بُنَىَّ عَمَّنْ أَخَذْتَ هَذَا قُلْتُ عَنْكَ . قَالَ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم كَانَ يَقُولُهُنَّ فِى دُبُرِ الصَّلاَةِ .

یاسای دەیەم

ئاوڕدانەوە لە کۆششی زانایانی ئیسلام

لە بواری نزیککردنەوەی تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی خودای پەروەردگار

قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دوو تاکە سەرچاوەی تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی خودای پەروەردگارن، زانایانیشمان هەر لە کۆنەوە کۆششێکی زۆریان کردووە بۆ نزیککردنەوەی ماناکانی ئەم دوو سەرچاوەیە و ڕەتکردنەوەی هەر لێکدانەوەیەك کە دوور بێت لە تێگەیشتنی پێشینان بۆ ئەم دوو سەرچاوەیە، بەتایبەت لە بیروباوەڕ کە بەشی هەرە گرنگی بیروباوەڕیش تێگەیشتنی ناو و سیفەتەکانی پەروەردگارە.

بۆ ئەم مەبەستەش یاسای دەیەمی بابەتەکەمان ئاگادارکردنەوەی موسڵمانە کە خۆی نزیك بکات لە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی لەم ڕوویەوە نووسراون، بۆ ئەم مەبەستەش بیبلوگرافیایەکی بچووك دەخەینەڕوو لە باشترینی ئەم سەرچاوانە کە بە زمانی عەرەبی نووسراون[٢] :

---

(١) أخرجه البخاري(١٤٢٧) و تمامه: « الْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى ، وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ ، وَخَيْرُ الصَّدَقَةِ عَنْ ظَهْرِ غِنًى ، وَمَنْ يَسْتَعْفِفْ يُعِفَّهُ اللَّهُ ، وَمَنْ يَسْتَغْنِ يُغْنِهِ اللَّهُ » .

(٢) جێی نیگەرانییە کە تا ئێستا نووسینێکی ڕەسەن یان وەرگێڕانێکی زانستی سەبارەت بەم بابەتە لەناو پەرتووکخانەی کوردیدا نابینرێت.

بیبلوگرافیایەکی بچووك سەبارەت بە چەند سەرچاوەیەکی تایبەت بە باسی ناو و سیفەتەکانی خودای پەروەردگار

ئەو سەرچاوانەی تایبەتن بە باسی ناو و سیفەتەکانی پەروەردگار و چۆنیەتی تێگەیشتنیان و سوود لێوەرگرتنیان زۆرن، لەم بیبلوگرافیایەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو و بە دوو شێوە پۆلێنیان دەکەین:

شێوەی یەکەم: پەیوەندی بە پسپۆڕانی بابەتەکەوەیە وەکو بابەتێکی تایبەت بە بیروباوەڕی ئیسلامی، ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی سەرپێچین بۆ تێگەیشتنی پێشینان لە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و شوێنکەوتووانیان لەم بابەتەدا. باشترینی ئەم سەرچاوانەش کە وەکو لێکۆڵینەوە نووسراون ئەمانەن:

١ ـ مقالة التشبيه و موقف أهل السنة منها. تأليف الدكتور جابر بن ادريس بن علي (رسالة دكتوراه مطبوع في ثلاث مجلدات \ ط : أضواء السلف ـ رياض).

٢ ـ مقالة التفويض بين السلف و المتكلمين. تأليف محمد بن محمود آل خضير. (دراسة مطبوعة في مجلد كبير فيه الرد على كتاب القول التمام بإثبات التفويض مذهباً للسلف الكرام \ط:التكوين ـ الخُبر).

٣ ـ مذهب أهل التفويض في نصوص الصفات عرض و نقد. تأليف أحمد بن عبدالرحمن القاضي (مجلد كبير \ط. دار العاصمة) ثم اختصره المؤلف طُبِعَ في مجلد صغير دار ابن الجوزي.

٤ ـ تنبيه الخلف الحاضر على أن تفويض السلف لا ينافي الإجراء على الظواهر. تأليف العلامة بداه بن البصير الشنقيطي (مجلد\ ط. دار ابن حزم)

٥ ـ الأصول التي بنى عليها المبتدعة مذهبهم في الصفات و الرد عليها من كلام شيخ الإسلام ابن تيمية. تأليف: الدكتور عبدالقادر بن محمد عطا صوفي.(رسالة دكتوراه مطبوع في ثلاث مجلدات \ ط: اضواء السلف).

٦ ـ جهود الإمام ابن القيم في تقرير توحيد الأسماء و الصفات تأليف الدكتور وليد بن محمد عبدالله العلي (رسالة دكتوراه مطبوع في ثلاث مجلدات \ ط: دار البشائر ـ بيروت)

٧ ـ النفي في باب صفات الله عز و جل بين أهل السنة والجماعة و المعطلة.(تأليف أبي محمد أُرزقي السُعيداني (رسالة ماجستير مطبوع في مجلد \ ط: مكتبة دار المنهاج ـ رياض).

٨ ـ مجموعٌ فيه الصفات الإلهية. تأليف الدكتور محمد خليفة بن علي التميمي (ط: أضواء السلف ـ رياض).

٩ ـ معتقد أهل السنة و الجماعة في أسماء الله الحسنى. تأليف الدكتور محمد خليفة بن علي التميمي (ط: أضواء السلف ـ رياض).

١٠ ـ القواعد المثلى في صفات الله و أسمائه الحسنى للشيخ محمد بن صالح العثيمين (ط. أضواء السلف بتخريج و تعليق أبو محمد أشرف بن عبد المقصود).

١١ ـ دلالة الأسماء الحسنى على التنزيه. تأليف الدكتور عيسى بن عبدالله السعدي(ط: دار الأوراق الثقافية ـ جدة).

١٢ ـ صفات الله عزَّ وجل الواردة في الكتاب و السنة. تأليف علوي بن عبدالقادر السقاف (من مطبوعات الدرر السنية \ الظهران).

شێوەی دووەم: پەیوەندی بە تاکی موسڵمانەوەیە، کە لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانە، زیاتر لە پلەکانی بەندایەتی سەرکەوێت و بە جوانی کاروکردەوەی بەندایەتی ئەنجام بدات.

١ ـ النهج الأسمى في شرح أسماء الله الحسنى. تأليف محمد آل محمود النجدي (ط: مكتبة الإمام الذهبي ـ الكويت).

٢ ـ موسوعة أسماء الله الحسنى و صفاته الفضلى من الكتاب و السنة تأليف الدكتور محمد راتب النابلسي. (ط: مؤسسة الفرسان ـ الأردن \ عمان).

٣ ـ المعاني الإيمانية في شرح أسماء الله الحسنى الربانية تأليف وحيد بن عبد السلام بن بالي (ط : دار ابن رجب و دار ابن حزم ـ بيروت).

٤ ـ أسماء الله الحسنى الهادية إلى الله و المعرفة به . تأليف عمر سليمان الأشقر(ط: دار النفائس ـ الأردن \ عمان).

٥ ـ أسماء الله الحسنى المعاني و الآثار. تأليف الدكتور محمد مخزون (ط: دار السلام ـ مصر).

٦ ـ مع الله ـ الإسم الأعظم و قصة الأسماء الحسنى . تأليف الدكتور سلمان العودة (ط: دار السلام ـ مصر).

٧ ـ الأسماء الحسنى و الصفات العلى. تأليف عبدالهادي بن حسن وهبي(ط:دار الدليل الثرية ـ سعودية\الجبيل).

٨ ـ مختصر موسوعة أسماء الله الحسنى و أثرها في إستخلاف الإنسان في الأرض. تأليف الدكتور عقيل حسين عقيل (ط: دار ابن كثير\ دمشق ـ بيروت).

چەند خوێندنەوەیەك لە (ئینجیلی مەتتا)دا

پێش ئەوەی دەست بە چەند خوێندنەوەیەك بكەین لە (ئینجیلی مەتتا)دا پێویستیمان بە دوو پێشەكی هەیە:

پێشەكی یەكەم:

ئەگەر بگوترێت لە دیدەی هەموو موسڵمانێكدا (تەورات) و (ئینجیل) دەستكاری كراون، كەواتە چۆن دەبێت موسڵمانێك خوێندنەوەیان بكاتە بەڵگە بۆ هەر مەرامێك كە بیەوێت بیسەلمێنێت!؟

وەڵامەكە ئەوەیە كە بەشی زۆری دەستكاری لە (تەورات) و (ئینجیل) لە ماناكاندا كراوە، بەشێكی زۆریشی وەكو خۆی ماوەتەوە، بە وەرگێڕاوی نەك وەكو دەقە ئەصلیەكەی زمانی موسا و عیسا (علیهما السلام)، زۆریش لە زانایانمان بۆ ئەوە دەچن كە تاوەكو سەردەمی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) نوسخەی تا ڕادەیەك دەستكاری نەكراوی تەورات و ئینجیل مابوونەتەوە، بەڵكو مانەوەشیان بە دەستكاری نەكراوی تا ڕادەیەك ڕاستییەكە، كە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و عەقل ئاماژەی پێدەكەن:

یەكەمیان: (قورئانی پیرۆز) لە زۆر ڕووداودا بانگهێشتی جولەكە و دیانەكانی كردووە بۆ كتێبەكانیان(تەورات ، ئینجیل) لەوانە:

❊ لە سورەتی (المائدە: ٤٣): ﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: (سەیرە! ئەم جولەكانە بڕوایان بە تەوراتیش نییە، كاتێك حوكمەكەی بە پێی هەوا و هەوەسیان نەبێت، ئەگەر نا لە بەردەستیانە و حوكمی خودای تێدایە، دەبا حوكمی پێبكەن! كەواتە ئەگەر ئەمە حاڵیان بێت بەرامبەر كتێبەكەیان چۆن بڕوات پێدەكەن؟!)

❊ سورەتی (المائدە:٤٧): ﴿وَلۡيَحۡكُمۡ أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾. واتە: (دەبا شوێنکەوتووانی ئینجیل حوکم بەو ئینجیلە بکەن کە لە لای خوداوە دابەزیوە، ئەوەی حوکم بەوەنەکات کە لە لای خوداوە دابەزیوە تاوانبار و سنور بەزێنە).

❊ سورەتی (المائدە: ٦٨) ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡۗ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۖ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ . واتە: (ئەی شوێنکەوتووانی تەورات و ئینجیل، ئێوە لە سەر هیچ بەرنامەیەك نین، تاوەکو کارنەکەن بەتەورات و ئینجیل و ئەوەی لەلای خوداوە بۆتان هاتووە، ...)

لەم سێ ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار هانی جولەکە و دیانەکان دەدات کە حوکم بە تەورات و ئینجیل بکەن، کە حوکمی خودای تێدایە، وەکو ئاماژەیەك کە ئەو تەورات و ئینجیلەی کە لە بەر دەستیانن، ڕاستییەکی زۆریان تێداماوەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان بانگەشەی ئیمان دەکەن بە تەورات و ئینجیل، بەڵام لەبەر هەوا و هەوەسی خۆیان کاری پێناکەن، چونکە کارپێکردنیان بە تەورات و ئینجیل، ڕێگای بڕواهێنانە بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم).

دووەمیان: (فەرموودەی پێغەمبەرمان ـ صلى الله عليه وسلم ـ) پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) زۆر جار ئاماژەی بۆ مانەوەی بەشێکی زۆری ئینجیل و تەورات دەکات لەوانە:

❊ جولەکەکانی مەدینە تەوراتیان بە عیبرانی دەخوێندەوە، بە عەرەبی بۆ موسڵمانان وەریان دەگێڕا، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بە موسڵمانانی فەرموو: (لێیان

بڕوا مەکەن، بە درۆشی مەخەنەوە...)[١] ئەمەش لەترسی بەدرۆخستنەوەی بەشە ڕاستەکەی یان بڕوا پێکردن بە بەشە دەستکاریکراوەکەی!

* پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) باسی ڕووداوەکانی سەردەمی نەمانی زانستی شەرعی بۆ هەڤاڵەکانی دەکات، یەکێك لە هەڤاڵانی سەرسام دەبێت، دەپرسێت: ئەی پێغەمبەری خودا چۆن زانست نامێنێ، ئێمە قورئان دەخوێنینەوە و نەوەکانمان فێری دەکەین!؟ پێغەمبەرمانیش (صلى الله عليه وسلم) لە وەڵامیدا دەفەرمێت: (ئەی جولەکەو دیانەکان تەورات و ئینجیل ناخوێنن، بەڵام کاری پێناکەن) [٢] ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی مانەوەی بەشێکی زۆری ئەحکامی تەورات و ئینجیلە بەبێ دەستکاری.

* هەروەها لە(صحيحين)دا هاتووە[٣] کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بەو دوو جولەکەیەی کە زینایان کردبوو، جولەکەی بانگهێشت کردووە بۆ

---

(١) عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ - رضى الله عنه - قَالَ كَانَ أَهْلُ الْكِتَابِ يَقْرَءُونَ التَّوْرَاةَ بِالْعِبْرَانِيَّةِ ، وَيُفَسِّرُونَهَا بِالْعَرَبِيَّةِ لأَهْلِ الإِسْلاَمِ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « لاَ تُصَدِّقُوا أَهْلَ الْكِتَابِ وَلاَ تُكَذِّبُوهُمْ ، وَقُولُوا: ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦﴾.أخرجه البخاري (٤٤٨٥)(٧٣٦٢) و ذكر الإسماعيلي تمام الآية.

(٢) عَنْ زِيَادِ بْنِ لَبِيدٍ قَالَ ذَكَرَ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم شَيْئًا فَقَالَ « ذَاكَ عِنْدَ أَوَانِ ذَهَابِ الْعِلْمِ » . قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ يَذْهَبُ الْعِلْمُ وَنَحْنُ نَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَنُقْرِئُهُ أَبْنَاءَنَا وَيُقْرِئُهُ أَبْنَاؤُنَا أَبْنَاءَهُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ قَالَ: «ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ زِيَادُ إِنْ كُنْتُ لأَرَاكَ مِنْ أَفْقَهِ رَجُلٍ بِالْمَدِينَةِ أَوَلَيْسَ هَذِهِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى يَقْرَءُونَ التَّوْرَاةَ وَالإِنْجِيلَ لاَ يَعْمَلُونَ بِشَىْءٍ مِمَّا فِيهِمَا ». أخرجه أبن ماجه(٤٠٤٨) و أحمد(١٧٤٧٣ ، ١٧٩١٩ ، ١٧٩٢٠).

(٣) عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ - رضى الله عنهما - أَنَّ الْيَهُودَ جَاءُوا إِلَى النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم بِرَجُلٍ مِنْهُمْ وَامْرَأَةٍ قَدْ زَنَيَا ، فَقَالَ لَهُمْ « كَيْفَ تَفْعَلُونَ بِمَنْ زَنَى مِنْكُمْ » . قَالُوا نُحَمِّمُهُمَا وَنَضْرِبُهُمَا . فَقَالَ « لاَ تَجِدُونَ فِى التَّوْرَاةِ الرَّجْمَ ؟» . فَقَالُوا لاَ نَجِدُ فِيهَا شَيْئًا. فَقَالَ لَهُمْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلاَمٍ كَذَبْتُمْ ﴿ فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴾ فَوَضَعَ مِدْرَاسُهَا الَّذِى يُدَرِّسُهَا مِنْهُمْ كَفَّهُ عَلَى آيَةِ الرَّجْمِ ، فَطَفِقَ يَقْرَأُ مَا دُونَ يَدِهِ وَمَا وَرَاءَهَا ، وَلاَ يَقْرَأُ آيَةَ الرَّجْمِ ، فَنَزَعَ يَدَهُ عَنْ آيَةِ الرَّجْمِ فَقَالَ مَا هَذِهِ فَلَمَّا رَأَوْا ذَلِكَ قَالُوا هِىَ آيَةُ الرَّجْمِ .

حوکمی تەورات و فەرمانی رەجم کردنی ژن و پیاوێکی جولەکەی داوە بە حوکمی ئەو تەوراتەی کە لە بەردەستی جولەکەدا بووە ئەوکات بە شاهێدی زانایانیان[١].

سێیەمیان: (عەقل) مانەوەی بەشێکی زۆر لەم کتێبە ئاسمانیانە ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە لای هەموو موسڵمانێك[٢]، چونکە بەشێکن لە سەلماندنی ڕاستی پەیامی پێغەمبەرمان محمد (صلى الله عليه وسلم) کە لە خوێندنەوەی دووەمماندا بۆ ئینجیلی مەتتا ئاماژەی بۆ دەکەین ـ إن شاء الله ـ.

پێشەکی دووەم:

ئەگەر کەسێك ئینجیلی خوێندبێت، هەروەها ماوەیەکی زۆر لەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ژیابێت، هەستدەکات هەندێك لە بابەتەکانی ئەم

فَأَمَرَ بِهِمَا فَرُجِمَا قَرِيبًا مِنْ حَيْثُ مَوْضِعُ الْجَنَائِزِ عِنْدَ الْمَسْجِدِ ، فَرَأَيْتُ صَاحِبَهَا يَجْنَأُ عَلَيْهَا يَقِيهَا الْحِجَارَةَ . **متفقٌ عليه**

(١) بۆ زیاتر بڕوانە کتێبی (ابن تيمية رد مفتريات و مناقشة شبهات) لاپەڕە (٣٢٨ ـ ٣٣١).

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە کتێبی (MUHAMMAD IN THE BIBLE ـ محمد في الكتاب المقدس) کە پرۆفیسور و قەسیسی ناودار داڤید بنیامین کلدانی (عبد الأحد داود ـ پاش موسڵمانبوونی ـ)دەقەکانی مژدەبەخشی کتێبی موقەددەس (THE BIBLE) بە محمد (صلى الله عليه وسلم) دەخاتە ڕوو. ئەم کتێبە بە دەستی دکتور إبراهيم أحمد شوان بۆ کوردی وەرگێڕاوەتەوە نووسینگەی تەفسیر لە چاپی داوە لە ساڵی ٢٠٠٦.

لەو سەرچاوانەی کە دەقە مژدە بەخشەکانی تەورات و ئینجلیان کۆکردووتەوە :

* (هواتف الجان و عجيب ما يحكى من الكهان مما يبشر بالنبـي محمد (صلى الله عليه وسلم) و يدل منه بواضح البرهان) لأبي بكر محمد بن جعفر الخرائطي (ت:٣٢٧ هـ) (مخطوط في المكتبة الظاهرية).
* (البشائر النبويه) للحسين بن محمد الخالدى(ت:١٢٠٠ هـ).
* (محمدٌ رسول الله المصطفى صلى الله عليه وسلم في التوراة و الإنجيل والقرآن) للقس(سابقاً)إبراهيم خليل أحمد.
* (محمد صلى الله عليه وسلم رسول الله: هكذا بشرت به الإنجيل) لبشرى زخاري ميخائيل.
* (البشارة بنبـي الإسلام صلى الله عليه وسلم في التوراة و الإنجيل) تأليف أحمد حجازي سقا.
* (محمد بشارة عيسى عليهما الصلاة و السلام) تأليف: إبراهيم بن عبدالله الغنام.

دووسەرچاوەیە لە زۆر ڕوویەوە لەیەکتر دەچن. پێش ئەوەی باس لە نهێنی ئەم بەیەکچوونە بکەین، پێویستیمان بە وەڵامی پرسیارێك هەیە ئەویش:

بۆچی لێرەدا بەراورد لە نێوان ئینجیل و فەرموودەدا دەکەین و بەراورد لە نێوان ئینجیل و قورئاندا ناکەین؟

وەڵامەکەش ئەوەیە کە دیانەکان یەکڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو ئینجیلانەی لە بەردەستیانە بریتین لە قسەو بەسەرهاتەکانی عیسا(علیه السلام)، [١] هەروەك موسڵمانانیش یەکڕان لەسەر ئەوەی کە فەرموودە قسەو بەسەرهاتەکانی محمد (صلی الله علیه وسلم)دەگرێتە خۆی[٢] ، جیاوازی قورئانی پیرۆز لەمانە ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز بریتییە لە قسەی خودای پەروەردگار: ﴿وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ﴾[٣] کە لە ڕێگای جبریل (علیه السلام) بۆ پێغەمبەرمان(صلی الله

---

(١) لەگەڵ ئەوەی کە موسڵمانان بڕوایان وایە کە کتێبە ئاسمانیەکان(صحف، تەورات، ئینجیل) لەبنەڕەتدا کەلامی خودای پەروەردگارن، بەڵام پاش تۆمارکردنیان و وەرگێڕانیان بەشێکی زۆریان لە سەر شێوازە دروستەکەیان نەماون و زۆر گۆڕانکاریان تێداکراوە:﴿ أَفَتَطۡمَعُونَ أَن يُؤۡمِنُواْ لَكُمۡ وَقَدۡ كَانَ فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ يَسۡمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعۡدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ (البقرة:٧٥) .

قال ابن القيم رحمه الله (هداية الحيارى ص١١٣ ط عالم الفوائد): ((والنصارى لا يقرون أن الإنجيل منَزَّلٌ من عند الله على المسيح، و أنه كلام الله، بل كلُ فِرَقِهِم مجمعون على أن أربعة تواريخ ألَّفها أربعة رجال معروفون، في أزمانٍ مختلفة ولا يعرفون الإنجيل غير هذا. إنجيل ألّفه مَتَّى تلميذ المسيح، بعد تسع سنين من رفع المسيح، و كُتِبَ بالعبرانية في بلد يهوذا بالشام. و إنجيل ألفه مَرْقُس الهاروني، تلميذ شمعون، بعد ثلاثٍ و عشرين سنة من رفع المسيح ، و كتبه باليونانية في بلاد أنطاكية من بلاد الروم، و يقولون أن شمعون المذكور هو ألفه ثم محي اسمه من أوله، و نسب إلى تلميذه مرقس. و إنجيل ألفه لوقا الطبيب الإنطاكي ، تلميذ شمعون، بعد تأليف مرقس، و إنجيل ألَّفَهُ يوحنا تلميذ المسيح بعدما رُفِعَ المسيح ببضع وستين سنة، كتبه باليونانية. و كل واحدٍ من هذه الأربعة يسمونه : الإنجيل، و بينها من التفاوت و الزيادة و النقصان ما يعلمه الواقف عليه)).

(٢) السُّنةُ عند المحدثين : ((هو ما أُضِيفَ إلى النبـي صلى الله عليه وسلم مِنْ قولٍ، أو فعلٍ ، أو تقرير، أو وصفٍ أو سيرة)) ينظر: موسوعة علوم الحديث و فنونه تأليف سيد عبدالماجد الغوري (٢\٢٣٩)

(٣) التوبة: ٦. جێی شاهێد لە ئایەتەکە وەسفکردنی قورئانی پیرۆزە بە(کلام الله).

علیه وسلم) گواستراوەتەوە: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٩٢ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ﴾[١] نە موسڵمانان بانگەشەی ئەمە دەکەن بۆ فەرموودە و نەدیانەکان بانگەشەی ئەمە دەکەن بۆ ئەو ئینجیلانەی کە لەبەر دەستیانن. کەواتە دەقە ئاسمانیەکەی قورئانی پیرۆز تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە شێوازی قسەکردنی پێغەمبەران چ عیسا بێت (علیه السلام) یان محمد (صلی الله علیه وسلم) ، هەر لەبەر ئەمەش دیاردەی لەیەکچوون لە نێوان شێوازی قسەی ئەم دوو پێغەمبەرە و پێغەمبەرانی تریش(علیهم السلام) زۆر دیارە تەنانەت وەرگێڕانیش ئەوەندە کاری تێناکات و جیاوازن لە شێوازی قورئانی پیرۆز، کە هەیبەتێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە قسەی مرۆڤ ناچێت، تەنانەت جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان شێوازی قورئان و شێوازی فەرموودەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز کتێبێکی ئاسمانییە، پێغەمبەران مژدەیان پێداوە و محمد (صلی الله علیه وسلم) گەیاندوویەتی بە مرۆڤایەتی، هەرچەندە فەرموودە و قورئان هەمان بابەتن لەزاری محمد (صلی الله علیه وسلم) دەرهاتوون بۆ گشت مرۆڤایەتی، بەڵام دوو شێوەی جودای وەحی ئاسمانین، ئەم جیاوازیەش لە نێوان شێوازی قورئانی پیرۆز و فەرموودەدا دوژمنانی ئیسلامی سەرسام کردووە، ناتوانن وەڵامی بدەنەوە[٢].

هەر بۆیەش بەراوردی لەیەکچوون لە نێوان قورئانی پیرۆز و وەرگێڕانەکەی شتێکی زەحمەتە، لەبەر هەیبەتی دەقە پیرۆزەکەی، ئەی چۆن بەراوردی لەیەکچوون لە نێوان قورئانی پیرۆز و دەقی وەرگێڕاو و دەستکاری کراوی تەورات و ئینجیل بکەین؟ ئەمە

---

(١) الشعراء:١٩٢ ـ ١٩٤

(٢) ينظر: كتاب: الوحي المحمدي هل هو صوت داخلي؟ تأليف: رضا محمد الدقيقي ص٩٧ وما بعده. وهو الجزء الثاني من رده على كتاب تأريخ القرآن للمستشرق الألماني تيودور نولدكه .

لە ئەدەب دوورە، بەڵام بەراوردی لەیەکچوون لە مانادا لە نێوان تەورات و ئینجیل لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) شتێکی هەست پێکراوە، باسکردنی نهێنی ئەم لەیەکچوونەش ناوەڕۆکی بابەتەکەمانە، کە خوێندنەوەیەکە لە (ئینجیلی مەتتا)دا و ئینجیلی (مەتتا)مان هەڵبژارد بۆ ئەم خوێندنەوەیە، چونکە یەکەم ئینجیلی کەنیسەیە، لە هەموو ئینجیلەکانی دیکە وردتر و بڕواپێکراوترە لای کەنیسە[1].

خـــوێندنەوەی یەکـــەم : نهێنی لەیەکچوونی دەقە پیرۆزەکان لە ئینجیلی مەتتا و فەرموودە دا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

لە پێشەکی یەکەمی بابەتەکەمان باسمانکرد کە زۆر لە دەقە پیرۆزەکانی تەورات و ئینجیل وەکو خۆیان ماون، لەم خوێندنەوەیەشدا بەڵگەیەکی دیکەی مانەوەیان دەخەینەڕوو، کە ئەویش لەیەکچوونی دەقەکانی (ئینجیلی مەتتا)یە بە فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)، پێش باسکردنی نهێنی ئەم لەیەکچوونەش لەم خوێندنەوەیەدا بە خشتەیەك لەیەکچوونەکە دەخەینە ڕوو، کە دەقەکانی ئینجیلی مەتتا و دەقەکانی فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە تەك یەکدا پیشانمان دەدات، مەبەستیشمان کۆکردنەوەی هەموو دەقە لەیەکچووەکان نەبووە، تەنها بەشی پێویستمان هەڵبژاردووە بۆ گەیشتنی پەیامەکە، ئەگەر نا دەقە لەیەکچووەکان زیاترن:

---

(١) قالت الباحثة سوسن بيطار (الموسوعة العربية ـ دمشق ٣\٧٩٠ مادة: الإنجيل): يعد إنجيل متى إنجيل الكنيسة الأول و أكثر الأناجيل وثوقية و دقة.

وقد اعتمدت على العهد الجديد بحسب الترجمة الشرقية المطبوعة في رومية سنة١٧٠٣م و قد صححت على الأصل اليوناني و الترجمات المقبولة في الكنيسة على يد السيد أقليميس يوسف داود مطران، الطبعة الثانية في الموصل بمطبعة الآبآء الدومنكيين سنة ١٨٩٩م.

بابەت	العهد الجديد(متى)	السنة النبوية
(١) ئیمان بریتییە لە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکانی(علیهم السلام).	* سئلَ أيُّما أعظم الوصايا ؟ ((تُحِبَ الرَّبَ إلهكَ مِنْ كُلِ قَلْبِكَ ومِنْ كُلِ نَفْسِكَ وَ مِنْ كُلِ فِكْرِكَ ...)) (الإصحاح:٢٢ص٧٢)	*((لا يَجِدُ حَلاوة الإيمان...حتَّى يكون اللهُ ورسولُهُ أحبَ إليهِ مِمَّا سِواهُما)) (متفقٌ عليه)
(٢) ئەوەی بۆ خۆت حەز دەکەی بۆ براکەشت حەز بکە، ئەوەی دەتەوێت خەڵك لەبەرامبەرتدا بکات تۆش بەرامبەر خەڵك بیکە.	*((فَكل ما تريدون أن تَفعلهُ الناسُ بِكُم، فافعلوه أنتم أيضاً بهم)) (الإصحاح:٧ ص٢٢ـ٢٣) *سئل ايُّما أعظم الوصايا ؟ ((...تُحِب قريبك مثل نفسك)) (الإصحاح:٢٢ ص٧٢ و نحوه في الإصحاح١٩ ص٦١)	*((لا يؤمنُ أحدكم حتى يُحِبَّ لأخيهِ ما يحبُّ لنفسهِ)) (متفقٌ عليه)
(٣) داوا لە خودا بکەن وەڵامتان دەداتەوە، ئەوەی دەتانەوێت پێتان دەبەخشێت.	*((إسألوا تُعطوا،أطلبوا تَجدوا، اقرعوا يُفتحُ لكم)) (الإصحاح:٧ ص٢٢)	* ((سَلْ تعطه، سَلْ تعطه)) (أحمد١٧٥) *((إنَّ ربَّكم تَبَارَكَ و تَعالى حَيِيٌ كريمٌ يَسْتَحْيِي مِنْ عَبدهِ إذا رَفَعَ يَدَيْهِ إليهِ أنْ يَرُدَّهُمَا صِفراً)) (أبو داود١٤٨٨)

(٤) مرۆڤ درۆینەی ئەو شتە دەکات کە تووی کردووە.	*((لا تدينوا لئلا تدانوا، لأنكم بما تدينون تدانون)) (الإصحاح:٧ ص٢٢)	*((كما تُدينُ تُدَان)) (البخاري تعليقاً و السنة لأبي العاصم ٦٩٦)
(٥) سەلام لە هەموو کەسێك بکە بیناسی یان نەی ناسی، چاك بێت یان خراپ.	*((إذا سلَّمتم على إخوتكم فقط، فأيَّ فضلٍ تعملون)) (الإصحاح: ٥ ص١٨)	*أي الإسلام خير؟((...تقرأُ السَّلامَ عَلى مَنْ عَرَفْتَ و مَنْ لَمْ تَعْرِفْ)) (متفقٌ عليه)
(٦) ڕێزگرتن لە دایك و باوك ئەرکێکی ئیمانییە، بێڕێزی بەرامبەر دایك و باوك لە تاوانە گەورەکانە بەڵکو مردنە.	*((أَكْرِمْ أَبَاك و أُمَكَ و مَنْ يَشْتُم أباهُ و أُمَهُ فَلْيَمُتْ مَوتَاً)) (الإصحاح: ١٥ ص٤٩)	*((مِنَ الْكَبَائِرِ شَتْمُ الرَّجُلِ وَالِدَيْهِ، قالوا يا رسولَ اللهِ و هَلْ يَشْتِمُ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ ؟ قالَ: نَعَمْ، يَسُبُّ أبَا الرَّجُلِ فَيَسُبُّ أبَاهُ و يَسُبُّ أُمَهُ فَيَسُبُّ أُمَّهُ)) (متفقٌ عليه)
(٧) ئیمان داری ژیاندنەوەی هێزی لێبوردەییە بەرامبەر خراپە کار.	*((مَنْ لَطَمَكَ عَلى خَدِّكَ الأيْمَنِ فَحَولْ له الآخرَ)) (الإصحاح: ٥ ص١٨)	*((صِلْ مَنْ قَطَعَكَ، وَأَعْطِ مَنْ حَرَمَكَ، واعْفُ عَمَّنْ ظَلَمَكَ)) (أحمد: ١٧٤٥٢)

(٨) دوور کەوتنەوەی ئیماندار لە سیفەتی تەکەبور(الکبر) ڕێزداری دونیا و قیامەتە.	※((من رفع نفسه اتضع، ومن وضع نفسه ارتفع)) (الإصحاح:٢٣ ص٧٤)	※((مَنْ يَتَواضَعُ لله سُبحانه درجةً يَرْفَعُهُ اللهُ بِهِ دَرَجَةً، و مَنْ يَتَكَبَّرُ عَلى اللهِ دَرَجَةً، يَضَعُهُ اللهُ بِهِ درجةً، حَتَّى يَجْعَلَهُ في أَسْفَلِ سَافِلِين)) (ابن ماجه: ٤١٧٩ و نحوه في مسلم: ٢٥٨٨)
(٩) ئامۆژگاری پێغەمبەران (عليهم السلام) بۆ پایەکانی ڕەوشت بەرزی.	※الوصايا((لا تقتل، لا تزن، لا تسرق، لا تشهد بالزور، أكرم أباك و أمك، و احبب قريبك مثل نفسك)) (الإصحاح:١٩ ص٦١)	※أكبر الكبائر((الإشراك بالله، و قتل النفس، و عقوق الوالدين، و شهادة الزور)) (متفقٌ عليه) ※المبايعة((بايعوني على أن لا تشركوا بالله شيئاً، ولا تسرقوا، ولا تزنوا، و لا تقتلوا أولادكم، ولا تأتوا ببهتانٍ تفترونه بين أيديكم و أرجلكم، ولا تعصوني في معروفٍ)) (متفقٌ عليه)
(١٠) شوێنەکانی خوداپەرستی تەنها بۆ خوداپەرستی بەکاردەهێنرێن.	※((و دخلَ يسوعُ إلى هيكل الله، و أخرجَ جميع الذين يبيعون و يشترون في الهيكل،و قلَّبَ موائدَ الصيارفة، و كراسي باعة اللحم، و قال لهم مَكتوبٌ إن بيتي بيت الصلوة يُدعى، و أنتم جَعَلْتُمُوهُ مَغارةَ لُصوص)) (الإصحاح:٢١ ص٦٧)	※ « إِذَا رَأَيْتُمْ مَنْ يَبِيعُ أَوْ يَبْتَاعُ فِى الْمَسْجِدِ فَقُولُوا لاَ أَرْبَحَ اللَّهُ تِجَارَتَكَ وَإِذَا رَأَيْتُمْ مَنْ يَنْشُدُ فِيهِ ضَالَّةً فَقُولُوا لاَ رَدَّ اللَّهُ عَلَيْكَ» (الترمذي:١٣٢١)

(١١) نەهیکردن لە قەبر پەرستی و ڕێگری لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی قەبر پەرستی، وەکو بیناکردن لە سەر قەبر، یان مزگەوت ئاواکردن لە سەر قەبر.	*((الويلُ لكم أيها الكتبة و الفرّيسيّون المراؤون،لأنكم تبنون قبور الأنبياء، و تزينون مدافن الصديقين، و تقولون لو كُنا في أيام آبائنا، لم نُشاركهم في دم الأنبياء، فأنتم تَشهدون على أنفسكم أنكم بنو قتلة الأنبياء، فاملأُوا أنتم مَكايل آبائكم، أيها الحيات أولاد الأفاعي، كيف تَهربون من دينونة جهنم)) (الإصحاح:٢٣ ص٧٥)	* « لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ » . يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا . (متفقٌ عليه) *((نَهَى النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم أَنْ تُجَصَّصَ الْقُبُورُ وَأَنْ يُكْتَبَ عَلَيْهَا وَأَنْ يُبْنَى عَلَيْهَا وَأَنْ تُوطَأَ)) (الترمذي:١٠٥٢)
(١٢) پارێزگاری لە بیروباوەڕی یەکخودا پەرستی و توقاندنی ڕێگرانی ئەم بیروباوەڕە بە شمشیر پەیامی پێغەمبەرانە.	*((لا تظنوا أني جئتُ لألقي سلاماً على الأرض، ما جئتُ لألقي سلاماً، لكن سيفاً)) (الإصحاح:١٠ ص٣٣)	*((بُعثتُ بالسيف حتى يُعْبَدَ الله لا شريك له، و جعل رزقي تحت ظِل رُمحي، و كُتِبَ الذلُ و الصَّغارُ على مَنْ خَالَفَ أمري، و مَنْ تَشَبَهَ بِقَومٍ فَهوَ مِنْهُم)) (أحمد:٥١١٤)
(١٣) جیهانگیری تەنها لە پەیامی دوا پێغەمبەردا هەیە، کە (محمد)ە (صلى الله عليه وسلم)	*((لم أُرسَل إلا إلى الخراف التي ضلَّت من بيت إسرائيل)) (الإصحاح: ١٥ ص٥٠)	* «وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً ، وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً» (متفقٌ عليه)

پاش تێڕوانینێکی تێر و تەسەل لەم خشتەیەی سەرەوەدا، هەوڵی زانینی نهێنی ئەم لەیەکچوونەی نێوان فەرموودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و(ئینجیلی مەتتا) دەدەین، بە گەڕانەوە بۆ گەورە زانایانی بەنی ئیسرائیل و قوتابیەکانیان لە شارەزایانی تەورات و ئینجیل، لە مەککە و حەبەشە و طائیف و مەدینە و عەمورییە و شام و ڕۆما و ئەسکەندەرییە لە ڕۆژگاری دابەزینی پەیامی ئیسلام و بانگەوازی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم).

بەم گەڕانەوەیەش دەبینین کە ئەم زانایانە، ئەو کات یەکڕابوون لەسەر ئەوەی کە سەرچاوەی ئەو پەیامەی کە محمد (صلى الله عليه وسلم) پێی هاتووە، هەمان ئەو سەرچاوەی پەیامی (موسى) و (عيسى) یە (عليهما السلام)، یەکێتی سەرچاوەکەش بریتییە لە نهێنی لەیەکچوونەکە.

ئەمەش شاهێدی هەندێك لەو زانایانەیە:

* (لە مەککە) ورقة بن نوفل بن أسد بن عبدالعزى (رضي الله عنه)[1]: کاتێك پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) باسی دابەزینی سورەتی (إقرأ)ی بۆ کرد، وەرەقە پێی فەرموو: « هَذَا النَّامُوسُ الَّذِى نَزَّلَ اللَّهُ عَلَى مُوسَى صلى الله عليه وسلم يَا لَيْتَنِى فِيهَا جَذَعًا ، لَيْتَنِى أَكُونُ حَيًّا إِذْ يُخْرِجُكَ قَوْمُكَ . فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: أَوَمُخْرِجِىَّ هُمْ. قَالَ نَعَمْ ، لَمْ يَأْتِ رَجُلٌ قَطُّ بِمِثْلِ مَا جِئْتَ بِهِ إِلاَّ عُودِىَ ، وَإِنْ يُدْرِكْنِى يَوْمُكَ أَنْصُرْكَ نَصْرًا مُؤَزَّرًا »[2]. واتە: (ئەمە هەمان ئەو فریشتەیەیە کە خودا بۆ موسا ناردوویەتی، خۆزگە نەمردبام کاتێ خەڵکەکەت دەرت

---

(١) ورقة بن نوفل بن أسد بن عبد العزى بن قصي القرشي الأسدي ابن عم خديجة زوج النبـي (صلى الله عليه وسلم) و كان قد تنصر في الجاهلية ، على يد قسيسين في الشام ممن بقوا على دين الحق، ثم أسلم لما سمع ما نزل على النبـي (صلى الله عليه وسلم) . رآه النبـي (صلى الله عليه وسلم) في المنام عليه ثياباً بيضاً فأوله بأنه من أهل الجنة. ينظر: ترجمته في : الإصابة لإبن حجر(رقم:٩١٥١ القسم الأول ص١٣٨٠ ط: بيت الأفكار) كذا في (فتح الباري) له عند شرح حديث رقم:٣.

(٢) أخرجه البخاري (٣).ينظر: التفصيل في تخريج ألفاظ الحديث عند شرحه في (فتح الباري)لإبن حجر.

دەکات، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) بەسەر سوڕمانەوە دەپرسێت: ئەمانە دەرم دەکەن؟ فەرمووی بەڵێ ئەوانەی بەم پەیامە هاتوون دەرکراون، خۆزگە نەمردبام، گەنج بام، تاوەکو پشتگیری پەیامی تۆم کردبا و سەرم خستبا).

* (لە حەبەشە) نەجاشی مەلیکی حەبەشە (رضي الله عنه)[١]: کاتێ گوێبیستی هەندێك لە سورەتی مەریەم و چەند سیفەتێکی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەبێت لە جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب ، لە مەجلیسەکەی کە گەورە قەشەکان و وەفدی موشریکەکانی مەککەی تێدا دانیشتوون، بە جەعفەر دەفەرمێت: ((إنَّ هَذا و الذي جَاءَ بِهِ مُوسى لَيَخْرُجُ مِنْ مِشْكَاةٍ وَاحِدة))[٢]. واتە: ئەوەی لە تۆ گوێبیستی بووم و ئەوەی موسا فەرموویەتی لەهەمان سەرچاوە دەردەچن.

هەروەها کاتێك نەجاشی (رضي الله عنه) گوێبیستی باسی پەیامی ئیسلام دەبێت سەبارەت بە عیسا(عليه السلام) لە زاری جەعفەر(رضي الله عنه) دەنکە پۆشێك لە زەوی هەڵدەگرێت و بە جەعفەر(رضي الله عنه) دەفەرمێت: ((مَا عَدا عيسى ابن مريمَ مَا قُلْتَ هَذا العُود))[٣] واتە: بەقەد ئەم دەنکە پۆشەیە عیسا لەمەی تێنەپەڕاندووە و هەمان پەیامی گەیاندووە.

* (لە طائیف) ئومەییەی کوڕی ئەبی سەلت، شاعێری ناودار و ڕۆشنبیری گەورەی عەرەب کە شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە تەورات و ئینجیل، بۆی ساغ ببووە کە کاتی هاتنی پێغەمبەرێك هاتووە، حەزی دەکرد خۆی ئەو پێغەمبەرە بێت، بۆیەش شیعرەکانی پڕ لە حیکمەت و باسی ڕۆژی دوایی و گەورەیی خودا دەکەن! بەڵام کە دەبیستێت محمد (صلى الله عليه وسلم) لە مەککە بانگەوازی یەکخواپەرستی

---

(١) إسمه أَصْحَمَةُ بنُ أبجرَ و النجاشيُّ لقبٌ له، أسلم على عهد النبـي (صلى الله عليه وسلم) ولم يهاجر إليه، قال النبـي (صلى الله عليه وسلم) يوم وفاته: (قد مات اليوم عبدٌ صالح يقال له أصحمة، فقوموا فصلوا) فصف الصحابة خلفه وصلى النبـي (صلى الله عليه وسلم) على جنازته غيابياً. ترجمه : ابن حجر في الإصابة القسم الثالث(١\٣٩٦ـ٣٩٨ رقم: ٤٧٣ ط التركي) و الذهبـي في السير (١\٤٢٨) .

(٢) أخرجه أحمد (١٧٤٠).

(٣) أخرجه أحمد (١٧٤٠).

دەکات و دەڵێت من پێغەمبەری خودام، زوو بە زوو سەردانی مەککە دەکات لەگەڵ سەرانی قورەیش داوای مەجلیسێکی موناظرە دەکات لەگەڵ پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ئەمەی لێ قەبوول دەکات، مەجلیسێك کۆیان دەکاتەوە، لە لایەك ئومەییە و سەرانی قورەیش و لە لایەکەی تریش محمد (صلى الله عليه وسلم) و چەند هەڤاڵێکی (رضي الله عنهم). ئومەییە دەست بە قسە دەکات و وتارێکی تێر و تەسەل دەخوێنێت، لەگەڵ چەند دێرە شیعرێك کە لەوپەڕی ڕەوانبێژیدان، لە پاشان بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە دەڵێت :

ـــ أجبني يا محمد؟ (ئەی محمد وەڵامم بدەوە؟؟)

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لە وەڵامیدا سورەتی (یس) دەخوێنێتەوە: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ۝٢ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝٣ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ۝٤ تَنزِيلَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ .....﴾

کاتێك ئومەییە گوێبیستی سورەتەکە دەبێت، سەرسام دەبێت و دەزانێت ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە کتێبە ئاسمانییەکان موژدەیان پێداوە، بەڵام بە بێدەنگی و دەم و چاوێکی شپرزەوە مەجلیسەکە بە جێ دەهێڵێت، سەرانی قورەیشیش لە بێدەنگیەکەی ئومەییە و دەرچوونی لە مەجلیسەکە سەرسام دەبن و شوێنی دەکەون و لێی دەپرسن؟

ـــ ما تقول يا أومية؟ (ئومەیە تۆ چی دەڵێیت، سەبارەت بەوەی بیستت؟)

ئومەیەش لەوەڵامیاندا دەڵێت:

ـــ أشهد أنه على الحق! (من شاهێدی دەدەم محمد لەسەر حەقە).

بەڵێ ئومەییە ئەم شاهێدیەی دا، چونکە شاعێر بوو، دەیزانی ئەمە شیعر نییە، ڕەوانبێژیش بوو دەیزانی ئەمەی بیستی ڕەوانبێژی مرۆڤ نییە، شارەزاشبوو لە کتێبە ئاسمانییەکان و دەیزانی ئەوەی بیستی موژدەی تەورات و ئینجیلە!

سەرەڕای ئەم دانپێدانەش ئیمانی نەهێنا و چوو بۆ شام و چەند ساڵێك لە شام مایەوە و ئایەتەکانی سورەتی (یس)ی لە مێشك و دڵیدا دەجوڵانەوە و وایان لێکرد بڕیاری ئیمان هێنان بە محمد (صلى الله عليه وسلم) بدات کە پێغەمبەری خودایە، بۆ ئەم

مەبەستە دەگەڕێتەوە بە نییەتی دیتنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئیمان پێهێنانی لە ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچیدا، بەڵام پاش گەڕانەوەی کە دەزانێت شەڕی بەدر ڕوویداوە و گەورە سەرانی قوڕەیش بەدەستی محمد(صلى الله عليه وسلم) و هەڤاڵانی کوژراون و لەناو بیر(قولەیب)ی بەدر فڕێدراون لەوانە (عوتبە و شەیبە) کوڕانی (ڕەبیعە)ی خاڵی! دەمارگیری دەیگرێت پاش داننان بە ڕاستی قورئانی پیرۆز و پێغەمبەرایەتی محمد(صلى الله عليه وسلم) پێ لە ڕاستییەکان دێنێت و ئیمان ناهێنێت. لە دەوروبەری ساڵی هەشتەمی کۆچی لە طائیف لەسەر کوفر دەمرێت[١].

* (لە مەدینە) عبدالله بن سلام الإسرائيلي (رضي الله عنه): کاتێ پێغەمبەری بینی (صلى الله عليه وسلم) لە مەدینە و گوێبیستی بوو، زانی ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە تەورات موژدەی پێداوە ئیمانی هێناو بە جولەکەکانی مەدینەی فەرموو: ((يا مَعْشَرَ اليَهود ويْلَكُم اتقوا الله، فواللهِ الذي لا إله إلا هو إنكم لَتَعْلَمون أنه رسولُ اللهِ حقاً، و أنه جَاء بالحق..))[٢] واتە: (جولەکەکان لە خودا بترسن، بەو خودایەی کە بەتەنها ئەپەرستێت ئێوە دەزانن ئەمە پێغەمبەری خودایە، پەیامەکەشی ڕاستییە..).

* (لە عەموریە ـ بۆرسە لە تورکیا ـ) سەلمانی فارسی(رضي الله عنه): کاروانی گەڕانی بەدوای ڕاستی ژیان لای دوا ماموستایەکەی لە عەموریە کۆتایی دێت، کە شارەزابووە لە تەورات و ئینجیل، نیشانەکانی دوا پێغەمبەر و ئەو شارەی کە کۆچی بۆ دەکات دەیزانی، ئەم ماموستایە سەلمانی ڕاسپارد بە کۆچکردن بۆ ئەو شارە و دیتنی ئەو پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم)، کە کات وساتی هاتنی هاتووە.

---

(١) ينظر: أمية بن أبي الصلت حياته و شعره دراسة و تحقيق بهجة عبدالغفور الحديثي ص٦٦ ـ ٦٧مطبعة العاني ـ بغداد

(٢) أخرجه البخاري(٧\٢٤٩ ـ ٢٥٠). ينظر: هداية الحيارى ص٩٢ ـ ٩٨ .

سەلمانیش خۆی دەگەیەنێتە مەدینە. لە بەسەرهاتێکی دوور و درێژ نیشانەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەبینێت و موسڵمان دەبێت [١] .

* (لە شـام) گەورە زانای دیانەکان قەیسەری ڕۆم هیرەقل: کاتێ چەند پرسیارێکی سەرنج ڕاکێش سەبارەت بە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە وەفدی عەرەبی دەکات لە شام و (أبو سفيان) وەڵامی دەداتەوە، دان بەڕاستی ئەم پێغەمبەرە دەهێنێت و دەفەرمێت: (فلو إني أعلم أني أخلص إليه لتجشمت لقاءه و لو كنت عنده لغسلت عن قدميه)[٢] واتە (خۆزگە بم توانیبا بیبینم، ئەگەر لای بام هەردوو پێیەکانی ئەوم دەشوشت). بەڵام لەترسی ئەوەی بکوژرێت و دەستبەرداری موڵکەکەی بێت، ئیمانی نەهێنا[٣].

* (لە ڕۆما ـ ئیتالیا ـ)(زغاتر: گەورەزانای کەنیسەی ڕۆمانی و هەڤاڵی هیرەقل): هیرەقل نامەیەك بۆ هەڤاڵەکەی لە ڕۆما دەنێرێت و باسی هاتنی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بۆی دەکات، بەڵام خەبەری نامەکەی پاش ماوەیەك کە بۆی دەگەڕێتەوە گەشبینی ناکات، چونکە هەڤاڵەکەی (زغاتر) پاش خوێندنەوەی نامەکەی ئیسلام بووە و جلی سپی پۆشیوە و بانگەوازی خەڵکی ڕۆمای کردووە بۆ ئیمان هێنان بە محمد (صلى الله عليه وسلم)، ئەوانیش بە لێدان کوشتوویانە، ئەمەش هۆکارێك دەبێت کە هیرەقل زیاتر بترسێت و دەست بەرداری موڵکەکەی نەبێت بە یەکێك لە قەشەکانی دەڵێت: زغاتر لە من بە قەدرتر بوو لای دیانەکان، ئەگەر ئەویان کوشتبێ چی لە من دەکەن؟ ئەگەر نا ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە عیسا(عليه السلام) مزگێنی هاتنی داوە، قەشەکەشی کە کاربەدەستە گەورەکەیانبوو ئەوکات لە شام موسڵمان دەبێت، پەیامی ئیسلامبوونیشی لە ڕێگای

---

(١) ينظر: قصة إسلام سلمان الفارسي في المسند (٥\٤٤١)(٢٣٧٣٧) و المستدرك (٣\٥٩٩ ـ ٦٠٤) و سيرة ابن هشام(١\٢٧٣ ـ ٢٧٢) و صحح القصة بشواهدها الحافظ في تغليق التعليق (٣\٢٦٦).

(٢) صحيح البخاري (٧).

(٣) ينظر: قصة هرقل في فتح الباري شرح صحيح البخاري(١\٤٢ ـ ٤٤).

دوحییەی کەلبی بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەنێرێت و دواتر ئەویش دەکوژرێت [١].

* (لە ئەسکەندەرییە ـ میسر) (گەورەزانای قیبتییەکان: مقوقس): کاتێ پەیامی پێغەمبەرمانی(صلى الله عليه وسلم) پێدەگات، دان بەڕاستی پەیامەکە دەنێت، بەڵام لەترسی لەدەستچوونی موڵکەکەی ئیمان ناهێنێت، لە وەڵامی نامەکەی چەند دیارییەك بۆ پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) دەنێرێت [٢].

***

ئیبن قەییم (رحمه الله) لە کتێبەکەی (**هداية الحيارى في أجوبة اليهود و النصارى**)[٣] باس لە بەشی هەرەزۆری زانایانی سەردەمی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەکات، ئەوانەی شارەزابوون لە تەورات و ئینجیل کە بەگوێبیستنی بانگەوازەکەی ئیسلام ئیمانیان هێناوە، یان دانیان بەوەناوە کە محمد(صلى الله عليه وسلم) ئەو پێغەمبەرەیە کە وەسفی لە تەورات و ئینجیلدا هاتووە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نهێنی لەیەکچوون لە نێوان ئەوەی باسکرا لە ئینجیلی مەتتا و فەرموودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دا بریتییە لە یەکێتی سەرچاوە ئاسمانییەکە، بۆیەش زانا پایەبەرزەکانی جولەکە و دیانەکانی ئەو کات کەسیان محمد (صلى الله عليه وسلم)ی تومەتبارنەکردووە، کە قسەکانی لە تەورات یان ئینجیل

---

(١) ينظر: فتح الباري (١\٨٨ ط الفريابي).

(٢) ينظر: قصة المقوقس عظيم القبط في هداية الحيارى (٨٣ ـ ٨٥).

(٣) قال ابن القيم في كتابه (هداية الحيارى ص٩٢) بعدما ذكر جمهرة من العلماء و الملوك ممن أسلموا في عهد النبي (صلى الله عليه وسلم) : و نحن إنما ذكرنا بعض ملوك الطوائف الذين آمنوا به ـ بمحمد (صلى الله عليه وسلم) ـ و أكابر علمائهم و عظمائهم ولا يمكننا حصر من عداهم، و هم جمهور أهل الأرض ، و لم يتخلف من متابعته إلا الأقلون. و ينظر: كتاب محمد بشارة عيسى عليهما السلام تأليف إبراهيم الغنام ص٣٩ـ٦٣.

وەردەگرێت، بەڵکو ـ وەکو باسکرا ـ بەشی هەرەزۆریان ئیمانیان بە محمد (صلی الله علیه وسلم) هێناوە و دانیان بەوەناوە کە پەیامەکەی تەواوکەری پەیامی موسا و عیسا یە(علیهما السلام)، بۆیەش قورئانی پیرۆز تەحەدا دەکات بە زانایانی بەنی ئیسرائیل لەسەر ڕاستییەکەی: ﴿أَوَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ ءَايَةً أَن يَعۡلَمَهُۥ عُلَمَٰٓؤُاْ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾[1] و تیایدا هاتووە: ﴿قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرۡتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾[2] .

خوێندنەوەی دووەمیش زیاتر لەم نهێنییەی لەیەکچوون نزیکمان دەکاتەوە:

خـــوێندنەوەی دووەم : مژدەدان بە پێغەمبەرایەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) لەئینجیلی مەتتا دا

کتێبی (MUHAMMAD IN THE BIBLE ـ محمد فی الکتاب المقدس ـ موحەمەد لە تەورات و ئینجیل دا) کە پرۆفیسور و قەسیسی ناودار داڤید بنیامین کلدانی(عبد الأحد داود ـ پاش موسڵمانبوونی ـ) نووسیویەتی، کە دیارخستنی ڕاستی ئایەتی ژمارە شەشی سورەتی (الصف)ە کە مژدەدانی عیسایە (علیه السلام) بە هاتنی محمد (صلی الله علیه وسلم) : ﴿وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ﴾ ئەم زانا پایەبەرزە بە بەڵگەی تەورات و ئینجیلەوە دیاردەخات بۆ هەموو ئەو جولەکانەی ئیمانیان بە تەورات هەیە، هەروەها بۆ هەموو ئەو دیانانەی ئیمانیان بە ئینجیل هەیە کە محمد (صلی الله علیه وسلم) مژدەی هاتنی دراوە لە تەورات و ئینجیلدا.

---

(١) الشعراء:١٩٧.

(٢) الأحقاف:١٠.

خوێندنەوەی دووەمـمان بۆ ئینجیلی مەتتا ئەم ڕاستییەمان بۆ دووبارە دەکاتەوە، بەچەند وشەیەکی پیرۆز کەماناکانیان نزیکە لەوەی کە لە فەرموودەی پێغەمبەرماندا (صلى الله عليه وسلم) هاتووە، وەك لەم خشتەیەدا دەخەینە ڕوو:

إنجيل متَّى	السنة النبوية
قال عيسى (صلى الله عليه وسلم) : «أما قرأتم قط في الكتب، إنَّ الْحَجَرَ الذي رَزَلَهُ البنَّاؤون، هَذا صَار رأسَ الزَّاوية، مِنْ قِبَلِ الرَّبِ كانَ هَذا، وهُو عَجيبٌ في أعْيُنِنا، مِنْ أجلِ هَذا أقولُ لَكُم، إنَّ مَلَكوتَ اللهِ يُنزَعُ مِنْكُم، و يُعْطَى لأمةٍ تَصْنَعُ ثِمَارَهُ، ومَنْ سَقَطَ عَلى هَذا الْحَجَر يَتَرَضَّض، ومَنْ سَقَطَ هُوَ عَلَيْهِ يَطْحِنُهُ » . (الإصحاح:٢١ ص٦٨ الآيات ٤٢ ـ ٤٤)	قال محمد (صلى الله عليه وسلم) « مَثَلِي وَمَثَلُ الأَنْبِيَاءِ مِنْ قَبْلِي كَمَثَلِ رَجُلٍ ابْتَنَى بُيُوتًا فَأَحْسَنَهَا وَأَجْمَلَهَا وَأَكْمَلَهَا إِلاَّ مَوْضِعَ لَبِنَةٍ مِنْ زَاوِيَةٍ مِنْ زَوَايَاهَا فَجَعَلَ النَّاسُ يَطُوفُونَ وَيُعْجِبُهُمُ الْبُنْيَانُ فَيَقُولُونَ أَلاَّ وَضَعْتَ هَا هُنَا لَبِنَةً فَيَتِمَّ بُنْيَانُكَ » . فَقَالَ مُحَمَّدٌ صلى الله عليه وسلم « فَكُنْتُ أَنَا اللَّبِنَةَ ـ و أنا خَاتِمُ النَّبِيِّين ـ» . (متفقٌ عليه)

پوختەی مانای دەقە پیرۆزەکە لە ئینجیلی مەتتا و لە فەرموودەدا پیشانماندەدات کە پێغەمبەران(عليهم السلام) خانوویەکیان دروست کردووە، جێگای یەك بەرد لە گۆشەی خانووەکە بەجێماوە.

عیسا(عليه السلام) بە ئومەتەکەی دەفەرمێت: بەردی ئەو گۆشەیەی کە وەستاکان بە جێیان هێشتووە لە ئێوەی (بەنو ئیسرائیل) وەردەگیرێت و بە ئومەتێکی دیکە دەدرێت (بەنو ئیسماعیل)، کە بەجوانی دادەنرێت و بەرهەم دار دەبێت، ئەوەی بکەوێتە سەر ئەم بەردە تێکدەشکێنرێت، ئەوەی بکەوێتە بن ئەم بەردەش دەیهاڕێت (واتە: ئومەتێکە جیهادی بەرگری و جیهادی بلاوبوونەوە دەکات)!

محمد(صلى الله عليه وسلم) بە ئومەتەکەی دەفەرمێت: من ئەو بەردەم، کە خانووەکە دەڕازێنێتەوە، (واتە: دوا پێغەمبەرم کە کاری هەموو پێغەمبەران تەواودەکەم).

خـــوێندنەوەی سێیەم: پێوەری گەڕاندنەوەی دەقە دەستکاریکراوەکانی ئینجیل بۆ مانا ڕاستەکەیان.

دوا پەیامی پێغەمبەران(علیهم السلام)، کەپەیامی (محمد)ە (صلی الله علیه وسلم)، پەیامێکی پارێزراوە:

یەکەم جار: بە دەقەکەی[1]

---

(١) پێویستە بزانرێت کە فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) پارێزراوە لە ڕووی مانایەوە، چونکە تێگەیشتنی فەرمودە مەرجە بۆ تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز، بۆیەش لە ڕۆژگاری دوێنێ و ئەمڕۆشماندا شەڕی دژایەتیکردنی قورئانی پیرۆز بە ئینکارکردنی فەرموودەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بەردەوامە. مەبەست لە بیرخستنەوەی ئەم شەڕە ـ کە چەندین جار لە مێژووی ئیسلامدا سەری هەڵداوە و دامرکاوەتەوە ـ لەم پەراوێزەدا ئاگادارکردنەوەی موسڵمانانە لە سێ خاڵ:

یەکەمیان: ئەم شەڕە لە بنەڕەتدا دژایەتییە بۆ قورئانی پیرۆز و کەسایەتی پێغەمبەرمان(صلی الله علیه وسلم) نەك بۆ فەرمودەی هەڵبەستراو بە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، تاوەکو وەك زانستی (مصطلح الحدیث) تەماشای بکەین! بۆیە هەموو گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەوانەی ئینکاری فەرمودە دەکەن پێویستە لەسەر بنەمای ئەوە بکرێت کە ئەوان موسڵمان نین!

دووەمیان: ئەم شەڕە هیچ جێی نیگەرانی نییە، ئەم جارەش دادەمرکێت وەکو هەموو جارێکی ڕابردوو، دەبێتە هۆکاری زیاتر نزیکبوونەوەی موسڵمانان لە ڕاستی سەرچاوە پیرۆزەکانیان.

سێیەمیان: بۆ ئەو موسڵمانەی کە شوبهەیەکی ئەم شەڕەی کەوتووتە ناو دڵی، ئاماژە بۆ چەند سەرچاوەیەك دەکەین، کە ئەمانەن:

* **هجر السنة النبوية بين القدماء و المعاصرين** . تأليف: أ.د محمود بن أحمد الدوسري ط: دار ابن الجوزي ـ الدمام ٢٠١٦م

* **دفاعٌ عن السنةِ** و رد شُبهِ المستشرقين و الكُتَّاب المعاصرين و بيان الشُّبه الواردة على السُّنة قديماً و حديثاً و ردها رداً علمياً صحيحاً تأليف الدكتور الشيخ محمد بن محمد أبو شهبة. ط: مكتبة السنة ـ القاهرة ١٩٨٩م.

* **دلائل التوثيق المبكر للسنة و الحديث.** تأليف الدكتور إمتياز أحمد. نقله إلى العربية: عبد المعطي أمين قلعجي . توزيع: دار الوفاء١٩٩٠م .

* **بحوث في تأريخ السنة النبوية** . تأليف: الدكتور أكرم ضياء العمري ط٤\١٩٨٤م. مكتبة العلوم و الحكم\ المدينة المنورة .

* **تدوين السنة النبوية نشأته و تطوره من القرن الأول إلى نهاية القرن التاسع الهجري.** الدكتور محمد بن مطر الزهراني . ط: مكتبة دار المنهاج\ رياض ١٤٢٦هـ.

دووەم جاریش: **بە لێکدانەوەکەی**[1]

ئەم پەیامە پارێزراوەش تەنها قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم) ، بۆیەش هەمووکات دەق و لێکدانەوەی پارێزراو پێوەرە بۆ دەقەکانی دیکە کە دەستکاریکراون و تەرازووشن بۆ لێکدانەوەی هەڵە.

لەم ڕوویەوە دەتوانین ئەو دەستکارییەی بەسەر کتێبە پیرۆزەکانی پێشتردا هاتووە هەستی پێبکەین و ڕاستی بکەینەوە، ئەمەش پڕۆژەیەکی گەورەیە لەم بابەتەدا تەنها ئاماژەی بۆ دەکەین و وەکو نمونە لە سەر دەقێك دەوەستین کە خۆی بە دوو شێوازی جودا پیشاندەدات لە (صحيح مسلم) و لە (ئینجیلی مەتتا)دا، لە پاش تێڕوانینێکی ورد بۆ دەقەکە، مانا دەستکاریکراوەکانی(ئینجیلی مەتتا)مان دێنە بەر چاو، وەك باسی دەکەین ـ إن شاء الله ـ. دەقەکەش تاوەکو بەراوردکردنی ئاسانبێت لە ڕووی مانایەوە لە هەردوو سەرچاوەکەدا بە خشتەیەك دەخەینە ڕوو، کە ئەمەیە:

---

* **السنة قبل التدوين**. تأليف الدكتور محمد عجاج الخطيب. الناشر: مكتبة وهبة\القاهرة ط٤ \٢٠٠٤م.
* **دفاع عن السنة شبهات و ردود**. تأليف: الدكتور محمد ولي الله الندوي. ط.متبة الأصالة و التراث\ الشارقة٢٠١٠م .
* **الشبهات الثلاثون المثارة لإنكار السنة النبوية ـ عرض و تفنيد و نقض ـ** تأليف: الدكتور عبد العظيم إبراهيم المطعني . الناشر: مكتبة وهبة\القاهرة\١٩٩٩م
* **حفظ الله السنةَ ـ و صور من حفظ العلماء لها و تنافسهم فيها ـ** . تأليف: أحمد بن فارس السلوم ط. دار البشائر \بيروت\٢٠٠٣م

(١) بڕوانە: ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەیووبی (ل٩٩ ـ ١٠١)وەڵامی پرسیاری: ئایا تێگەیشتنی دەقەکانی قورئانی پیرۆز تەنها بۆ عەقلی خوێنەرەکەی دەگەڕێتەوە....؟

العهد الجديد(متى)	السُّنة النبوية(صحيح مسلم)
((و إذا جاء ابن الإنسان في مجده، و جميع الملائكة معه، فحينئذٍ يجلس على كرسي مجده، و يجتمع أمامه كل الأمم، فيميز بعضهم من بعض، كما يميز الراعي الخراف من الجداء، و يقيم الخراف عن يمينه، و الجداء عن يساره، حينئذٍ يقول الملك للذي عن يمينه: تعالوا يا مباركي أبي رثوا الملك المعد لكم منذ إنشاء العالم، لإني جعتُ فأطعمتموني، و عطشت فسقيتموني، و غريباً كنتُ فآويتموني، و عرياناً فكسوتموني، و مريضاً فافتقدتموني، و محبوساً فأتيتم إلي، حينئذٍ يجيبه الصديقون قائلين: يارب متى رأيناك جائعاً فأطعمناك، أو عطشان فسقيناك، و متى رأيناك غريباً فآويناك، أو عرياناً فكسوناك، ومتى رأيناك مريضاً أو محبوساً فأتينا إليك؟ فيجيب الملك و يقول لهم، الحق أقول لكم، بما إنكم فعلتم بأحد إخوتي هؤلاء الصغار، فبي فعلتم. حينئذٍ يقول أيضاً للذين عن اليسار: إذهبو عني يا ملاعين إلى النار المؤبدة، المعد لإبليس و جنوده، لإني جعتُ فلم تطعموني، و عطشتُ فلم تسقوني، و غريباً كنت فلم تأووني، و عرياناً فلم تكسوني، و مريضاً و محبوساً فلم تزوروني. حينئذٍ يجيبونه هم أيضاً قائلين: يا رب متى رأيناك جائعاً، أو عطشاناً أو غريباً أو عرياناً أو مريضاً أو محبوساً، و لم نخدمك؟ حينئذٍ يجيبهم قائلاً: الحق أقول لكم، بما إنكم لم تفعلو بأحدٍ من هؤلاء الصغار فبي أيضاً لم تفعلوا. فيذهب هؤلاء إلى العذاب الدائم، و الصديقون إلى الحياة الأبدية)) (الإصحاح: ٢٥\ ص٨٢ـ٨٣ \ ٣٣ ـ٤٥)	« إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَا ابْنَ آدَمَ مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِى . قَالَ يَا رَبِّ كَيْفَ أَعُودُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ . قَالَ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ عَبْدِى فُلاَنًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِى عِنْدَهُ يَا ابْنَ آدَمَ اسْتَطْعَمْتُكَ فَلَمْ تُطْعِمْنِى . قَالَ يَا رَبِّ وَكَيْفَ أُطْعِمُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ. قَالَ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّهُ اسْتَطْعَمَكَ عَبْدِى فُلاَنٌ فَلَمْ تُطْعِمْهُ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ أَطْعَمْتَهُ لَوَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِى يَا ابْنَ آدَمَ اسْتَسْقَيْتُكَ فَلَمْ تَسْقِنِى. قَالَ يَا رَبِّ كَيْفَ أَسْقِيكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ قَالَ اسْتَسْقَاكَ عَبْدِى فُلاَنٌ فَلَمْ تَسْقِهِ أَمَا إِنَّكَ لَوْ سَقَيْتَهُ وَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِى». (رواه مسلم : ٢٥٦٩)

ئەگەر بە وردی دەقەکە لە هەردوو سەرچاوەدا بخوێنینەوە، دەبینین کە هەمان دەقن و هانی سەردانی نەخۆش و دەستگرتنی بێچارە دەدەن، بەڵام لە(ئینجیلی مەتا)دا عیسا(علیه السلام) لە ڕۆژی ئاخیرەت سزاو پاداشتی بەدەستە و لە (صحیح مسلم)دا جێی محمد (صلی الله علیه وسلم) نابینرێت و هیچی بەدەست نییە[١] لەم ڕۆژەدا، بەڵکو هەموو شتێك لە دەست خودادایە.

لەفەرمودەکەدا بەندەکانی هاندەدات بۆ چاکەکاری و سەردانی نەخۆش و دەستگرتنی کەسی بێچارە لە پێناو پاداشتی خودا و ڕازیبوونی خودادا. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە دەقەکە لە (ئینجیلی مەتتا)دا دەستکاری کراوە، چونکە هەرگیز نابێت سزاو پاداشتی مرۆڤ لە ڕۆژی ئاخیرەت دا لە دەست مرۆڤ بێت، ئەمە دژە بۆ بیروباوەڕی یەکخواپەرستی، کە ئاینی هەموو پێغەمبەرانە سڵاوی خودایان لە سەر بێت.

کەواتە بە تێڕوانین لەم خوێندنەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام گەورەترین بنەمایە بۆ ڕاستی ئایینە ئاسمانییەکانی پێشتر و ڕاستکردنەوەیان لەو دەستکارییەی کە لە هەندێك لە دەقەکانیاندا کراوە[٢]، بەڕادەیەك کە ئەوەی لە سەرەتای ئینجیلێکدا دەخوێنیتەوە زۆرت پێناچێ دەگەیتە خوێندنەوەی دژەکەشی، ئەمە بێجگە لە جیاوازی نێوان ئینجیلەکان، بۆ نمونە لە سەرەتای (ئینجیلی مەتتا)دا

---

(١) **ئەگەر بگوترێت ئەی محمد(صلی الله علیه وسلم) شەفاعەتی بەدەست نییە؟** وەڵامەکە نەخێر شەفاعەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) لە ڕۆژی ئاخیرەتدا پاش ئیزندانی خودایە و تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیدەبژێرێت و یەکخواپەرستە: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾، هەربۆیەش داوای شەفاعەتی محمد(صلی الله علیه وسلم) لە دونیادا ئەگەر لە محمد(صلی الله علیه وسلم) بکرێت پاڕانەوەیە لە بێجگە لە خودا و شیرکە، بۆیە تەنها ئەم داوایە لە خودا دەکرێت.

(٢) ینظر: كتاب منهج أهل السنة في الرد على النصارى ـ دراسةٌ علمية من خلال جهود الإمام ابن تيمية رحمه الله ـ تأليف عبدالراضي بن محمد المحسن ص١٥ ط: الفاروق الحديثة للطباعة و النشر.

هاتووە: (كتاب ميلاد يسوع المسيح بن داود بن إبراهيم)[١] واتە: (كتێبی لەدایك بوونی عیسای مەسیح كوڕی داودی كوڕی إبراهیم) و لە هەمان ئینجیلدا هاتووە كە خودا فەرموویەتی: (هذا هو ابني الحبيب الذي به سررت)[٢] واتە : (ئەمە كوڕی منە كە پێی دڵشادم) و لەهەمان ئینجیلدا هاتووە، كە ئەم (كوڕاتییە ـ البُنُوَّة ـ) بۆ خودا تەنها مەجازێك نییە ئاماژە بە خۆشەویستی بكات، بەڵكو كوڕێكە سزاو پاداشتی لە دەستە و خەڵك بۆ دۆزەخ دەنێرێت! وەكو باسكرا[٣].

ئەم مانا دژبەیەكانە بە تێڕوانینێك لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ڕاست دەكرێنەوە، كە زۆر بە ڕاشكاوی باس لەوە دەكەن كە خالق خالقە و پێویستە بپەرسترێت و مەخلوقیش مەخلوقە ئەگەر پێغەمبەریش بێت یان فریشتەبێت پێویستە خوداپەرستی بكات: ﴿لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ۚ وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا﴾[٤] واتە: (هەرگیز مەسیح لاری لەوە نییە كە بەندەی خودابێت، هەروەها فریشتە نزیكەكانیش لارییان نەبووە لە بەندایەتیكردن بۆ خودا، جا ئەوەی لاری و سەرپێچی بكات لە پەرستنی خودادا و پشت لە خوداپەرستی بكات و لوت بەرزی دەرحەق بە بەندایەتیكردن بۆ پەروەردگار ئەنجامبدات ـ با هەركەسێك بێت ـ ئەوا بۆ لای خودا حەشردەكرێت و تووشی لێپرسینەوە دەبێت).

پەروەردگار سەبارەت بە دادگاییكردنی پێغەمبەران و شەهیدان دەفەرمێت: ﴿وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا

---

(١) الإصحاح الأول ص٧ و ينظر: الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح (٤\١٧٣ ط: دار العاصمة).

(٢) الإصحاح الثالث ص١٢.

(٣) ينظر: هداية الحيارى في أجوبة اليهود والنصارى (ص٣٥٨ ـ ٣٥٩ ط : عالم الفوائد).

(٤) النساء: ١٧٢.

يُظۡلَمُونَ﴾[١]! و سەبارەت بە دادگاییکردنی فریشتەکانیش دەفەرمێت: ﴿وَتَرَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنۡ حَوۡلِ ٱلۡعَرۡشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡۖ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ وَقِيلَ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾[٢]! ئەمەش ئاماژەیە ئەگەر پێغەمبەران بن یان شەهیدان بن یان فریشتەی ئاسمانان بن بەرامبەر پەروەردگار تەنها بەندەن و بەندایەتی دەکەن و لە بەندایەتی دەرناچن.

قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :

« مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلاَّ مَلَكَانِ يَنْزِلاَنِ فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا ، وَيَقُولُ الآخَرُ اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا »

أخرجه البخاري(١٤٦٤مكنز)

(١) الزمر: ٦٩.

(٢) الزمر:٧٥.

پـــرســـیـــار و وەڵامـــی A و B

بەشـــ(١)ـــــی یەکـەم: پرسیار و وەڵام لە ئەحکامی فیقهیدا

بابەتی پێنجەم: مەسحی خوف و گوریە

پرسیاری یەکەم:

جیاوازی نێوان خوف و گوریيە چییە؟ مەبەست چییە لە مەسحکردنیان کاتی دەست نوێژ گرتن؟

وەڵام:

خوف لە پێست دروست دەکرێت، بەڵام گوریە لە قوماش، هەردووکیان لە پێ دەکرێن. مەبەست لە مەسحکردنیان کاتی دەست نوێژگرتن بریتییە لە بە سەریانداهێنانی دەستی تەڕ لەجیاتی شوشتنی پێ.

بەڵگە:

١ ـ عَنِ الأَعْمَشِ عَنْ إِبْرَاهِيمَ عَنْ هَمَّامٍ قَالَ بَالَ جَرِيرٌ ثُمَّ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ. فَقِيلَ تَفْعَلُ هَذَا ؟ فَقَالَ: نَعَمْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم بَالَ ثُمَّ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ . قَالَ الأَعْمَشُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ كَانَ يُعْجِبُهُمْ هَذَا الْحَدِيثُ لأَنَّ إِسْلاَمَ جَرِيرٍ كَانَ بَعْدَ نُزُولِ الْمَائِدَةِ[(١)] . **ورواية**[(٢)]: عَنْ شَهْرِ بْنِ حَوْشَبٍ قَالَ رَأَيْتُ جَرِيرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ فَقُلْتُ لَهُ فِى ذَلِكَ فَقَالَ رَأَيْتُ النَّبِىَّ صلى الله عليه وسلم تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ . فَقُلْتُ لَهُ أَقَبْلَ الْمَائِدَةِ أَمْ بَعْدَ الْمَائِدَةِ فَقَالَ مَا أَسْلَمْتُ إِلاَّ بَعْدَ الْمَائِدَةِ .

---

(١) متفقٌ عليه.

(٢) أخرجه الترمذي(١\١٥٧)(٢\٥١٠)

٢ ـ عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ قَالَ: بَيْنَا أَنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم ذَاتَ لَيْلَةٍ إِذْ نَزَلَ فَقَضَى حَاجَتَهُ ثُمَّ جَاءَ فَصَبَبْتُ عَلَيْهِ مِنْ إِدَاوَةٍ كَانَتْ مَعِي فَتَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ[١] .

٢ ـ عن الأزرق بن قيس، قال: رأيتُ أنسَ بن مالك (رضي الله عنه) أحدث فغسل وجهه و يديه، و مسح على جوربين من صوف، فقلتُ: أتمسحُ عليهما؟ فقال: ((**إنهما خفان، ولكنهما من صوف**))[٢] .

پرسیاری دووەم:

لە ڕووی حوکمی شەرعییەوە جیاوازی نێوان مەسحکردنی خوف و گوریە چییە؟

وەڵام:

مەسحکردنی خوف سوننەتە بە یەکڕایی زانایان[٣]، بەڵام مەسحکردنی گوریە زانایان لەسەری ناکوکن، ئەوانەی بۆ ئەوەدەچن کە مەسحی گوریە وەکو مەسحی خوف سوننەتە، (بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان گوریەی تەنك و ئەستور یان نوێ و دڕاو و کون) زیاتر نزیکن لە بەڵگەی شەرعی ، بۆچوونەکانیان دروستترە.

بەڵگە:

١ ـ أدلة السؤال الأول.

٢ ـ ثبت المسح على الجوربين عن ستة عشر صحابياً[٤] .

---

(١) رواه مسلم(١٢٨مكنز).

(٢) أخرجه الدولابي في الكنى و الأسماء (١\١٨١) و صححه الشيخ أحمد شاكر في تقديمه لكتاب المسح على الجوربين لمحمد جمال الدين القاسمي ص١٣ ط.المكتب الإسلامي.

(٣) قال الإمام النووي رحمه الله في شرح مسلم(٣\١٦٤) : أجمع من يُعتَدُّبه في الإجماع على جواز المسح على الخفين، في السفر و الحضر، سواءٌ كان لحاجة أو لغيرها، حتى يجوز للمرأة المُلازمة بيتها و الزَّمنَ الذي لا يمشي، و إنما أنكرته الشيعة و الخوارج ولا يُعتدُّ بخلافهم.

(٤) ينظر: كتاب المسح على الجوربين للقاسمي ص٥٢ ـ ٦٢ و تخريج تلك الآثار.

٣ ـ روى عن عمر و على (رضي الله عنهما) جواز المسح على الجورب الرقيق[١] .

٤ ـ قال الثوري: أمسح عليها ما تعلق به رجلك، و هل كانت خفاف المهاجرين و الأنصار إلا مخرقة، مشققة، مرقعة[٢]؟

پرسیاری سێیەم:

ئایا باسی مەسحکردنی خوف لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە؟

وەڵام:

بەڵێ لە ئایەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ﴾ خوێندنەوەی (أرجُلَكُم) بە فەتحەی لام دەخوێنرێتەوە، مەبەست ئەوەیە کە دوو پێیەکە وەکو دەم وچاو (وجوهَكم) بشۆرێن، ئەمەش کاتێك پێیەکان بەبێ خوف و گوریە بن. خوێندنەوەی (أرجِلِكم) بە کەسرەی لام دەخوێنرێتەوە، مەبەست ئەوەیە کە دوو پێیەکە وەکو (رؤوسِكم)مەسحبکرێن، ئەمەش کاتێك دوو پێیەکە بە خوف یان گوریە داپۆشراوبن. ئەم دوو خوێندنەوەیەش دوو خوێندنەوەی دروستن لە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) وەرگیراون[٣].

هەروەها لەدەیان ئایەتی پیرۆزی دیکەدا فەرمان کراوە بە مەسحکردنی خوف و گوریە! چونکە قورئانی پیرۆز فەرمان دەکات بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و موهاجرین و ئەنصار ئەمانەش مەسحی خوف و گوریەیان کردووە.

---

(١) ذكره الشيخ العثيمين في فتاويه(١\١٦٦) بصيغة التضعيف عن بعض أصحاب الشافعي، و حكى النووي في شرح المهذب (١\٤٨٤) جواز المسح على الجوربين الخفيفين اللذين يشفان القدم عن عليٍ و عُمَرَ(رضي الله عنهما).

(٢) أخرجه عبدالرزاق في المصنف(٧٥٣) و من طريقه البيهقي في السنن الكبير(١\٢٨٣) و ينظر: المحلى لإبن حزم (٢\١٠٠ ط: أحمد شاكر).

(٣) ينظر: البسط في القراءات العشر تأليف سمر العشا(١\٤٦٣).

بەڵگە:

١ ـ ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ﴾[١] .

٢ ـ ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ﴾[٢] .

٣ ـ ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾[٣] .

٤ ـ ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا﴾[٤] .

٥ ـ ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾[٥]

٦ ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ تَخَلَّفَ عَنَّا النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم فِى سَفْرَةٍ سَافَرْنَاهَا ، فَأَدْرَكَنَا وَقَدْ أَرْهَقَتْنَا الصَّلاَةُ وَنَحْنُ نَتَوَضَّأُ، فَجَعَلْنَا نَمْسَحُ عَلَى أَرْجُلِنَا، فَنَادَى بِأَعْلَى صَوْتِهِ « وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ » . مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاَثًا . (متفقٌ عليه)

٧ ـ أدلة السؤال الأول.

---

(١) الحشر:٧.

(٢) النساء:٨٠.

(٣) النحل:٤٤.

(٤) النساء:١١٥.

(٥) التوبة:١٠٠.

پرسیاری چوارەم:

چۆن مەسح لەسەر خوف و گوریە دەکرێت؟

وەڵام:

چۆنیەتی مەسحکردنی خوف بریتییە لە بەسەرداهێنانی دەستی تەڕ بەسەر بەشی سەرەوەی خوف (پشتی پێ).

بەڵگە:

عَنْ عَلِيٍّ (رضى الله عنه) قَالَ: لَوْ كَانَ الدِّينُ بِالرَّأْيِ لَكَانَ أَسْفَلُ الْخُفِّ أَوْلَى بِالْمَسْحِ مِنْ أَعْلاَهُ وَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَمْسَحُ عَلَى ظَاهِرِ خُفَّيْهِ[1].

پرسیاری پێنجەم:

مەرجی مەسحکردنی خوف و گوریە چییە؟

وەڵام:

بێجگە لەو هۆکارانەی مەسحکردنی خوف و گوریە بەتاڵ دەکەن، مەسحکردنی خوف و گوریەی خاوێن تەنها یەك مەرجیان هەیە ئەویش کاتی لە پێکردنیان پێویستە موسڵمان **بە دەستنوێژبێ**(دەستنوێژێك گیرابێت بە ئاو).

تێبینی :

زۆرجار کاتی دەستنوێژگرتن پێی ڕاست دەشورێت و گوریە یان خوف لە پێدەکرێت، لە پاشان پێی چەپ دەشورێت و گوریە یان خوف لە پێدەکرێت، لەم حاڵەتەدا **هەندێك لە زانایان** بۆ ئەوە دەچن کە مەرجی بەدەستنوێژ بوون نەهاتووتە جێ کاتی لە پێکردنی گوریە یان خوف لە پێی ڕاست، چونکە تاوەکو موسڵمان هەموو ئەندامەکانی دەستنوێژ نەشوات بەدەستنوێژ ناکەوێت، لێرەشدا پێش شوشتنی پێی چەپ گوریە یان خوفی پێی ڕاستی لە پێکرایە، کەواتە بۆی نییە مەسحی لە سەر بکات.

(١) أخرجه أبو داود(١٦٢) و حسَّن إسناده الحافظ في بلوغ المرام ص٩١.

بەڵگە:

١ ـ عَنْ الْمُغِيرَةِ عَنْ أَبِيهِ قَالَ كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم فِى سَفَرٍ ، فَأَهْوَيْتُ لأَنْزِعَ خُفَّيْهِ فَقَالَ « دَعْهُمَا ، فَإِنِّى أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ ». فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا.(متفقٌ عليه)

٢ ـ الإجماع منقول عن غير واحدٍ من العلماء على أن الطهارة المشترطة للمسح على الـخُفين هي الطهارة من الحدث لا الطهارة من النجاسة دون الحدث[1].

پرسیاری شەشەم:

مرۆڤ بەدەستنوێژ دەبێت:

یەکەم: کاتێك دەستنوێژ دەگرێت بە ئاو (وضوء).

دووەم: کاتێك تەیەموم (التيمم) دەکات.

سێیەم: کاتێك غوسل هەڵدەگرێت لە جەنابەت (الغسل من الجنابة).

ئایا پاش ئەم حاڵەتانە ئەگەر موسڵمان خوف یان گوریە بپۆشێ دەتوانێت مەسحی لەسەر بکات؟

وەڵام:

لەحاڵەتی **یەکەم:** بەڵێ بە یەکرایی زانایان دەتوانێت مەسح لەسەر خوف بکات پاش بەدەست نوێژبوون بە دەستنوێژ گرتن بە ئاو (وضوء) لە حەدەسی گچکە، وەك لە پرسیارەکانی پێشتر باسکرا. لە هەردوو حاڵەتی دیکەدا مشت و مرێکی زۆر لە نێوان زانایاندا هەیە، هیچ دەقێکی ڕوون و ئاشکرا نییە، کە ئەم دوو حاڵەتە لە حاڵەتی یەکەم جودا بکاتەوە. بەڵام زۆرینەی زانایان(جمهور) بۆ ئەوە دەچن ئەگەر پۆشینی خوف پاش حاڵەتی بەدەست نوێژبوون بە تەیەموم بێت (**حاڵەتی دووەم**)،

---

(١) ممن نقل الإجماع: ابن قدامة في المغني(١\٣٦١) و القرطبي في تفسيره(٦\١٠٠) و ابن عبد البر في الإستذكار(٢\٢٥٦) و التمهيد(٣\٢٩٠ فتح البر) و غيرهم. و المراد بالحدث هنا الأصغر و في الأكبر خلافٌ ينظر: بداية المجتهد (١\٤٣٥ ط. دار الكتب العلمية) والأقوال الشاذة في بداية المجتهد جمعاً و دراسة تأليف صالح الشمراني (ص٧٥ ـ ٨٤).

ئەوا پاش هەبوونی ئاو پێویستە لەگەڵ دەستنوێژگرتن پێیەکانی بشوات و نابێت مەسحی خوف یان گوریە بکات[١]. هەروەها بۆ مەسحکردن لەسەر ئەو خوفەی پاش غوسلی جەنابەت پۆشراوە(**حاڵەتی سێیەم**)، نزیکتر بۆ فەرمودەی: (فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ) ئەوەیە کە دروستە[٢].

پرسیاری حەفتەم:

ئەو هۆکارانەی مەسحکردن لەسەر خوف یان گوریە بەتاڵ دەکەن چین؟

وەڵام:

ئەگەر کەسێك خوف یان گوریە بە مەرجی شەرعی لەپێکرد، ئەوا کەسەکە بۆی هەیە مەسح لە سەریان بکات، دەتوانێت مەسحکردنەکە لەگەڵ هەموو دەستنوێژگرتنێکی دووبارەبکاتەوە، تاوەکو مەسحکردنەکە بەتاڵ دەبێت بەیەکێك لەم هۆکارانە:

هۆکاری یەکەم: کات

کاتی مەسحکردنی خوف بۆ موسافر سێ شەو و سێ ڕۆژە(٧٢سەعات)، بۆ بێجگە لە موسافر تەنها شەو و ڕۆژێکە(٢٤سەعات)، ئەم کاتەش لەگەڵ یەکەم مەسحەوە دەست پێدەکات پاش بێ دەست نوێژ بوون (لە نزکترینی قسەی زانایان)، کە کاتەکە کۆتایی هات، ئەوا مرۆڤ بە کۆتایی هاتنی کاتی مەسحکرن بێ دەستنوێژ نابێت، بەڵام ئەگەر بێدەست نوێژبوو بە هەر هۆکارێکی دیکە چی تر ناتوانێت مەسح بکات، پێویستە خوفەکەی یان گورییەکەی داکەنێت لەگەڵ دەستنوێژگرتن پێیەکانی بشوات.

---

(١) ینظر: فتح الباري (١\٣١٠) و منحة العلام في شرح بلوغ المرام (١\٢٥٢) و فتاوى الشيخ محمد صالح العثيمين(١١\١٧٤).

(٢) ئەمەش مەزهەبی زانای پایەبەرز ئەبو حەنیفەیە ڕەحمەتی خودای لێبێت. ینظر: بداية المجتهد (١\٤٣٥ ـ ٤٣٦).

تێبینی ١:

دیارخستنی کاتی مەسحکردن بە ژمارەی نوێژەکان (پازدە نوێژ بۆ مسافر و پێنج نوێژ بۆ موقیم) کە لە خەڵکانێك گوێبیستی دەبین لە بەهەڵە تێگەیشتنی فەرمودەکانی کاتی مەسحکردن (أدلة التوقيت) دروست بووە، نزیکتر لە قسەی زانایان ئەوەیە کە باسکرا[١].

تێبینی ٢:

هەندێك لە زانایان بۆ ئەوەدەچن کە کاتی مەسحکردنی خوف لەبەر زەرورەت بۆ هەفتەیەك درێژدەبێتەوە بە بەڵگەی فەرموودەی: (عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ أَنَّهُ قَدِمَ عَلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ مِنْ مِصْرَ فَقَالَ مُنْذُ كَمْ لَمْ تَنْزِعْ خُفَّيْكَ قَالَ مِنَ الْجُمُعَةِ إِلَى الْجُمُعَةِ . قَالَ أَصَبْتَ السُّنَّةَ)[٢] واتە: عوقبەی کوڕی عامری جوهەینی لە میسرەوە دێت بۆ لای عومەر(رضي الله عنه)، عومەریش (رضي الله عنه) پرسیاری مەسحی خوفی لێدەکات، ئەویش دەڵێت ئەمە هەفتەیەکە مەسحدەکەم و خوفم دانەکەندووە، عومەر (رضي الله عنه) لە وەڵامیدا دەڵێت: تۆ سوننەتی پێغەمبەرت (صلى الله عليه وسلم) جێبەجێکردووە.

هۆکاری دووەم: جەنابەت

هەرکاتێك مرۆڤ تووشی لەشگرانی هات(جەنابەت)، ئەوا پێویستە خوفەکانی یان گورییەکانی داکەنێت لە کاتی سەر شوشتن(غوسل هەڵگرتن).

هۆکاری سێیەم: داکەندنی خوف یان گوریەی مەسحکراو

---

(١) ينظر: فتاوى الشيخ محمد صالح العثيمين(١١\١٦٣ ، ١٦٨). و تمام النصح في أحكام المسح تأليف الشيخ محمد ناصر (ص٨٩ ـ ٩٣ مطبوع في ذيل المسح على الجوربين للقاسمي).

(٢) أخرجة ابن ماجه(٥٥٨) و أحمد (٢٣٦). ينظر: السلسلة الصحيحة للألباني (٦\٢٣٩ـ٢٤٤)(٢٦٢٢) و بحث ماتع حول دراسة هذا الحديث رواية و دراية. و ينظر أيضا: مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام (٢١\٢١٥) و مجموع مؤلفات عبدالرحمن السعدي(٨\٢٠٧).

داکەندنی خوف یان گوریەی مەسحکراویش لەو هۆکارانەیە کە مەسحکردن بەتاڵ دەکەن، چونکە ئەگەر پاش داکەندنی لە پێکرایەوە (با بە دەستنوێژیش بێ کاتی پێکردنەوەی و کاتەکەی مەسحکردنیش مابێت)، ئەوا ناتوانرێت مەسحی لەسەربکرێت. چونکە لەسەر دەستنوێژێك لە پێکرایەوە کە پێیەکان نەشوراون، بەڵکو مەسحکراون[١]. ئەمەش وەکو ئەوە نییە کە کەسەکە پاش داکەناندنی خوف یان گوریە مەسحکراوەکە دەستنوێژی گرتبێتەوە بە پێ شوشتنەوە.ئەمە بۆی هەیە مەسح لەسەر خوفەکەی یان گوریەکەی بکات بە یەکڕایی زانایان[٢].

پوختەی ئەوەی باسکرا لەم هۆکارە ئەوەیە کە دەستنوێژگرتن بە ئاو دوو شێوازی هەیە:

یەکەمیان: دەستنوێژ گرتنێك پێ شوشتنی لەگەڵ بێت.

دووەمیان: دەستنوێژ گرتنێك مەسحی خوف یان گوریە جێی پێشوشتنی گرتبێتەوە.

ئەم دوو شێوازەی بە دەستنوێژ بوون جیاوازیان هەیە لە ڕووی مەسحی خوف یان گوریە

لە **شێوازی یەکەم** ئەگەر بەدەستنوێژ بی کاتی داکەناندی خوف یان گوریە کە هێشتان مەسحنەکراون، ئەوا بەداکەناندنیان حوکمی مەسحکردنیان بەتاڵ نابێت و دەتوانی لە پێبکەیەوە و کاتی دەستنوێژ گرتنەوە مەسحیان بکەی.

بەڵام لە **شێوازی دووەم** بەداکەناندنی خوف یان گوریەی حوکمی مەسحکردنەکە بەتاڵ دەبێت (با کاتی لە پێکردنیان و داکەناندنیان بە دەستنوێژ بی)، چونکە پێشتر مەسحکراوبوون.

---

(١) ئەمەش دەتوانی وەکو حاڵەتی چوارەم بۆ پرسیاری شەشەم زیاد بکەی.

(٢) ئەمەش حاڵەتی یەکەمی پرسیاری شەشەمە.

بەڵگەی جیاوازکردنی شێوازی دووەم لە شێوازی یەکەم، یەکڕایی زانایانە لەسەر ئەوەی کە لە شێوازی دووەمدا حوکمی مەسح بەتاڵ دەبێت[١].

بەڵگە:

١ـ عَنْ شُرَيْحِ بْنِ هَانِئٍ قَالَ أَتَيْتُ عَائِشَةَ أَسْأَلُهَا عَنِ الْمَسْحِ عَلَى الْخُفَّيْنِ فَقَالَتْ عَلَيْكَ بِابْنِ أَبِى طَالِبٍ فَسَلْهُ فَإِنَّهُ كَانَ يُسَافِرُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم . فَسَأَلْنَاهُ فَقَالَ : جَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيَهُنَّ لِلْمُسَافِرِ وَيَوْمًا وَلَيْلَةً لِلْمُقِيمِ [٢].

٢ـ عَنْ زِرِّ بْنِ حُبَيْشٍ قَالَ أَتَيْتُ صَفْوَانَ بْنَ عَسَّالٍ الْمُرَادِىَّ أَسْأَلُهُ عَنِ الْمَسْحِ عَلَى الْخُفَّيْنِ فَقَالَ مَا جَاءَ بِكَ يَا زِرُّ فَقُلْتُ ابْتِغَاءَ الْعِلْمِ فَقَالَ إِنَّ الْمَلاَئِكَةَ تَضَعُ أَجْنِحَتَهَا لِطَالِبِ الْعِلْمِ رِضًا بِمَا يَطْلُبُ . قُلْتُ إِنَّهُ حَكَّ فِى صَدْرِى الْمَسْحُ عَلَى الْخُفَّيْنِ بَعْدَ الْغَائِطِ وَالْبَوْلِ وَكُنْتَ امْرَأً مِنْ أَصْحَابِ النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم فَجِئْتُ أَسْأَلُكَ هَلْ سَمِعْتَهُ يَذْكُرُ فِى ذَلِكَ شَيْئًا قَالَ نَعَمْ كَانَ يَأْمُرُنَا إِذَا كُنَّا سَفَرًا أَوْ مُسَافِرِينَ أَنْ لاَ نَنْزِعَ خِفَافَنَا ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيَهُنَّ إِلاَّ مِنْ جَنَابَةٍ لَكِنْ مِنْ غَائِطٍ وَبَوْلٍ وَنَوْمٍ [٣].

---

(١) شێخ (محمد بن صالح العثيمين ـ رحمه الله ـ) بۆ جیاوازی نەکردنی لە نێوان دوو شێوازەکە مەیلی هەبوو، بەڵام دەیگوت: نەم دیتییە کەس لە زانایان بۆ ئەم جیاوازی نەکردنە بچێت، بۆیەش فەتوای لەسەر ئەوە بوو کە باسکرا (أحكام و فتاوى المسح على الخفين و الجبيرة ص١٢ـ١٣ للشيخ صالح العثيمين).

(٢) أخرجه مسلم(٢٧٦).

(٣) أخرجه أحمد (١٨٠٩١ ، ١٨٠٩٥ ، ١٨١٠٠) والترمذي (٢٣٨٧)(٣٥٣٦) و قال حديثٌ حسنٌ صحيح.

پرسیاری هەشتەم:

ئایا نییەت پێویستە بۆ ئەنجامدانی مەسحی خوف یان گوریە؟

وەڵام:

مەسحکردنی خوف لە بابەتی جلوبەرگ پۆشینە، هەروەك چۆن پێویست نییە کاتی جلوبەرگ پۆشین مرۆڤ نییەتی ستری عەورەی هەبێت، کە مەرجە لە نوێژکردندا، بە هەمان شێوەش نییەتی مەسحکردنی خوف پێویست نییە کاتی لە بەرکردنی.

تێبینی:

نییەت هێنان بە زۆبان پێویستی بە بەڵگەی تایبەت هەیە، مەبەست لێرەدا نییەت بە زاراوەی فوقەهای شەریعەت، ئەگەر نا لە هەموو هەستان و دانیشتنێك بەڵکو لە هەموو هەناسەیەکی ژیان پێویستە مرۆڤ نییەتی تەنها بۆ خودا بێت: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى»[1]، لە زیکری ئەو غافل نەبێت: ﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ﴾[2].

پرسیاری نۆیەم:

ئایا داپۆشینی جێی فەرز لە شوشتنی پێ، مەرجە خوف یان گوریە داپپۆشێت، تاوەکو بتوانین مەسحی لەسەر بکەین؟

وەڵام:

نەخێر ئەمەی باسکرا لە پرسیارەکەدا مەرج نییە. چونکە مەسحکردنی خوف بە ڕەهایی هاتووە لە دەقەکانی شەرعدا بۆ ئەم ڕەهاییەش پێویستە بەڵگە هەبێت، تاوەکو سنووردار بکرێت، هیچ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرامان (صریح) بەدەستەوە

(١) متفقٌ عليه.

(٢) البقرة:١٥٢.

نییە، بۆیە هەر کە ناوی خوف یان مانای خوف لەسەر لەپێکراو مابێ با کونیش بێت یان دڕای بێت یان شوێنی شوراو نەگرێت لە قاچەکان کاتی دەستنوێژگرتن، موسڵمان دەتوانێت مەسحی لەسەربکات، ئەمە نزیکترینی وتەی زانایانە لە بەڵگە[١].

بەڵگە:

١ ـ بگەڕێوە بۆ بەڵگەکانی پرسیاری دووەم.

٢ ـ بەڵگەی وەڵامی پرسیاری حەفتەم و هەشتەم نەبوونی بەڵگەیە، چونکە مەرجەکانی هەر عیبادەتێك پێویستە بە بەڵگەی شەرعی مەرجداری خۆیان وەرگرن، ئەگەر نا، ئەوا ئەصل نەبوونی مەرجە، هەر لە بەر ئەمەش لە کتێبەکانی فیقهیدا باس لە زۆر مەرج دەکرێت لە سەر بابەتی مەسحکردنی خوف بەڵام بەڵگەی بەهێزیان لەپاڵ نییە[٢].

پرسیاری دەیەم:

ئایا دەتوانین مەسح لەسەر لەفافی قاچەکان بکەین؟ وەك لەفافە پزیشکییەکانی ئەم سەردەمە، یان پێچانی قاچەکان بە پارچە قوماشێك لە بەر سەرما یان هەر هۆکارێکی دیکە؟

وەڵام:

بەڵێ ئەم لەفافانە حوکمی خوفیان هەیە و دەتوانین مەسحیان لەسەر بکەین، ئەگەر کاتی پێچانیان مرۆڤ بە دەستنوێژ بێت.

---

(١) ینظر: تمام النصح ص٨٤ مبحث المسح على الخف و الجورب المخرق. و فتاوى محمد بن صالح العثيمين (١١\١٦٥ ـ ١٦٧).

(٢) ينظر: المحلى لإبن حزم (٢\١٠٠ـ ١٠٤ المسألة:٢١٦) و فتاوى محمد بن صالح العثيمين(١١\١٦٥ ـ ١٦٨).

بەڵگە:

أفتى بالجواز في هذه المسألة شيخ الإسلام ابن تيمية (فتاوى شيخ الإسلام٢١\١٨٥) و وافقه في هذا العصر الشيخ محمد صالح العثيمين في فتاويه (١١ \١٦٧، ١٦٨) و الشرح الممتع (١\٢٣٥) و أيد القول بالقياس و بما أخرجه أبو داود في سننه(١٤٦) عَنْ ثَوْبَانَ قَالَ: (بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم سَرِيَّةً فَأَصَابَهُمُ الْبَرْدُ فَلَمَّا قَدِمُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم أَمَرَهُمْ أَنْ يَمْسَحُوا عَلَى الْعَصَائِبِ وَالتَّسَاخِينِ) و قال: يمكن أن نأخذ من كلمة التساخين جواز المسح على اللفافة، لأنه يحصل بها التسخين، و هو الغرض الذي من أجله لبست الخف[١].

پرسیاری یازدەهەم:

جیاوازی چییە لە نێوان مەسحکردنی جەبیرە[٢] لەگەڵ مەسحی خوف؟

وەڵام:

زانایان مشتومڕێکی زۆریان هەیە لە سەر حوکمی جەبیرە نزیکتر لە بنەماکانی شەریعەت ئەوەیە، کە ئەگەر جەبیرە لەسەر شوێنێك بێت پێوستی بە شوشتن هەبێ لادانی زەرەر بێ، ئەوا مەسحی لەسەردەکرێت.

جیاوازی مەسحکردنی جەبیرە و خوف بۆ چوار خاڵ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: مەسحکردنی خوف کاتەکەی دیاریکراوە، بەڵام مەسحکردنی جەبیرە کاتەکەی دیاریکراو نییە و بۆ پێویستبوونی جەبیرەکە دەگەڕێتەوە.

---

(١) ينظر دراسة هذا القول في كتاب (إنفرادات شيخ الإسلام ابن تيمية الفقهية عن الأئمة الأربعة. تأليف: محمد سيد حاج ص٢٤٥ ـ ٢٤٨).

(٢) جەبیرە: ئەوپێچانەیە کە پزیشکەکان دەیکەن لەسەر شوێنی شکاو و بریندار بە لەزگەی پزیشکی و لەفاف و گەچ.

دووەم: خوف تایبەتە بە قاچەکان، جەبیرە بە شوێنی ئازار یان بریندار یان شکاوی لەشەوە تایبەتە، ئەوجا هەر ئەندامێك بێت.

سێیەم: پۆشینی قاچەکان بە خوف مەرجە لەسەر پاکژی و دەست نوێژ بێت، ئەمە لە جەبیرەدا مەرج نییە.

چوارەم: مەسحی خوف تەنها لە حەدەسی گچکەیە و حەدەسی گەورە(جەنابەت) ناگرێتەوە، بەڵام جەبیرە بۆ حەدەسی گەورە و گچکە مەسحی لە سەر دەکرێت.

بەڵگە:

١ـ عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ قَالَ انْكَسَرَتْ إِحْدَى زَنْدَيَّ فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم فَأَمَرَنِي أَنْ أَمْسَحَ عَلَى الْجَبَائِرِ [(١)].

٢ ـ عَنْ جَابِرٍ قَالَ خَرَجْنَا فِي سَفَرٍ فَأَصَابَ رَجُلاً مِنَّا حَجَرٌ فَشَجَّهُ فِي رَأْسِهِ ثُمَّ احْتَلَمَ فَسَأَلَ أَصْحَابَهُ فَقَالَ هَلْ تَجِدُونَ لِي رُخْصَةً فِي التَّيَمُّمِ فَقَالُوا مَا نَجِدُ لَكَ رُخْصَةً وَأَنْتَ تَقْدِرُ عَلَى الْمَاءِ فَاغْتَسَلَ فَمَاتَ فَلَمَّا قَدِمْنَا عَلَى النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم أُخْبِرَ بِذَلِكَ فَقَالَ: « قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ وَيَعْصِرَ » . أَوْ « يَعْصِبَ » . شَكَّ مُوسَى « عَلَى جُرْحِهِ خِرْقَةً ثُمَّ يَمْسَحَ عَلَيْهَا وَيَغْسِلَ سَائِرَ جَسَدِهِ »[(٢)] .

---

(١) رواه ابن ماجه (٦٥٧) قال الحافظ في بلوغ المرام (ص ١٣٦) سنده واه جداً.

(٢) أخرجه أبوداود(٣٣٦) قال الحافظ في بلوغ المرام (ص١٣٧): سنده فيه ضعف و فيه إختلاف على راويه.ومن حيث المعنى الحديث مخالف لقواعد الشريعة إذ فيه طهارتين لعضو واحد، و لا نظير لمثل هذا في الشرع.

ينظر: فتاوى محمد صالح العثيمين(١١\١٧٣) و رغم ذلك لو صح سنداً لكان حجة للقائلين بالجمع بين المسح على الجبيرة و التيمم.

پرسیاری دوازدەهەم:

لە فەرموودەدا هاتووە (...أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى الْجَوْرَبَيْنِ وَالنَّعْلَيْنِ) ئایا مەبەست لەم نەعلانە ئەوانەن کە ئەمڕۆ لەپێدەکرێن؟ دەتوانین مەسحیان لە سەر بکەین؟

وەڵام:

بەڵێ زۆربەی نەعلەکانی ئەوکات لەهەمان شێوازی نەعلەکانی ئەمڕۆمانن[١]، بەڵام ناتوانین مەسح لەسەر نەعل بکەین، چونکە حوکمیان جودایە لە خوف، هەندێك لە زانایان بۆ ئەوە دەچن کە مەبەست لە فەرمودەکە مەسحکردنی گوریەکەیە لە ناو نەعلدا و فەرمودەکە باسی مەسحی گوریەیە و وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەمە فەرمودەکە لە سوننەنی ئەبوداود دا لە ژێر ناونیشانی: بابەتی مەسحکردنی گوریە(باب المسح على الجوربين) هاتووە[٢].

تێبینی:

ئەو زانایانەی کە دەڵێن مەسحکردن لەسەر نەعل دروستە مەبەستیان جۆرێکی تایبەتی نەعلە کە بە زەحمەت دادەکەندرێت[٣].

---

(١) بۆ بینینی شێوازی نەعلی ئەوکات بڕوانە کتێبی(اللباس و الزينة من السنة المطهرة جمع و دراسة و تحقيق محمد عبدالحكيم القاضي ـ ملحق الصور ـ ط. دار الحديث القاهرة).

(٢) حديث المسح على الجوربين و النعلين أخرجه أبوداود(١٥٩) و ضعفه، وحمله البيهقي بأن المراد المسح على الجوربين مع النعلين، و ذهب الطحاوي و الخطابي أن المقصود هو المسح على الجورب و النعل فضل. ينظر: بذل المجهود في حل سنن أبي داود(١\٦٧٥ط.البشائر). و فتاوى الشيخ محمد صالح العثيمين(١\١٦٨).

(٣) ينظر: أقوال العلماء في المسألة و أدلتهم في كتاب : (إنفرادات شيخ الإسلام ابن تيمية الفقهية عن الأئمة الأربعة ص٢٤٨ ـ ٢٥٣) و المسألة من المسائل التي خالف فيها ابن القيم شيخه ابن تيمية.

پرسیاری سێزدەهەم:

ئایا دەتوانین مەسح لەسەر خوفێك بكەین كە حەرام بێت، بۆ نمونە دزراو بێت یان لە پێستی بەراز دروست كرابێت. یان گوریەیەكی پیاوان لە حەریر دروستكرابێت ؟

وەڵام:

نەخێر ناتوانین، چونكە ئەحكامەكانی شەرع لە پێناو زیاتر چاكەكاری مرۆڤدا ئاسانكاریان تیادا كراوە، كەواتە هەر كاتێك ئەم ڕوخسەت و ئاسانكارییانە لە سەر حەرام و كاری خراپە كاریان پێكرا، ئەوا شەرعییەت وەرناگرن.

بەڵگە:

١ ـ ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾[1]. أي الرخصة لا تشمل من بغى و اعتدى.

٢ ـ ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ﴾[2]. أي بأهل الإيمان و التقوى.

تێبینی: پیسبوونی خوف یان گوریە جیاوازە لەوەی زاتی خوفەكە یان گوریەكە پیس بێت، بۆ نمومە خوفێك لە پێستی گوێدرێژ یان بەراز دروستكراوە، ئەوا نابێ موسڵمان لە پێبكات و ئەگەر لەپێیكرد بۆی نییە مەسحی لەسەربكات، بەڵام ئەگەر موسڵمان خوفێكی خاوێنی لە پێدا بوو بە هۆكارێك پیسبوو، ئەوا ئەم پیسبوونە نابێتە ڕێگر لە مەسحكردن لەسەری، بەڵكو دەتوانی مەسحی بكەی و تەنها ناتوانی نوێژی پێوەبكەی[3].

---

(١) البقرة: ١٧٣ و نحو هذه الآية في الأنعام:١٤٥ و النحل:١١٥.

(٢) البقرة : ١٨٥.

(٣) ينظر: الشرح الممتع(١\٢٢٧).

پرسیاری چواردەهەم:

ئەگەر دوو گوریە لە سەر یەك لەپێبکەین، حوکمی مەسحکردنیان چییە کاتێك:

١ ـ دوو گوریەکەی پۆشیبێت، لە پاشان مەسحی کردبێت؟

٢ ـ مەسح لە سەر یەکەمەکە کرابێت لە پاشان دووەمی پۆشی بێت؟

وەڵام:

خاڵی یەکەم: کاتێك پاش دەستنوێژگرتن بە ئاو(وضوء) دوو گوریەکە لە سەریەك لە قاچەکانی دەکات، ئەوا دەتوانێ مەسحیان لەسەر بکات، کاتێ گوریەی دووەمیش دادەکەنێت دەتوانێت مەسح لەسەر گوریە یەکەمەکە بکات، چونکە فەرمودەی «دَعْهُمَا، فَإِنِّی أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَیْنِ» لەسەر هەردوو حاڵەتی ئەم خاڵە جێبەجێدەبێ.

خاڵی دووەم: ئەگەر مەسحی لەسەر یەکەمەکە کرابێت لە پاشان دووەمی پۆشیبێ، ئەوا بۆی نییە مەسح لەسەر دووەمەکە بکات، چونکە فەرمودەی «دَعْهُمَا، فَإِنِّی أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَیْنِ » لەسەر جێبەجێ نابێت.

بەڵگە:

عَنْ الْمُغِیرَةِ عَنْ أَبِیهِ قَالَ کُنْتُ مَعَ النَّبِیِّ صلى الله علیه وسلم فِی سَفَرٍ ، فَأَهْوَیْتُ لأَنْزِعَ خُفَّیْهِ فَقَالَ « دَعْهُمَا ، فَإِنِّی أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَیْنِ » فَمَسَحَ عَلَیْهِمَا[1].

﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَ﴾

(١) متفقٌ علیه

پرسیاری پازدەهەم:

ئایا کاتی دەستنوێژ گرتن مەسحی خوف و گوریە باشترە یان شوشتنی پێ؟

وەڵام:

لەبەرئەوەی ئەو فەرمودانەی باس لە مەسحی خوف دەکەن لە پلەی تەواتردان[١]، هەروەها زانایانی ئەهلی سوننە یەکڕان لەسەر ئەم سوننەتە[٢] و وەکو ناسنامەیەکی جیاکەرەوەی خۆیان دادەنێن لە خەوارج و ڕافیزەکان، ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەو زانایانەن کە بۆ ئەوە دەچن مەسحی خوف باشتر بێت لە پێ شوشتن کاتی دەستنوێژگرتن[٣]. هەر لە بەر ئەم هۆکارانەش زۆر لە زانایان بابەتی مەسحی خوف لە کتێبەکانی بیروباوەڕدا دەیهێننەوە سەرەڕای ئەوەی کە مەسەلەیەکی فیقهییە[٤].

ئەوەی ڕاستتریشە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە تەکەلوف نەکرێت، ئەگەر خوفی لەپێدابێت مەسحکردن باشتر بێت، ئەگەر خوفی لەپێدانەبێت پێ شوشتن باشتر بێت. بەڵام ئەگەر کەسێك بڵێت مەسحی خوف ناکەم هەموو کات پێیەکانم دەشوم، ئەوا کەسەکە پشتی لە سوننەتێکی گەورە کردووە[٥]، ئەگەر ئینکاری مەسحی خوف بکات تاوانێکی ترسناکی ئەنجامداوە.

تێبینی: ئەوەی لێرەدا بۆ خوف دەگوترێت بۆ گوریە ناگوترێت، چونکە مەسحی گوریە مشتومڕێکی زۆری زانایانی لە سەرە و ئەگەر کەسێك نەیکات بۆی هەیە.

---

(١) حەسەنی بەصری دەفەرمێت حەفتا کەس لە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ منیان باسکردووە کە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) مەسحی خوفی کردووە. الأوسط لإبن المنذر(١\٤٣٠).

(٢) نقله النووي في شرح مسلم(٣\١٦٤).

(٣) و هو مذهب الحنابلة ينظر: الفقه الميسر ١\٨٥ ط. مدار الوطن.

(٤) ذكر الطحاويُ المسحَ على الخفين في كتابه (العقيدة الطحاوية).

(٥) هەر بۆیەش ئەو زانایانەی کە دەڵێن پێ شوشتن لە مەسحکردنی خوف باشترە دەڵێن بەمەرجێك مەبەست پشتکردن نەبێت لەم سوننەتە.

پرسیاری شانزەهەم:

ئایا بە کۆتایی هاتنی کاتی مەسحکردن یان بە داکەندنی خوف و گوریەی مەسحکراو، موسڵمان دەستنوێژی دەشکێت؟

وەڵام:

بە کۆتایی هاتنی کاتی مەسحکردن یان بە داکەندنی خوف و گوریەی مەسحکراو موسڵمان دەستنوێژی ناشکێت، بەڵکو تەنها حوکمی مەسحکردنەکەی بۆی نامێنێت. چونکە بەتاڵبوونی دەستنوێژ هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە کە لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەدا باسکراون، داکەندنی خوفی مەسحکراو و کۆتایی هاتنی کاتی مەسح لەم هۆکارانە نین.

بەڵگە:

نزع الخف الممسوح ليس بحدث لعدم ورود الدليل الصريح و الصحيح على ذلك و كذلك إنقضاء وقت المسح.

﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾

بەشـــــ(٢)ـــــی دووەم : پرسیار و وەڵامی گشتی

پرسیار:

کەسانێك دەڵێن: ئەگەر مرۆڤ گۆمانی باش بە بەردێك ببات، ئەوا بەردەکە سوودی پێدەگەیەنێت (لو أحسن أحدكم ظنه بحجرٍ لنفعه)، بە تاقیکردنەوەش خەڵکانێك باس لەوە دەکەن کە ئەمە ڕاستە، بەڵکو زۆر لە ڕۆشنبیران بۆ ئەوە دەچن کە مانەوەی بتپەرستی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بۆ ئەم هەموو هەزاران ساڵە بەڵگەیە لەسەر ڕاستی ئەم گوتنە. لە ناو موسڵمانانیشدا ئەم بیروباوەڕە وەکو دیاردەیەکە، کە لە داواکردن و پاڕانەوە لە گۆڕی پیاو چاکاندا خۆی پیشان دەدات. ئایا ئەم بیروباوەڕە لە تەرازووی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرماندا(صلى الله عليه وسلم) چ حوکمێکی هەیە؟

وەڵام:

ئەم بیروباوەڕە بنەمای هەرە گەورەی بتپەرستییە، کە یەکەم پەیامی گشت پێغەمبەران دژایەتییە بۆ ئەم بیروباوەڕە، پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا دەفەرمێت: خودا منی ناردووە بۆ بت شکاندن: (أَرْسَلَنِي اللهُ بِكَسْرِ الأَوْثَان)[1]. پاش زیاتر لە بیست ساڵ بانگەواز بۆ یەکخواپەرستی و بت شکاندن، توانی بتەکان لە دەروونی خەڵکی مەککەدا بشکێنێت، کە شکاندنی بیروباوەڕی گۆمانی باش بردنە بە دار و بەرد (لو أحسن أحدكم ظنه بحجرٍ لنفعه) لە پاشان و لە ساڵی فەتحی مەککەدا (٨ ك) پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بتە بەردینەکانی دەوری کەعبەی پیرۆزی شکاندن و فەرمووی: ﴿وَقُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ

(١) رواه مسلم (٨٣٢ مختصراً.

ٱلۡبَٰطِلُۚ إِنَّ ٱلۡبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقٗا ﴾[١] . ئەمە پاش ئەوەی بتە ڕاستەقینەکان (کە بیروباوەڕی کافرە قورەیشییەکانی مەککە بوون) لە ناخیاندا شکێندران بە چاکوچەکانی بیروباوەڕی زەلالی یەکخواپەرستی.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بتپەرستی بیروباوەڕێکی گومڕاوە لەناخی مرۆڤدا، ڕێگری لەوەدەکات کە مەخلوق پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەڵ خالقەکەی، پاڕانەوەی بوزییەکان لە پەیکەرە زێڕینەکانی بوزا لە پەرستگاکانیاندا و دیانەکان لە پەیکەری عیسا(علیه السلام) لە دێرەکانیاندا و هەندێك لە موسڵمانان لە گۆڕی پیاو چاکانیان....هتد، گشتی دەرهاوێشتەی هەمان بیروباوەڕە کە گۆمانی باش بردنە بە دار و بەرد و کەسە مردووەکان و پەیکەرەکانیان، کە بیروباوەڕی بتپەرستییە و ڕێگرییە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان بەندەی مەخلوق و خودای خالقی، چ بە پاڕانەوە لە مەخلوقێکی بێ دەسەڵات بۆ ئەوەی لای خودای پەروەردگار شەفاعەتی بۆ بکات: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾[٢] کە زۆری کوفری موشریکەکانی مەککە لەم جۆرە بووە. یان پاڕانەوە لە مەخلوقێکی مردوو کە بە هانایانەوە بێت لە تەنگانە: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمۡلِكُونَ كَشۡفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمۡ وَلَا تَحۡوِيلًا﴾[٣] ئەمەش لە شێوازی دووەم ترسناکترە، دوو شێوازەکەش لە بازنەی شیرك دەرناچن، یەکێکیان بە زۆبانی حاڵی دەڵێت: (لو أحسن أحدكم ظنه بحجر لنفعه الله به) ئەوەی دیکە بە زۆبانی حاڵی دەڵێت: (لو أحسن أحدكم ظنه بحجر لنفعه).

ئەمە دوو شێوازی کوفرستانی و شیرکن، کە بەربەستن لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەندەی مەخلوق بە خالقەکەیەوە بە پاڕانەوە و دوعاکردن. ئەو خالقەی کە بە

---

(١) الإسراء : ٨١.

(٢) الزمر:٣ .

(٣) الإسراء: ٥٦.

پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمێت: ئەگەر بەندەکانم پرسیاری منیان لێکردی پێیان بفەرموو خودا لێتان نزیکە و بە حاڵتان ئاگادارە داوای لێبکەن وەڵامتان دەداتەوە: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾[1].

پوختەی ئەوەی باسکرا ئەوەیە کە **بتپەرست** بە هەوا و هەوەسی خۆی خودایەك بۆ خۆی دروست دەکات لێی ئەپارێتەوە و پەنای بۆ دەبات، **خودا پەرستیش** لە ڕێگای ئەو پەیامەی کە خالقەکەی بۆ دوا پێغەمبەر محمد(صلی الله علیه وسلم) ناردوویەتی بەندایەتی خالق دەکات، واتە **بتپەرستی** گۆمانی باش بردنە بە دار و بەرد و گۆڕی مردوو و پەیکەری فلان و فلان... بە پێی هەوا و هەوەس، **خوداپەرستیش** بەندایەتی کردنە بۆ خودا بە پێی ئەمر و نەهیی خودا کە بۆ پێغەمبەرانی ناردووە کە دواییان پێغەمبەرمانە(صلی الله علیه وسلم)، لێرەوەش پێویست دەکات وەڵامی چەند شوبهەیەك بدەینەوە:

شوبهەی یەکەم: ئایا تەوافی موسڵمانان بە دەوری کەعبەدا و ماچکردنیان بۆ بەردی ڕەش و ڕووکردنیان بۆ مەککە لە نوێژدا هەر هەمان بتپەرستی نییە، یان پاشماوەی ئەو بتپەرستییە نییە کە عەرەبەکان لەسەری بوون؟

وەڵام: نەخێر تەوافی موسڵمانان بەدەوری کەعبەدا، تەنها بەجێگەیاندنی فەرمانی خودایە: ﴿وَلْيَطَّوَّفُواْ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ﴾[2] واتە: با گشت مرۆڤایەتی (هەموو چین و توێژێکیان بەهەمان جلوبەرگ) بەدەوری کەعبەدا بسوڕێنەوە. ڕووکردنیان لە نوێژ بۆ ئەم کەعبەیە لەبەر فەرمانی خودایە کە پێیان دەفەرمێت: ﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ

(١) البقرة:١٨٦.

(٢) الحج:٢٩

وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥ﴾[١] هەر بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی زیاتر لە ساڵێك پێغەمبەر و هەڤاڵانی لە نوێژدا ڕوویان لە قودس دەکرد[٢]، تاوەکو دیار بخرێت بەندایەتی بۆ خودا پاشماوەی سۆز وکەلتوری عەرەبی نییە لە جەزیرەی عەرەب[٣] تەنانەت بە ویستی پێغەمبەریش نییە، کاری پیرۆزی پێغەمبەرایەتی تەنها گەیاندنی ئەمر و نەهیی خودایە بۆ مرۆڤایەتی لەم بارەیەوە پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٖ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا ٱئۡتِ بِقُرۡءَانٍ غَيۡرِ هَٰذَآ أَوۡ بَدِّلۡهُۚ قُلۡ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلۡقَآيِٕ نَفۡسِيٓۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۖ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ﴾[٤]. کەواتە **خوداپەرستی** بە جێگەیاندنی ئەمر و فەرمانی ئەو خودایەیە کە خولقێنەری زەوی و ئاسمانانە و **بتپەرستیش** ئەوەیە کە مرۆڤ خودایەکی بۆ خۆی دروست کردووە و گۆمانی باشی پێدەبات لە دارو بەرد و گۆڕی فلانە چاك و پەیکەری فلانە کەس!! هەر لەبەر ئەمەش لە باسی سزای بتپەرستان خودای پەروەردگار باس لە سوتانیان دەکات لە دۆزەخدا لەگەڵ پەرستراوە بەردینەکانیان کە گۆمانی باشیان پێدەبردن!: ﴿إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ﴾[٥] وەفەرمانمان پێدەکات کە هەرکەس خۆی و خانەوادەکەی لەم بتپەرستییە بپارێزێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ

---

(١) البقرة: ١٥٠

(٢) كما في صحيح البخاري (٣٩٩)(٤٤٨٦)(٤٤٩٢) وصحيح مسلم (٥٢٥).

(٣) ذكر القرطبي في تفسيره (٢\٤٣٩): (كانت قريش تألفُ الكعبةَ فأرادَ اللهُ عز وجل أن يمتحنهم بغيرِ ما أَلِفُوهُ ليظهرَ مَنْ يَتَبِع الرَّسول ممن لا يتبعه).

(٤) يونس: ١٥.

(٥) الأنبياء: ٩٨ .

أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ﴾[١] هەروەها پەروەردگار تەحەدای بتپەرستان دەکات کە ناتوانن قورئانێکی وەکو ئەم قورئانە بهێنن، سزای سووربوونیان لەسەر بتپەرستی، کە گۆمانی باش بردنە بە بەرد! لەگەڵ بەردان دەسوتێن لە دۆزەخدا: ﴿فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ وَلَن تَفۡعَلُواْ فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ﴾[٢] . ئیمامی عومەر(رضي الله عنه) ئەم ڕاستییەمان وەبیر دەخاتەوە، کاتێك بەردی ڕەش ماچ دەکات و دەفەرمێت تۆ بەردێکی هیچت پێناکرێت، ئەگەر لەبەرئەوە نەبا پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) بینیوە ماچت دەکات، ماچم نەدەکردی: (إِنِّى أَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ لاَ تَضُرُّ وَلاَ تَنْفَعُ ، وَلَوْلاَ أَنِّى رَأَيْتُ النَّبِىَّ صلى الله عليه وسلم يُقَبِّلُكَ مَا قَبَّلْتُكَ)[٣] .

شوبهەی دووەم:

بە تاقیکردنەوە سەلمێنراوە کە زۆرجار ئافرەتێك منداڵی نەبووە بە پاڕانەوە لە گۆڕی پیاو چاکێك ئاواتەکە هاتووتە دی و منداڵی بووە؟ سەلماندنیش بە تاقیکردنەوەی واقعی باشترین بەڵگەیە لە سەر ڕاستی بۆچوونەکان؟

وەڵام:

سەلماندنی بۆچوونێك بە تاقیکردنەوەی واقعی بەڵگەی ڕاستی بۆچوونەکەیە بە مەرجێك بۆچوونەکە دژ نەبێت بۆ دەقی ڕوون و ئاشکرای قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ئەگەر گریمان دژ بێت بۆ ئەم دەقە پیرۆزانە، ئەوا پێویستە بزانین کە هەرکاتێك هەستمان کرد کە دژایەتییەك هەیە لە نێوان

---

(١) التحريم : ٦ .

(٢) البقرة: ٢٤ .

(٣) أخرج البخاري في صحيحه(١٦٢٢مكنز) عَنْ عَابِسِ بْنِ رَبِيعَةَ عَنْ عُمَرَ(رضى الله عنه) أَنَّهُ جَاءَ إِلَى الْحَجَرِ الأَسْوَدِ فَقَبَّلَهُ ، فَقَالَ ...)

ڕاستییەکی واقعی و دەقی پیرۆزدا، ئەوا پێویستە بزانین کە ئەو ڕاستییەی لامان وایە ڕاستییەکی واقعییە بە هەڵە لێی تێگەیشتووین و ڕاستی نییە. پاڕانەوەش لە بێجگە لە خودا دەیان دەقی پیرۆزی قورئانی لەسەرە کە شیرك و کوفرە لەوانە :

﴿يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ كُلٌّ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ١٣ إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ﴾ (١)

واتە : (تەنها خودایە شەو تێهەڵکێشی ڕۆژ دەکات و ڕۆژیش تێهەڵکێشی شەودەکات، ڕۆژ و مانگیشی موسەخەر کردووە لە گەڕان دا بۆ کاتی دیاریکراو، ئەمە توانا و باڵادەستی ئەو خودایەیە کە پەروەردگارتانە و هەموو مولکێك هی خۆیەتی، ئەو کەسانەی پشت لەم خودایە باڵادەستە دەکەن و هانا و هاوار بۆ کەسانی دیکە دەبەن و لێیان دەپاڕێنەوە ئەمانە بەهانایانەوە ناهێن، چونکە بێ دەسەڵاتن و هیچ نین، تەنانەت خاوەنی توێکڵە تەنکەکەی دەوری ناوکی خورماش نین! بێجگە لەمەش کە بێ دەسەڵات و بێ مولکن، ئاگاشیان لە ئێوە نییە، کاتێك هاواریان بۆ دەبەن و لێیان دەپاڕێنەوە، گریمان ئەگەر بشبیستن و ئاگاداری دوعا و هاوارتانبن، ئەوا هەرگیز لە بێدەسەڵاتی و نەبوونی خۆیان بە هاوارتان نایەن و وەڵامتان نادەنەوە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا حاشادەکەن لەو شیرکەی کە ئێوە کردووتانە لە دونیا، کاتێ هاوارتان بۆ ئەوان دەبرد و لێیان دەپاڕانەوە. ئەمە هەواڵی ڕاست و دروستی ئەوانەیە کە پەنا بۆ بێجگە لە خودا دەبەن و لە بێجگە لە خودا دەپاڕێنەوە،

(١) فاطر : ١٣ ـ ١٤ بڕوانە دەیان ئایەتی دیکە سەبارەت بە ترسناکی پاڕانەوە لە بێجگە لە خودا لە بابەتی دووەمی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری ئەیووبی (هەڤاڵانی ئەشکەوت ـ بەشی یەکەم ـ).

بێگومانیش کەس نییە وەك خودا بە ئاگاو زانابێت (خبیر)، کە بەم شێوە جوانە ڕاستی یەکخوداپەرستیت پێ ڕابگەیەنێت و لە ڕێگاکانی شیرك ئاگادارت بکاتەوە.

کەواتە: بو نمونە ئەو ئافرەتەی لە گۆڕی پیاوچاکێك دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی منداڵی ببێت یان شوو بکات، دوایی ئاواتەکەی دێتەجێ، ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە پاڕانەوەکەی لەم گۆڕە یان لەم بەردە سوودی پێگەیاندووە، یان مردووی گۆڕەکە وەڵامی داوەتەوە، بەڵکو ئەمە لە شەرعدا پێیدەڵێن: (إستدراج)[1]، ئافرەتەکە دوعای لە هەر شتێك کردبێ وەڵامدەرەوەکە و بەخشەرەکە تەنها خودای پەروەردگارە، ئەو بەخشیویەتی و کەرامەت و ڕێزلێنان نییە بۆ ئافرەتەکە یان مردووەکە، بەڵکو مردووەکە بێئاگایە و لە ڕۆژی قیامەتدا کوفر بە دوعا شرکییەکەی ئافرەتەکە دەکات: ﴿وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡ﴾. ئافرەتەکەش خودا وەڵامیداوەتەوە وەکو (إستدراج)، نەك وەکو کەرامەت و ڕێزلێنان: ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ لَا يَعۡلَمُونَ﴾[2].

ڕوونکردنەوەی ئەم نمونەیەی باسکرا بە نمونەیەکی دیکە:

بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە شەرعییە زیاتر لە پێش چاومان ڕوون بێت، ئەم نمونەیەی باسکرا وەکو نمونەی کەسێکە بە (ریبا) و (قومار) دەوڵەمەند بووە، هیچ کاتێك ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم دەوڵەمەندییە بەخشینی خودا نییە بۆ ئەو، دەوڵەمەندییەکەی بەخشینی خودایە بۆ ئەو نەك وەکو ڕێزلێنان بەڵکو وەکو

---

(١) ئیستیدراج ئەوەیە کە خودا سەرەڕای خراپەی بەندە چاکەی دونیای پێدەبەخشێت ، ئیتر بەندەکە وا هەست دەکات کە خراپەکانی چاکەن، چونکە بە تەرازووی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەڵسوکەوتی خۆی هەڵناسەنگێنێت بڕوانە: مسند احمد(٤\١٤٥)، الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح(٦\٣٨٥) جامع المسائل(٢\٣٥١) الجواب الكافي لإبن القيم (١\٣٥ ، ٢٤٣) عدة الصابرين (١\٢٠١).

(٢) الأعراف : ١٨٢.

(إستدراج)، هەروەها هیچ کاتێك ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە (ریبا) حەلالە، چونکە (ریبا) دەقی ڕوون و ئاشکرای قورئان و فەرموودەی لەسەرە کە حەرامە: ﴿وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾[1] کەواتە چۆن دەبێت دەولەمەندبوونی کەسانێك بە (ریبا) بەڵگەی حەلالی (ریبا) بێت! بەهەمان شێوە هاتنەجێی دوعایەك کە لە بێجگە لە خودا کراوە هیچ کات بەڵگە نییە لەسەرئەوەی کە بێجگە لە خودا وەڵامی داوەتەوە، هەروەها هیچ کات بەڵگە نییە لەسەر ڕەوایی دوعاکردن لە بێجگە لە خودا و بردنی گۆمانی باش بە دار و بەرد یان گۆڕ و پەیکەری مردوویەك بە بیانووی (إذا أحسن احدكم ظنه بحجر نفعه) کە هەندێك بتپەرست لە نەزانینی خۆیان دەڵێن ئەمە فەرموودەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)[2] .

کۆتایی وەڵامەکە:

لە کۆتایی ئەم وەڵامەدا پێویستە بزانین کە ئەم جۆرە گوتنانە بۆ بنەمایەکی گەورەی شیرك و کوفر دەگەڕێنەوە، ئەویش بنەمای (الحقائق تبعٌ للإعتقادات)[3] واتە: ڕاستییەکان لە دایکبووی بیروباوەڕەکانن، ئەم بنەمایەش هێلانەی کوفرە و هەموو کوفرێکی لێ هەڵدەقووڵێت، هەوا و هەوەس دەبێتە خودای گومڕاوبووەکە بەم بنەمایەوە، لای وایە چۆن بیردەکاتەوە و بڕوادەهێنێت ئەوە ڕاستییەکەیە و ڕاستی

---

(١) البقرة : ٢٧٥.

(٢) هذا ليس بحديث و ليس في دواوين الإسلام. ذكره أئمة الإسلام المتأخرين في كتبهم بلفظ (إذا أحسن أحدكم ظنه بحجر نفعه) أو (إذا أحسن أحدكم ظنه بحجر نفعه اللهُ به) لبيان كذبه فقط . منهم: شيخ الإسلام ابن تيمية قال: هو من المكذوبات (منهاج السنة١\٤٨٣ مجموعة الفتاوى ٢٤\٣٣٥) و قال هو من كلام أهل الشرك و البهتان (مجموعة الفتاوى١١\٥١٣ ، ١٩\١٤٦ ،) و ذكر ابن القيم : إنه من كلام عباد الأصنام الذين يحسنون ظنهم بالأحجار (المنار المنيف ١\١٣٩)(إغاثة اللهفان ١\٢١٥) (مفتاح دار السعادة ٢\٢١٤) و قال الحافظ ابن حجر صاحب الفتح: لا أصل له. نقل عنه تلميذه السخاوي في (المقاصد الحسنة رقم:٨٨٣).

(٣) حول هذه القاعدة الكفرية ينظر: مجموعة الفتاوى (٢\٩٨ـ١٠٠)(١٩\١٣٥، ١٤٤).

لەم ژیانەدا هیچ مانایەکی دیکەی نییە! ئەگەر وا بڕوابهێنێت کە سوجدە بردن بۆ بەرازێك دروستە لە هزرو بیرکردنەوەکەیدا، ئەوا ئەم کارە لە واقیعدا بە مەزەندەی ئەو ڕاستە و نابێ کەس ئینکاری لێ بکات! هەروەك یەکێك لەم مولحیدانە دەڵێت:

وما الكلب و الخنزير إلا إلهنا و ما الله إلا كراهب في كنيسة

ئەمەش دایکی هەموو کوفرستانییەکە پەروەردگار لە باسی هەڵگرانی ئەم پەیامە کوفرستانییە و هاوشێوەکانیاندا دەفەرمێت: ﴿أَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيۡهِ وَكِيلًا ﴾[1] . (ئایا نابینیت ئەو کەسەی کە ویست و ئارەزووی خۆی کردووتە خودای خۆی!؟ ئەم کەسە کە شوێنکەوتنی ویست و ئارەزوو و هەواو هەوەسی خۆی بەسەر شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆزدا هەڵبژاردووە، خودای پەروەردگار لە تولەی ئەم پشت تێکردنە سزای دەدات و تۆ ئەی موحەمەد(صلى الله عليه وسلم) ناتوانی ببپارێزی) و دەفەرمێت: ﴿أَفَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلۡمٖ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمۡعِهِۦ وَقَلۡبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةٗ فَمَن يَهۡدِيهِ مِنۢ بَعۡدِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ٢٣ ﴾[2]

واتە: هەواڵم بدەرێ ئایا ئەو کەسەی هەوا و هەوەسی خۆی کردووتە خودای خۆی، پشتی لە پەیامی قورئان کردووە ـ پاش ئەو هەموو زانستەی خودا بۆی ناردووە، ئەو هەموو توانایەی بۆ هەڵبژاردنی چاکە پێی بەخشیوە ـ لە سزای ئەم پشت تێکردنەشدا خودای پەروەردگار گومڕای کردووە، مۆری ناوە بە گوێچکەکانی کە حەق و ڕاستی نەبیستێت و بەدڵەکەی کە هەست بە حەق و ڕاستی نەکات، پەردەیەکیشی بەسەر چاویدا هێناوە کە حەق نەبینێت، جا ئیتر کێ هەیە بێجگە لە خودا هیدایەت و ڕێنمایی بکات، دەی بیر بکەنەوە و ئامۆژگاری وەربگرن، ـ بزانن سزای پشتکردن لە قورئان و بە خودا دانانی ویست و ئارەزوو چەند گەورە و ترسناکە ـ).

---

(١) الفرقان : ٤٣.

(٢) الجاثية: ٢٣.

وەرگێڕانی هونراوەیەکی ئیمامی حەرەمی مەککی شێخ سعود الشریم ـ خودا بیپارێزێت ـ

دەقی هونراوەکە بە عەرەبی	وەرگێڕانی بۆ کوردی
أتاني مرةً نَزِقٌ	زۆر بە پەلە ڕووی تێکردم
ليسألني بما دِنْتَ	بە عەقلێکی هەرزەکاری
فقلتُ أنا رجلٌ	پرسیاری(منهج)ی لێکردم
أُحِبُ الله يا أنتَ	یان بە چی دەکەی دینداری؟!
أتسألُ كيف منهاجي	منیش وەڵامم پێ بەخشی
أمَا بالحقِ آمنتَ	زۆر بەڕێز و بە ڕێزداری:
عباد الله إخواني	خوشەویستی خوا مەنهەج منە
فكنْ منهم إذا شئتَ	لەگەڵ موسڵمانانیش هەواڵداری
وكنْ معنا على حذرٍ	تۆش لە گەڵمان وەك برا بە
مِنَ التفريقِ إن صُنتَ	گەر حەز دەکەی لە ئامۆژگاری
و كنْ بالعدلِ مُتَصِفاً	دوور بە لە گیانی دووبەرەکی و پشت
فكلُ العارِ إن جُرتَ	کە پاڵت دەدات بۆ شەرمەزاری
أجاب فأنت إخواني	دادپەروەر بە بە قسە و ڕەوشت

و بالإخواني أقررتَ	نەکەی بکەی ستەمکاری
فَقلتُ إليك يا صاحِ	لە وەلاّمــدا گوتی: (إخوانی)!
فبِئْسَ الحكمُ ما قُلتَ	ئامۆژگاریت (ئیخوانیەتی) لێدەباری
فلا لجماعةٍ أرنو	گوتم: بۆچی وا براکەم
ولا لسياسةٍ حتى	وا بە خراپ بڕیارداری
أنا عبدٌ ولي حكمٌ	من ڕوو لە هیچ کۆمەڵێك ناکەم
من الرحمن لو فُقْتَ	ئاوڕیش نادەم لە ئەمڕۆی ڕامیاری
كتاب الله مَصْدَرُنَا	بەندەم تەنها خوا لە سەر سەرمە
فويلك إن تكبرتَ	ئەو بڕیار دەدات گەر ئاگاداری
و سُنةُ أحمدٍ مَعهُ	قورئانی پیرۆز سەرچاوەمانە
بِذاك نَبِيُّنَا أفْتَى	لەگەڵ فەرموودە لێنەکەی لاری
فَمَنْ يأبى فَخَوانٌ	گەر لاری بکەی بکەی ناپاکی
و لسْتُ أخونُ إن خُنْتَ	ناپاکی ناکەم ناکەم خەتاری
فأطرق رأسه حَنَقَاً	کە گوێبیستم بوو سەری هەژاند
وقال إذاً تداعشتَ	بە ڕق و کینە وەك کورەماری
فقلتُ إخسأ فأنتَ بذا	گوتی داعشی لە قسەکانت
دعيٌ سار منبتا	گوتم: لاچۆ، زۆر ستەمکاری

تركت عِباد أَوْثَانٍ	بتپەرست لێت سەلامەتن
و أهلُ الدين قد رُمْتَ	کەوتیتە گیانی ئیمانداری
تُضَلِلُهُم بلا ورعٍ	گومڕایان دەکەی بێ خودا ترسان
تَلِتُ لحومَهُمْ لَتا	گوشتیان دەخۆی وەکو حەفتیاری
أَلَمْ تَقْرَأ لأسْلافٍ	تۆ خوێنەری پێشینان نیت
لِتَنهلَ منهم سَمْتاً	لێیان وەرگری سەمت و ڕێزداری
ملأتُمْ أرضنا غِلاً	تووی دووبەرەکیتان ڕواند
جعلتمْ قَومَنَا شَتَّى	برایەتیتان کرد کاوڵکاری
أنا حرٌ و لا أرضى	بەڵام من هەردەم سەربەرز دەمێنم
بِهَوُنٍ إنْ تَكُنْ هُنْتَ	ڕازینیم وەك تۆ بە شەرمەزاری
ولا أرضى بشَيْطَنَتِي	ڕازینیم وەك تۆ بە دەوری شەیتان
إذا ما أنتَ شَيْطَنْتَ	کە پێی هەڵدەستی سپێدەو هێڤاری
و لَسْتَ بضائري أبداً	چونکە دینی خۆم هەرگیز نافرۆشم
غَدَوتَ بذاك أو رُحْتَ	گەر تۆ بفرۆشی بە هەرزان بازاڕی
فَلَستُ بِبائِعٍ ديني	هەستەوە برام لە مە واز بێنە
إذا ما أنتَ قَدْ بِعْتَ	زمانت پاك کە لە تۆمەتباری
تَيَقَظْ لا تَكُنْ وَسِنَاً	سبەی دادگایە چ دادگایەکە!

لقد فَرَّطتَ إذ نِمْتَ غداً يَلْقَاكَ قَهَارٌ يَعُدُ عَلَيْكَ ما فُهْتَ	میزان لە دەستی پەروەردگاری ئەوەی زۆبانت درِکاندوویەتی لە غەیبەت و بوهت لە گەندەڵکاری بۆت ئەژمێردرێت یەك بە دوای یەك بە وردو درشت بە ژمێریاری.

وەرگێڕانا دڵدانەڤا دەشتەکییەکی ژ شایەکێرا

(دیاریـیـە بۆ هەمی خودان موصیبەتا)

خوشتڤیەکێ پادشایەکی دونیا هێلا و مر * دەشتەکییەکی ب ڤان گۆتنا سەرەخۆشی لێکر پادشا خۆش: ڕۆندکا نەبارینە و نەکە گری * چەرخ هو یا زڤڕی * ئەم یێت وینە ئەوێ چەرخ زڤڕاندی و ئەم خەلقکری* شوکرانەش بۆ وییە، وی چاکی یا ب مەکری * تەسلیم بوونژی لازمە بۆ یا وی دڤێت * یا وی نڤیسی ئەو دێ هێت * ئەوا چوویژی نازڤڕیت * ئەوا مایژی دێ تە ب جهێلیت یان تو دێ وێ بـجهێلی * چ ب پیـری و چ ب جحێلی * ڤێجا بۆچی ترس ل وی تشتی کو دێ هەر بیت * یان پەروشی بۆ وی تشتی کو دێ هەر چیت * یان ژبیرنەکرنا وێ هیڤیا کو چ جارا نەزڤڕیت * کا باب و کالێت مە، کی ژوان یێ هەییە؟ * کو بنێ دارێ بڕی تایێ دارێ یێ مرییە * ڕاسترین کار دگەڵ موصیبەتا صەبرو ئارامییە * باشترین کار گاڤا نیعمەتا شوکرانییە * دا خۆ ژبیر نەکەین، ئەم یێ ل سەفەرێ وەلاتێ مە دونیا نییە * دا ئەوێن خۆ بزداندی ل موصیبەتاش ژبیرنەکەین، وان چ ب دەست هاتییە؟ * ب هەوار و ڕوندك باراندنا وان چ زڤڕاندییە؟ * مەزنتر ل موصیبەتێ نە بوونا صەبرێیە ل سەر * کی هەیە بێ کول و کەسەر؟ * چ خودان سەروبەرەکە ل ڤێ دونیایێ نەبوویە بێ سەروبەر؟ * هشیار بە دونیا ل چاڤ قیامەتێ یا پوچە * ئازارا موصیبەتێ ل چاڤ پاداشتێ سەبرێ هیچە * ل دونیایێ هندەك یێت ل تە چووی و زۆرتر یێت مای * ل چرایێت زۆر چرایەکێ ڤەمریای * گەر هەمیش ڤەمرییێن، بەسـە مانەڤا چرایێ زکرێ (اللّٰه)ی* وی زۆرێت ل دەڤ هەی * یێ زکر بێژ بە، چ گوننەهەکە وەکی غەفلەتێ ژ زکرێ وی، پێویستتر ب تۆبەی؟ * وی زۆرێت ل دەڤ هەی * یێ سەبرکێش بە، چ چرایەکە بلیش سەبرێ بۆ مە ڕووناه کەت سبەی * لێنەبە غافل، غەفلەت موصیبەتا دئینیت * مرۆڤێ عاقل،

موصیبەتا ب نیعمەت دبینیت * دزانیت موصیبەت زەنگا هەستاندنێیە، ل خەڤا غافلبوونێ * دەنگا وەستاندنێیە، ل رێکا سەداچوونێ * دزانیت ئەم ل ڤێ دونیایێ بۆ تیرێت مرنێ نیشانین * دزانیت ل ڤێ دونیایێ ئەم بۆ دز و جەردێت موصیبەتا تالانین * دزانیت ب زۆری ئەم غافل و نەزانین * ئەمێ ل هیڤیا سبەی، دا ل عومری بچیت و نزیك بین ل ئەجەلێ * ئەمێ ل هیڤیا خارنێ، دا ل رزقی کێم ببیت و ل مرنێ بکەین عەجەلێ * کاروان ییێت بۆریت، ئەم سیاری دوو هەسپێت شەمبووز * یێ رەش شەڤە و یێ سپی رۆژ * ڤان دوویا هەچی سیارکربیت یێ هاڤێتی * هەچی دونیا دابیتێ یێ پێ هەلاڤێتی * ئەڤەیە دونیایا بیستان و قەصر و پەنجەرا * بێخەم بە ئەمژی دێ هێلین ڤان ئاڤ و دار و بەرا * ما مێر هەیە، مرن وی نەدەتە بەر خەنجەرا؟ * هەمی دێ چین و هەمی دێ چیت بلۆش چاکیێ دگەلا دەوروبەرا *...و السلام [1]

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم

«أَكْثِرُوا ذِكْرَ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ» . يَعْنِي الْمَوْتَ . (أخرجه الترمذي) .

كُلُّ ابنِ أُنْثَى وَإِنْ طَالَتْ سَلامَتُهُ*يَوماً عَلى آلةٍ حَدْباءَ مَحْمُولُ

(قصيدة بانت سعاد بحاشية البغدادي١\٧٠٣)

(١) ئەڤ پەخشانە ل دەقەکا عەرەبی هاتییە وەرگێران ب دەستکارییەڤە، د ڤان سەرچاوادا هاتییە:

* التعازي للمبرد (ص٤٥ ط.مطبوعات مجمع اللغة العربية بدمشق).

* البيان و التبيين للجاحظ (٤\٧٤ـ٧٥ ط. عبد السلام هارون).

* الأمالي للقالي (٢\٥٤ـ٥٥ الطبعة القديمة ١\٥١١ـ٥١٢ ط. مؤسسة الرسالة ناشرون المحققة).

* العقد الفريد لإبن عبد ربه الأندلسي(٣\٨٤).

دوا بابەت

گەشبینی بانگخوازانی ئیسلام بە جیهانگیری گەیاندن(عولمة الإتصالات)

کەمتەرخەمی موسڵمان لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام، لەگەڵ کۆششی دوژمنانی ئیسلام بۆ ناشرینکردنی ئیسلام، دوو هۆکارن کە بڵاوبوونی ئیسلام تا ڕادەیەك سنووردار بکرێت بەتایبەت لە ئەوروپا، باشترین نمونەش بۆ ئەم دوو هۆکارە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزە بۆ زمانە جیهانییەکان ئەمەش لە دوو ڕوویەوە دیارە:

یەکەمیان: درەنگ وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز، پاش نزیکەی هەزار ساڵ لە دابەزینی!

دووەمیان: ئەوانەی بە وەرگێڕانەکە هەستاون دوژمنانی قورئان بوون، نەك هەڵگرانی[1]!

ئەمە لە کاتێکدا کە وەرگێڕان بەس نییە بۆ گەیاندنی مانا بەرزەکانی قورئانی پیرۆز، هەروەها ئەمانەی باسکران نەك وەرگێڕانن، بەڵکو شێواندن و لەکەدارکردنی

---

(١) زانای ناودار و شارەزا لە کەلتوری ڕۆژئاوایی (عبدالرحمن بدوي) لە کتێبەکەیدا موسوعة المستشرقين (ص٤٤١ ـ ٤٤٥ ط: المؤسسة العربية لدراسات و النشر) باس لە بێسەروبەری یەکەم وەرگێڕانەکانی قورئانی پیرۆز دەکات بۆ زمانە ئەورووپییەکان و بۆ ئەوە دەچێت کە :

* یەکەم وەرگێڕانی بۆ زمانی لاتینی لە ساڵی (١١٤٣ز)کە (روبرت کینت) و دەستەیەك قەشە پێی هەڵساون، لە ساڵی (١٥٤٣ز) لە(بازل ـ سویسرا) لە چاپدراوە.

* یەکەم وەرگێڕان بۆ زمانی ئیتالی لە ساڵی(١٥٤٧ز) کە(أرّیفابیتی) پێی هەڵساوە، لەسەر وەرگێڕاوە لاتینییەکە وەریگێڕاوە!

* یەکەم وەرگێڕان بۆ زمانی ئەڵمانی لە ساڵی(١٦١٦ز) کە(سالمون اشفیجر)پێی هەڵساوە. لەسەر وەرگێڕاوە ئیتالیەکە وەریگێڕاوە!

* یەکەم وەرگێڕان بۆ زمانی هۆڵەندی لەساڵی (١٦٤١ز).

* یەکەم وەرگێڕانی فەرەنسی لە ساڵی(١٦٤٧ز)کە (دی ریر) پێی هەڵساوە.

* یەکەم وەرگێڕانی ئینگلیزی ساڵی(١٧٣٤ز)کە (جۆرج سیل) پێی هەڵساوە.

و (أبو عبدالله الزنجاني) لە کتێبەکەیدا (تأريخ القرآن ص٦٩ ـ فصل ترجمة القرآن إلى اللغات الغربية ـ) باس لەوە دەکات کە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز لای ئەورووپییەکان بەمەبەستی وەڵامدانەوە بووە، لە باسی وەرگێڕانێکی لاتینی ساڵی(١٥٠٩ز)دا دەڵێت: کەنیسە نەی هێشت ئەم وەرگێڕانە بکەوێتە دەست خوێنەران، چونکە وەرگێڕانێکی خاوێن بوو، وەکو وەرگێڕانەکانی دیکە ڕەخنەی لەگەڵ نەبووە!

پەیامی قورئان وئیسلامن، کە کەنیسە نەوەکانی ئەورووپای لەسەری پەروەردە دەکات.

بۆ دیارخستنی بێسەروبەری ئەم وەرگێڕانانەش ئەوەندە بەسە کە ناونیشانی هەندێك لەم وەرگێڕانانە بێتە بەرگوێت، لەوانە:(کتێبی پیرۆزی تورکی ئیسلامی!)، (کتێبی شەریعەت لای موسڵمانان لە دانانی محمدی کوڕی عبدالله!..)[١]

کەواتە ئێمەی موسڵمان بە دەستبەرداربوون لە ئەرکی پیرۆزی بڵاوکردنی پەیامی ئیسلام و قورئان و ئەوانی کەنیسەش بە کارکردن لە سەر ناشرینکردن و لەکەدارکردنی پەیامی ئیسلام و قورئان، چ ستەمێکمان لە نەوەکانی ئەورووپا و جیهان کردووە؟!

لێرەدا ئەوەی شیاوی باسە پرسیارێکە ئەویش: تۆ بڵێی جیهانگیری گەیاندن لە مۆبایل و تۆڕی ئینتەرنێت چ کارێکی لە سەر ئەم هاوکێشەیەی ستەم کردبێ؟

ئەوەی ڕاستی بێت لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، دوژمنانی ئیسلام لەم کارە ستەمکارە بەردەوامن، تەنانەت لە ساڵی (١٩٩٣ز)دا ڕۆژهەڵاتناس (جاك بیرك) وەرگێڕانێکی زۆر خراپی کرد بۆ ماناکانی قورئانی پیرۆز کە بەزمانی فەڕەنسی لە چاپدرا و بڵاوکرایەوە[٢]، ئەمە بێجگە لە لایەنەکانی دیکەی دژایەتیکردن کە نەك تەنها مەبەست شێواندنی ماناکانی پەیامی ئیسلامە، بەڵکو بریندارکردنی هەستی موسڵمانانە بە وێنەی کاریکاتێری و فلیمی سینەمایی و دەیان شتی تر کە ڕۆژانە گوێبیستی دەبین، لە پاشان بە دەرفەت وەرگرتن و پشتگیریکردن لە هەڵەی چەند موسڵمانێکی ناشارەزا کە کاردانەوەیەکی توندڕەوانەیان هەبووە دژ بەم ستەمە و پەخشکردنی هەڵەکانیان بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دونیا لەماوەی چەند چرکەیەکدا،

---

(١) بڕوانە: پەراوێزی پێشتر.

(٢) قد صدر قرار مشرَّف لشيخ الأزهر (جاد الحق علي جاد الحق) ضد هذه الترجمة السقيمة بتأريخ ١٩٩٥\٦\٢٦م ينظر: ترجمات القرآن إلى أين؟ تأليف الدكتورة زينب عبدالعزيز(ص٩٨ ـ ١٠٣ ط: مكتبة وهبة)، وكتاب (موقف كبار القساوسة من القرآن الكريم ص٦٠٣ ـ ٦١١ ط دار الطرفين) تأليف الشيخ الدكتور: عبد العزيز بن أحمد بن محسن الحُمَيدي.

بە پەیامێك كە ناوەڕۆكەكەی: (ئەمە ئیسلامە!) بەڵام ڕاستییەكەی (ئەمە جەنگی شێواندنی ڕاستییەكانی ئیسلامە) ئەمە لای یەكەمی هاوكێشەی ستەمە دژ بە ئیسلام، كە پاش تەكنەلوجیا و جیهانگیری گەیاندن خێراتر كاردەكات.

بەڵام لە لای دووەمی هاوكێشەكە هەستانەوەیەك هەیە لەناو موسڵمانان، بەتایبەت پاش هەرەس خواردنی بیرەنەتەوەییەكان و هزرە وەرگێڕاوەكانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

جێ دڵخوشكەریش لەم هەستانەوەیە ئەوەیە كە هەڵگرانی بانگەوازی ئیسلام بەشی هەرەزۆریان لە سەر ڕێبازی پێشینانن و نیزامی جیهانگیری تەكنەلوجی ئەمڕۆمان باشترین یارمەتیدەریانە بۆ گەیاندنی ئەم بانگەوازە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم زەمینە، ئەم گەیاندنەش ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو كاتێك و خێراتر لە هەموو ڕوویەكەوە كاردەكات بۆ گەیاندنی ئیسلام بە هەموو كۆمەڵێكی مرۆڤایەتی، تاوەكو بۆ ئەو كەسەی كە حەزی لە ڕاستییە دیار بكەوێت، كە ئیسلام ئەو وەرگێڕانە بێسەروبەرەی قورئانی پیرۆز نییە كە سەرانی كەنیسە بۆ هەڵخەلەتاندنی گەلانی خۆیان وەریانگێڕاوە، هەروەها ئەو هزرە توندڕەوەش نییە كە داعش و هاوشێوەكانی تەبەنای دەكەن، هەر بۆیەش پێویستە گەنجی موسڵمان بزانێت كە ڕۆژگاری زێڕینی بانگەواز بۆ ئیسلام ڕۆژگاری ئەمڕۆمانە، كە لەسایەی تەكنەلوجیا و جیهانگیری گەیاندنی زانیاری ئاسانكارییەكی زۆر كراوە، جیهانیان كردووتە گوندێك كە دەنگی بانگدان لەسەر منارەی ئیسلام بگاتە هەموو ماڵێك و ڕاستیشی فەرمووە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم): «لَيَبْلُغَنَّ هذا الأمْرُ مَا بَلَغَ اللَّيْلُ و النَّهارُ، و لا يَتْرُكُ اللهُ بَيْتَ مَدَرٍ ولا وَبَرٍ إلا أَدْخَلَهُ اللهُ هَذا الدِّين، بعزِّ عَزيزٍ أو بِذُلِّ ذَليل، عِزاً يُعِزُّ اللهُ بِهِ الإسلام و ذُلاً يُذِلُّ اللهُ بِهِ الكُفرَ»[1] وقال : « إِنَّ اللَّهَ زَوَى لِيَ الأَرْضَ فَرَأَيْتُ مَشَارِقَهَا وَمَغَارِبَهَا وَإِنَّ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ مُلْكُهَا مَا زُوِيَ لِي مِنْهَا »[2]

(١) رواه أحمد (١٦٩٥٧ مكنز).

(٢) رواه مسلم (٧٤٤٠ مكنز).

چەند ڕێنماییەك لە دەستەی بەڕێوەبردن و دەرهێنانی گۆڤاری ئەیووبی بۆ خوێنەران و نووسەران

١. گۆڤاری ئەیووبی دەرگای والایە بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك (شەرعی، مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەبی ، پەرەپێدانی مرۆڤی .... هتد) بەمەرجێك بابەتەکە خزمەتکاربێت بۆ چوار ئامانجی گۆڤارەکەمان.

٢. نووسەر پابەندە بەم ڕێنماییانە:

- بابەتەکەی سەربەخۆ بێت، هیچ مۆرێکی حیزبی و دەمارگیری مەزهەبی پێوە نەبێت.
- ئەو بابەتانەی هانی پێکەوەژیان دەدەن، دژایەتی تیرۆر و توند ڕەوی دەکەن، بە پێش بابەتەکانی دیکە دەکەون لە ڕێزبەندی بڵاوکردنیان.
- بابەتەکان زانستی بن، نووسەر ئاماژە بۆ سەرچاوەکانی بکات، بە: (ناوی سەرچاوە، چاپەکەی، ژمارەی بەرگەکەی، لاپەڕەکەی) لە پەراوێزی خوارەوەی هەمان لاپەڕەدا.
- ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەگەر لە بابەتەکەدا هەبن، بە رسمی موصەحف نووسرابن، تەخریجێکی کورت و زانستی بۆ فەرمودەکان کرابێت.
- بابەتەکە لە یەك لای (A4) نووسرابێت بە فونتی شەریف(sharif) قەبارە(١٨) ناوەڕۆك، و قەبارە(١٤) لە پەراوێز، بەینی خەتەکان (١,١٥) سم بێت، هامشی ستوون لە هەردوو لاوە (٢ سم) بەجێ مابێ، بەم شێوەیە بابەتەکە لە (٤٠) لاپەڕەی (A4) زیاد نەکات.

گۆڤاری ئەیووبی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئایینی وەرزی یە بۆ ئاشناکردنی مرۆڤ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام

- دەکرێت بابەتەکە وەرگێڕان بێت، ئەوکات وەرگێڕ پابەند نییە بە ژمارەی لاپەڕەکان، بەڵام پابەندە بەوەی کە ڕوخسەتی لە خاوەن بابەتەکە یان میراتگرانی وەرگرتبێ ئەگەر لە ژیاندابن.

- بابەتەکە پێشتر بڵاونەکرابێتەوە.
- هەر بابەتێك لە گۆڤاری ئەیووبی بڵاوبکرێتەوە، دەبێتە مولکی گۆڤارەکە، بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە هەیە بەبێ ڕەزامەندی نووسەر بابەتەکەی بە جیا بڵاوبکاتەوە.
- گۆڤاری ئەیووبی هیچ بەخششێکی ماددی نابەخشێ بە نووسەرانی خۆی بەرامبەر بە بابەتە بڵاوکراوەکانیان.
- نووسەری بابەتەکە بە دوو نوسخە: چاپکراو لەسەر ٤A ، لەگەل نوسخەی CD لەگەل) وێنەی ناسنامەی و ژمارەی موبایلەکەی (لە ڕێگای هەر دەزگایەکی بڵاوکردنی گۆڤارەکەمانەوەبێت، بە دەستەی زانستی گۆڤارەکە دەگەیەنێت.

٣. دەستەیەکی تایبەت لە شارەزایان هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان و بڕیار لە سەر پەسەندکرنیان دەدات :

- ئەگەر بابەتەکە پەسەند کرا، ئەوا بۆ دەستەی بەڕێوەبردن و دەرهێنانی گۆڤارەکە هەیە، بابەتەکە بۆ چەند بەشێك دابەشی بکەن لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا، تاوەکو لە چەند ژمارەیەکدا بڵاوبکرێتەوە.
- ئەگەر بابەتەکە پەسەند نەکرا، ئەوا گۆڤارەکە پابەند نییە، بابەتەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە، تەنها ئاگاداری دەکاتەوە.
- ئەگەر بابەتەکە جێی چەند ڕەخنەیەکی کەم بێت، ئەوا پاش وەڵامدانەوەیان لە لایەن نووسەرەوە ، بە چاککردنەوە یان قەناعەت پێکردنی دەستەی زانستی، پەسەند دەکرێت.

٤. دوا بڕیاری بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بۆ سەرنووسەر دەگەڕێتەوە، سەرنووسەر بەرپرسیارە لە هەر وشەیەك لە لاپەڕەکانی گۆڤاری ئەیووبی بڵاوکرابێتەوە. بەرپرس نییە لە کەسایەتی نووسەر.

٥-گشت کاربەدەستانی گۆڤاری ئەیووبی، خۆشحاڵێ خۆیان دەردەبڕن بۆ هەرڕەخنەیەکی بنیات نەر، ئاڕاستەی گۆڤارەکە بکرێت و بە هەند وەریدەگرن.

خودا پشت و پەنای هەموو لایەك بێت.

آمین

ئەم گۆڤارە ئایەتی قورئانی پیرۆزی تێدایە بۆیە پێویستە بپارێزرێت

Facebook

گۆڤار ژمارە ٤

گۆڤار ژمارە ٣

گۆڤار ژمارە ٢

گۆڤار ژمارە ١

لە بەرواری (٢٥ / ٥ / ٢٠١٦) گۆڤاری ئەیووبی ژمارەی تۆماری یاسایی (٨٢٥)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی وەرگرتووە.